# ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکووک

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

## ( سەردەمی پاشایەتی )

## ١٩٢٥ -١٩٥٨

نەبیل عگێد مەحموود ئەلمزەفەری

وەرگێڕانی:
د.حەسەن جاف

هەولێر-٢٠١٢

* ناوی کتێب: ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکووك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
(سەردەمی پاشایەتی) ١٩٢٥– ١٩٥٨
* نووسەر: د.حەسەن جاف.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٨٢).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٩٩٧)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

# پێشەکی وەرگێڕ

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەتایبەت دوای پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤دا یەکەمین ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا(١)، و ئەم خووله له ١٦ی تەمموزی ١٩٢٥ دەستی پێکرد و له ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨ کۆتایی هات(٢).

خولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەران دوای ئەنجامدانی هەڵبژێردنەکان بێ ڕوودانی هیچ ئاژاوەیەکی گەورە(٣)، لە ئایاری ١٩٢٨دا بەسەرۆکایەتیی (تەوفیق السویدی) بەدانیشتنێکی نائاسایی دەستی بەکارەکانی کرد(٤)، و ئەم خووله لەکۆی ١٤٤ کۆبوونەوە ٥١ دانیشتنی نائاسایی کردووە، لەیەکی تەمموزی ١٩٣٠دا بەفەرمانی پاشایەتی هەڵوەشایەوە(٥).

ڕەوشی سیاسیی کوردستان لەم سەردەمەدا بەقۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕی و هەستی نەتەوایەتی کورد هەرچی پترتر لەکوردستانی باشووردا پەرەی دەسەند، چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر پەیماننامەی سیڤەری ساڵی

---

(١) لەخوولی یەکەمدا لەشاری کەرکوك چوار نوێنەر کە بریتی بوون لە شێخ حەبیب عەلی تاڵەبانی و سەعید حاجی حوسێن و ڕەفیق (خادمو سەجادە) و نشأت ئیبراهیم هەڵبژێردران و بوونە نوێنەری کەرکوك لەئەنجوومەنی نوێنەراتی عێراقدا و لەشاری هەولێر و دەوروبەریدا (صەبیح) نشأت و داود حەیدەری عەبدوڵڵا موخلیس، ئیبراهیم یوسف، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی بوونە نوێنەری هەولێر لە خوولی یەکەمدا.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث، ج١، بيروت ١٩٨٣، ص٢٦٢.

(٣) دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد و ئەبو بەکر خۆشناو، ج٢، هەولێر ٢٠٠٥، ل٢٨٧.

(٤) نوێنەرانی هەولێر لەو خوولەدا پێك هاتبوون لە جەمال بابان، داود حەیدەری، مەعروف جیاووك، ئیسماعیل ڕواندزی، عەبدوڵڵا موفتی.

(٥) محاضر مجلس النواب العراقي الدورة الانتخابية الثانية، مطبعة الحكومة، بغداد ١٩٢٨، ص٤٤.

١٩٢٠دا تێنەپەڕی بوو کەمافی خودموختاری و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ میللەتی کوردی ڕاگەیاندبوو، جگە لەو هەموو بەڵێنانەی کە ئینگلیزەکان لەعێراقدا بەکوردیان دابوو، کەمافی نەتەوایەتییان پارێزراوە و دەبێت.

لەو ڕۆژە سەخت و چارەنووس سازانەدا هەڵوێستی جوامێرانەی چەند نوێنەرێکی کورد بەتایبەت لەخوولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بێ سڵ کردنەوە لەگرتن و هەر نەهامەتییەك، بوونە چقڵی چاوی دوژمنانی کورد و لەسەر کێشەی ڕەوای نەتەوەکەیان سەرسەختانە پێی داگیریان کردووە بەتایبەت لەدەورەی خوالێخۆشبو عەبدولموحسین ئەلسەعدوون، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دواتریش سەرۆك وەزیران چونکە سەعدوون هەمیشە داوای لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی دەکرد، بۆیە لەو ماوانەی کە سەعدوون سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی دامەزراندن و نوێنەران و وەزیرانی گرتە دەست، نوێنەرانی کورد چەندین یاداشتیان دایێ، داوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لەباشووری کوردستاندا دەکرد، دوابەدوای خۆکوشتنی سەعدوون لە (٣)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩ و کاتی نزیك بوونەوەی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لەنێوان عێراق و بەریتانیادا، لەترسی خۆدزینەوەی بەریتانیا لەبەڵێنەکانی کە بەکوردیان دابو و هەروا نەچوونە ژێرباری جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نوێنەرە کوردەکان لەبەرلەمانی عێراقدا کەوتنە جموجۆڵ و بەیاد داشت نووسین[1] .

لووتکەی چالاکییەکانی نائیبە کوردەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەو یادداشتەیە کە ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی، جەمال بابان، محەمەد ساڵح بەگ، سەیفوڵڵا خەندان، حازم شەمدین ئاغا، محەمەد بەگی جاف، لەنیسانی ١٩٢٩دا داویانە بە بەسەرۆك وەزیران و مەندوبی سامی بەریتانیا لەعێراق، لەم یاداشتەدا داوادەکەن.

---

(١) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ص٥٥.

١- لیوایەکی تازە بەناوی لیوای دهۆك لەقەزا کوردەکانی مووسڵ دروست بکریٚ.

٢- پەروەردەو خویٚندنی ناوچە کوردییەکان لەبەغداو مووسڵ جیابکریٚتەوە[1]، دەزگایەکی تایبەتییان بۆ دابمەزریٚ کە ناوەندەکەی لەیەکی لیوا کوردییەکاندابیٚ.

٣- لیوا کوردییەکانی عیٚراق، هەولیٚر، سلیٚمانی، کەرکوك، دهۆك، لەیەکەیەکی بەریٚوەبەرایەتیدا (الوحدة الاداریة) یەك بخریٚن و پشکنەریٚکی لیٚوەشاوەی کورد بۆ سەرپەرشتی کردنی دابنریٚ لەریٚگای ئەم پشکنەرەوە ببەستریٚت بە بەغدادەوە.

٤- بودجەیەکی تایبەتی بۆئەم دەزگایە تەرخان بکریٚ[2].

چالاکەکانی کورد لەو سەردەمەدا جگە لە لیوای دهۆك داوای پیٚکهیٚنانی لیوایەکی تریشیان کردوە لەناوچە کوردنشینەکانی دیالەو کوت بەناوی لیوای (باجەلانەوە).

بەلاٚم کوردەکان لەم عەریزەدا توخنی ئەو باسە نەکەوتن پیٚ دەچیٚ ئەوەیش بۆ ئەوەبیٚ ئینگلیز نەڕەنجیٚنن چونکە هەر لەسەرەتاوە ئینگلیز دژی ئەم پرۆژەیە بوون[3].

---

(١) لە ١ی حوزەیرانی ١٩٢٨دا نائیبەکانی هەولیٚر، مەعروف جیاووك، ئیسماعیل رەواندزی، جەمال بابان، عەبدوللاٚ موفتی، نائیبەکانی کەرکوك، محەمەد سەعید، محەمەد جاف، و نائیبەکانی سلیٚمانی، محەمەد سالّح صەبری، سەیفوللا خەندان، بەکۆمەڵ یادداشتیٚکیاندا بەوەزارەتی مەعاریفی عیٚراق، داوای چاکردنو گەشە پیٚدانی خویٚندنو پەروەردەیان کرد بوو لە ناوچەکانی شیمال داو کۆمەلیٚك پیٚشنیاری گرنگیان خستۆتە بەردەم کار بەدەستانی ئەو دەمی عیٚراقدا.

نەوشیروان مستەفا: کوردستانی عیٚراق سەردەمی قەلّەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٢١) چاپی یەکەم سلیٚمانی، ١٩٩٩، ل١٨

(٢) عەلاءالدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، بەغداد ١٩٥٩، ل١١٦-١١٧.

(٣) نەوشیٚروان مستەفا، سەرچاوەی پیٚشوو، ل٢٠.

نیشـتمان پـەروەرانی کـورد بەخۆشـییەکی گـەورەوە ئـەم هەواڵـەیان وەرگرت و چەندین بروسکەی پشتیوانییان بۆ ئەم نوێنەرانە نارد، بـەڵام ئـەم خواسـتانە نـەك هـەر لەئەنجوومەنـدا بـاس نـەکران و فـەرامۆش کـران وەك دەیگێڕنەوە مەلیك فەیصەلی یەکـەم لەسـەر ئـەم یاداشـتە وتوویـەتی ئەگـەر بەدەستم بوایە ئەوانەی ئەمەیان نووسیوە هەڵم دەواسین.

سەرەڕای ئەمە هەڵوێستی حکوومەتی عێراق کاربەدەستانی ئینگلیـزیش ئـەم یاداشـت و داخوازییانـەیان بەجووڵانەوەیـەکی جیابووەنـەوە خوازییـانی لەیەك دەدایەوە.

هەر سەبارەت بە جموجۆڵ و چالاکی نائیبە کوردەکانـەوە لەبەرلـەمانی عێراقـدا جـارێکیتر حەمەبـەگی جـاف نوێنـەری کـەرکووك لەگـەڵ هـاوەڵی پەرلەمانتاری مەعروف جیاووك ساڵی ١٩٢٩ یاداشتێکییان ئاراستەی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق عەبدولموحسـین ئەلسـەعدوون و نوێنـەری بـاڵای مەنـدوبی سامی بەریتانیا لەبەغدا کرد، داوای جێبەجێ کردنی راسپاردەکانی کۆمەڵـەی گەلان (عصبة الامم) بۆ پاراستنی مافی نەتەوایەتی کوردەکان.

ئەمیش دەقی یاداشتنامەکەیانە[1]:

**فەخامەتی مەندوبی سامی (سیر فرانسیس همفرین) زۆر گەورە.**

**لەپاش عەرزی ئیحترام،**

بەناوی میللـەتی کـورد، عـەرزی خـۆش ئامـادەیی جـەنابی گـەورەییتان ئەکەین، ئومێدەوارین کە ئەم عەریزەمان لەلای فەخامەتتان پـەزیرای قـەبووڵ بـێ و بەحوسـنی نییـەتتان تـەئویل بکـرێ، ئێمـە کـە نـاردراوی (منـدوب)ی کوردین بەلازمان زانی ئەوەی لەهەناوی هەر کوردێکدا ئـەکوڵێ و لەجۆشـدایە عەرزی جەنابی گەورەییتان بکەین، مەعلومی جەنابی عالیتانە کە کوردان لەو رۆژەوە خۆیـان خسـتە پـەناهی حکوومـەتی بـەریتانیای گـەورە، دایـم

---

(١) ئەم یاداشتنامەیە خواڵێخۆشبو محەمەد سەعید جاف کوڕی حەمە بەگی جاف لە (سامان)ی کوڕی مەعروف جیاووك وەگرتووە.

موتەرەقیبی سیاسەتی بوون، بەو بۆنەیەوە هەرگیز موخالیفی ئەم سیاسـەتە چشتێکیان لێی پەیدا نەبوو.

بە ئیعتیقادی کە ئەم سیاسەتە دەستگیری حقوقی کـوردان ئـەبێ، ئـەم حوقوقە کە بەموعاهەدات و موقەڕەراتی (عصبة الامم) موئەیـد بـوەو دیسـان هـەر کوردێـك وای ئومێـد ئـەکرد و ئێسـتەش ئەمـەل ئـەکا ئـەم حوقوقـەی موقەڕەڕەی بە ئاهـەنگ و تـەوازنێکی راسـت و موفیـد زۆر روونـاك و صـەریح بچێتە پێشەوە.

فقط چی سوودی لـەم مـودەتی چـەند سـاڵە و خصوصـەن لـەم رۆژانـە نەصەدای هات و هاواری قەومەکانی تر تەوەقوف و تاریکی سیاسەت هـەموو کوردێکی پەشۆکاندوە چونکە لەم ئەتوارو وەزعیەتەدا وا دەفام دێتەوە، کـە حقووقی کوردان زۆر لە سستیەوە بەزوبانێکی فەصیح لە دائیرەییێکی تـەنك و تاریك لەژێر بارێکی زۆر گران میللەتیش کە خزمەتکاری سیاسەتی فەخیمەیـە بەدڵێکی ئاتەشین و سوزان مونتەظیری لوطفی عالیتانـە و هەرچـەند ئەسـلافی فەخامەتتان وەکو سیر (هانری دوبسـن) بـەموژدەی خـۆش میللـەتی صـەبرو تەسـکین کردبـو ئومێـدیان وایـە کـە عەهـدی جـەنابی سـامیتان بەعینایـەتی گەورەییتان عەهدی رووناکی حقووقی کوردان بێ.

ئیتر زۆر حورمەت و ئیشـی کـوردان پێویسـتی بـە مەرحەمـەتی جـەنابی گەورەییتانە[1].

**ناوداری کەرکووك**

**حەمە جاف**

**ناوداری هەولێر**

**مەعروف جیاووك.**

(١) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تـەئریخی جـاف، ل١٠٧–١٠٨، سـاڵح هـەلاج، چـەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان، چاپخانەی گەنج ٢٠١١، ل١٨٣–١٨٤.

هـەروا سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی نوێنـەرانی کـوردی کـەرکووك لـە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقدا ئـەم ڕووداوە باشـترین بەڵگەیـە بـۆ بـەرگری ئەم نوێنەرانە لـەماف نەتەوایـەتی میللـەتی کـورد، ڕۆژی ۱۹۳۰/۸/۸ وەکیلـی مەنـدوبی سـامی (میجـر یـانغ) و وەکیلـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق جەعفـەر عەسکەری، گەیشتنە کەرکووك.

کەسایەتییە ناودارەکـانی کـەرکووك و سـەرۆك هۆزەکـانی دەڤـەرەکانی دەوروبەری لە قشڵەی کەرکووك کۆکرانەوە سەرەتا وەکیلی سەرۆك وەزیـران بەیاننامەی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم)ی لەسەر کێشەی کـورد خوێنـدەوە و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی عێراق ئامادەیە هەموو ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات.

پاشان نوێنەری مەندوبی سامی هەستاو ئەویش وتاری خۆی خوێنـدەوە و پاڵپشتی قسەکانی بریکاری سـەرۆك وەزیرانـی کـردەوەو گـوتی: بەمـەرجێ کوردەکان یارمەتی یەکیتی خاکی عێراق بدەن و داوای جیابوونەوە نەکەن.

عەبـدوڵڵا یـەعقوبی و مسـتەفا یـەعقوبی[1]، کـە خۆیـان بـە تورکمـان دەنواند، وتیان ئەم لیوایـە پێکهـاتووە لـە تورکمـان و عـەرەب، نفوسـی ئـەم لیوایـە ۱۵۰۰۰ کەسـە لـەو دو عونسـرە پێکهـاتووە، ئەسـلاً ئێمـە عێـراقین نامانـەوێ لـەعێراق جیابینـەوە وەکـو خوالێخۆشـبوو مـەعروف جیـاووك دەیگێڕێتەوە لەپێش ئەو کۆبوونەوەدا ئەو و محەمـەد بـەگی جـاف یـەکتریان بینیوە و لەسەر ئەو قسانەی کە دەبێت بوترێت ڕێککەوتوبوون[2].

حەمە بەگی فـەتاح بـەگی جـاف نوێنـەری کـەرکووك هاتـە وەڵام گـوتی لیوای کەرکووك زۆرینەی کوردن و ئەوی تری تورکمان و عەرەبن.

هۆزەکـانی زەنگەنـەو شـوان و جـەباری و سـەرجەم عەشـایری لیـوای کەرکووك منیان کردووە بەوەکیلی خۆیان بـەوناوە و داوای جێبـەجێ کردنـی

---

(۱) مەعروف جیاووك دەڵێت ئەم دوانە کوردن و سەربەهۆزی ناسراوی زەنگەنەن.

(۲) بڕوانە بارزان المظلومة، سەرچاوەی پێشوو، ص۱۰۰–۱۰۲.

بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) ئەکەین سەبارەت بەمافە ڕەواکانی میللەتی کورد لەعێراقدا[1].

ئەمانەوێ بەکوردی بژین و بەکوردی بمرین ئەوە حەقی خۆمانە و ئەمە خواستمانە تا دوا هەناسەمان.

عەبدوڵڵا یەعقوبی بەخیلافی ئادابی دانیشتوان گوتی، ئەم زاتە بەناوی کێوە قسە دەکات هۆزی جاف سەر بە سلێمانییە شتێکی کەمی عایدی کەرکووکەو حەق وایە بچێتە سلێمانی داوای حەقی جاف بکات.

حەمە بەگ قسەکەی پێ بڕی و گوتی من بەناوی ١٥٠٠٠٠ جافەوە قسەدەکەم ئەی ئێوە بەناوی کێوە قسەدەکەن دووبارەی دەکەمەوە کوردم بەکوردی ئەژیم بەکوردی ئەمرم، ئێرەش کوردە، هەموو کوردێك داوای مافی نەتەوایەتی خۆی دەکات.

جەعفەر عەسکەری، هەڵسایە سەرپێی ڕووی کردە محەمەد جاف و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە حکوومەت سەرجەم بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان کە سەبارەت بەمافی کوردە جێبەجێ دەکات و لەئەنجامدا سەید ئەحمەدی خانەقا و سەید محەمەدی جەباری و ئامادەبووانی تر پاڵپشتی خۆیان بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانە بۆ وتەکانی محەمەد جاف ڕایانگەیاند و داخوازی مافە ڕەواکانی کوردیان کرد و بەم شێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات[2].

---

(١) لەسایتی:

Docummenttsandsettings.adminstratordeskton حەمەبەگ فەتاح بەگ جاف.

هاتووە کە حەمەبەگ لەسەر ماف و خواستە ڕەواکانی میللەتی کورد بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان پێی داگرت کردو لەو کۆبوونەوەدا لەنێوان حەمە بەگ و حاجی عەبدوڵڵا یەعقوبیدا ململانێو بار گرژی ڕوویدا لەو مەیانەیەدا حەمەبەگ زۆر بوێرانە داکۆکی لەسەر ناسنامەی ڕەسەنی کوردستانیەتی کەرکوك کرد.

(٢) جیاووك، سەرچاوەی پێشوو ص٨٠–١٠٢، سروة اسعد صابر، کوردستان الجنوبية سليمانية ٢٠٠٦، ص١٣١–١٣٢.

سەبارەت بە وتووێژی بەستنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ لەنێوان عێراق و بەریتانیادا هەردوو نوێنەری کەرکووك و هەولێر محەمەد جاف و مەعروف جیاوك یاداشتێکیان لە ٥ی نیسانی ١٩٣٠دا پێکەوە داوەتە نوێنەری باڵای بەریتانیا لەو یاداشتەدا هاتووە وەك نوێنەری کورد بەئەرکی خۆیان زانیوە کە ئەوەی لەدڵ ودەروونی مرۆڤی کورددا هەیە بیگەیەننە بەریتانیا، یاداشتەکە ئاماژە بەوە دەکات کورد بۆیە پەنای بۆ بەریتانیا هێناوە تا مافەکانی بپارێزرێت، چونکە لەو بڕوایەدا بوون ئەو مافانەیان بە پەیماننامە، یا بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان پەسەند کراوە بەڵام هیچی لێ نەهاتۆتە جێ و هەر لەبەر بەڵێن و گوفتەکانی دەوڵەتی ئینگلیز بووە کە کورد وازی لە تورك هێناوە و هاتووەتە ژێر ئاڵای عێراقەوە بەو مەرجەی مافەکانیان پارێزراو بێت بەهەمان کات کە دەبنە عێراقی کوردیشن، هەر بۆیە کۆمەڵەی گەلان، لەراپورتەکەیدا پاراستنی نەتەوەی کوردی پەسەند کردووە، کە زمان و شوێنەوارو دابونەریتی نەتەوایەتی دەگرێتەوە و چەند مەرجیشی بۆ داناوە لەوانە بەکوردی خوێندن و دانانی کارگێرییەکی فراوان بۆ کوردستان هەر لەژێر سایەی حکوومەتی بەریتانیادا بێت تاماوەی ١٥ ساڵ هەرگۆرانێکیش بەسەر بەڕێوەبردنی عێراقدا بێت دەبێ حوکمی خۆ بەڕێوەبردن (ئۆتۆنۆمی) بدرێتە کورد، دیارە شتێکی وا لەو مەرجانە نەهاتووەتەجێ و جێبەجێ نەکراون[1].

پاشان راپۆرتەکە باسی فەرمانبەرەکانی ناوچەکانی کوردستان دەکات کە زۆربەیان عەرەبن دواتریش هەوڵەکانی خۆیان لەناو ئەنجوومەندا کە راپۆرتایان داوەتە وەزیری مەعارف تا خوێندن بکەنە زمانی کوردی و دەزگای مەعارف پێك بهێنرێ، بەڵام بێ وەڵام بووە، هەروەها راپۆرتێکی تێرو تەسەلەیان داوەتە سەرۆك وەزیران داوای دامەزراندنی دەزگای

(١) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني وثائق عن الحركة القومية الكردية، ص٦٢-٦٣، هەروا مستەفا نەریمان، هەڵگری ئاڵای تێکۆشانی سیاسی حەمەبەگی جاف ١٩٠٤-١٩٣٤ گۆڤاری رەنگین، ژ٦٣، ساڵی ١٩٩٤، ل١٨-١٩.

مەعاریفیان کردووە، ئەویش بایـەخی پێنـەدراوە و چ بـۆ ئـەوە و چ بـۆ هـۆی دەرکردنی ئەفسەرە کوردەکان کە سەبارەت بە مێـژوو و فەرهـەنگی عـەرەب پرسیاریان لێی کرابو وەڵامێکی توندو سارد دراونەتەوە، بۆیە لەسۆنگەی ئەو رەوشەوە بایەخ بە ناوچەی کوردستان نەدراوە و گوێ بەداواکانیان نەدراوە.

مەرجەکانی کۆمەڵەی گـەلان پشـت گـوێ خـراوە بۆیـە لـە راپورتەکـەدا داوایان لە نوێنەری باڵای بەریتانیا لەو سەرو بەنـدەی وتوێـژو پـەیمانی نـوێی کە خۆی وەك جێ برِوای حکوومەتی بەریتانیایـەو هۆکـاری جێبـەجێ کردنـی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیشە مافەکانی کـورد لـەو پەیمانـە نوێیـەدا جـێگیر بکرێت[1].

هـەوڵ و کۆششـی ئـەم نوێنـەرە کوردانـە بـۆ دابـین کردنـی مـاف رەوای میللەتی کورد بوەتە هۆی خۆشحاڵی و رەزامەندی پێکهاتەکانی میللەت کورد لەکوردستانی باشووردا، بۆیە دەبینین رۆژنامەی (ژیـن) کـە ئەوکاتـە بـەزمان حاڵی میللەتی کورد دەدرایە قەڵەم بەم سەردێڕە نووسیبووی.

ئـەی وەکیلانـی میللـەت ئـەی خۆشەویسـتانی هـەموو قـەومی کـورد، سـوپاس و قـەدرزانینی میللـەتی کوردیـانی ئاراسـتەیان کـردووە و شـاعیری ناسراوی کورد ئەسیری[2]. بەم بەیتە شیعرانە وەسف و سەنایانی کردووە:

**شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەی وەتەن**
**هێشك گرن بەگیان و بەدڵ هەوڵ وە رەنج دەدەن**
**سەردەستەیە سمایلی سۆران، جەمال بابان**
**نەوزادی پشدەر ساڵح بەگی جوان**

---

(١) د. ئازاد عوبید ساڵح، رۆڵی سیاسی و کـارگێڕی و رووناکبیری مـەعروف جیـاووك، ١٨٨٥-١٩٥٨ تیزی دکتۆراە بەسەرپەرشتی د. کەمال مەزهەر، هەولێر ٢٠٠٨، ل٨٩-٩٠.

(٢) ئەسیری، ناوی عەبدولخالق کوڕی شێخ حوسێنی نەقشبەندییە ساڵی ١٨٨٥ زایینی لەشاری کەرکوك لەدایك بووە شاعیرێکی نیشتمان پەروەر و ناسراوی ئەدەبی کـوردی دەژمێردرێـت ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر زانین سەبارەت بە شـیعرەکانی بروانـە دیـوانی ئەسیری کۆکردنەوەی مستەفا عەسکەری، بەرگی یەکەم چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٨٧.

**بێت و کەسێ بڵێ چۆنە حەمە بەگ؟**
**سەرداری جافە نایە گوفتارو ناونیشان.**

سەبارەت بەم کتێبەی نەبیل عگید لموزەفەری بەسەردێڕی ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکوك لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەسەردەمی پاشاییدا ١٩٢٥–١٩٥٨ کەلە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەبەر گرنگی ئەو زانیارییانەی کە تێیدا بەرچاو دەکەوێت بەتایبەت ڕۆڵی نوێنەرە کوردەکان چ لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەردا (المجلس التأسیسی) و چ لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا.

ڕۆڵی نوێنەرە کوردەکانی شاری کەرکوك و دەڤەرەکانی دەوروبەری بەروونی و بێ لایەنانە خستویەتە بەرچاو و بەچاکی دەبینرێ هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەتایبەت لەساڵی ١٩٢٤ وە کە ئەنجوومەنی دامەزرێنەر هاتە کایەوە کەسایەتییە کوردەکان و نوێنەرەکانی شاری کەرکوك و دەوروبەری لەو ئەنجوومەنەدا بەشدارییان کردووە وەکو کەسایەتییەکی پایە بەرز لەو ئەنجوومەنەدا خۆیان نواندووە و لەم بوارەدا ئاماژە بەشێخ حەبیبی تاڵەبانی و جەمیل بەگی بابان و دارا بەگی داوودە دەکەین.

لە ڕووداوەکانی لیڤی کە زۆربەیان لەئاسورییەکان پێکهاتبوون لەشاری کەرکووکدا شەڕو پێکدادانێکییان درووست کرد کەچەندین کوشتەو زاماری لەخەڵکی کەرکوك لێکەوتەوە، نەخشی شێخ حەبیبی تاڵەبانی و ئیسحاق ئەفرایم و ساڵح نەوتچی نوێنەرانی کەرکوك لەدەربڕینی ناڕەزایەتی و فشار خستنە سەر حکوومەت و هەروەها هاندانی خەڵك بۆ یەکڕیزی و بەرگری جێ بایەخ و باس کردنە، هەروەها سەبارەت بە دۆزە گرنگەکانی عێراق چ رامیاری و چ ئابووری و چ فەرهەنگی نوێنەرانی کوردی کەرکوك نەخشی بەرچاویان هەبووە و لەم بارەوە ئاماژە بۆ ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکوك خوالێخۆشبوان داوود جاف و حوسێن خانەقا و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و فایەق تاڵەبانی و مەحموود بابان و ئەمینی هەمەوەندی دەکەین و گەورەترین نەخشێك کە

دەتوانرێ بۆ ئەم نوێنەرانەی کە ناویان دەبەین تۆمار بکرێت، ئەو رۆڵەیە کـە هـەردوو نوێنـەری کـەرکووك داود جـاف و مـەحموود بابـان خسـتیانە روو لـە بەرگری لە بارزانییەکان دوای شکستی شۆڕشی بارزان لە چـلەکاندا و بوێرانـە و بەڕاشکاوی داخوازی لێبوردنی گشـتییان بـۆ شۆڕشـگێڕانی بـارزان کردبـوو جـەختییان لەسـەر ئـەوە کردبـووە پێویسـتە بیانگەڕێننـەوە بـۆ زێـدی بـاو باپیرانییان.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەم حەقیقەتە بخەمـە ڕوو کـە ئامـانج لـەوەرگێڕانی ئەم کتێبە سوودمەندە لەوەدایە کە رۆڵەکانی ئەم وەچـەیە ئـەگادار کەمـەوە کـــە کەســـایەتییەکانی پێشـــووی میللەتەکـــەیان بـــەپێی هەلومـــەرجی ســـەردەمەکەیان درێغییـــان لەخزمـــەتی میللەتەکـــەیان نـــەکردووە و بوێرانـــە بەرگرییان لێکردووە و لەوکاتەوە عێراق وەك دەوڵەتێك دامەزراوە کـورد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لەم وڵاتەدا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا خۆی نواندووە.

هیـوادارم بـەوەرگێڕانی ئـەم کتێبـە بەشـدارییەکی بچـووکمان بـەدۆزی نەتەوایەتی و فەرهەنگی میللەتەکەمان کردبێ

**د. حەسەن کەریم جاف**

**هەولێر**

# ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکووك
# لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا
# لەسەردەمی پاشاییدا "١٩٢٥- ١٩٥٨"

**سەرەتا**

ژمارەیەك لە توێژەران لە زانکۆ جیاوازەکانی وڵاتدا سەبارەت بەژیانی پەرلەمانی لە عیراقدا دواون هەر لە سەرەتایی پێکهێنانی ئەنجوومەنی دامەزرینەری عیراقەوە " المجلس التأسيسي العراقي" تا کۆتایی سەردەمی پاشایی و پەیدابوونی رژێمی کۆماری بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨وە. (١)

ئەم توێژێنەوە لە ڕۆڵی نوێنەرەکانی کەرکووك لە پەرلەمانی عێراقدا لە وەتەی دروست بوونیەوە لە ١٦ی گەلاویژی ١٩٢٥ تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی گەلاویژی ١٩٥٨ دواوە بێگومان ولأت لەم ماوەیەدا لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز تەنگژەو قەیرانی رامیاری و ئابووری و کۆمەلأیەتی بەخۆیەوە بینیوە. هەرچەندە ئەنجوومەنی نوێنەران ئامرازێکی گوێڕایەڵی حکوومەتەکانی یەك لە دوای یەکدابوون، لەبەر ئەوەی لەهەرساتێك ئەو حکوومەتانە بیانویستبایە بەرەنگاری هەڵوەشانەوە دەبوو، بەتایبەت لە

(١) بزاڤی نیشتیمانی لە عێراقدا بۆ رەهایی و رزگاری لە رژیمی پاشایەتی کاریگەر بۆوە، بەتایبەت پاش بەستنی عێراق بەچەند پرۆژەو پەیمانێکی رۆژئاواییەوە جگە لە دەستراگرتنی ئیستعمار بەسەر داهاتە ئابوریەکاندا هەروەها قەوارەی گەشە کردنی ولأت لەگەل قەوارەی داهاتەداراییە فراوانەکاندا نەدەگونجا، شۆڕشی ١٤ی گەلاویژی ١٩٥٨ کە رژێمی حوکمرانێ پاشایی لەعیراقدا هەڵوەشاندەوە سەرجەم ئەو پرۆژانەی پووچەل کردەوە، سەبارەت بە شۆڕش بروانە ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط ٢، منشورات مكتبة اليقضة العربية بغداد ١٩٨١.

حاڵەتی هەستکردنیان بە نـەبوونی زۆربـەی لایـەنگری سیاسـەتەکەیان لـەناو ئەنجوومەندا دەستکردن بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێ بـۆ زامـن کردنـی زۆرینــە لــە ئەنجوومەنـدا بــەڵام ئەمــە ئــەوە ناگەیــەنێت، کــە ژمارەیــەك لــە نوێنـــەرانی ئەنجوومـــەنی نوێنـــەرانی عـــێراق کـــە لەنێوانیانـــدا نوێنـــەرانی کەرکووکیش بەدی دەکران هەڵویستیکی بەرچاوو کاریگەریان لە ئەنجوومەندا نەبووبێت بۆ رەخساندنی هەندێ کەشو هەوای گونجـاو سـەبارەت بـەرووداوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و هـەروەها لـە تـاوتوێ کردنـی لایەنـە یاسـایی و دەسـتوورییەکاندا جگـە لەنەخشـیان لەسیاسـەتی دەرەوەدا. ئـەم توێژێنەوە بریتیە لە پێشەکییەك و شەش بەش.

لە پێشەکییەکەدا کورتەیەك سەبارەت بەمێژووی شاری کەرکوك ولایەتەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە لیوای کەرکووکدا بـاس کـراوە جگـە لـە ڕۆڵـی نوێنەرانی کەرکوك لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانیدا "مجلس المبعوثـان العثماني" لە ١٩٠٨ – ١٩١٤ خراوەتە بەرچاو.

**بەشـی یەکـەم،** لەسـەرهەڵدانی ژیـانی پەرلـەمانی لەعێراقدایـە، بەشـداری ڕۆڵەکانی کـەرکوك لەسـەرەتای داگیرکردنـی عێراقـەوە لەلایـەن بـەریتانیاوە ونەخشـــی رولـــەکانی کـــەرکووك لەبـــەرەنگاری داگیرکـــەران و دامەزرانـــدنی حکومەتی نیشتمانی و دروستکردنی ئەنجوومـەنی دامەزراندنـدا هـەروا تیشـك خراوەتە سەر رۆڵی نوێنەرانی کەرکوك لەو ئەنجوومەنەدا.

**بەشی دووەم،** بۆ پێناسە کردن و چۆنێتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بــەش و دەســتە دەســتوری و یاســاییەکانی خراوەتــە بــەرباس، هــەروەها سـەبارەت بـەو هۆیانـەی کەکاریگـەرییان لـە ژیـانی پەرلەمانیـدا هـەبووە و چۆنێتی یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان کە هەڵبژاردنی نوێنـەرەکان لەسـەر ئەو بنچینەو بناغەیە پەیڕەوکراوە هەروا سـەبارەت بەهەلبـژلردنی نوێنـەرانی پارێزگای کەرکووك لەماوەی شانزدە خولی هەڵبژاردنـدا لـە ١٩٢٥– ١٩٥٨وە بەوردی باس کراوە.

**بەشــی ســێیەمدا** هەڵوەســتەیەکە لەســەر رۆڵــی نوێنــەرانی کــەرکووك لەئەنجوومەنی نوێنەراندا لە تاوتۆی کردن و لیکۆڵینەوەی دۆزە ئابوورییەکان و گرفت و قەیرانەکانی عـیراق و چـونێتی چارەسـەرکردنیان دواوە، سـەرجەم ئەوپیشـنیارانە لەلایەنیانــەوە بۆچارەســەرکردنی بارودۆخــە ئابوورییــەکان وچۆنێتی گەشەکردنیان خراوەتە روو.

**بەشی چوارەمدا** باسـی نەخشـی نوێنـەرانی کـەرکووك سـەبارەت بـەدۆزە کۆمەڵایەتییەکان بەهـەموو لایەنەکانیـەوە دواوە و ئـەو رێگانـەی کـە دەبێتـە هـۆی خۆشـگوزەرانی و گەشـەکردنی وڵات لـە روانگـەی کۆمەڵایەتییـەوە لـە رێگای پەرەپێـدانی تەندروسـتی و پـەروەردەو فێرکـردن و هـاتو چـۆ و دۆزە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ باسی لێ کراوە.

**بەشی پێنجەمدا** باس لە هەڵویستی نوێنەرانی کەرکووك لەبارەی رامیـاری و رووداوو دۆزە خۆجەییــەکان کــە نوێنــەرانی کــەرکووك لــێ کۆڵاونەتــەوە وتاوتویان کردووە چونکە وڵات لەماوەی ئەم توێژینەوەدا قەیرانی رامیـاری و رووداوو دۆزی نـاوخۆیی زۆریـی بەخۆیـەوە بینیـوە. لـە کۆتاییـدا لەبەشـی شەشــەمدا بەدریــژای باســی هەڵویســتی نوێنــەرانی کــەرکووك ســەبارەت کەسیاســـەتی دەرەوەی عـــیراق دەکـــات، نەخشـــیان لەپەرەپێـــدانی پەیوەندییــەکانی عـیراق لەگــەڵ وڵاتــە عەرەبیــەکان و وپاڵپشــت کردنــی دۆزەکانیان هەروا لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان و بێگانەکاندا بەمەرجێك ئەو پەیوەنـدییان بەرژوەنـدی عیراقـی تێـدا رەچـاو بکرێـت و ئـەو بەرژەوندیانـە بەهەند وەربگێرێت. پێویستە لە بەرایـدا ئامـاژە بـەو دژواری و گیروگرفتانـە بکـەم کـە توێـژەر لـە قۆنـاغی ئامـادەی کردنـی توێژینەوەکەیـدا رووبـەرووی بووەتەوە و ئەم گرفتانە تەنها لەکـەمی سەرچـاوەکاندا دەستنیشـان ناکرێـت بەڵکۆ لـەدژواری بەدەسـتهینان و پەیـداکردنی ئـەو بەڵگەنامانـە کەسـەبارەت بەنوێنــەرەکان وهەڵبژاردنــەکان چــی لــەدەزگا فەرمییەکاندایــە بــا ئــەو بەڵگەنامانــەی کــەلای هەنـدێ لـە بنەماڵــەی نوێنەرەکاندایـە سـەبارەت بـە دەستهینانی دژوارییـەکی تربـوو چـونکە بەڵگەنامـە تایبەتییـەکانی پارێزگـاو

کەنوێنەرەکان بنەماڵەکانیان بەڵگەنامە تایبەتییەکان ناپاراستووە وهەندێ لە کەسایەتییەکان سەبارەت بەخۆیان زانیارییەکان بەتویژەر نەدەدا، ئەم توێژینەوە پشتی بەبەڵگەنامەکان و سەرچاوەی فراوان و جۆراوجۆر بەستووە کە دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین:

– یەکەم بەڵگەنامەکان

توێژینەوەکە پشتی بنەڕەتی بە بەڵگەنامەکان بەستووە چونکە بەراست کەرەوەی بنەڕەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قەڵەم دەدرێ و بەسەرچەند بەشێك دابەش دەبن:

أ– بەڵگەنامە بلأونەکراوەکان کەبریتین لە بەڵگەنامەکانی خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا و فایلەکانی وەزارەتی ناوخۆو فایلەکانی دەرباری پاشایەتی و فایلەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەوانەی پەیوەندییان بە ئەنجوومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی پەرلەمان هەیە لە لیوای کەرکووکدا.

ب– بەڵگەنامە بلاوکراوەکان ئەم توێژینەوە بەسەرەکی پشتی بەم بەڵگەنامانە بەستووە کە بریتییە لەژمارەیەك لەدانوستانەکانی ئەنجوومەنی دامەزراندی عیراق "المجلس التأسيسي العراقي" و نووسراوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وپودچەی دارایی گشتی، لەراستیدا وەکو وێنەیەکی راستەقینەیە کە نەخشی نوێنەرەکان لەئەنجوومەندا دەخاتە روو.

لە بەڵگەنامە بلأوکراوەکانی تر کە پشتم پێیان بەستووە چاپەمەنییە فەرمییە حکومییەکانە وەك یاسای بنەڕەتی عیراق و راستکراوەکانی "الدستور العراقي وتعديلاته" و یاساکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی و پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران.

**أ- رۆژنامەكان**

رۆژنامەكانی وێنەیەكی زیندووە كەنەخشێكی سەرەكی بینیوە لە دروست كردنی رای گشتی عیراقیدا بەهەموو جیاوازییەكیەوە وەك رۆژنامە فەرمییەكانی حكومەت و رۆژنامەكانی تر. وەك رۆژنامەكانی پارتەكان بەلاّم لەراستیدا توێژێنەوەكە پشتی كەمتر بەرۆژنامەكان بەستووە مەگەر لەو شوێنانەدا كە بابەتەكە پێویستی پێی كردووە.

**ب- گۆڤارەكان**

گۆڤارەكان سەرەچاوەیەكی باش بوون لەم لێكۆڵینەوەدا چونكە بێ گومان سەرچاوەیەكی بەپیتی زانیارین، بەتایبەت ژمارەیەكی فراوان لە توێژینەوە مێژووییەكان كە پەیوەندی بەدۆزی مێژووی عیراقی هاوچەرخەوە هەیە بلاّوكردووتەوە بەتایبەت ئەوانەی كەلە عیراقدا دەردەچوون.

- **سێیەم بیرەوەری كەسایەتییەكان:**

هەروەك بایەخێكی فراوانی هەیە بەلاّم رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ئەو كەسایەتییانەیە سەبارەت بە رووداوەكان كە بەشداریان تێداكردووە بوویە پشتبەستنی تۆیژینەوەكە بەم لایەنە كەمتر بووە.

گرنگترین بیرەوەرییەك كە لەم توێژینەوەدا پشتی پێبەستراوە بیرەوەرییەكانی سلێمان فەیزی و ناجی شەوكەتە.

- **چوارەم نامە زانكویەكان.**

توێژەر سوودو پەنای بردۆتە بەرچەند نامەیەكی زانكۆیی لە چەند لایەنێكی بابەتەكەدا دیاریترینیان ئەو تیزەی دكتورایە كەسەبارەت بەژیانی پەرلەمانی عێراقەوە نووسراوە لەوانە نامەی دكتوراكەی مامۆستا "دكتور محمد مظفر الادهمي" یە بەناوی :

Political aspect of the Iraq paraliament, and Election processes 1920-1932.

ونامـەی تـریش کەتەواوکـەری ئـەم قۆناغەیـە تاکوتـایی دەوری پاشـایی لـە عێراقـدا هـەروەها نامـەی دکتوراکـەی، دکتـور" عـدنان سـامي نزیـر" کـە سەبارەت بەنەخشی نوێنـەرانی مووسـل لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقـدا نووسـراوە، جگـە لەمانـە چـەند نامەیـەکی تـر وەك نامـەی ماسـتەرەکەی دکتـور"ابراهیم خلیـل أحمـد" بـەناوی ویلایـەتی مووسـل، خویندنـەوەێك سەبارەت بە گەشە سیاسیەکانی دا (١٩٠٨–١٩٢٢) ونامەی تـر کەپەیوەنـدی بەبابەتەکەوە هەبوە کە لەلیستی سەرچاوەکاندا تۆمارمان کردووە،

- **پێنجەم کتێبە عەرەبیی و بە عەرەبی کراوەکان.**

کتێبە گشـتییەکان شـوێنیکی گرنگیـان لـە پڕکردنـەوەی هەنـدێ کەلەبـەردا کەلەگـەڵ توێژێنەوەکـەدابوون داگیرکـردووە لەوانـە کتێبـە عـەرەبی و بـە عـەرەبیکراوەکان وەك مێـژووی وەزارەتـەکانی عێـراق ی (عەبـدولرەزاق ئەلحەسەنی) بە هـەر دە بەرگییـەوە کـەوا زانیـاری و درێژەپێـدانی هەمـەلای لەبارەی مێژووی هاوچەرخی عێراقیان تێدایە کتێبی مێژووی چارەنووسەکانی سیاسی عێراق (تاريخ مقدرات العراق السياسيه) لە نووسـینی محەمـەد تـاهیر لعومەری و کتێبی تر.

**کتێبە بیانییەکان**

پشـت بەسـتنی ئـەم توێژینـەوە بـە سەرچـاوە بیانییـەکان زۆر کـەم و سنووردار بووە چونکە پشتبەستنی ئـەم سەرچـاوانە پێویسـتە بەگومانـەوە سـەیر بکرێـت لەبـەر ئـەوەی ئـەم نووسـەرانە ڕووداوەکانیـان لـە دیـدگای بێگانەکانەوە نووسیوە جگە لەمە زۆربـەی ئـەم کتێبـە بیانیانـە کەسـەبارەت بـەم بابەتـە نووسـراوە بـۆ زمـانی عـەرەبی هەڵگێڕاونەتـەوە وەرگێڕەکـان نەخشـێکی بەرجەسـتەیان لەشـیکردنەوەی ئـەم کتێبانـەدا بەخسـتنە رووی

بۆچونی خۆیان سەبارەت بـەو ڕووداوانـەی کەئـەم نووسـەرە بیانیانـەی لێـی دواون و بۆچوونی خۆیان خستۆتە پاڵی بۆچوونی ئەم نووسەرانە.

- **حەوتەم چاوپێکەوتنە کەسایەتییەکان**

**هەندی** کەسایەتی کەزانیارییان سەبارەت بەم ماوەی توێژینـەوە هـەبووە چاوپێکەوتنی تایبەتییان لەگەڵدا کـراوە، سـەرەڕای دیـداری تایبـەتی لەگـەڵ بنەماڵەکانی **هەندی** لە نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ئەنجام دراوە

**"د.نبیل عگید المظفري"**
**کەرکووك**
**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩**

## کەرکووك و ژیانی پەرلەمانی

## لەسەر دەمی دەسەلأتی عوسمانیەکاندا:

کــەرکووك شــارێکی گــەورەی دێرینەیــە لەشارەســەرەکییەکانی ولأت دەکەوێتە ٢٩٠کیلومەتری باکووری بەغدای پایتەختەوە.

لــە بنەڕەتــدا وەك قەلأیــەك بەســەر تەپــەیێکی خــڕەوە لــەدەورەی لولوبییەکاندا کـە٢٥٠٠ســالّ پـێش زایـین فـەرمانڕەواییان کـردووە و هامسـاتە لەگــەلّ پەیــدابوونی شــارە بەناوبانگــەکانی باشــووری عــیراق لــەدەورەی سۆمەرییەکاندا شارەکەو دەوروبەری بۆماوەیەکی درێژخایـەن کەوتووتـە ژێـر دەســەلأتی خورییــەکان و میتانییــەکان و هــەروەها گوتییەکانــەوە[1] دوایــی کەوتــە ژێــر دەســەلأتی ئاشــورییەکانەوە لــەدەورەی پاشــایەتی ســردناپال (٦٦٨پ.م–٦٢٦پ.م)[2]

فەرمانڕەواییکی بۆ دەستنیشـان کـرد بـەناوی "جرمی"یـەوە ژمارەیـەکی زۆری ئاشــوورییەکانی تێــدا جێنشــین[3] کــرد و ئــەم دەڤــەرە بــەناوی فەرمانرەواکەوە ناوبانگی دەرکـرد بـەلأم فەرمانڕەواکـە سـەربەخۆو بووەبـوە فـەڕمانڕەوایێکی رەهـاو دەسـەلأتدار و هـەروەك نـاو بـەناو دەگەڕایـەوە بـۆ دەســەلأتی پاشــایی ئاشــورییەکان و[4] هــەروەها کــەرکوك کەوتــە ژێــر داگیرکردنی ئەسکەندەری مەقدونییەوە کاتی کە عیراقی داگیرکرد[5]

---

(١) بۆزانیاری بترتر سەبارەت بەمێژووی کـەرکوك ودامەزرانـدنی بروانـە، جمـال رشـید احمـد، کەرکوك في العصور القدیمة، دار اراس للطباعة ، اربیل ،٢٠٠٢.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تاریخ العراق قدیما وحدیثا،ط٣، مطبعة العرفان، صیدا ١٩٥٨،ص٢١٨.

(٣) عزیز سامي، کرکوك عبر القرون، مجلة الاخاء " ف."قارد شیلق"." العددان ١٠–١١ ، بغداد ١٩٧٣،ص٤١٩.

(٤) الحسني العراق قدیماً وحدیثاً،ص٢١٩.

(٥) گومــان لــەوەدا نییــە کەئــەو دەوروزەمانــە ئــەم دەڤــەرە بــەناوی عــیراق نەناســراوە بەمیسـوبوتامیا بـەناوبانگ بـوە ولـە دەورەی ئیسـلامدا بـەناوی عیراقـی عەجـەمو عیراقـی عەرەب ناوی هاتووە.

دوای کۆچـی دوایـی ئـەم سـەرداره دەڤەرەکـە کەوتـە ژێـر دەسـەلأتی سلوقس ٣١٢پ.ز–٢٣٥پ.ز[1]

لەسەردەمی ئەودا گەشەی کردو وبەناوی کرخادیبیـث سـلوقس" ناوبـانگی دەرکـرد" و بـەم جۆرەمایـەوە تـا سـالیْ٢٥٦پ.ز، کـە لەلایـەن فرسیـەکانەوە "ئەشـکانییەکان" داگیرکـرا[2] و بـەدوای ئەوانـد لەلایـەن فارسـەکانەوە" ساسانییەکان" داگیرکرا تا عەرەبە موسلمانەکان دەستیان بەسـەر داگـرت[3] کەرکووك دوای ماوەیەك بەفەرمی کەوتە ژێر دەسەلأتی عوسمانییەکانەوە بـە پێی عەهدنامەی سالّی ١٥٥٥ز* کە لەنێوان دەولّەتی سەفەویی و عوسمانیـدا بەسـترا، بـەلأم ئـەم شـارە لەهێرشـی فارسـەکان نـەپارێزرا لـەدەورەی شـا عەباسی سەفەویدا ١٥٨٧–١٦٣٦ز ولەسالّی ١٦٢٣دا ولـەدەورەی نـادر شـای ئەفشـاردا " ١٧٣٦–١٧٤٧ " لەسـالّەکانی١٧٣٢–١٧٤٣دا[4] کـەرکووك بـووە

---

(١) سلوقس یەکی لە فەرماندە ناودارەکانی ئەسکەندەری مەقدونی بووە.

(٢) مادەکـان هەخامنشـییەکانو ئەشـکانیەوەکانو ساسـانییەکان ئـەم نەتەوانـە لـەئێرانو کوردستاندا ژیاون فارسەکان دەگەڕێتەوە سەرهەخامنشیەکانو ساسانیەکان وکوردەکانیش دەگەڕێتەوە سەرمادەکان.

(٣) سامی سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠.

* پەیماننامەی سالّی ١٥٥٥ بە پەیماننامەی ئەماسیا بەناوبانگە و لە ناوی تورکەوە ئەم نـاوەی وەرگرتووە کە عەهدنامەکەی تێدامۆرکرا، هەردوو دەولەتەکە هەستیان بـەوەکرد پێویسـتە بەئاشـتی بـژین دوای زنجـیرە شـەڕێکی خوێنـاوی لـە نێوانیانـدا بـەلأم واژوو کردنـی ئـەم پەیماننامەیە بارودۆخی شەڕی لە نێوانیاندا بنبرنەکرد چـونکە دوای ماوەیـەك سـەر لـەنوی شەڕ لەنێوانیان دەستی پێکردەوە ئەوەی شایانی باسە ئەم پەیماننامەیە سـنوری لـەنێوان هەر دوو دەولّەتەکە دەست نیشان کرد ناوچەی شـارەزور کـە کـەرکوکیش بەشـێکی ئـەوبو کەوتە دەست دەولّەتی عوسمانییەوە بـۆ زانیـاری بترتـر بروانـە شـاکر الضـابط ، العلاقـات الدولية ومعاهدة الحدود بين العراق وايران، بغداد ١٩٦٦، ص١٨–١٩.

(٤) علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨–١٧٥٠ دراسـة في أحـوال السياسـية، مطبعة اوفسيت الشعب، الموصل، ١٩٨٤، ص١٥٤–ص١٩٦؛ سيار كوكب علي الجميل، تكوين العرب الحديث ١٥١٦–١٩١٦، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل ١٩٩٦،ص١٤١؛ سـي جـي ادموندز ، كرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله مطبعة التأيمس، بغداد،د.ت،ص٤٠.

سـەنتەری ولآیـەتێکی عوسمـانی بـەناوی شـارەزور* لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا چـەند پارێزگایـەك سـەر بەشـارەزور بـووە کـە بـریتی بوونـە لـە کـەرکوك و هەولێرو سلێمانییە[١] و بەناوی شارەزوور ناسراوە تاسـاڵی ١٨٩٢[٢] هـەروەك کەرکوك بووە پارێزگاییێکی سەر بەپارێزگای مووسل کـاتی مووسـل شـێوەی پارێزگاییێکی سەربەخوویی ساڵی ١٨٧٩دا[٣] بەخۆیەوە گرت ئەو ناوانـەی کـە کەرکووکی پێی ناسراوە لەگوزەرگای خوولەکانی مێژوودا کە کەرکووکی پێدا تێپەڕیوە جیاوازی بەسەرداهاتووە[٤]

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لـە ٢٣ ئـابی١٩٢١ زایینیـدا، عـیراق دابەش کرایە چواردە پارێزگـا** کـەرکوك یـەکی لـەو پارێزگانـە بـۆ لەلایـەن گارگێڕییـەوە دابـەش کرایـە چـوار قـەزاو کـە دە ناحییـەی پێوەبەسـترا[٥] دانشـتوانی پارێزگـای کـەرکوك لەچوارچـێوەی یـەکیتی نیشـتمانی عیراقـدا

---

* سنووری ویلایەتی شارەزور روون نیە چونکە گورەپانی پیکـدادانو ململانـی چـەکداری بـووە لەنێوان دەولەتی سەفەوییو عوسمانیداو دابەش دەبیتە سـەر٢١ سـەنجەق دا، شـاکر علـی، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤.

(١) سامي، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣.

(٢) الارشيف العثماني، الموصـل وكركـوك في الوثـائق العثمانيـة ١٧٢٦–١٩١٦م، ترجمـةد.خليل علي مراد ود.علي شـاكر علـي، الموصـل، ١٩٩٥، نسـخة خطيـة محفوظـة في مكتبـة دراسـات الموصل، ص٢٤٠.

(٣) ابراهيم خليل احمد، التشكيلات الادارية والعسكرية في ولاية الموصل اواخـر العهـد العثمـاني، مجلة بين النهرين، العددان ٣٧–٣٨، الموصل، ١٩٨٢، ص١٤٧–ص١٤٨.

(٤) لـەو ناوانـەی کـەرکوکی پـێ ناسـراوە گرخـا دیبیـث سـلوقس، کرخـا، کـارکوك، کـاراخورا باجرمی، وچەند ناوی تر، سەبارەت بەم ناوانە وچـی دەگـەینێت بروانـە عبـدالجبار محمـود السامرائي كركـوك، مدينـة الـذهب الأسـود، مجلـة الفيصـل العـدد(١٣٤)، السـعودية ١٩٨٨، ص١٢–١٣.

** سالی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکان دەرچوو ناوی لیوا بە پارێزگا "موحافەزە) وەرگێرا بروانـە، الحكومـة العراقيـة، قـانون المحافظـات رقـم ١٥٩ لسـنة ١٩٦٩ المؤسسـة العامـة للصـحافة والطباعة، بغداد ١٩٦٩، المادة الثانية، ص٤.

(٥) الياهو دنكور، الدليل العراقي الرسمـي لسـنة ١٩٣٧، دنكـور للطبـع والنشـر، بغـداد، ١٩٣٧، ص٥٩–١٢٣.

دەژیـن کـەبریتین لـە چـەند میللـەت و قـەومێکی جیـاواز "کـرد وترکمـان وعەرەب"[1]

لەپارێزگاکـەدا چـەند هۆزێـك کـەبوونیان هەیـە کەبەسـەر ئـەم سـێ قەومییەتەدا دابەش دەبن[2]

زۆربەی دانشتوانی ئەم پارێزگایە پەیڕەوی ئاینی ئیسلامن جگە لەمانە ئـاینی مەسیحی و یەهودیش لەکاتی خۆیدا بەرچاو دەکەوتن[3]

پارێزگـای کـەرکوك پێگەیـەکی ئـابووری دیـاری هەیـە چـونکە بـەروبوومی کشتوکاڵ و سـامانی ئـاژەڵی فراوانـی تێدایـە[4] لەپاڵیـدا خـاوەنی سـامانێکی نەوتی یەکجار فراوانە تا ئەو رادەیەی کە کـەرکوك بەشـاری ئـاڵتوونی رەش بەناوبانگە[5]

## ژیانی پەرلەمانی لەکەرکووکدا

## لە دەورەی دەسەلاتی عوسمانییەکاندا

دوای بانگەوازکردنی دەستووری عوسمانی لەساڵی ١٨٧٦دا لەسـەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا ١٨٧٦-١٩٠٩ز ولایەتە عوسمانییەکان ژیانی پەرلەمانیان ناسـی بـەلاّم ژیـانی پەرلـەمانی درێـژەی نەخایانـد دوای ئـەوەی عەبدولحەمیـدی دووەم دەسـەلاّتی ئیسـتبدادی گرتەبـەر دەسـتووری هەڵپـە ساردو وخـاوەن و لایـەنگیرەکانی سـەرکووت کـرد[6] ئەنجوومـەنی نیردراوانـی

---

(١) شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد،١٩٧٣، ص١٥٣.

(٢) خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٤-ص١٥٦ ؛ العراق قديماً وحديثاً، ل٢١٧-ل٢١٨.

(٣) ادموندز، المصدر السابق،ص٢٤٢.

(٤) فاضـل مطصـفى، كركـوك بـين ١٩٢٧-١٩٥٧، مجلـة اهـل الـنفط، العـدد، ٧، كركـوك ١٩٥٧،ص٢٥.

(٥) السامرائي، كركوك ومدينة الذهب الاسود، ص١٢.

(٦) عباس العزاوي، تاريخ العراق بين إحتلالين، ج٨، مطبعة شركة الطباعة والتجارة المحدودة، بغداد، ١٩٥٦، ص٣٢.

عوسمانی " مجلس المبعوثان العثماني" پەکخست و نابە لاوەوە تاشۆڕشی ئیتیحادییەکان ساڵی ١٩٠٨ز بەرپاکرا[(١)]

## هەڵبژادردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانی " مجلس المبعوثان العثماني"

هەڵبژاردنێك کە لەسەرەتادا لە دەوڵەتی عوسانیدا ئەنجام درا، لەسەر بناغەیەکی دەستووری راستەقینە دانەمەزرابوو بەڵکو بەپێی زانیارییەکی کاتی کە خرابووە ئەستووی دەستگا خووجیەکانەوە بەڕێوەچوو چونکە یاسایەکی تایبەت بەهەڵبژاردن لە ئارادانە بو، تائەو کاتەی یاسایەکی تایبەت لەم بوارەدا دەرچوو، دوای کۆوبونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی نێردراوانی عوسمانی رێکەوتی ١٣ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٧ز[(٢)]

دوای دەرچوونی یاسای هەڵبژاردنی نێردراوان" " یاساکە هەر پارێزگایەکی وەك بازنەیەکی هەڵبژاردن ژمارد، هەر نوێنەرێك نوێنەرایەتی پەنجا هەزار کەسی لە نێرینەکان دەکرد وهەڵبژاردن لە دوو پلەدا بەشێوەی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆو[(٣)] پەیڕەودەکرا بەلاّم ئەم رێگای خۆو پالاّوتن بۆ نوێنەرایەتی بەو شێوە بوو کە پالێوت و داخوازییەك پێش کەش بەوالی بکات یا وەك ژمارەیەك لە خەڵکی کەواژوکانیان کەمتر لە ٣٠٠ واژوو نەبێت بیپالێون یا وەك ئەو پارتەی کەتێدایە هەڵیپالێویت[(٤)] پالێوراو پڕوپاگەندەی پالێوراوی خۆیی لەرێگەی رۆژنامەو بەیاننامە تایبەتییەکانەوە و لەبازارەکاندا ئامادە دەبوو بۆ

---

(١) محمد مظفر الادهمي، المجلس التأسيسي العراقي،ج١، مطبعة دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٩، ص١٥.

(٢) محمد مضفر الادهمي، المصدر نفسه، ص٣.

(٣) قانون انتخابات المبعوثات، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٢٠، المواد ١، ٢، ٢١، ٢٢.

(٤) عصمت برهان الدين عبدالقادر، دور النواب العرب في مجلس العثماني( ١٩٠٨–١٩١٤) رسالة ماجستير جامعة الموصل، كلية الاداب، ١٩١١، ٧٠–٧٢.

ئــەوەی پالأوتنەکــەی راگەیــەنێت[1] وەك هــەموو پارێزگاکــانی تــری عــێراق لەوســەردەمەدا[2] رۆڵـەکانی کـەرکووك لـە ئەنجوومـەنی نێردراوانـی یەکەمـدا ١٩٧٧ زایینی کە لە ١٩ ئـازاری ١٨٧٧ کرایـەوە بەشـدارییان نـەکرد وادیـارە هوی ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی نوێنەرەکان لەلایەن دەزگـا کارگێڕییانـەوە "الادارت المحلیـة" هەڵدەبـژێردران و خـەڵکی نەخشـێکیان لـە هەڵبژاردنانـەدا نەبووە. بەڵام ئەنجوومەنی نیردراوانی دووەم ١٩٠٨-١٩١٢ کـەدوای شۆڕشـی کۆمەڵـەی ( ئیتحـادوو تـەرقی) * سـاڵی ١٩٠٨ هەڵبـژێردران لەبیـدەنگی و ئاسایشێکی تەواودا لـە زۆربـەی ولایەتـە عوسمانیەکانـدا بەڕێوەچـوو. لەبـەر ئەوەی خەڵکی لەوبڕوادا بوون، کە ئیتحادییـەکان لەوسـەردەمەدا باشـتربوون بوویـە ئەنجامـەکانی هەڵبـژاردنیان مسـۆوگەرکرد[3] ولـەپارێزگای کەرکووکـدا

---

(١) محمد مظفر الأدهمي، الحركـة البرلمانيـة العثمانيـة في العـراق، مجلـة افـاق عربيـة، العـدد ٦، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٦.

(٢) الادهمي، المجلس التأسيسي، ج١، ص١٢.

* کۆمەلەی یەکێتیو گەشەکردن"الاتحـاد و الترقـي" ریشـەکەی دەگەرێتـەوە بۆسـاڵی ١٨٦٤ز کاتی لە لەندەندا رۆژنامـە "ئازادیـەکان" حریـات بەسەرپەرشـتی رەفعـەت بـەگ دامـەزرا و ژمارەیەك لە کەسایەتییە دیارییەکان وەك کـەمال بـەگ وضـیاء بـەگ وئەحمـەد رەزا بـەگ وکەسانی ترهاتنە رێزییەوە، کۆمەلەکە گەشەی کرد وکۆمەلە تورکیا لاوی تورکیـا الفتـاە کەیەکەمین چـالاکیان سـاڵی ١٨٨٩ز شکسـتی هێنـا کـە ویسـتیان سـولتان عەبدولحەمیـدی دووەم بخەنە لاوە ئەوەبوو پەرتوو بلأو بوونـەوە وئەندامـەکانی چـالاکیەکانیان بـۆ پـاریس گوێزایەوە دوایـی گەرانـەوە بـۆ ولأت وشورشـی سـاڵی ١٩٠٨ یـان بـەرپاکرد ودەسـتووریان کاراکردەوە وژمارەیەك لـە کەسـایەتییە گـەورەکان سـەرکردایەتی ئـەم کۆمەلـەیان گرتـە ئەستوو وەکو طلعت بەگو ئەنوەر بەگ وچەند بەشـێکی لـە عیراقـدا کـردەوە وەك بەغـدا و حلە و موسلو بەسرەو کەرکوك . بۆ زیاتر زانین بروانە ارنست.أ. رامزور ترکیة الفتـاة وثـورة ١٩٠٨، ترجمـه صـالح أحمـد العلـی، مؤسسـه فـرانکلین للطباعـة، بـیروت، ١٩٦٠، ص٤٩- ص١٦٠.

(٣) لطفي جعفر فرج، عبدالمحسن السعدون ودوره في تاريخ العـراق السياسـي المعاصـر، مطـابع الرسالة الكويت، ١٩٧٨، ص٣٢ ؛ فيصل محمد الارحيم ، تطور العراق تحت حكم الاتحـاديين ١٩٠٨-١٩١٤م، مطابع الجمهور الموصل، ١٩٧٥، ص٢٤٤.

محەمەد عەلی قیردارو سالّح پاشانەونچی بردیانەوە[1] بارودۆخەکە سەبارەت بەپارێزگای کەرکووك لە هەڵبژاردنی سییەمدا ١٩١٢ وچوارەمدا ئەیار ١٩١٤- ئابی ١٩١٤ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەنجامی هەلبژاردنەکە لە بەرژوەندی ئیتحادیەکان کۆتایی هات بەلاّم زۆربە لە ئەنجوومەنی سییەمدا لەبەرژەوەندییاندا نەبوو بۆیە کەوتنە پەکخستنی ئەنجوومەنەکە دوایی هەڵبژاردنیان سڕییەوە و هەڵیانوەشاندەوە[2] ئومێد دەکرا کە (سیٚ) نوێنەر لەکەرکووکدا هەڵبژێردرین وئەو ئارەزوویە لە نووسراوی پارێزەری پارێزگایی کەرکووکدا بۆ والی مووسل دەردەکەوێت چونکە ژمارەی دانشتووانی پارێزگاکە لە ١٣٢ هەزار کەس لە نێرینەکان[3] بترترە بەلاّم ئەم نووسراوە شتی ئەوتوی لە بارودۆخەکە نەگۆڕی لە پارێزگای کەرکووك تەنها دوو نوێنەر بردیانەوە کەبریتی بوون لە محەمەد عەلی قیردارو نازم بەگی کوڕی سالّح بەگی نەوتجی[4] وەکو لە پێشدا باسمان کرد ئەنجوومەن کۆنەبووەوە بەهۆی پەکخستنیەوە و پووچکردنەوەی هەڵبژاردنەکەوە بویە ئیتیحادییەکان دەستیان کردە ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی نوی کە زۆربەیان لە ئەنجوومەندا بۆ دابین بکات ولەپارێزگای کەرکووکدا هەڵبژاردن بەڕێوەچوو بیٚ ئەوەی رووداوێك رووبدا و ئەنجامەکانی لە چواری کانوونی دووەمی ١٩١٤ دا جاردرا ولیستەکانی ئیتحادییەکان لە زۆربەی دەڤەرەکانی عیراقدا بردیانەوە نوێنەرایەتی کەرکووك لەم ئەنجوومەنەدا محەمەد عەلی قیردارو نازم بەگ نەوتچیو عەبدولا سافی یەعقوبی دەیانکرد[5]

---

(١) العزاوي، المصدر السابق، ص١٦٦، الارحيم، المصدر السابق، ص٢٤٥.

(٢) العزاوي، المصدر نفسه،ص١٩٥.

(٣) جريدة صدى بابل، العدد، ١٥٣ في ١٧ ايار ١٩١٢م.

(٤) سليمان فيضي، مذكرات سليمان فيضي من رواد النهضة العربية في العراق، تحقيق وتقديم باسل سليمان فيضي، ط٣، دار العافي، بيروت، ١٩٩٨، ص١٦٨؛ الارحيم، المصدر السابق، ص٢٤٦.

(٥) جريدة صدى بابل، العدد ٢٠٩ في ٥ نيسان ١٩١٤.

## نەخشی نوێنەرانی کەرکووك لە ئەنجوومەنی نێردراوانی عوسمانیدا" مجلس المبعوثان العثماني"

نوێنەرانی کەرکوك لە ئەنجوومەندا بوونیکی چالاکانەیان هەبوو، ئەویش لەدانوستان و پێشنیارەکانیانەوە لە هەموو بوارەکاندا کە لە ئەنجوومەندا دەیانخستە روو و دەردەکەوت. بەراستی باری سەنگینی نەهامەتی و کولەمەرگی بارودۆخی ناوچەکانیان هەڵدەگرتوو دەیانگەیاندە ئەنجوومەن بۆ ئەوەی چارەیەك بۆ گیروگرفتەکانیان بدۆزیتەوە و ژیانێکی ئاسوودەترو باشتر بۆ دانشتووانەکانیان فراهەم بکرێت.

لەولایەنانەی کە نوێنەرانی کەرکووك لێی دەدوان لایەنی کشتوکاڵ بوو کەبەشێکی زۆربەی بایەخیانی گرتبەوەبەر وهەندیکی زۆریان پێدابوو نوێنەری کەرکوك محەمەد عەلی قیردار بەهاوکاری نوێنەرەکانی مووسل محەمەد فازلو داود یوسفانی راپۆرتێکیان پێشکەش بەسەرۆکی ئەنجوومەن کرد تێدا روونیان کرد بووەوە تاچی رادەیەك ویلایەتی مووسل لەبواری کشتوکاڵدا دواکەتووە خراوەتە پشتگوێ هەروەك زەوییەکانی پڕپیت و لەبارە بۆ کشتوکاڵ و داخوازی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کشتوکاڵیان کردبوو کە نەوەکانی ئایندە پشت بەکشتوکاڵی نوێ ببەستن و فێری کشتوکاڵی نوێ بن و ئەنجوومەن بەڵێنی دابوو کەداخوزییەکەیان بەهەند وەربگیرێت ودیدی حکومەت بۆ گرنگی بوونی قوتابخانەیەکی کشتوکاڵ لە ویلایەتی مووسڵەدا رابکیشن(1) نوێنەری کەرکوك نازم بەگ نەوتچی لە راپۆرتێکدا کە بۆ ئەنجوومەنی نارد بوو داخوازی کرد بوو کە بەشێك لە ئاوی زێ بچووك بۆ کەرکووك بهێنرێت چونکە ئەم کارە گرنگی زۆری هەیە بەتایبەت لەکەم کردنەوەی مەترسی لافاوەکاندا و بۆ ئاودێری دەڤەری حەویجە کاریگەردەبێت و ئەمەیشە هانی هۆزەکان دەدات کەجێگیر بن و

---

(1) ابراهيم خليل احمد، ولاية الموصل، دراسة في تطوراتها السياسية ١٩٠٨–١٩٢٢ رسالة ماجستير جامعة بغداد، كلية الأداب، ١٩٧٥، ص١٧.

بەكشـتوكاڵەوە خـەريك بـبن[1] هـەرواداخوازی كردبـوو بەرپرسـانی شكسـتی پـرۆژەی رووبـاری رەشـادییە" كەلـەروباری زیـێ گەورەوەدابـەش دەبێـت و حكومەت پارەیەكی زۆری بۆ خەرج كردبو[2] لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت و راپێچی دادگا بكرێن ، هەر ئەو نوێنەرە داخوازی كردبـوو، كەدەسـت بەسـەر راگرتنی هەندی لەزەوییەكان كە خاوەنەكانیان نەیان توانیبوو بۆ قـەرزەكانی بدەنەوە راگیرێت.

ئەم زەویانە بكرێنە ناوی هاووڵاتییانەوە بۆ ئەوەی كشتوكاڵ و بازرگـانی گەشـە بكـات و چـالاك بێتــەوە ولــە ٢٧ حـوزەیرانی ١٩١٤ز راپـۆرتێكی بـۆ ئەنجوومەن بەرز كردبووەوە تێدا داخوازی كردبوو لە حكومەت كـە دەسـتگاو ئامێرو ئامرازی كشتوكاڵی نوێ لە دەرەوەی وڵات هاوردەی نیـو وڵاتـی بكـات بەڵام راپورتەكەی لە ئەنجوومەنـدا بەهەنـدو بایەخـدار وەرنـەگیردرا [3] بـەڵام سەبارەت بەئاموزش و فێركـردن و پـەروەردەی هـەردو نوێنـەرانی كـەركووك محەمەد عەلی قیردارو ساڵح پاشای نەوتچی لـە دەوڵـەت داخوازییـان كردبـوو كە فێركردن و ئاموزش لە ناوچە عەرەبییەكاندا بەگشتی ولەدەڤەری كەركووكدا بەتایبەتی پەرە پێبدات.

لەئازاری ١٩٠٩ دا ئەم دوو نوێنەرە یادداشتێكیان بەسەرۆكی ئەنجوومەن پێشـكەش كردبـوو تێـدا روونیـان كردبـووەوە تاچـی رادەییـەكی مەترسـیدار فێركردن و ئاموزش لـە پارێزگـای كەركووكـدا دوا كـەوتووە و قوتابخانـەكانی پارێزگا توانای جێبوونەوەی قوتابیانی نییە، كەژمارەكانیان لەزۆربووندایـە[4] حكومـەت داخـوازی نوێنـەری كـەركووك محەمـەد عـەلی قـیردار جێبـەجێكرد ئەویش بەدروست كردنی قوتابخانەی سولتانیە سالی ١٩١٠ لە كەركووكدا [5]

(١) عبدالقادر، المصدرالسابق، ص١١٦.

(٢) المصدر نفسه، ص١٢٨–١٢٩.

(٣) فيضي، المصدر السابق، ص١٩٠.

(٤) ابراهيم خليل احمد، تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩–١٩٣٢، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، البصرة، ١٩٨٣، ص٥٠.

(٥) عبدالقادر، المصدرالسابق ، ص١٤٥.

و له لایەن کارگێرییەوە ژمارەیەك لە نوێنەرانی عیراقییەکان کە لە نێوانیادا نوێنەری کەرکووك محەمەد عەلی قیردار دەبینرا. رەخنەیان بە توندی لە سیاسەتی والی بەغدا "نازم پاشا*" ١٩١١-١٩١٢ لە راپورتێکدا کە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن بەرزیان کردبووەوە گرتبوو.

لە و راپۆرتەدا نالەباری و خراپی سیاسەتی ناوبراو لە بەکارهێنانی دەسەلاَتەکانیدا وگوێ نەدانی بە کشتوکالْ و نزیکبوونەوەی لە عەشایرەکان و چاوپوشانی لە جەردەو پیاوکوژەکان توانرابوو چونکە سیاسەتەکەی هامسات بۆ لەگەلْ بلاَوبوونەوەی گەندەلْی لە ولاَتدا [1]

وادیارە ژیانی پەرلەمانی و ڕۆلْی رۆلْەکانی عیراق تێدا لە سەردەمی دەسەلاَتی عوسمانییەکاندا ئاگابوونێکی دیموکراسی سەرەتایی لە نێوانیاندا دەخولقینێت. لەگەلْ تەگەرەکانیشیدا دەبینین عیراق دامودەزگای سازمانی و کارگێری و دەستووری و پەرلەمانی بەخوییەوە دەبینێت وپاریزگای کەرکووك لەو گوزەرگایەدا یەکی لەو پارێزگا عیراقییانەیە کە رۆلْەکانی نەخشێکی نیشتمانی دەگرنە ئەستووە و پشکیان لە ژیانی پەرلەمانی نوێدا دەکەوێتە بەرچاو.

---

* نازم پاشا لە والیتی بەغدا سالْی ١٩١٢ بەلاوە نرا بەرەوە پایتەختی دەولْەتی عوسمانی ئەستانە روێشت وسالی ١٩١٣ و هەر لەوێدا کۆژرا.

[1] عبدالقادر، المصدر السابق، ص١٤٥.

## بەشی یەکەم

# دروست بوونی ژیانی پەرلەمانی و کاریگەری لە کەرکووکدا

بەشداری عیراقییەکان لە ژیانی پەرلەمانیدا لەسەردەمی دەسەلاتی عوسمانییەکاندا بووە مایەی پتربوونی ئاگایی رامیارییان.

بەلام کاتی عێراق کەوتە ژێر داگیرکردنی ئینگلیزەکانەوە عیراق چووە وەرچەرخانێکی نوێیەوە لەئەنجامی خۆتێهەڵسوونی راستەوخۆیان لە هێزەکانی بەریتانیادا کە کارگیرییەکی سەربازی و نیزامی راستەوخۆی لە عێراقدا گرتەبەر و عێراقییەکان کەوتنە هەوڵ و تەقەلاوە بۆ رزگاربوونیان لەو داگیرکارییە ئەویش لە رێگەی شۆڕشەوە لە لایەکەوە و بەشداری لە ژیانی رامیاریدا لەلایەکی ترەوە ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە لە پرۆسەی دەنگدانی گشتی کە لەعیراقدا بەڕێوەچوو سەبارەت بە هەڵبژاردنی شێوەی رژێم و کەسایەتیی حوکمڕان بەشدارییان کرد هەروا لەبەشداری کردندا لە کارگێری وڵاتدا لە رێگەی بەشداری لە حکومەتەکانی عیراقدا، جگە لە بەشدارییان لەو شۆڕش و راپەڕینانە کەدژی بوونی بێگانەکان پەرپا بووبوو وئەم بارودۆخە کاریگەرێکی زۆری بەسەر هەموو ناوچەو دەڤەرە جیاوازەکانی وڵاتدا بە کەرکووکیشەوە هەبوو.

## جیٚ باسی یەکەم

## داگیرکردنی عیٚراق لەلایەن بەریتانیاوە ١٩١٤-١٩١٨ کاردانەوە نیشتمانییەکان لە کەرکووکدا

بەریتانیا بە بابەیەخێکی تەواوە سـەیری عێراقـی دەکـرد لەبـەر ئـەو گرنگیـە ئابووری و ستراتیژییەکە لە سیاسەتی ولأتە ئیمپریالیستەکاندا هەیـەتی. ئـەم گرنگیە لـە پێگـەی گرنگـی جوگرافیاییـەدا خـۆی دەبینیتـەوە کـە هاتوچـۆی بەریتانیا لە کەنداو هندوستاندا دابین بکات.

سەرەڕای ئەو خێرو بێرە فراوانەی کە لەم ولأتەدا بـەدی دەکرێـت جگـە لـە کۆی چەند هۆیەکی تر کە کۆبوونەوەیان بووە هۆی ئەوە عیراق بێتە ئامانج و خواست و ویستی ئیمپریالیستەکانی بـەریتانیای داگیرکـەر[1] بـەریتانیا خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ داگیرکردنـی عـیراق بـۆ خولقانـدنی بـارودۆخێکی گونجـاو سەبارەت بەپیادەکردنی ئەم ئامانجە. کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی لـە ئـابی ١٩١٤دا دەستی پێکرد ئەم شەڕە لەدەروونی ئینگلیـزە ئیسـتعمار گەرەکانـدا هیوایێکی خۆلقاند کە لە ئامانجەکانیان لەعیراقدا بهیننەدی و جێبەجیٚ بکەن بەتایبەت دوایی ئەوەی دەوڵـەتی عوسمـانی چـووە ریـزی ئەڵمانەکانـەوە لـە پێنجی تشـرینی دووەمـی ١٩١٤دا[2] حکومـەتی هنـدی بـەریتانی بەپێویسـتی زانی کە هێزەکانیان لە کەنداودا پتەو تۆکمـە بکـەن بەتایبـەت کـاتی هـەوری شەڕ هەموولایەکی پۆشاب،وەوە ئەوەبوو هێزێکـی سـەربازییان بـۆ بـەحرەین رەوانەکرد ئەو هێـزە هـەر ئـەو هێزەبـوو کـە لـەوێوە بـەرەو فـاو کەوتـەریٚ و

(١) سەبارەت بە هۆکانی داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە بروانە، مجید خدوري، اسـباب الاحتلال البريطاني للعراق، مطبعة الشعب الموصل، ١٩٣٣، ص١٦–ص٧٠؛ عبدالرحمن بزاز، محاظرات عن العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، مطبعـة الرسـالة، القـاهرة، ١٩٦٥، ص١٥؛ عبـدالرزاق الحسـني، تـاريخ العـراق السياسـي الحـديث، ط٢، صـيدا، ١٩٥٧، ج١، ص٥٧– ص٦٣.

(٢) فيليـب ويـلارد ايرلانـد، العـراق دراسـة في تطـوره السياسـي، ترجمـة جعفـر خيـاط، مطبعـة الكشاف ، بيروت، ١٩٤٩، ص٥.

لەحەوتی تشرینی دووەمی ١٩١٤ دا بەسەرکردایەتی جەنـەڕاڵ دیلامـین w. s. Delamain گەیشـتە ئـەو شـوێنە و لەوێـدا سـەرکردەی شـالأوە سـەربازیکە هێزیکی سەربازی لە فاودا بەجێ هێڵاو بەرەو عەبادان ڕۆیشت[1]

وادیـاره بریتانیـا بارودۆخەکـەی بـەگونجاو هەڵسـەنگاندبوو سـەبارەت بەداگیرکردنی عـێراق چـونکە هێزەکـانی عوسمانییـەکان لەبـەر بـی نـەزمی و وبـەڕپووتی چـەکەکانیان بەبـەراورد لەگـەڵ هێزەکـانی بریتانیـادا کـە جیاوازییەکی فراوان لە نێوانیاندا بەدی دەکرا ئەوەبوو ئەم بارودۆخە هانیانی دا بەرەو بەسرە شالاو ببەن بەفەرماندەیی جەنەڕاڵ باری(Parit ) *[2] و دوای شەڕێکی سەخت هێزەکانی عوسمانی لەبەرامبەر هێزەکانی بەریتانیای غازیدا پاشەکشی کرد و هێزە داگیرکەرەکـە شـاری بەسـرەی ڕێکـەوتی ٢٢ تشـرینی دووەمی[3] هەمان سـاڵ داگیرکـرد چـونکە هێزەکـانی عوسمانییـەکان شـەوی ٢٠/١٦ تشـرینی دووەم ئـەم شـارەیان بـەجێ هـێڵاو چـۆڵ کـرد و بەیـداخی ئەلمانیا کەبەسەر کونسولیەتی ئەلمانـەوە بـۆ هێنرایـە خـوارەوە وپەرچـەمی بریتانیا بەرزکرایەوە [4] هێزەکانی بەریتانیا بەرەو باکوور پێشرەوی کرد، لـە ٣ کانوونی یەکەمدا بەرەو "قرنە" کەوتە رێی و دوای پێکدادان و مناوەرەیەك کـە ئینگلیـزە داگیرکـەرەکان ئەنجامیانـدا لەشـکری عوسمانییـەکان لـە ٩ کانوونی یەکەمی ١٩٤١دا خۆیان دا بەدەستی هێزە داگیرکەرەکەوە[5]

---

(١)محمد طاهر العمري، تـاريخ مقـدرات العـراق الساسـية، مطبعـة العصـرية، بغـداد، ١٩٢٥، ج١، ص٨٩.

* ئەو سەرکردەی گشتی هێزەکانی بەریتانیابوو کە دەستی بە داگیرکردنی عیراق کرد ولـە ١٣ تشرینی دووەمی ١٩١٤دا گەیشتە فاو.

(٢) العمری، تاریخ مقدرات العراق، ص٩٠.

(٣) شكري محمود نديم، احوال العراق في مرحلة الشروطية الثانية ١٩٠٨–١٩١٨ دراسة تاريخيـة، رسالة كتوراه جامعة بغداد، كلية الأداب، ١٩٨٥، ص٢٠٤

(٤) العمري، تاريخ مقدرات العراق، ص٩١–ص٩٢.

(٥) العمري، تاريخ مقدرات العراق، ص٩٤–ص٩٥.

## ڕۆڵی ڕۆڵەکانی کەرکووك لەشەڕی شوعەیبەدا

داگیرکردنی قورنە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر فەرماندەیی هێزەکانی عوسمانیدا بەجێ هێڵا ئەوەبوو فەرمانێکیان سەبارەت بەلاوە نانەوەی جاوید پاشا لە سەرکردایەتی لەشکر ووالیتی بەغدا دەرکرد و لەجێگەی ئەودا سلێمان بەگی عەسکەریان دەستنیشان کرد، سلێمان بەگ بڕوایەکی یەکجار پتەوی بەهێزەکان هەبوو[1] وسەرکردایەتی عوسمانی فەرمانێکی بۆ سەرجەم والییەکانی عێراق دەرکرد سەبارەت بەهاندان و بانگێشت کردنی میللەتی عێراق بۆ جیهادی پیرۆزو خۆبەخت کردن لە پێناوی بەرگری لەبەرامبەر بەریتانیا داگیرکەردا[2].

رووڵەکانی میللەتی عێراق وەلامی بانگێشتی جیهادی پیرۆزیان کە دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی بۆ کردبوو دایانەوە و ژمارەیەکی زۆری لە رووڵەکانی وڵات هاتنە ریزی هێزەکانی ژێر فەرماندەیی سلێمان بەگی عەسکەرییەوە وژمارەیەکیان کە لە نێوان ١٠–١٥ هەزار شەڕکەرێك دەبوون لە شاری ناسرییەدا لە باشووری عێراق کۆبوونەوە[3].

عێراقییەکان لە پال یەکتریدا بۆ بەرگری لە نیشتمانەکەیان لە بەرامبەر داگیرکەرە بێگانەکاندا شەڕیان کرد و لە نێوان ئەم شەڕکەرانەدا ژمارەیەك لە رۆڵەکانی کەرکووك بەدی دەکران کە لە شەڕی شوعەیبە کە لە ٤ نیسانی ١٩١٥دا روویدا بەشدارییان کرد و زۆربەیان لە رۆڵەکانی هۆزەکانی داودەو هەمەوەند و جاف و[4] تالەبانی[5] بەسەرکردایەتی پیاوماقولانی کەرکووك

---

(١) ندیم، المصدر السابق، ص٢١.

(٢)العمري، تاريخ مقدرات العراق،ص١٠١.

(٣) ندیم، المصدر السابق، ص٢١٠–ص٢١١؛ العمري، تاريخ مقدرات العراق،ص١٠٣.

(٤) كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشر من العراقية مطبعة الحوادث بغداد ١٩٧٨، ص١٣٠.

(٥) بۆ زیاتر زانینی لەم بارەوە، ١٠٠٠ سواری چەکدار لە هۆزەکانی جاف بەسەرکردایەتی حەمە عەلی بەگی کوری حەمە پاشای جاف وکەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لەم شەڕەدا بەشدارییان کردووە.

لەسەرۆك هۆزەكان و نوێنـەرانی ئەنجوومـەنی نێردراوانـی عوسمـانی (مجلس المبعوثان العثماني) وەك عەبدوللاَ سافی یـەعقوبی و محەمـەد عـەلی قـیردار و نامق بەگی داودەو* شێخ لە تیف سـەمەد تالـەبانی**[1] و رۆڵـەكانی ولاَت بـە پێكهاتــەو قەومییەتــە جیاوازەكانیــەوە قوربانییــەكی زۆریــان لــە شــەڕی شوعەیبەدا پێشكەش كرد. كە بەسێ هەزار عێراقی لەنێوان شەهیدو برینداردا دەخـەملێنرێت[2] هێزەكـانی عوسمـانی شـەڕەكەیان دۆڕان وشكسـتیان هێنـا لەبــەر بەرتــەریو وســەركەوتوویەتی هێزەكــانی بــەریتانیای داگیركــەر و لەشـكرەكە بـەرەو ناسـریە پاشەكشـی كـرد لەوێـدا فەرمانـدەی هێزەكـانی عوسمــانی ســلێمان بــەگی عەســكەری خــۆی كوشــت بــەهوی شكســتی هێزەكانیــەوە[3] شكســتی هێزەكــانی عوسمــانی لــە شــەڕی شــوعەیبەدا ئەنجامێكی چاوەڕوان كراوبوو چونكە لەشكری عوسمانی نەدەگەیشتە ئاستی لە شكری.

بەریتانیاكان لەهەموو بوارەكاندا چی لەلایـەن تـەنزیم و رێكوپێكییـەوە یـا لەلایەن چەك و جبەخانە و تفـاقی سـەربازی و نیزامییـەوە، لەلایـەكی تـرەوە رۆڵـەكانی بـەنیازێكی نیشـتمانی و ئاینییـەوە شـەڕیان دەكـرد و هیچـیان لـە هونەری شەڕی نیزامی نەدەزانی وئەو هونەرەیان پشت گوی خستبوو ونەیان دەزانی بەكاری بینن لەمەیدانی شەڕدا.

---

* ئەو باوكی دارا بەگی داوودەیە نوێنەری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بۆە هۆزەكەی لـە ژێـر فەرماندەیی ئـەودا لـەو شـەڕەدا بەشـداری كـرد ولەمەیـدانی شـەڕی شـوعەیبدا شـەهیدبۆ، أحمد، الشعب الكردی،ص١٣.

** عیراقییەكان لـە نیشـتمانەكەیان لـە شـوعیەیبەدا بـەرگریایان كـرد ورۆلـەكانی عەشـیرەتی تاڵەبانی بەشدارییەكی چالاكانەیان لەو شەڕەدا كردو عەشیرەتەكە یان ژمارە یەك شەهیدی لێكەوت كە لە نێوانیاندا دوو سەركردەیان كەئەویش شیخ لەتیف سەمەد تاڵەبانی لەگوندی كانی قادر بو وشیخ ستار تاڵەبانی لە گوندی باداوە لە كـەركوك بـوون بروانـە احمـد ولایـە الموصل، ص١٨٠.

(١) احمد، الشعب الكردي، ص١٢٩–ص١٣٠؛ بروانە احمد ولایە الموصل، ص١٨٢.

(٢) ندیم، المصدر السابق، ص٢١٤–ص٢١٥.

(٣) العمري، تاریخ مقدرات العراق،ص١٠٥.

## داگیرکردنی کەرکووك لەلایەن بەریتانییەکانەوە

هێزەکانی عوسمانی دووبارە ڕێزەکانیان یەکخستوو وڕێکوپێکو تەنزیم کردەوە بۆ ڕاگرتنی پێشڕەوی لەشکری بەریتانیەکان کەبەرەو بەغدا پێشڕەوییان دەکرد کەوتنە تەلاشەوە وتوانییان ئەو کارە ئەنجام بدەن وهێزەکانی بەریتانیایان لەکوت دا بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ تاوزندTownshenad ڕێکەوتی ٧ کانوونی یەکەمی ١٩١٥ گەمارۆدا .

تاوزند بەهێزەکەیەوە خۆی دا بەدەستی هێزەکانی عوسمانییەوە بەفەرماندەیی خەلیل پاشا ڕێکەوتی ٩ نیسانی ١٩١٦ دوایی ئەوەی ئینگلیزەکان نەیان توانی گەمارۆی عوسمانییەکان لەکوتدا بشکینن[١] لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە مەزنەی هێزەکانی عوسمانی بەلاّم نەیان توانی سوود لەم سەرکەوتنە وەربگرن بۆیە داگیرکەرەکان توانییان دووبارە ڕێزەکانی لەشکرەکەیان ڕێك بخەنەوە وکەوتنە ئەو بیرەوە هەوڵی بەغدا گرتن بدەن.

گەیشتنی هێزی یارمەتی دەری نوێ ئینگلیز بۆ عیراق هەڵویستی عوسمانییەکانی لاواز کرد، جەنەڕاڵ "مود" Maude فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیای گرتە ئەستوو ناوبراو بەرەو بەغدا داکشا عوسمانییەکان لە ٦ ئازاری ١٩١٧ لە بەغدا پاشەکشییان کرد وهێزەکانی ئینگلیز لە ١١ ئازاری ١٩١٧دا بەغدادیان داگیرکرد[٢] ولەبەرامبەر ئەم داگیرگرتنەدا سەرکردەیی عوسمانیەکان خەلیل پاشا لەشکرەکەی تادەوروبەری مووسل[٣] پاشەکشی پێکرد.

---

(١) بۆ زانیاری بترتر سەبارەت بەگەمارۆی کوت بروانە رسل برادون حصار الکوت في الحرب بين الانكليز والاتراك في العراق سنة ١٩١٤–١٩١٨، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي وعبدالمجيد ياسين التكريتي، بغداد، ١٩٨٥، ج١–ج٢.

(٢) ابراهيم خليل احمد وجعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر، الموصل، ١٩٨٩، ص١٤؛ برسي كوكس ، صفحة من تاريخ العراق الحديث سنة ١٩١٤–١٩٢٦ او تكوين الحكم الوطني في العراق، ترجمة بشير فرجو، مطبعة الاتحاد الجديدة، الموصل، د.ت، ص١٣.

(٣) العمري، تاريخ مقدرات العراق،ص١٣٧.

بـەریتانیا گرنگـی و بایـەخی ولآتـی مووسـڵی دەزانـی هـەروا ئـەوان لـە سنووری بەغدادا نەدەوستانەوە چونکە ئامانجیـان داگیرکردنـی سەرتاسـەری تەواوی عیراق بۆ بەم مەبەستەوە دەسەلآتدارانی سەربازی بەریتانیا ئەفسەرە رامیارییـەکانیان راسـپارد، کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ رۆڵـەکانی ولایەتەکانـدا بەرقـەرار بکـەن کـە رۆڵـەکانی کەرکووکیشـی دەگرتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە مەترسییان ئاسودەبن [1] کەلە گەڵ لەشکری عوسمانیەکاندا هاوکاری نەکەن.

دوای مردنی جەنەڕاڵ مود لە١٨ تشرینی دووەمی ١٩١٧دا فەرمانـدەیی هێزەکانی بەریتانیا لە عیراق جەنەڕاڵ مارشال W.Marshall گرتیە ئەستوو.

مارشال زوو هەستی کرد تاچ رادەیەك فەیلەقی سیازدیەهەمی لەشـکری عوسمانییـەکان لاوازە[2] هـەروا هێڵـی بـەرگری کەلـەنزیك ئـاڵتوون کـۆپری کەرکووکەوە درێژدەبێتەوە جێ دڵەڕاوکیی ئینگلیزەکـان بـوو بویـە فـەرمانی جووڵانەوەی بۆ تەواوکردنی داگیرکردنی عیراق دەرکرد[3]

لـە جەبهـەی کەرکووکـدا جەنـەڕاڵ ایگـرتنEgertain[4] دوای ئـەوەی فـەرمانی لـە وەزارەتـی جـەنگی بریتانیـاوە پێگـەیی سـەبارەت بەپێویسـتی داگیرکردنی کەرکووك بۆ کەمکردنەوەی فشاری عوسمانییەکان لەجەبهـەکانی ئازبایجان و قەفقاسیادا[5]

---

(١) ئەفسـەرە سیاسـییەکانی ئینگلیـز پەیوەنـدییان بەهەنـدی لەسـەرۆك هۆزەکـانی تالـەبانیو داودەوە لە پارێزگای کەرکودا کرد وهەندێکیان رازی بوون کەلەگەڵیاندا هاوکاری بکەن وەك شیخ حەمید تاڵەبانی وهەندێکی تریان رازی نەبوون لەگەڵ ئینگلیزەکان دا هاوکاری بکەن. بروانە أحمد ، ولایة الموصل، ص١٩١–ص١٩٢.

(٢) العزاوي، المصدر السابق، ص٢٧١ ؛ کوکس، المصدر السابق، ص٢٠.

(٣) ای بـێ ولسـن، بـلاد مـابین النهـرین بـین ولاءیـن، ترجمـة وتعلیـق فـؤاد جمیـل، مطـابع دار الجمهوریة ، بغداد، ١٩٧١، ج١، ص١٥٨.

(٤) محمد أمین العمري ، تاریخ حرب العراق خلال الحرب العظمی ١٩١٤–١٩١٨، مطبعة النجـاح، بغداد، ١٩٣٥، ج١، ص١٥٤.

(٥) المصدر نفسه،ص ١٥٠–ص١٥٣.

بــەلاَم هێزەکــانی عوسمــانی کــاتی بــەئامادە کــاریوو خۆوقــایمکردنی بەریتانیەکانیان بۆ داگیرکردنی کەرکووك زانی بـەو هێـزە بچووکەیان کـە لـە کەرکووکدا بوو لە ٢٥ نیسانی ١٩١٨ دا راگەیاند هـاتوو کەوتنـە بـەر فشـاری فراوانی بەریتانییەکان پاشەکشی بکەن[١]

هێزەکانی بەریتانیا بەرەو توزخورماتوو بەفەرماندەیی جەنەڕاڵ کیلی kelly پێشــڕەوی کــرد و دوای بەرگرییــەکی تونــدو بــەهێز لەلایــەن لــە شــکری عوسمانییــەوە ڕێکـەوتی ١٩ نیسـانی ١٩١٨[٢] ئـەو شـارەیان داگـیری کـرد و لەهەمان کاتدا هێزێکی تر بەرەو قەرەتەپە جوولاَیەوەو لـە ٢٦نیسـانی ١٩١٨ بێ بەرگری ئەو شارۆچکەیان داگیرکـرد. چـونکە هێـزی عوسمانیـەکان پـێش رۆژێك چۆلی کردبوو و هێزێکی تر بەفەرماندەیی جەنـەڕاڵ برایـر Brair بـەرەو کفری رۆیشت ولە ٢٨ نیسانی هەمان ساڵدا داگیرکرد[٣] هێزەکانی بەریتانیا لە پێشرەویدا بەرەو کەرکووك بەردەوام بوون تاووغو تازە خورماتو بێ بـەرگری لە ٣٠ نیسانو ٦ئەیار بەدوای یەکتریدا داگیری کرد و لەشەشی ئەیاردا بەشێك لە هێزە داگیرکەرەکە چوونە نیو شاری کەرکووکەوە.

وله ٨ ئەیاردا هێزەکانی ئینگلیس دوایی چۆڵ کردنـی لەلایـەن هێزەکـانی عوسمانییــەوە لــە ئــاڵتوون کۆپریـدا کۆبوونـەوە[٤] هێزەکـانی بـەریتانیا لـە ناوچەیەکی زۆری عیراقدا بلاَوبوونەوە بەتایبەت لە دەڤەری کـەرکووك لەبـەر دژواری هاتوچۆ و سـەختی ئامـادەکردنی پێداویسـتیەکانی لەشـکر بەتایبـەت لەبواری هاتوچۆ و ئازوقەدا وشتی تر.

ئەمانە بووە هۆی ئەوەی لە کـەرکووك ڕێکـەوتی ٢٤ ئـەیاری ١٩١٨ پاشـە کشێ بکەن و بەپەلە هێزەکانی عوسمانی کەرکووکیان گرتەوە[٥]

---

(١) احمد، ولاية الموصل، ص٢٧٧.

(٢) العمري ، تاريخ حرب العراق، ص١٦٢.

(٣) العزاوي ، المصدر السابق، ص٣٠٨.

(٤) المصدر نفسه، ص١٧١–ص١٧٥.

(٥) ولسن، المصدر السابق، ص١٦٣؛ العمري ، تاريخ حرب العراق، ص١٧٩–ص١٨١.

لونگرێـك LONGRIGG لـەم بـارەوە دەڵێـت پاشەکشـێی هێزەکـانی توورەیی و نائومیدییەکی زۆری لە نێوان بەریتانیاو خەڵکی ناوچـەکەدا بـەبار هێنا و هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـتەم و زوڵمـەی کـە تورکـەکان سەبارەت بەدانشتوانی دەڤەرکە دەیاننواند، بەبەهانەی ئەوەوە کەلەبەرامبەر ئینگلیزە داگیرکەرەکاندا بەرگرییان نەکردووە[1].

هـەر چـوونیٚ ئـەو پەیوەندییـە بووبێـت رۆڵـەکانی کـەرکووك کینـەو دوژمنییان سەبارەت بەئینگلیزە داگیرکەرەکان لە تورکەکان پترتربوو چونکە سیاسەتی هەمیشەیی ئینگلیزی داگیرکەر لە هەموو شـوێنیکدا لەسـەربنەمای جیاکەرەوەو زاڵ، بەسوود بەدەست بینـە دامـەزراوە بەتایبـەت عیراقییـەکان ئامانجیـان ئـازادبوون و سەربەسـتی بـوو نـەوەك فـەرمانڕەواییکی بێگانـە بەیـەکێکی تـر بگۆڕێتـەوە و لەیـەکی رزگـاری بێـت و بێتـەژێر دەسـتەی دەوڵەتێکی تر.

## دووەمین داگیرکردنی کەرکووك
## ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩١٨

دوای ئـەوەی ئـەو هۆیانـەی کـە هێزەکـانی بـەریتانیایان ناچـار بەپاشەکشـێی کردبـوو لـەئارادا نـەما، داگیرکـەرانی ئینگلیـز زانییـان پێداویستییەکانی سەربازی نێزامییەکان لەوەدایە کەبەرەو کەرکووك و ئاڵتون کۆپری سەر لەنوی پێشرەوی بکەن لە هەوڵیکدا بـۆ بەربەسـتکردنی نـاردنی هێزی لە شکری عوسمانی بـۆ جەبهـەی دجلـە[2] ئـەوەبوو هێزیکـی بـەریتانیا بەفەرماندەیی جەنەڕاڵ لوین Loin بەرەو کەرکووك لـە ١٨ تشـرینی یەکـەمی ١٩١٨ جووڵایەوە توزخورماتوو لە پێشداو بەدوایدا تاووغی داگیرکرد. و لە٢٣

---

(١) ستیفن همسلي لونگریك، العراق الحدیث من سنة ١٩٠٠–١٩٥٠، تـاریخ سیاسـي اقتصـادي واجتماعي، ترجمة وتعلیق سلیم طه التكریتي، مطبعة حسام، بغداد، ١٩٨٨، ج١، ص١٦٢– ص١٦٣.

(٢) العمري، تاریخ حرب العراق، ص٢٦٠.

تشرینی یەکەمدا توانی تازە خورماتووش داگیربکات[١] لە پێشەوەچوونەکەیدا بەرەو کەرکووك بەردەوام بۆ هێزەکانی عوسمانی توانای بەرگرییان لەبەرامبەریاندا نەمابوو لە کەرکووکەوە بەرەو ئالتون کۆپری پاشەکشەییان کرد، ئینگلیزەکان لە ٢٨ تشرینی یەکەمدا کەرکووکیان داگیرکرد[٢]دوایی ئالتون کوپرییان لە ٣١ هەمان مانگدا داگیرکرد[٣]

بەم شێوەیە کەرکووك و دەڤەرەکانی سەر بە کەرکووك چووە ژێر دەسەلاتی هێزەکانی ئینگلیزەکانەوە وئیتر ئەو شوێنەیان جێ نەهێلا ئینگلیزەکان میجرلونگرێکیان LONGRIGG کە یاریدەدەری حوکمرانی سیاسی کابتن بلایرد R.W.BULIRADبوو بە فەرمانڕەوایی ئەو شارە دەستنیشان کرد[٤]

رۆڵەکانی کەرکووك کەوتنە بەرگری دژی داگیرکەرانی بەریتانیاو لەگەڵ رۆڵەکانی ناوچەکانی تردا پەیوەندییان لە رێگەی یەکی لە رۆولەکانیانەوە بەناوی محەمەد ئەمین سدیق الفابلی بەرقەرارکرد ناوبراو حەلقەی پەیوەندی لە نێوان یوسف سویدیو تالیب نەقیبو * رۆڵەکانی کەرکووکدا بوو.

چەندین کەسایەتی لە رۆڵەکانی کەرکووك لە بەرگری داگیرکەرانی ئینگلیزدا خوویان نواند[٥]

---

(١) المصدر نفسه، ص٢٠٦.

(2) Bitlish Repobt. Report of adiministation for 1018 of pivision and districts of the occupied territories in mesopotumia .p430. محفوظة في المكتبة المتحف بالموصل.

(٣)العزاوي، المصدر السابق، ص٣٠٨ ؛ العمري، تاريخ حرب العراق، ص٢٦٨.

(4) Bitlish Repobt. Opcit. P. 130

* سویدی یەکی لەسەرکردەکانی بزاڤی نیشتمانییە لەبەغدادا دژ بەداگیرکەرانی ئینگلیز بوو، بەلام تالیب النقیب لەنەقیبەکانی بەسرەوو لەپیاو ماقولآنو ناودارەکانیەتی بەرزەفریی گەیشتە ئەورادەیەی داخوازی عەرشی عیراقی بکات، بروانە حميد المطبعي موسوعة اعلام العراق في القرن العشرين، مطبعة دار الشؤون الثقافية ،بغداد، ١٩٩٦، ج2،ص٢٥.

(٥) لەمانە مەلا رەزایی واعز، عزەت پاشای ساری کەهیە فەهمی عەرەب ئاغا حاجی حەسەن ئاوچی رەشید عاکف هورمزی خەلیل ئاغا کاکەیی عەبدولسەمەد قیردار مەلاسدیق تەرزی پاشا وکەسانی تر بروانە شاكر صابر الضابط، موجز تاريخ التركمان في العراق، مطبعة المعارف،ج١، ص٤٠–ص٤١.

## ڕۆڵی ڕۆڵەکانی کەرکووك لە شۆڕشی بیستدا

عیراقییەکان ئامانج و هەدەفەکانی سیاسەتی ئینگلیزەکانیان سەبارەت بەداگیرکردنی راستەوخۆی عیراق و رفتارو کرداری ناڕەوایان لەگەلٚ رۆڵـەکانی عیراقـدا دەیاننوانـد دەرك پێکـرد[1] ولەلایـەکی تـرەوە پەیـدابوونی هەسـت و رووحـی میللـی و هەلومـەرجی جیهـانی [2] ونەخشـی بـزاڤی نیشـتمانی لـە گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی خەڵکیـدا بـۆ شـۆڕش ونەخشـی بزاڤـی نیشـتمانی لەکۆکردنەوەو یەکگرتنی خەڵکدا بۆ شورش[3] کۆی ئەم هۆیانە عیراقییەکانی کۆکردەوە بۆ بەرپایی شۆڕشێك دژی ئینگلیزەکان، رۆژ بەرۆژ بارودۆخەکە بۆ بـەرپایی شـۆڕش دژی ئینگلیزەکـان ئامـادەبوو بەتایبـەت کەعیراقییـەکان شۆڕشـیکیان لەتەلعەفـەر سـەر بـەپارێزگایی مووسـل رێکـەوتی ٤ حـوزیرانی ١٩٢٠ بەرپاکرد و شۆڕشگێران توانییان شارەکە ئازاد بکەن بەلاّم داگیرکـەران سەر لە نویٚ داگیریان کردەوە[4] زۆری نـەمابوو بـۆ داگیرسـاندنی شۆڕشـێکی گـــەورە دژ بـــە ئینگلیزەکـــان هـــەر پێویســـتی بەچـــەخماخەیەك بـــوو کەهەڵیگیرسێنیت ئەویش لە " الرميثة " وە سەرهەڵدا لەبەر ئەوەی سەرۆکی عەشـیرەتی " الظـوالم" شـەعلان ئـەبو لجـەون لەلایـەن داگیرکەرانـەوە دەستبەسـەر کرابـوو ئـەوەبو لـە ٣٠ حـوزەیرانی ١٩٢٠ هێرشـیان بـردە سـەر

---

(١) متي عقراوي، العراق الحديث، ترجمة مـتي عقـراوي ومجيـد خـدوري، مطبعـة العهـد، بغـداد، ١٩٣٦، ص٢٧–ص٣٢.

(٢) ئـەویش لەشۆڕشـی گـەورەی عەرەبـدا سـاڵی ١٩١٦ وشۆڕشـی مصـر سـاڵی ١٩١٩ و رێکەوتنامەی سایکس بیکو لە بـەهاری سـاڵی١٩١٨ و ئەوبرنسـیپانەی کەسـەرۆکی ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەری کرد خوی دەنوینیت بروانە البزاز، المصدر السابق، ص٣٥– ص٣٧؛ الحسني، بغداد، ١٩٦١، ص١٣٤–ص١٣٦.

(٣) الحسـني ، تـاريخ العـراق السياسـي، ص١١٩–ص١٢٠؛ عقـراوي، المصـدر السـابق، ص٤٠– ص٤١.

(٤) قحطان احمد عبوش التلعفري، ثورة تلعفر ١٩٢٠ والحركة الوطنية الاخرى في منطقة الجزيـرة، مطبعة الأزهر، بغداد، ١٩٦٩، ص١١٢ وما بعدها.

"سـەرای حکوومـەت" و سـەرۆکەکەیان رزگـار کـرد و ژمارەیـەك ئینگلیزیـان کوشت[١].

پارێزگاری کەرکووك کەیەکیکە لەپارێزگا گرنگەکانی عیراق کاریگەری ئەم رووداوانە لەناوچە جیاوازەکانی عیراقـدا و لەرێگـەی پەیوەنـدی بـە نیشـتمان پەروەرانی سەرتاسەری ولأتەوە تێکردووە[٢] هۆکانی دژایەتی ئینگلیزەگان لە نێوان رۆڵەکانی عیراقدا چڕبووەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر یـەکێك لـەم هۆیانە پترتر لە هۆوکانی تر خۆی دەنواند[٣] وکاریگەری دەکەوتە روو.

نوێنـەرەکانی کۆمەڵـەی" العهـد"ی نهـێنی لەمووسـڵدا* لەگـەڵ رۆڵـەکانی کەرکووکـدا لەپەیوەنـدی دا بـوون[٤] بـەئامانجی شـوراندن و هانـدانیان بـۆ

---

(١) احمد حميدي، المصدر السابق، ص٢٣.

(٢) الضـابط، مـوجز تـاريخ التركمـان، ص١٣٥–ص١٣٦ ؛ احمـد الشـعب الكـردي، ص١١٥– ص١١٦.

(٣) احمد الشعب الكردي، ص١١٦.

* کۆومەلەی العهد لەمووسلدا لەشـاری مووسـل کۆومەلەیـەکی نهـینی بـو سـاڵی ١٩١٤ بـەناوی کۆومەلەی "العلم" دروست بوو رۆوکەشـی ئـەم کۆومەلەیـە ئـەدەبی بـو بـەلأم مەرامەکـەی رامیاری بوو، یەکی لەناودارترین دامەزرێنەرەکانی بنەمالەی " الغلامـي" براکـان عبـدالمنعم غلامی ونزیرو رؤوف هەروەها " مصطفی ال امین. ئاغا ومکي الشربتي وثابت عبدالنوربوون دوای ماوەیەك کۆمەڵە بوە "چلێك لەکۆومەلـەی "العهـد العراقـي" لەمووسـل کـە لـە سـاڵی ١٩١٩ لەدمشق دا لەلایەن ئەفسەرە عیراقییەکانەوە دامەزرا وچـلێ هـەبوو یـەکی لەمووسـل ئەوی تریش لەبەغدا وکۆمەڵەی "العهد" لەکوتایی مانگەکانی ساڵی ١٩١٣دا دامـەرزا لەسـەر دەستی ئەفسەری میللی میسری "عەزیز عەلی میسری" وهەندی لە ئەفسـەرەکانی عـەرەب کەزۆربەیان عیراقی بوون بۆ زانیاری بترتر بروانە ابراهيم خليل احمد، جمعية السرية ودورها في تنامي الوعي العربي في الموصل ١٩١٨، مجلة بين النهرين، العـدد(٢٦)، الموصـل، ١٩٧٩، ص٢١٨–ص٢٢٠ ؛ عبدالجبار حسن الجبوري الاحزاب والجمعيات الساسية في القطـر العراقـي ١٩٠٨–١٩٥٨، دار الحرية للطباعة، بغـداد، ١٩٨٩، ص ١١، ١٣ ،٣٥؛ احـلام حسـين جميـل، الافكار السياسية للاحـزاب العراقيـة في عهـد الانتـداب ١٩٢٢–١٩٣٢، مطبعـة الزمـان، بغـداد، ١٩٨٥، ص١١–ص١٦.

(٤) عبدالمنعم الغلامي، ثورتنـا في شمـال العـراق ١٩١٩–١٩٢٠، مطبعـة شـفيق، بغـداد، ١٩٦٦، ج١،ص١٢٦.

راوەستان لەبەرامبەر بەریتانیای داگیرکەردا، نوێنەرەکانی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ناوچە جیاوازەکانی عیراقدا بەهانەی سەندن وفرۆشتنەوە دەگەڕان خـەڵکیان دەبـینی و بەیاننامـەیان بەسـەر ڕۆڵـەکانی میللـەتی عیراقـدا دابـەش دەکـرد محەمـەد کـوڕی محەمـەد سـاڵح* بـۆ کـەرکوك نـێردرا[1] چـالاکی سیاسـی لەکەرکووکدا تەنها لە کوشش و تەقەلای کۆمەڵەی "العهد" دا خۆی نەدەنواند چـونکە کۆمەڵەیـەکی نهـێنی کەهەنـدی نیشـتمان پـەروەر لـە ڕۆڵـەکانی بـۆ بـەرگری لەداگیکـەرانی ئینگلیـز دایانمەزرانـدبوو، کـەتوڕەبوونی خـەڵکیان سەبارەت داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەست ئاویز کردبوو بـۆ ئامادە کردنیان سەبارەت بە بەرپایی شـۆڕش[2] بـێ سـوودنییە لـەم بـوارەدا

---

* ئەم زاتە لەبنەرەتدا خەڵکی سلێمانییە لەگەڵ باوکیـد بـۆ مووسـل چـووە وجینشـینی ئـەوی بوون باوکی بەمووچەخور لەو شارەدا دەستنیشان کرابوو.

(١) ئەم کۆومەلەیە لەلایـەن هەنـدی لـە ڕۆڵـەکانی کەرکوکـەوە بەتایبـەت لەبنەماڵـەی نەفتچـی دامەزرا ژمارەیەك لە ئەفسەرە بازنشتەکان و مۆوچە خۆرە دەرکراوەکان چـوونە ڕێزییـەوە بەئامانجی بەرپایی شۆڕشێك دژ بە ئینگلیزەکـان نفـوزو دەسـەلاتی ئـەم کۆومەڵـە زیـادبوو چەند نیشتمان پەروەرێکی هەولێر وموسل پشتوانی خۆیان بۆ ئەم کۆومەلەیـە ڕاگەیانـد و ئـەم کۆمەڵەیـە لـە گـەل چـلی "العهـد" ی مووسـلدا پەیوەنـدی هـەبوو ڕێتێدەچـیت ئـەم کۆومەڵەیە لە کۆتایی سـالی ١٩١٥ دامـەزرابێت چـۆنکە ئینگلیزەکـان ژمارەیـەکی زۆری لـە مۆوچە خورەکانی سەردەمی عوسمانی یەکانی بەلاوەناو دەستیانی لـەکار کێشـایەوە بـەم جـورە دەسـتکەوتەکانیان لەدەستچـوو بـۆ زانیـاری زیـاتر بروانـە احمـد، ولایـە الموصـل، ص٤٤٨–ص٤٩٠.

(٢) شیخ مەحموودی حەفیـد(١٨٨٥–١٩٥٦) دانشـمەندیکی فەقیهـە چـەند تالیفـاتێکی هەیـە لەسلیمانییە لەداێك بـووە بـاوکی لەگـەڵ سـولتانی عوسمانیـدا پەیوەنـدی هـەبووە، شـێخ مەحموودی حەفید لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٥–١٩٠٧دا دژی تورکـەکان شۆڕشـێکی بـەرپاکرد ودژبە ئینگلیزەکان لەشەڕی شوعەیبەدا شەڕی کردووە لەوشەڕەدا فەرماندەیی ژمارەیەکی زۆری لەکوردەکان دەکرد، ولەگەڵ لەشـکری ڕوسـدا لەسـەر سـنوورەکانی کەوتـە شـەڕەوە ٨نیسانی ساڵی ١٩١٨ حکوومەتی کوردی لە سلێمانییەدا دامەزراند لەیەك جار زیاتر لەگـەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتە شـەڕەوە سـەرئەنجام بـەدیل گـیراو بـۆ هندسـتان دوورخرایـەوە دوای گەراندنەوەی بۆ عیراق پاش شۆڕش مایسی ١٩٤١ وازی لەسیاسـەت هێنـاو ولـە داری کـەلی یەکی لەگوندەکانی سەر بەپارێزگای سەلەیمانی نییشتەجی بۆ بەسوفیگەرییەوە سـەرگەرم

ئاماژه بۆ جووڵاندنەوەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی الحفید* بکرێت کەدژی ئینگلیزەکانی ساڵی ١٩١٩ راپەری ژمارەیەك لەرۆڵەکانی کەرکووك بەتایبەت عەشیرەتی هەمەوەند[١] بەسەرکردایەتی سەرۆکەکەیان شێخ عەبدولکەریم عەبدولفەتاحی هەماوەندی.

جگە لە گاریگەری شۆڕشەکانی تر بەتایبەت ئەو شۆڕشانەیی کە هاوبەشیان لە شۆڕشەکەیدا کرد لەخانە قین و قزلرەبات و نەوتخانە[٢] وخالس روویدا کەپێش کفری[٣] ڕاپەری بوون.

## ڕاپەرینی کفری*

کفری وەکو شوێنەکانی تری عیراق بەدەست نەهامەتی و گەندەلی و خراپی بەڕێوەچوونی کارگێری ئینگلیزەکانەوە دەیناڵاند.

حوکمرانەکەی سالمون G. H .Salmon سووکایەتی کردنی بەخەڵکەکە کردبووە پیشەی و یاخ و جەزای بێ رەوای دەخستە ئەستۆی دانشتوانە کەیەوە بۆیە خەڵکەکەی لە هەر بیرۆکەیەك ئامانجی ئەزیەت و ئازاری ئینگلیزەکان بوایە، پیشوازییان دەکرد.

کاتێك لاوی نیشتمان پەروەر سلێمان فەتاح بەکفریدا تێدەپەڕی خەڵکی سەبارەت بەرووداوەکانی شۆڕشی دەڤەری فوراتی ناوەراستیانی بۆ

---

بو لە ٩ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ لەبیمارستانی حەیدەری بەغدا کۆچی دوایی کرد. بڕوانە المطبعي، المصدر السابق، ج١، ص١٩٨–ص١٩٩.(٢) الغلامي، المصدر السابق، ص٩٣.

(١) الغلامي، المصدر نفسه، ص٩٣.

(٢)احمد الشعب الكردي، ص١١٧.

(٣) عبدالرزاق، الثورة العراقية الكبرى، ط٢، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٦٥، ص١٨٠.

* کفری سەلاحییەی لەسەردەمی عوسمانییەکانی پێی دەوترا بەلاًم کفری بەم ناوە ناسراوە چونکە درەختی "الكفر" بەزۆری بۆ سوتاندن بەکار دەهێنرێت لەم ناوچەدا زۆرە، سەبارەت بەپێگەکەی وریشەی ناوەکەی بڕوانە جمال بابان، اصول أسماو المدن والمواقع العراقيه، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٦، ج١، ص٢٩٥–ص٢٩٦.

ڕوونکـردەوە و ئـەو زیانانـەی کـە بـەر ئینگلیزەکـان کـەوتبوو بـەهۆی ئـەو شۆڕشەوە[1] تیشکی دەخستەسەر.

لەو کەسایەتییانەی کە ڕووداوەکانی شۆڕش کاریگەرییانی تێکردبوو بـە هوی باسەکانی سلێمان فەتاحەوە ئیبراهیم خان بۆ.

ئیـبراهیم خـان یـەکی لەسـەرۆکەکانی هـۆزی " دەلویـە " هێزیکـی لەکەسـانی عەشـیرەتەکەیی و لەعەشـیرەتی جـاف کـۆکردەوە وبەشـاخی باوەشاسواردا* سەرکەوت ولەوێوە دەستیان کردە دەسـتدێژو تەقـە بەسـەر سەراو تەلارە حکومەتیـەکانی کفریـدا و ژمارەیـەك لـە ڕۆڵـەکانی گونـدەکانی دەوروبەری کفری هاتنە ڕیـزی شۆڕشـگێڕانەوە وچـەند شـالاویکیان بـۆ سـەر هێزەکـانی ئینگلیـز[2] ئـەنجام دا هـەوڵ و تەقـەلای سـالمون بـۆ ڕازی کردنـی ئیـبراهیم خـان کەدەسـت لەشـۆڕش هـەڵگرێت بەفیڕۆچـوو و ئـەنجامێکی لـێ نەکەوتەوە.

کاتی سالمون بۆ دانوستان کردن بەشاخەکەدا هەڵکشـابوو[3] شۆڕشـگیڕان دەست گیریان کرد ولە ڕۆژی ئابی ١٩٢٠دا بەدەسـتی یـەکی لەسـەرکردەکانی شۆڕشەکە کوژرا دوایی کوژرانی عبدوالرحمان کاریزە یەکی لە سـەرکردەکانی شۆڕشەکە بۆکوژرا[4]

هــەواڵی ڕووداوەکـانی کفـری گەیشـتە لونگرێـك حـوکمرانی ئینگلیزەکـان لەکـەرکووك هێزێکـی بەیارمـەتی دانیشـتوانی خۆجەییـەکان ئامـادە کـرد و بــەرەوکنکریان** کەوتــەری تــەرازوی نیزامــی و ســەربازی لــە بەرژوەنـدی

---

(١) انور علي الحبوبي، دور المثقفين في ثـورة العشـرين، رسـالة ماجسـتير، جامعـة بغـداد، كليـة الاداب، ١٩٨٩، ص١٢٠.

* لوتکەی شاخێکە دەنواریتە کفری وناوەکەی لەناوی پیاوێکی ئایین دارەوە کەلەویدا بـەخاك سپێردراوە وەرگیراوە. بڕوانە بابان، مصدر السابق، ص٣٥–ص٣٦.

(٢) احمد الشعب الكردي، ص١٢٥.

(٣) الحسني، الثورة العراقية، ص١٨١.

(٤) احمد الشعب الكردي، ص١٢٨.

** کنکریان پێگەیەکی سەربازییە نزیك بەکفری کە هێزەکانی بەریتانیا لە وێوە شالاویان هێنـا بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی کفری.

هێزەکـانی بــەریتانیا لەبەرامبــەر هێــزە ســاکارەکەی راپەریوەکانــدا خــۆی نواند[1].

ئـەو بـۆ شۆڕشـگێران نـەیان تـوانی لەبەرامبـەر هێزەکـانی بـەریتانیادا خۆڕاگرن هەروەك سەنگەری تۆکمە و مووحکەمیان دروست کردبوو هێزەکانی بـەریتانیا لـە ٣٠ ئـابی ١٩٢٠ دا سـەر لـە نـوی چـۆونە نێـو کفرییـەوە جـەزاو باجێکی سەنگین و گەروەیان خستە ئەستووی خەڵکەکەی کەشانیان بەرگەی نەدەگرت و ژمارەیەکی زۆر پارچە چەکیشیان لێیان داخوازیی کرد[2]

## دەنگدانەوەی شۆڕش لە کەرکووکدا

بزاڤی نیشتمانی لە کەرکووکدا چالاکییەکی نایابی نواند بـەهۆی هـەوڵ و کۆششی رۆڵەکانیەوە لە بەرهەڵستکاری داگیرکەراندا.

لـە ئاسـتی رامیاریـدا لـە رێگـەی کۆمـەڵێکی نهێنیـەوە کـە مسـتەفا یەعقوبی نوێنەرایەتی دەکرد چالاکی دەنواند، بەڵام لایەنی ئاینییەکـەی مـەلا رەزای واعز[3] سەرۆکایەتی دەکرد رۆڵەکانی کـەرکووك، پەیوەنـدییان لەگـەڵ شۆڕشگێڕانی کفریدا هەبوو، چونکە بڕیار وابوو، ڕاپەرینێك لـە کەرکووکیشـدا بــەرپا ببیــت لــە وەڵامــی ڕاپەرینەکــەی کفریــدا، ئــەوەبوو شــێخ قــادری سیامەنسووری تاڵەبانی* هەموو تەدبیرێکی پێویستی بـۆ بـڕینی هاتوچـۆ لـە نێوان کفری و کەرکووکدا[4] فراهەم کردبوو بەڵام دەسەلاتدارانی بـەریتانیا بـە کۆمەڵـە نهێنییەکـەیانی زانـی، پـێش ئـەوەی کـارێکی ئـەوتوو ئـەنجام بـدەن

---

(١) الحسني، الثورة العراقية، ص١٨١.

(٢) احمد الشعب الكردي، ص١٢٧.

(٣) الحسني، الثورة العراقية، ص١٨٢.

* بەسیامەنسور بەناوبانگە نسبەت گوندی سیاه مەنسور، شێخ قادر لـە کۆومەڵـە نهینییەکـەدا وەك باوەر پێکراوە هەروا نوێنەوری سەرۆك عەشـیرەتە کوردەکـان کەئەنـدامی کۆومەلەکـە بوون دەناسرا. دێدارێکی تایبەتی لەگەڵ کوڕەکەی شێخ عەبدولقادر سیا مەنسور تالـەبانی لە کەرکوکدا رێکەوتی ٣ نیسانی ٢٠٠٠.

(٤) الحسني ، الثورة العرا قية، ص١٢٩–ص١٣٠.

هێرشیان کردەسەر گوندی سیامە نسوور و دوای شەڕێکی خوێناوی کە فڕۆکەشی تێدا بەشداری کرد، هێزە داگیرکەرەکە توانییان بڕۆنە گوندەکەوە کە دووچار کاولی و لەبەین چوون بوو. شێخ قادری تاڵەبانی هەلهاتوو کاربەدەستانی ئینگلیز هەندی لە ئەندامانی کۆمەڵە نهێنییەکەیان دەستگیر کرد و هەندێکی تریان هەڵهاتن[1] و نەگەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەیان تا ئایاری ١٩٢١* ئەو کاتانەی لێبوردنیك لەو مێژووەدا لەلەلایەن ئینگلیزەکانەوە ڕاگەیاندرا[2] [3] ڕۆڵەکانی کەرکوك لە ناوچەکانی تردا دەست بەستراو نەمانەوە بەڵکو وەکو ڕۆڵەکانی تری عیراق لەبەرامبەر داگیرکەراندا ڕووبەڕوو بۆنەوە، ئەوە بوو چەند گوندێکی " لیلان" نزیك بەکەرکووك دژ بە داگیرکەران ڕاپەرین و لەگەڵ هێزی داگیرکەردا لە یەکیاندا ، بەلام ئینگلیزەکان توانیان بەهێزو بەچەك سەرکووتیان بکەن هەروەها بەشێك لە عەشیرەتی داودەو و زەنگەنە. لەتاووغدا شالآویان بەسەرکردایەتی رفەعت بەگی داوودە بردە سەر هێزە داگیرکەرەکان بەلأم داگیرکەران لەکەمین دابوون بۆیان و شەڕەکەیش کردەوەی سووتاندن و وێرانکردن و راونانی لەلایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە بەدواداهات و ئەم شەڕە ئاسەواری نالەباری تادوزخورماتوو شۆڕ بۆوە [4]. پارێزگای کەرکووك لەژێر باری سەنگینی داگیرکەرانی بریتانیادا دەی نالاند، ڕۆڵەکانی کەرکووك ڕێزەکانیان یەکخستوو

---

(١) احمد، ولاية الموصل، ص٥٦٠–ص٥٦١.

* مندوبی سامی ئینگالیز سیر برسی کوکس لە٣٠ ئایاری ١٩٢١ فەرمانیکی لێبوردنی بۆ سیاسەت وانە عیراقییەکان ئەوانەی لە شۆڕشی بیستدا بەشدارییان کرد بۆ دەرکرد چونکە بریتانییەکان لەو سەردەمەدا بەگونجاوییان دەزانی پالوتنی فەیسەل بۆ عەرشی عیراق هامساتی لێبوردنێکی گشتی بێت بۆ سیاسەت مەدارەکانی کەناویانی بە دوورخراوەکان و توندو تیژەکان دەهێنا. بروانە جريدة الموصل ، العدد ٣٧٩ فی ٣٠ ايار ١٩٢١ ؛ التلعفري، سەرچاوە پێشوو، ل٤٠١.

(٣) الحسني ، الثورة العرا قية، ص١٢٩–ص١٣٠.

(٤) احمد الشعب الكردي، ص١٢٩–ص١٣٠..

بەمەبەستی هاتنە دی ئامانجەکانی، ولآت لە پێناوی ئـازادی و سـەربەخۆییدا شۆڕشەکە قەولی توکمەیی ئاگایی نیشتمانی رۆڵەکانی نیشتمانی نیشان دەدا رەنگدانەوەی لەو نامـەو پەیوەندیانـەدا کـە لـە نێـوان رۆڵـەکانی کـەرکووك و دەڤەرەکانی تری ولآتدا بەرقەرار بۆ خۆی دەنواند لەگەڵ ئەویشدا هێزەکـانی بەریتانیا توانییان بارودۆخ و دەسەلآتی عیراق بگرنـە دەسـتوو کـونترووڵی لـە رێگای سیاسەتی سەرکوتکردن و هێز بەکارهێنان دژ بەمیللەتی عیراق بکەن.

هەروا بەهۆی سیاسەتی" جیاکەرەوەو زاڵ بە، یاوەك سوود بەدەسـت بێنـە" فـرق تسـد"یان لـە رێگـەی تـۆوی دوو دەسـتەیی وتـایفی و میللـی و رەگـەزی لـە نێـوان یـەك میللەتـدا بنیـژن[1] بـەلآم عیراقییـەکان بـەرەنگاری داگیرکەرانی بریتانیا بوونەوە ناچاریان کردن سیاسەتیان لە ولآتەکەدا بگۆڕن و ئـەوەبوو بانگـەوازی دامەزانـدنی دەوڵـەتی عیراقیـان لـە ٢٣ ئـابی ١٩٢١ راگەیاند.

---

[1] وادیـارە بـەرێز نووسـەرە ئـەم تیـزە لـەو بروایەدایـە عـیراق یـەك میللەتـە هەمیشـە لەگەڵدا واقعییەتی مێژوو دا ناگونجێت چونکە عیراق لـەدوو میللـەتی سـەرەکی کەعـەرەبوو کـوردە وەچەند پێکهاتەیێکی قەومی تر پێکهاتووە.

## جیٚ باسی دووەم

## دەنگدانەوەی حکومەتی نیشتمانی لە کەرکووکدا

### ١- ڕاپرسی گشتیی ساڵی ١٩١٨:

دوای ئـەوەی بریتانیـای داگیرکـەر دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر عیراقـدا سەپاند وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ویستی بزانـی میللـەتی عـیراق چ جـۆرە حوکمڕانییەکی دەویٚ..؟ و خواستی لەچ شێوە حوکمێك دایە[(١)]

وەزارەتی دەرەوە بروسکەیەکی بـۆ وەکیلـی حـوکمرانی گشـتی پادشـایی بریتانیـا ولسـن wilson* لـە٣٠ تشـرینی دووەمـی ١٩١٨ دا رەوانـە کـرد لـەو برۆسکەدا هاتبوو کە غەرەز لە بلاۆکراوەکـەی فەرەنسـە و بریتانیـا لەوەدایـە کەدوو دڵی و گومان لای میللەتی عەرەبی عیراق و وڵاتی شام نەهێڵیت و ئـەو دوو حکوومەتـە یارمـەتی لـە دروسـت کردنـی حوکمرانییـەکی نیشـتمانی لەهەردوو وڵاتەکەدا بدات[(٢)]

هـەر لـە بروسـکەکەدا هـاتبوو کەپێویسـتە کـار بەدەسـتانی بریتانیـای داگیرکەر راوو بۆچوونی خەڵکی عیراق لە راپرسییەکی گشتیدا سەبارەت بـەم خالآنەی خوارەوە وەربگرن

١- دامەزاندنی حکوومەتیکی عەرەبی سەربەخۆ لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی بریتانیادا.

---

(١) العمري، تاريخ المقدرات العراق السياسية، ج٣، ص٢٢.

* ئەفسەریکی سیاسی بریتانیا کەلەگەڵ هیزی ئاسمـانی بریتانیـای داگیرکـەری عیراقـدا سـاڵی ١٩١٤ هاتبوو بووە حوکمرانی پاشایی گشـتی بەوەکالـەت دوایـی گەرانـەوەی سـیر برسـی کوکس Percy Cox بۆ بریتانیا، کوکس بەرپرسی سیاسی هێرشەکەی بریتانیـا بـوو ولـە١١ ئـازاردا هاتـە نێـو بەغـدا دوایـی لـە سـاڵی ١٩١٨ رۆیشـت بـۆ تـاران ولـەویٚ بـوە بـاڵوێز لەسەردەمی شۆڕش ١٩٢٠ گەڕایـەوە عێـراق کاتـێ ولسـن شکسـتی هێنـا لـە کوژاندنـەوەی شۆڕشەکەدا. براون کوکس . المصدر السابق، ص٢١-ص٤٣.

(٢) عبدالرزاق الحسني، العراق في دوري الاحتلال والانتداب، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٣٥، ج١، ص٦١-ص٦٢ ؛ ايرلاند، المصدر السابق، ص١١١- ص١١٢.

٢- سەرکردەی حکوومەتەکە لەلایەن میریکی عەرەبەوە بێت.
٣- ئەو کەسەی کەحەزیان پێیتی سەرکردایەتی حکوومەتەکە بکات[١].

ئەدهەمی لەوبارە دەڵێت بیرۆکەی حکوومەتی نیشتمانی دانانی میریکی عەرەبی لەو سەردەمەدا[٢] لە بیردا جێگیر بوو بەڵام ولسن دەیویست پێچەوانەکەی لە حکوومەتەکەی بسەلمێنیت.

بۆ ئەم مەبەستە کەوتە تەقەلا و کۆششەوە و هەموو ڕێگایەکی لەم بوارەدا کەبی سەلمێنیت خواستوو ویست و حەزی میللەتی عیراق لەبەردەوامی کارگێری ڕاستەوخۆی بریتانیادایە بەڵام لە حقیقەت دا ئەم ئیشە بەپێچەوانەی خواست و ویستی عیراقییەکان بوو کەدەیان ویست کە لە داگیرکەرانی بریتانیا رزگاریان بێت.

ئەوەبوو حوکمرانە سیاسیەکانی بانگهیشت کرد وداخوازی لیکردن کەمەزبەتە و سکاڵا کە پاڵپشتی سیاسەتەکەی بێت بەدەست بینن لە ڕێگای بەنهینی بینینی سەرۆك هۆزەکان و کەسایەتییە ناودارەکانەوە[٣] دەنگدانی گشتی " ئیستیفتا" بەپیێ ویستی ولسن لە زۆربەی ناوچەکانی عیراقدا ئەنجام درا.

کەدەڤەری کەرکووکیش لە نێوانیادا بوو. بەپێی پلانیك کە ولسن داپڕیشتبوو لە ڕێگەی کۆششی حووکمڕانە رامیارییەکانەوە کە لە زۆرو سەرکوت کردندا چڕدەبووە[٤]

---

(١) عبدالله الفياض، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٣، ص١٦٧؛ د.علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، القسم الاول، مطبعة الشعب ، بغداد، ١٩٧٢، ج١، ص٦٧ ؛ كوكس، المصدر السابق، ص٣٦.

(٢) الادهمي، المجلس التأسيسي ، ج١، ص٤١.

(٣) الفياض، المصدر السابق، ص١٦٧.

(٤) العمري، تاريخ مقدرات العراق، ص٢٤ ؛ الوردي، المصدر السابق، ص٨٦.

**ڕاپرسی گشتیی لە کەرکووکدا:**

دەسەلاتدارانی داگیرکەری بەریتانیا توانییان کە دوو مەزبەتە لە پارێزگای کەرکووکدا بەپێی ویستی ولسن بەدەست بهێنن.

یەکەمینیان ١٧ واژووی سەرۆك هۆزە عەرەب و کوردەکان و پیاو ماقولانی دەڤەری کفری تێدابوو کەسەرۆکایەتی میریکی عەرەبی یان لاباشتر بوو بەلام دەستنیشانکردنی دوابخرێت و یەکێتی عیراقیان لەژێر چاودێری و پالپشتی بەریتانیا دا داخوازی کردبوو[1]، بەلام مەزبەتەی دووەم ئەویش ١٧ واژووی لە پیاو ماقولان و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکانی کەرکووکی لە خۆگرتبوو ئەوانیش جەختیان لەسەر یەکێتی عیراق لەژێر سێبەری یارمەتی و کۆمەکی بەریتانیادا کردبوو[2] ئەم سیاسەتەی "ولسن" ە لەدەنگدانی گشتیدا توورە بوون و ناڕەزاییەکی توندی لە نیو میللەتی عیراقدا بەگشتی دروست کرد و ئەم سیاسەتە بووە هۆی بەرز بوونەوەی هزرو هەستی شۆڕشگێڕی لە نێو عیراقدا، ودەتوانین ئەم دەنگدانەی گشتییە "ئیستیفتایە" بە هۆیەکی تر بژمێردرێت و بخرێتە سەر هۆیەکانی شۆڕش لە حوزەیرانی سالی ١٩٢٠دا[3].

ئەم دەنگدانی گشتییە "ئیستیفتایە" تەعبیری لە خواست و ویستی میللەتی عیراق لە دەڤەرە جیاوازەکانیدا نەدەکرد چونکە ژمارەیەك لە کەسانی دەستنیشان کرابوو کە زۆربەیان سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاو ماقولان و دەسترۆیشتوان بوون کە بەرژەوەندییان لەگەل بەرژەوەندی ئینگلیزەکاندا یەکی دەگرتەوە ئەم دەنگدانەیان دەبردە ڕێوە.

بۆ نموونە لە دەڤەری کەرکووکدا دەنگدانە گشتییەکە سەرجەم دەڤەرەکانی پارێزگاکەی نەگرتەوە هەردوو مەزبەتەکە هەلگری ٣٤ واژوو بۆ

---

(١) ومیض جمال عمر نظمي، الجذور السیاسیة والفکریة والاجتماعیة للحرکة القومیة العربیة والاستقلالیة في العراق" منشورات مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ١٩٨٤، ص٣٠٣.

(٢) احمد ، ولایة الموصل، ص٤٣٦.

(٣) نظمي، المصدر السابق، ص٣٠٦.

وئەمیشە ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگدانی گشتییەکە زۆربەی نەگرتبووەوە وئەمیشە جەخت لەسەر پوچی و نارەوایی ئەو دەنگدانە دەکات بەتایبەت کە پارێزگاکە دەیان عەشایری تێدایە کە ڕۆڵەکانی شارەکان و بنەماڵە بەناوبانگەکانیان دەگرتەوە.

## ٢- حکومەتی کاتیی عێراقی

کارگێری بەریتانیای داگیرکەر بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخی عێراق و کوژاندنەوەی شۆڕشەکە کە زیانێکی فراوانی مادیوو مروڤی لێکەوتبوەوە دەکووشاو تەقەلای دەکرد.

بۆ ئەم مەبەستە سیر برسی کوکس لە ٥ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ دا بۆ عێراق رەوانە کرد نوێنەرانی کۆمیتەی هەڵبژاردنی پێشوازییان لێکرد وبەگەیشتنی بانگەوازی بۆ سیاسسەتی بەریتانیا داگیرکەر سەبارەت بەعێراق خستە روو و رایگەیاند کە بەریتانیا دەیەوی حکوومەتێکی عێراقی کاتی بەپێی راوێژی بەریتانیا کاربکات دامەزرێنیت.[١] بەڵام حکوومەتی هەمیشەیی بەردەوام بەپی خواست و ویستی کۆنگرەی گشتی عێراقییەکان دادەمەزرێت[٢] کوکس توانی بەسەر هەموو سەختی و دژواریەکاندا کە دامەزراندنی حکوومەتی کاتی عێراق بۆ زاڵ بێت.

حکوومەتی بەریتانیا بارودۆخی عێراق خوێندەوە کاتی ئەنجوومەنی بەرزی سویندخورەکانی لە کۆنگرەی "سان ریمو" لە ئیتالیادا رێکەوتی ٢٥ نیسانی ١٩٢٠ بڕیاریدا کە عێراق بخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە[٣] کوکس توانی بەسەر هەموو سەختی و کوسپ و تەگەرەکاندا کەلە رێگای دامەزراندنی حکوومەتی عێراقی کاتیدا هاتبووەکایەوە سەرکەوێت و گەیشتە رێککەوتنێك لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە کە لە حکوومەت دا بەشدارییان دەکرد

(١) الفياض، المصدر السابق، ص٣٢٠-ص٣٢١؛ كوكس، المصدر السابق، ص٤٢-ص٤٣.
(٢) الادهمي، المجلس التأسيسي، ج١، ص١٥٢-ص١٥٣.
(٣) الحسني، تاريخ العراق السياسي، ج١، ص١٥٢-ص١٥٣.

دوای ئەوەی عەبدولرحمان گیلانی نەقیبی بەغدای رازی کرد کەحکوومەت پێك بهێنیت[1]

یەکەمین حکوومەتی عێراق لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ بەسەرکردایەتی گیلانی دامەزرا لەو حکوومەتەدا ژمارەیەك لە کەسایەتییە ناودارەکانی عێراق بەشدارییان کرد، لە نێوانیاند یەکی لە رۆڵەکانی کەرکوك ئەویش عزەت پاشای کەرکووکی * دەبینرا ناوبراو بەوەزیری مەعارف وتەندروستی گشتی[2] دەستنیشان کرا، دوای وەزارەتی کارو هاتوچۆی پێی سپێردرا چونکە لە وەزارەتە پێشووەکەیدا تووشی دژواری و ئاستەنگ زۆر بۆ ناهەمواری زۆری هاتبوەری[3].

---

(١) زكي صالح، مقدمة في دراسة العراق المعاصر، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٣، ص٥٣–ص٥٤؛ الحسني، المصدر نفسه، ص٤٤–ص٤٥.

* عێراقییەکی خەڵکی کەرکوکە دانشکدەی جەنگی لە ئەستانە تەواو کردووە ولەپلەی سەربازییو نیزامییەکاندا لەلەشکری عوسمانیدا پلە بەپلە چوەتە سەرەوە دوای کوتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لەبەغدا سەقامگیر بوە، ولە حکوومەتی عێراقی کاتیدا بەپلەی وەزیر دەستنیشان کراوە، دوایی بە وەزیری لەیەکەمین وەزارەتی نیشتمانیدا دانرا بروانە الحسني، العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ج٢، ص٦٠.

(٢) حکوومەتی عێراقی کاتی بریتی بوو لەم کەسایەتییانە عەبدولرحمان نەقیب سەرۆك وەزیر تالب نەقیب وەزیری ناوخۆو ساسون حقیل وەزیری دارایی مستەفا ئالوسی وەزیری داد جەعفەری عەسکەری وەزیری بەرگری عزەت پاشای کەرکوکی وەزیری کاروهاتوچۆو مەهدی طةباطةبایی وەزیری تەندرەستی و مەعارف محەمەد عەلی فازل وەزیری ئەوقاف.بروانە الحسني، تاريخ الوزارات، ج١، ص١٩.

(٣) احمد ، تطور التعليم، ص١٢٠.

## ٣- هەڵوێستی ڕۆڵەکانی کەرکووک لە پاشایەتی و تاج لەسەرنانی فەیسەڵدا

بەریتانیا ویستی میللەتی عیراقی سەبارەت بەسەربەخۆیی لەژێر حوکمڕانی میرێکی عەرەبیدا دەزانی وئەمەش لە کۆنگرەی عیراقییەکاندا لە دیمەشق ئاشکرابووبوو، وەك چاو لێکردنێك لە کونگرەی سورییەکان لە ٨ ئازاری ١٩٢٠ دا داخوازی سەربەخۆیی عیراقیان لەژێر حوکمڕانی عەبدوللای کوڕی حوسێندا کرد[١] لە کاتێکدا بەریتانیا دامەزراندی حکوومەتێکی نیشتمانی بەسەرکردایەتی کەسایەتییەك دەویست کەپەرژەوەندییەکانیان لەرێگەی عەهدنامەیەکەوە کەبڕیارەکانی ئینتیدابی تێدا بگونجێنێت جێبەجێبکات ئەوەبوو لە ١٢ ئازاری ساڵی ١٩٢١دا کۆنگرەیەکیان لە قاهیرە بەست دۆزی عیراق لەپاڵ چەند دۆزێکی تردا تاوتوێ کرا لەو کونگرەدا بیرۆکەی پاڵاوتنی فەیسەل بۆ پاشایی عیراق خرایە روو وهاتە ئەنجام وادیارە[٢] لەسەرەتادا میللەتی عیراق ئامادەی قبوڵی پاشایەتی فەیسەل نەبوو و ئەمیشە بەروونی لەوەدا دەرکەوت کەفەیسەل لە زۆربەی شارەکانی عیراقدا پێشوازی گەرمی لێی نەکرا[٣] بەڵام سیاسەتی داگیرکەرانەی بەریتانیا

---

(1) Mohammed modhafer ALADHAMMI, political aspects of the Iraq purliament and election processes 1920-1932 ph.D. university OF Landon school for orental and Africans studies 1978. p.59.

(٢) لە کونگرەکەدا ژمارەیەك زۆر لەسیاسەتوانەکانی بەریتانیا لە وولاتە ژێردەستە موستەعمەرە جیاوازەکانی بەریتانیاوە ئامادەبوون لولایەن عیراقەوە جەعفەری عەسکەری وەزیری بەرگری وساسون حقیل وەزیری دارایی ولەئینگلیزەکان برسی کوکس فەرماندە گشتی هێزەکانی بەریتانیا لەعیراق ومس بیل Bell سکرتێری حوکمرانی مەدەنی گشتی وسلایتر وانکنسن Slater وکەسانی تر. بۆ زیاتر زانیاری بروانە ایرلاند، سەرچاوەی پیشوو، ص٢٤٥-ص٢٤٨ ؛ الحسني، العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ج١، ص٢٠٠-ص٢٠٣ ؛ کوکس، المصدر السابق، ص٤٩-ص٥١؛ صالح، المصدر السابق، ص٦٠-ص٦١.

(٣) عبدالغنی الملاح، تاريخ الحركة الديمقراطية في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ص٢٣؛ جرالد دي غوري، ثلاثة ملوك في بغداد، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٧.

له خواست و ویستی میللەتی عیراق بەهێزتربوو فەیسەل لە رێگەی هاتنی بەغدادا سەری لە چەند شاریکی عیراقدا بۆبەدەست هێنانی موتمانەو لایەنگیرییان وله ٢٦ حوزەیرانی ١٩٢١ گەیشتە بەغدا حاکمی مەدەنی گشتی بەریتانیا فەرمانی بە ئەنجوومەنی وەزیران دا لە ٢٢تەمموزدا بانگەوازی پاشایی فەیسەلیان لە عیراقدا ڕاگەیاندرا.

حاکمی مەدەنی گشتی فەرمانی بە ئەنجوومەنی وەزیران دا کەپێداویستسسەکانی راپرسی گشتی فراهەم بکات. بۆ ئەوەی رای گشتی وابزانیت کەتاج لەسەرنانی فەیسەل لەسەر بنەمای داخوازی و ویست و خواستی میللەتی عیراق بووە [1].

لەکاتیکدا بەریتانیا لە پێشەوە لەسەر ئەو مەرجانەی کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزیت رێکەوتب و لەپاڵی ئەوەشدا شیوەی حوکمرانی دەستنیشان کرابوو کەئەویش دەوڵەتێکی پاشایی بەستراو بەدەستوورو ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە[2] سەر ئەنجامی دەنگدانەکە لە پارێزگای کەرکووکدا تارادەیە هاوکیش بوو لە نێوان لایەنگران و نەیارانی پالآوتنی فەیسەل بۆ پاشایی عیراق لە ویدا ٤١ مەزبەتە بەدی دەکرا کە ٢١ یان دژی پالآوتنی بوون بەلآم ٢٠ یان لایەنگری پالآوتنی بوون بەلآم لە دەرەنجامی راپرسی گشتی لەبەرژەوەندی پالآوتنی فەیسەل بۆ پاشایی عیراق بەرێژەی ٩٦٪ –٩٧٪ دابوو[3] راپرسی گشتی لە عیراقدا سەبارەت بەپالآوتنی فەیسەل بۆ پاشایی لە دەستکردەکانی ئینگلیزە ئیمپریالیستەکان بوو کە دەیانویست کارەکایان لە قەوارەیەکی دیموکراسیدا بنوینن، چونکە پالآوتنی فەیسەل بۆ پاشایی عیراق لە کونگرەی قاهیرەدا بریاری لەسەردرابوو و کارەکەی تەواو بووبوو.

---

(١) الادهمي، المجلس التأسيسي، ج١، ص٢٤.

(٢)الملاح، المصدر السابق، ص٢٤.

(٣) خيري امين، حكايات سياسية من تاريخ العراق الحديث، مطبعة دار القادسية، بغداد،د.ت، ج١،ص٦ ؛ ايرلاند، المصدر السابق، ص٦٨.

ئینگلیزەکـان بـەم کارەیـان مەبەسـتیان لـەوەدابوو فەیسـەل بکەوێتـە ژێرمنەتیانــەوە وهێــزو دەسەڵاتیشــیان لــە عیراقــدا نیشــان بــدەن  و ئــەم راسـتییەیش لـە زۆربـەی مەزبەتەکانـدا و دەردەکـەوت و لێـرەدا بـۆ ئـەوەی دڵنیابین کە دەنگدانەکە بەراستی ئـەنجام نـەدراوەە پوچـە بەتایبـەت ئەگـەر بزانین لەسـەرەتادا پێشـوازی عیراقییـەکان لەفەیسـەل هاوسـەنگی ئـەنجامی دەنگدانەکـە نـەبوو لـەپاڵ ئەوەشـدا دەنگـدان تـەنها سـەرۆك عەشـایرو پیـاو ماقۆوڵان و دەست رۆیشتووەکانی دەگرتەوە[1]

(١) ئەنجامی دەنگدانە لە پەرژەوەندی فەیسەل هاتـە ئـەنجام رەنگدانـەوەی لەهەسـتی گشـتی عیراق نەدەکرد چونکە مەزبەتەکانی دەنگدان مەرج دار بوو. دوبەشەوە بەشێکی لایەنگیری پاڵاوتنی بوون بەشیکیان لارییان لەو پاڵاوتنی بوو وەکو روونکرایـەوە وپـارێزگاری مووسـل رەزامەندییان نیشـان نـەدا ودتخـوازی مسـوگەر کـرد لـە راسـتی کەمایەتییـەکانیان دەکـرد بەسرەیشی داخوازی ئـەوەیان کـرد کـە پارێزگاکـە ئەنجومـەنیکی یاسـا دانـانی تایبـەتی هەبێت و بەشداری نەکردنی شاری سلێمانی لە دەنگدانەکـەدا بەڵگەیـەکی روون بـۆ ئـەوەی ئاماژەیان پێکـرد . بـۆ زانیـاری بترتـر سـەبارەت بـە ئـەنجامی دەنگدانکـە بروانـة العمـري، حکایات سیاسیة، ص٨٨ ؛ کوکس، المصدر السابق، ص٥٢.

## جیٚ باسی سێیەم

## ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عیراق

## " المجلس التأسيسي العراقي" و بەشداری ڕۆڵەکانی کەرکووك تیایدا

بیرۆکەی ژیانی پەرلەمانی لە ئاوات و ئامانجی میللەتی عیراقەوە دوورنەبوو. لە سەردەم دەسەلاٚتی عوسمانییەکاندا تامەکەیان چەشتبوو، ئەم بیرۆکەیە لەبیریان دا مابووەوە ولە گرنگترین داخوازییەکانی میللەتی عیراق پاش داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەژمێردرا[1] عیراقییەکان کەوتنە خەباتەوە بۆ پیادە کردنی ئامانجەکەیان لە نوێنەرایەتی عیراق لە کۆنگرەیەکی عیراقیدا کە نوێنەرایەتی سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی عیراق بکات ئەویش لە ڕێگەی بژاڤی نوێنەرەکان و ئەندامە پێشووەکانی پەرلەمان[2] بەریتانیاش لەلایەك دەکووشا بۆ پێکهاتنی کۆنگرەیەکی عیراقی هەڵبژێراو ولەم بارەوە دەسەلاٚتدارانی بەریتانیا لە عیراقدا بەیاننامەیەکیان بلاٚوکردەوە ودەستیان کردە فراهەم کردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردن[3] لەهەمان کاتدا سەرگەرمی ئامادەکردنی لایحەیەك بوون سەبارەت بەگرێدانی عەهدنامەیەك لە گەڵ عیراقدا کە جێگای ئینتیداب بگرێتەوە[4] کە لەگەڵ دەقی ئینتیدابدا جیاوازییەکی ئەوتوی نەبوو[5].

**١- ڕۆڵی ڕۆڵەکانی کەرکووك لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەردا (المجلس التأسيسي):**

ڕۆڵەکانی کەرکووك نەخشێکی کاریگەرییان لە دروستبوونی ئەنجوومەنی دامەزرێنەردا هەبووە، لەڕێگەی کۆمیتەی هەڵبژاردنی عێراقەوە

---

(١) الادهمي، الحركة البرلمانية، ص٢٦.

(٢) الادهمي، المجلس التأسيسي، ج٢، ص١٠-ص١٢.

(٣) فيضي، المصدر السابق.

(٤) عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، الطبعة السادسة بالاوفيسنت، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٨٣، ص١٠-ص١١.

(٥) سەبارەت بەبەندەکانی عەهدنامەکە بروانە هەمان سەرچاوە، ص٣٥-ص٤٣.

کـە نوێنــەرەکانی عێراقــی شــێوەی ئەنجوومــەنی نێردراوانــی عوسمانیــدا دەگرتەبــەر، لــەم کۆمیتــەدا نوێنــەری پێشــوویی کــەرکووك نــازم نەفتچــی نوێنەرایەتی کەرکووکی دەکرد[1].

لـە دانیشـتنی دووەمـی کۆمیتـەی هەڵبژاردنـدا بڕیـاردرا ژمارەیـەك لـە کەسایەتییە ناودارەکـان لـە پارێزگاکـانی عێراقـدا هەڵبـژێردرێت کـە جێگـەی نوێنـەرە ئامادەنـەبووەکان و مردووەکـان بگرێتـەوە، و لـە کـەرکووك عـزەت پاشای کەرکووکی و حەسەن ئەفەندی زادەی خەیروالله[2] هەڵبژێردران.

## ٢- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە کەرکووکدا:

حکوومەتی عێراق پەیڕەونامەی کـاتی(النظـام المؤقـت) [*] هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە ٢/ئایاری/١٩٢٢ز دا بڵاوکردەوە[3]، چونکە نەیاری هەڵبژاردن تین و تەوژمەکەی تا ڕادەیەك کـەم ببـووەوە[4]، بـەڵام هەنـدێ لـە دەڤەرەکانی عێراق وەکو سلێمانی و کەرکووك و هەولێر ئامـادەی هەڵبـژاردن نەبوون، چونکە هەندێ لە شوێنەکانی بارودۆخێکی نائاسایی و ناسەقامگیری هەبوو[5].

---

[1] الادهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص١٠٧.

[2] فيضي: المصدر السابق، ص٤٣.

[*] پەیڕەونامەی کاتی(النظـام المؤقـت): پەیڕەونامـەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران بـریتی بـوو لـە پێشەکییەك لە ئیستلاحاتەکان و (٧٢)مادده کە بەسەر حەوت فەسـڵدا دابـەش کرابـوو کـە یاساکانی هەڵبژاردن و ژمارەی نوێنەرەکان و دەستگای هەڵبژاردنـەکان و ڕێگـەی تـەنزیمی دەفتەرە بنەڕەتیەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و شتی تری دەگرتەوە، بڕوانە: جريدة الوقائع العراقية کە نیزامەکەی بڵاوکردەوە، ژمارە(١٣) ڕێکەوتی ٢٠/تشرین یەکـەمی ساڵی ١٩٢٢.

[3] الآدهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص١١.

[4] رجاء حسين خطاب، العراق بين (١٩٢١-١٩٢٧) دراسة في تطور العلاقات العراقيـة البريطانيـة وآثرها في تطور العراق السياسي مع دراسة في الرأي العام العراقي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٦، ص١١٥.

[5] Al-Adhammi, opcit, p.76.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە هەموو شتێك پترترلە دواخستنی یاوەك لە دەست پێكردنیدا بەسترابووەوە بە بەڵێنامەی عێراق و بەریتانیای ساڵی (١٩٢٢)ەوەوە، و بەڵگەی ئەمە ئەوەبوو کە لە ماوەی دوو ساڵدا (١٩٢٢-١٩٢٤)تەواونەکرا[1]، حکوومەتی نەقیبی دووەم لە ١٢/ئەیلوولی/١٩٢١-١٨/ئابی/١٩٢٢)دا بەڵێنامەکەی لە ٢٥حوزەیرانی ١٩٢٢دا واژوکرد بە مەرجێك ڕەزامەندی ئەنجوومەنی دامەزراندنی لەسەر بێت تا بڕواتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە[2].

پەیڕەونامەی کاتی بازنەکانی هەڵبژاردن بەسەر سێ دەڤەردا دابەشکرا دەڤەری یەکەم، پارێزگاکانی باکور: کەرکووك و مووسڵ و سلێمانی دەگرتەوە، دەڤەری دووەم پارێزگاکانی بەغداو دیالەو دلیم و حللەو کەربەلاو کووتی دەگرتەوە، دەڤەری سێیەم پارێزگاکانی مونتەفك عیمارەو بەسرەی دەگرتەبەر بە مەرجێك کە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تەنها نوێنەرانی لە خەڵکی ناوچەکانیان هەڵبژێرن[3].

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا دەستی پێکرد، لە کاتێکدا ڕۆڵەکانی پارێزگای کەرکووك مەترسی خۆیان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان خستەڕوو، چونکە دوو دڵی و گومانیان هەبوو کە ئەم هەڵبژاردنە مەبەست لە تۆمارکردنی ژمارەی دانیشتوان بێت بۆ پیادەکردنی سەربازگیری زۆرەملێ، وەکو چۆن لە زۆربەی دەڤەرەکانی عێراقدا دەکەوتە بەرچاو، هەروا باوەڕیان بەو ئیمتیازاتانە نەبوو کە بە خەڵکی پارێزگاکە دەدرا[4].

---

[1] فرج: المصدر السابق، ص٦٧.

[2] الخطاب: العراق بين، ص٩٣-٩٤.

[3] عدنان سامي: نذير (١٩٢٥-١٩٥٨) دور نواب الموصل في البرلمان العراقي خلال العهد الملكي، رسالة دكتوراه، جامعة الموصل-كلية الاداب، ١٩٩٣، ص٢٨.

[4] الخطاب: العراق بين، ص١١٥.

بۆ ئەم هۆیانەی کە بە گشتی دەژمێردرا لە هەموو شوێنەکانی عێراقـدا، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ڕاوەستا جگە لـە هەنـدێ ئیمتیـازات نـەبێت کـە بـە هەندێ دەڤەرەکان پێشکەش کرا[1]. ئەمەش بووە هۆی ئەوی کە حکوومەتی عێراق و مەلیك فەیسەڵ لەسەر ئەو خاڵانە ڕاوەستن کە هەڵبـژاردن بەهۆیـەوە ڕاوەسـتابوو، حکوومـەتی عەبدولموحسـن سـەعدوونی یەکـەم لـە ١٨/تشـرین دووەمـی/١٩٢٢و ١٦/تشـرین یەکـەمی/١٩٢٢دا هـەموو پێداویسـتیەکان و ئاسـانکارییەکانی فەراهـەم کردبـوو بـۆ تێپـەڕین بەسـەر ئـەو کۆسـپانەدا کـە ڕووبەڕووی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بووبووە، سەعدوون سەرۆك وەزیران ڕۆژی ١٢/تـەمموزی/١٩٢٣) دەستنیشـان کـرد بـۆ سـەرلەنوێ دەسـت پێکردنـەوەی هەڵبـژاردن[2]، و بـە شـێوەیەکی کردەیـی هەڵبـژاردن لـە ڕۆژی دیـاری کـراودا دەسـتی پێکـرد بـە تایبـەت دوای ئـەوەی حکوومـەت مەترسییەکەی سەبارەت بە دەڤەرە کوردیەکان کە کەرکووکیش لە نێوانیاندا بـوو نـەمابوو کـە بەشـداری نەکـەن لـە هەڵبژاردنـدا، بـەو بەڵگـەی قـەبارەو شەڕعیەتی ئەم حکوومەتەی ئێستایەیان قبـوڵ نیـەو ڕەزامەنـدییان لەسـەر نەبووە[3]، وله حقیقەتـدا ئـەم بارودۆخـە هاتـە ئـاراوە کـە حکوومـەت تـوانی دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەڤەرەکانی بـاکوری عێـراق و بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی عێراق دا جگە لە سلێمانی مسۆگەر بکات[4].

بەڵام پارێزگای کەرکوك بارودۆخەکەی سـەقامگیر بـوو دوای سـەردانی بریکاری حـاکمی مـەدەنی گشـتی بـەریتانیا بـۆ پارێزگاکـە و بـە دانیشـتوانی پارێزگاکەی گـوت: هیـوام بـە هێـزە کـەرکوك بـێ دوودڵـی و دواکـەوتن لـەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات، من دڵنیام کەرکووك بە عێراقییەت دەمێنێتـەوە

(1) سەبارەت بەم هۆیانە بڕوانە: الأدهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص٣٤–٣٥.
(2) فرج: المصدر السابق، ص٩٥–٩٦.
(3) الأدهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص٧١.
(4) المصدر نفسه، ص٥٤.

و بـه هـۆی ئەمـەوە دەسـتەی پشـكێنەران لـە پارێزگاكـەدا هەڵبـژێردرا[1].

هەمكاتی ئەمە ئینگلیزەكان سەرقاڵی ئەو كارە بوون پاڵێوراوانی كە پاڵپشتی بەڵێنامەی عێراق و بەریتانیانی ساڵی (١٩٢٢)بن فەراهەم بكات. بۆیە ویسـتی لـە تـەواوكردنی هەڵبژاردنـدا پەلـە بكـات حـاكمی مـەدەنی گشـتی هێنـری دوبس(H.Dopis) نامەیەكی بۆ مەلیك فەیسەڵ لـە ٢ی كـانوونی دووەم/١٩٢٤ دا ڕەوانەكرد جەختی لەسەر ئەوە كردبـوو كـە پێویسـتە هەڵبـژاردن هەرچـی زووتـر كۆتـایی پـێ بێـت و ئەنجوومـەنێكی دامەزرێنـەر لـە زووتـرین كاتـدا دامەزرێت[2].

گرنگــی پێــدانی بــەریتانیا بــە پێویســتی تــەواوكردنی هەڵبــژاردنی ئەنجوومەن لەم قۆناغەدا لەوەوە سەری هەڵدەدا كە قەناعەتیان هێنا بـۆ كـە كارویـارو بارودۆخەكـەیان كـونترول كـردووە سـەبارەت بـە مسـۆگەركردنی سەركەوتن و بردنەوەی زۆربـەی لایـەنگیرەكانی بەڵێنامەكـە لـە ئەنجوومـەنی دامەزراندندا، لە كاتێكدا لە پێشدا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەك دەخسـت و تەگەرەی بۆ دروست دەكرد.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندنی پارێزگای كەركووك بە سـەركەوتن و بردنەوەی پێـنج نوێنـەر سـێ كەسـێیان خـەڵكی شـاربوون و نوێنـەرێك بـۆ عەشـایرەكان نوێنـەرێكیش بـۆ تایفـەی جووەكـان، ناوەكانیـان ئەمانـەبوون: ساڵح بەگی نەوتچی و شێخ حەبیبی تاڵـەبانی لـە شـاری كـەركووك و جـەمیل بابان لە شارۆچكەی كفری و دارابـەگی داودەو ئیسـحاق ئـەفرایم[3]. نوێنـەری كفری جەمیل بابان لە كۆتایی كارەكانی ئەنجوومەندا دەستی لـە كاركێشـاوە و لە جێگاكەیدا كەسێك هەڵنەبژێردرا[4].

---

[1] د.ك.و: ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٢٦٢٠/٤/٢٠٥٤).

[2] د.ك.و: ملفات البلاط المالكي، ملفة رقم(٢٦١٤/٣١١).

[3] الأدهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص٣٩.

[4] م.م.ت: ج١، الجلسة(٢٦)، حزيران/١٩٢٤م، ص٢٤٠.

**٣- پشکداری نوێنەرانی کەرکووك لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەردا:**

دوای ئەوەی وەزارەتە یەکەمەکەی جەعفەر عەسکەری لە ٢٢تشرین دووەمی ١٩٢٣-٢/ئابی/١٩٢٤ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندنی ئەنجامدا فەرمانێکی پاشایی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە ٢٧/ئازاری/١٩٢٤دا دەرچوو[١].

ئەنجوومەن یەکەمین دانیشتنی لەم مێژووەدا گرێدا مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەو دانیشتنەدا وتارێکی خوێندەوە ئامانجە گرنگەکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی خستەڕوو و لە پێشەوە داکۆکی سەبارەت بە بەڵێنامەی ساڵی (١٩٢٢) عێراق و بەریتانیا کرد بۆ تۆکمەکردنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق و یاسایەکی بنەڕەتی (القانون الاساسي الدستور) بۆ عێراق بێتە کایەوە بۆ دابینکردنی مافی کەسەکان و کۆمەڵەکان هەروا سەقامگیرکردنەوەو چەسپاندنی سیاسەتی ناوخۆی عیراق لە کۆتاییدا دانانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) کە نوێنەرایەتی میللەت دەکات و سیاسەتی حکوومەت و کارەکانی چاودێری دەکات[٢].

**ا- پەیماننامەی عێراق و بەریتانیای ساڵی (١٩٢٢):**

جەعفەر عەسکەری سەرۆك وەزیران بەڵێنامەکەی پێشکەش بە عەبدولموحسن سەعدوون سەرۆکی ئەنجوومەنی دامەزراندن کرد و ئەو ڕێککەوتنامانای کە لێ جیابووەتەوە لەگەڵ نووسراوێکدا کە هەلومەرج و بارودۆخی عەهدنامەکەی تیدا ڕوونکردبووەوە[٣] ئاماژەیشی بە کێشەی مووسڵ[*] کردبو وتبوی عەهدنامەیە بەهای عێراقییەتی مووسڵە، بەڕوونی

---

[١] الحسني: العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ص٩٥.

[٢] م.م.ت، ج١، الجلسة الأولى في ٢٧/اذار/١٩٢٤، ص٦-٧.

[٣] الحسيني: المصدر السابق، ص٩١.

[*] کێشەی مووسڵ: کێشەی مووسڵ لە ئەنجامی شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهاندا و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە کەوتە ڕوو، بەریتانیا مووسڵی

کەوتەدەر تا چی ڕادەیەك دۆزی مووسڵ پەیوەندی بەو عەهدنامەیەوە هەیە، بەریتانیا ئەم دۆزی بۆ سوودی خۆی بەوپەڕی ناشرینییەوە بەکارهێنا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە عێراقدا، کە لە عەهدنامەکەدا دەستنیشان کرابوو دوای پەیدابوونی سەرپێچی و نەیاری عێراقییەکان سەبارەت بە سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقدا.

بڕیاردرا لێژنەیەك بۆ وردبوونەوە لە بەڵێنامەکە لە ئەنجوومەندا دامەزرێت، هەر پارێزگایەك یەك نوێنەری هەبێت جگە لە مووسڵ کە دوو نوێنەری هەبێت و لە پارێزگای کەرکووکدا شێخ حەبیب عەلی تاڵەبانی هەڵبژێردرا[1]، لێژنەکە پێداویستییەکانی بۆ خوێندنەوەی عەهدنامەکە بە ئەنجام گەیاند[2].

نوێنەرانی کەرکوك دڵەڕاوکەیان سەبارەت بە بارودۆخەکە هەبوو بە تایبەت سەبارەت بە دۆزی مووسڵ و لەم دڵەڕاوکێیەدا هەڤاڵەکانیان نوێنەرانی مووسڵ و هەولێر بەشدارییانی دەکرد بە تایبەت بەریتانیا هیچ هەنگاوێکی نەدەنا ئەگەر بەهاکەی بە چەندین بەرامبەر بەدەست نەهێنی و ئەمیشە نوێنەری بەغدا یاسین هاشمی هاندا کە سەبارەت بە عەهدنامەکە بدوێت و ڕاستییەکەی بخاتەڕوو[3].

---

دوای بانگەوازی شەڕاوەستاندنی "هدنەی مودورس" لە ٣٠تشرین یەکەمی ١٩١٨دا داگیرکرد، تورکیا ئەم داگیرکردنەی بە ناڕەواو نامەشەروع دەژمارد بەریتانیا بە پێی ڕێککەوتنامەی (سیڤەر) ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە ولایەتی مووسڵ دەستی هەڵگرت و تورکیا نەیتوانی لە عەهدنامەی لۆزان دا ڕێکەوتی ٢٣نیسانی ١٩٢٣ بگەنە چارەسەرێك ڕەزامەندی بەخش دوزەکە نێردرایە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) کۆمەڵەی گەلان دوای خوێندنەوەی چڕپڕو سەردامی مەیدانی لە ١٧کانون یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ بڕیاریدا ئەم دەڤەرە ناکوکی لەسەرانە بخرێتە سەر عێراق بۆ پتر زانین سەبارەت بە کیشەی مووسل بڕوانە فاضل حسین: مشكل موصل ، ط٣، بغداد، ١٩٧٧.

[1] م.م.ت، ج١، الجلسة (٥) في ٧نيسان ١٩٢٤، ص٩٣.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (٦) من ١٠نيسان ١٩٢٤، ص١١٩.

[3] المصدر نفسه، الجلسة (٤) في ٣نيسان ١٩٢٤، ص٩٩–١٠٠.

سەبارەت بەم دڵەڕاوكێیە هەردوو نوێنەرەكەی كەركووك ساڵح نەوتچی و ئیسحاق ئەفرایم لەگەڵ هەڤاڵەكانیاندا نوێنەرانی هەولێر[*] ڕاپۆرتێكیان بە ئەنجوومەن پێشكەش كرد تێیدا هاتبوو، گومان لەوەدا نییە كە چارەنووسی لایەنێكی عێراقی باكوور كە دەكاتە مووسڵ و دەوروبەرە پێشووەكەی كە ئێمە نوێنەرایەتی دەكەین تا ئیمڕۆكە بە هەڵپەسراوەیی ماوەتەوە و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە نێوان گومان و یەقیندا قەتیس ماوەو هەر كاتێك بكەوینە یادییەوە خۆمان لە تاریكییەكدا دەبینینەوە، چونكە دۆزەكەی نادیارە بۆیە ئێمەیش ناتوانین سەبارەت بە عەهدنامەكەی عێراق و ئینگلیز خۆشبین بین و بە چاوی نەیاری و ڕەشبینیەوە سەیری دەكەین و لە ڕۆشنایی ئەوەی وترا تكایە دانوستان سەبارەت بە بەڵێنامەكە دوابخەن تا دۆزی مووسڵ دەكەوێتە لایەكدا و كۆتایی بەو گێرو گرفتە دێت[1]، بەڵام ڕاپۆرتەكە بە زۆربەی دەنگ دوای ئەوەی خستیانە دەنگدانەوە خراوەتە پشتگوێیەوە[2].

شێوەی بەڕێوەبردنی دەنگدان بەپێی بەڵێنامەكە دانوستانێكی چڕوپڕو توندی لە نێو ئەنجوومەندا دروست كرد و ئەم ململانێیە لە ١٠حوزەیراندا گەیشتە پۆپە لەوەدا دەنگی دایەوە كاتێك بریكاری مەندوبی سامی بەریتانیا (هنری دوبس) هەڕەشەی كرد ئەگەر دەنگ بە بەڵێنامەكە نەدرێت و دوابخرێت و ئەم داخوازییەی ڕووبەڕووی مەلیك فەیسەڵی یەكەمی كردەوە ناوبراو چارەیەكی نەبینی ئەوە نەبێت كە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ كۆبوونەوە بانگهێشت بكات و داخوازی لایەنگیری واژووی بەڵێنامەكەیان پێش نیوە شەوی ئەو ڕۆژە لێیان بكات، چونكە ئەو مێژووە دوا مەوعیدی ئولتوماتیومەكەو هەڕەشەكەی ئینگلیزەكان بوو[3].

---

[*] نوێنەرانی هەولێر: بریتی بوون لە محەمەد شەریف پیرداود و حوسێن مەلاو عەبدوڵڵا موخلیس و مەلا محەمەد داود حەیدەری.

[1] م.م.ت، الجلسة (٢٤) في ١٠ حزيران ١٩٢٤، ص٣٤٢-٣٤٣.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (٢٤) في ١٠حزيران ١٩٢٤، ص٤٣٤.

[3] سامي عبدالحافظ القيسي: ياسين الهاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي (١٩٢٢-١٩٣٦)، ج١، مطبعة حداد والبصرة، ١٩٧٥، ص١٨٥-١٨٩؛ كوكس: المصدر السابق، ص٧٧.

ئەنجوومەن دانیشتنێکی کتوپڕی شەوی ١١/١٠ حوزەیرانی ١٩٢٤ گرێدا و لەم دانیشتنەدا دوو ڕاپۆرت پێشکەشکرا یەکەمیان یاسین هاشمی لەگەڵ ٢٣نوێنەردا کە لە نێوانیاندا کەسێك لە نوێنەرانی کەرکووك بەرچاو نەدەکەوت داخوازییان تێدا کردبوو کە بە پەلە دەستبکرێتە دانوستان بۆ ئەوەی پشت ڕاستکردنەوەکان بە دەست بهێنن و بەرگری لە مافی عێراق لە ولایەتی مووسڵدا بە تێکڕایی بەرچاو بگیرێت کاتێ دەنگدان سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە دەستی پێکرد (٢٤) نوێنەر لایەنگیرییان کرد و (٤٣) نوێنەر دژی ڕاپۆرتەکە بوون. لە کۆی نوێنەرە ئامادەبووەکان کە ژمارەیان (٦٨) نوێنەر دەبوو نوێنەرێکیش دەنگی نەداو و ڕاپۆرتەکە قبوول نەکرا، دوایی جەعفەر عەسکەری لەگەڵ زۆربەی نوێنەرەکاندا کە نوێنەرەکانی کەرکووك ئیسحاق ئەفرایم و شێخ حەبیب تاڵەبانیشیان لەگەڵدا بوو ڕاپۆرتێکیان بە ئەنجوومەن پێشکەش کرد داخوازی واژووکردنی بەڵێنامەکەو پەیوەستەکانیان کرد، بەڵام بەڵێنامەکە پوچ دەبێتەوەو کاریگەرییەکی نامینێ ئەگەر حکوومەتی بەریتانیا مافی عێراق لە ولایەتی مووسڵدا بە گشتی نەپارێزێت، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە دەنگدان ئەنجامدرا ڕازی بوونی (٣٧) نوێنەری بەدەست هێناو (٢٤) نوێنەر لە کۆی (٦٤) نوێنەر دژی ڕاوەستان و (٨) نوێنەر دەنگیان بەو ڕاپۆرتە نەدا و لە ئەنجامدا قبوولکردنی ڕاپۆرتەکە وەك ڕازی بوون سەبارەت بە عەهدنامەکەوە ژمێردرا و لە نوێنەرانی کەرکووك سالح نەوتچی و دارا بەگی داودە جەمیل بەگی بابان[1]، لە دانیشتنەکەدا ئامادەنەبوون وا دیارە ئامادەنەبوونی نەوتچی و دارا بەگی داود بە مەبەستی نەیاری بەڵێنامەکە بووە، بەو ئامانجەوە بەڵێنامەکە واژوو نەکرێت و سەرنەگرێت، چونکە نەفتچی بەڕاشکاوی لاری لە بەڵێنامەکە بووەو دژی واژووکردنی بووە، بەڵام جەمیل بەگ لە زۆربەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەندا ئامادە نەدەبوو.

---

[1] م.م.ت: الجلسة (٢٤) في ليلة ١١/١٠حزيران/١٩٢٤، ص٤٣.

**ب – یاسای بنەڕەتی(الدستور):**

حکوومەتی عەسکەری یەکەم ٢٢تشرین دووەمی ١٩٢٣ ١٢ئابی ١٩٢٤ لە ٣نیسانی ١٩٢٤دا لایحەی یاسای بنەڕەتی بۆ ئەنجوومەنی دامەزراندن لەگەڵ نووسـراوێکی ڕوونکردنـەوەدا کـە گرنگـی یاسـای بنـەڕەتی تێـدا باسـکرابوو بەرزکردەوەو باسی لەوەکردبوو کە گرنگیەکەی ئەم یاسایە لەوەدایە چـونکە دەخرێتە بـەردەمی کۆمەڵـەی گـەلان دوای داکـۆکی کـردن لەسـەری لەلایـەن عێراقیەکانەوە و ئـەم یاسـایە لـەو هۆیانـە بـوو کـە یارمـەتی عێـراق دەدا بـۆ ئەوەی بڕواتـە کۆمـەڵی گەلانـەوە[1]، و ئەنجوومـەن لـە دانیشـتنی گریـدراوی ١٠نیسـانی ١٩٢٤ بڕیـاری دا لێژنەیـەکی لێکۆڵینـەوەو تـاوتوێکردن لەلایـەن نوێنەرەکانی پارێزگاکانەوە دروست بکات.

هەر ئەوکارەیشە سەبارەت بە بەڵێنامەکە ئەنجامدراو لەلایەن پارێزگـای کەرکووکەوە نوێنەر دارا بەگی داودە هەڵبژێردرا[2]، دانوسـتان و تـاوتوێکردن سەبارەت بە لایحەکە لە لایەن ژمارەیەك لە نوێنەرەکانەوە ئەنجامـدرا، بـەڵام نوێنەرانی کەرکووك لەو دانوستانەدا چالاکییەکیان نەنوانـد وا دیـارە ئاسـتی خوێندەواری تایبەتی نەخشێکی فراوانی بووە لەم دانوسـتان و لێکۆڵینـەوەدا چونکە تەنها لە لایەن یاسا ناسەکانەوە خاوەن بڕوانامەکانەوە لە کەسانی تر بترتـــر لایحەکـــە بـــە چـــڕوپڕی کەوتـــە بـــەر دانوســـتان و تـــاوتوێ و لێکۆڵینەوەیانەوەو دوای کۆتـایی هـاتنی تـاوتوێکردنی لایحەکـە ڕێکـەوتی ١٠ تــەمووزی ١٩٢٤ ئەنجوومــەن بــە زۆربــەی دەنــگ ڕەزامەنــدی لەســەرداو قبووڵکردنی سەلماند[3].

[1] المصدر نفسه، ص٤٤٠.

[2] الحسيني: العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ج٢، ص٩.

[3] م.م.ت: الجلسة (٤١) في ١٠تـةمموز ١٩٢٤ الوقـائع العراقيـة العـدد(٢٣٧) في ٢٧تشـرين الأول ١٩٢٤.

ج- یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان:

کاتێ کە ئەنجوومەن لایحە یاسای بنەڕەتی تاوتوێ دەکرد وەزارەتی داد سەرگەرمی دانانی یاسایی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بوو و لەبەر ئەوەی ماوەی ئەنجوومەنی دامەزراندن بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت بڕیاردرا کە بەندەکانی یاساکە بە شێوەیەکی گشتی بۆ دانوستان کردن پێشکەش نەکرێت و چەند بەندێك هەرجارێك بخرێتە بەر باس و دانوستان و تاوتوێکردنی ئەنجوومەنەوە[1]، وەزارەتی داد لە دانانی یاسایی هەڵبژاردندا پشتی بە یاسای هەڵبژاردنی عوسمانیەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندندا بەستبوو.

وەزارەتی عەسکەری یەکەم لایحەکەی بۆ ئەنجوومەن بۆ داکۆکی کردن لەسەری لە ٢١تەممووزی ١٩٢٤دا بەرزکردەوە و بڕیاردرا لێژنەیەك کە نوێنەرایەتی سەرجەم پارێزگاکان بکات دروست بکرێت و لەسەر ڕۆشنایی ئەمە بە پێشنیاری نوێنەری (حلە) مزاحم پاچەچی و (١٥) نوێنەری تر کە نوێنەری کەرکوك شێخ حەبیب عەلی تاڵەبانی تێدا بوو لێژنەکە دامەزرا[2].

ئەنجوومەنی دامەزراندن کەوتە تاوتوێکردنی لائحەکەوە کاتێ دەستیان کردە تاوتوێکردنی نوێنەری کەمایەتیەکان وهەندێ لە نوێنەرەکانی تر بۆچوونیان وابوو کە ژمارەی نوێنەرەکانیان پێویستە لە ژمارەی سەرژمێریەکەیان زۆرتر دەستنیشان بکرێت (١٩)نوێنەر کە (٣) نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە دارا داودو ساڵح نەفتچی و ئیسحاق ئەفرایم پێشنیارێکیان بۆ ئەنجوومەن لەم بارەوە پێشکەش کرد و ژمارەی پێشنیارکەرەکانی نوێنەرانی کەمایەتییەکان بەم شێوە بوو.

مووسڵ یەك جولەکە و دوو کریستیان، بەغدا یەك کریستیان و دوو جولەکە بەسرە یەك کریستیان و جولەکەیەك، کەرکووك جولەکەیەك. بەڵام

[1] الأدهمي: المجلس التأسيس، ج٢، ص٢٨٦-٢٨٧.

[2] الحسيني: العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ج٢، ص١١٥.

ئەنجوومەن ئەم پێشنیارەی بە هەند وەرنەگرت چونکە پێشنیارێکی تری پەسەندکرد ئەویش هەر هەمان ژمارە بوو بەڵام لە کەمایەتیەکان بۆ کەرکووك کەسێکیان بۆ دەستنیشان نەکردبوو[1]، چونکە نەدەگونجا کە کورسییەکی نوێنەرایەتی بخرێتە سەر نوێنەرەکانی کەرکووك بۆ کەمایەتی مووسەوییەکان لە کاتێکدا کە ژمارەی نێرینەکانیان (٤٨٤) نێرینە پترتر نەبوو[2]، عێراق بۆ سێ دەڤەری هەڵبژاردن بەپێی ماددەی هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنی عێراق[3] دابەش کرابوو و پاڵێوراو دەیتوانی خۆی بپاولێوێ لە دەڤەری هەڵبژاردنکەیدا بە چاوپۆشین لەو پارێزگایەی کە لێوەی هاتووە و خەڵکی پارێزگاکەیان دەیتوانی لە چەند پارێزگای پترتر خۆی بپاڵێوی و سەبارەت بەمە (١٤) نوێنەر کە نوێنەری کەرکووك ئیسحاق ئەفرایمی تێدا بوو راپۆرتێکیان بە ئەنجوومەن پێشکەش کرد تێدا هاتبوو، پێشنیاردەکەین کە ماددەی هەشتەم بەم جۆرە پیشتراست بکرێتەوە، ئەویش کە هەر پارێزگایی دەڤەرێکی سەربەخۆ بژمێردرێت و نوێنەرەکانی لە نێوان رۆڵەکانی خەڵکانیدا هەڵبژێردرێن و کەسێك لە پارێزگاکانی تر بۆی نیە لەوی خۆی بپالێویت یا هەڵبژێردرێت. بەڵام پێشنیازەکە زۆر بە لاری لێی بۆ کاتی خراوە دەنگدانەوە و پیشنیارێکی تر قبولکرا ئەویش ئەوەبوو کە ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوەو لەو پێشنیارەدا نوێنەری کەرکووك ساڵح نەفتچی بەشداری کرد[4].

[1] م.م.ت: الجلسة (٤٨) في ٣١تەمموز ١٩٢٤ الوقائع العراقية العدد (٢٤٦) في ٢٠تشرين الثاني ١٩٢٤.

[2] م.م.ت: الجلسة (٤٨) في ٣١تەمموز ١٩٤٤ الوقائع العراقية العدد (٢٤٦) في ٢٠تشرين الثاني ١٩٢٤.

[3] د.ك.و: ملفات .... ملف(٣١١/١١٠٨)، و رقم ٩، ص١٨.

[4] م.م.ت: الجلسة (٤٨) في ٣١تەمموز ١٩٢٤ الوقائع العراقية العدد (٢٤٦) في ٢٠تشرين الثاني/١٩٢٤.

وادیاره پێشنیاره یەکەمەکە قبوڵ نەکراوە کە واقعیتر بوو ماف خـەڵکی پارێزگاکەی لـە خۆپـاڵاوتن و هەڵبژاردنـدا دەپاراسـت، چـونکە ئـەم ماددەیـە بارودۆخی بۆ حکوومەتەکان دەرخسان، سەبارەت بە پـاڵاوتنی نوێنـەرکانیان لە ناوچە جیاوازەکاندا، لـە کاتێکدا ئـەو نوێنـەرەی نوێنەرایـەتی دەڤەرەکـە دەکـات زۆرتـر لـە کەسـانی تـر ئاگـاداری پێداویسـتیەکانیتی و لـە پـێش دا دەوڵەتی عوسمانی تورکەکانی لە ناوچە عەرەبیەکانـدا دەپـاڵاوت و لـە کـاتی خۆیدا خەڵکانی عەرەب نەیاری ئەم کارەبوون و بەسـتەمێکیان سـەبارەت بـە مافـە دیمکراسـیەکانی میللـەت دەژمـارد[1]، و لـە دانیشـتنی ٢ئـابی ١٩٢٤دا نوێنەرانی ئەنجوومـەنی دامەزرانـدن دانوسـتان و تاوتوێکانیـان سـەبارەت بـە هەندێ مادده هەڵسپەسێراوەکان کۆتایی پێهات و لائحەکە خراوە دەنگدانەوە و بە زۆربەی دەنگی ڕەها بڕیاری لەسەردرا[2].

**د- هەڵوێستی نوێنەرەکانی کەرکووك**

**لە دەستدرێژیەکەی ئاثوورییەکان ساڵی(١٩٢٤):**

تـەنها هـەر سـێ دۆزە سـەرەکەییەکە جێـی تـاوتۆی و گفتوگـۆ لـە ئەنجوومەندا نەبووە نوێنەرەکان سەبارەت بـەو سـتەمانەی لـەو سـەردەمەدا ڕوویدا بوو کەوتنە بـاس و گفتوگـۆوەو لـە کـۆی ئـەو باسـانەدا ئـەو ڕووداوەو ستەمانە لە کەرکووکدا ساڵی (١٩٢٤) ڕوویدا باسی لێوەکرا.

بەریتانییەکان لە لێشاوی کۆچـی ئـاثـووریـەکان[3] بـۆ عێـراق لەشـەڕی جیهـانی یەکەمـدا ١٩١٤-١٩١٨ زۆر کـەڵکیان وەرگـرت لـە ژێـر فەرمانـدەیی

---

(1) الأدهم: المصدر السابق، ص٢٤٢.

(2) م.م.ت: الجلسة (٤٩) ٢اذار ١٩٢٤ الوقائع العراقية العدد(٢٠٤٦) في ٢٩/كانون الأول/١٩٤٧.

(3) عبـاس عطيـة جبـار: الحيـاة البرلمانيـة في العـراق (١٩٣٢-١٩٣٩) دراسـة تاريخيـة رسـالة ماجستير، جامعة بغداد-كلية الآداب، ١٩٧٢، ص١٠٨.

ئینگلیسـەکاندا بـەناوی سـەربازی لیڤییـەوە (Levyo)[*] لـە پـاڵ هێزەکـانی بەریتانیـدا بـۆ سـەرکوتکردنی شۆڕشـی بیسـت بەشـداریان کـردو لەگـەڵ کوردەکانـدا ڕۆڵـەکانی کوردسـتان کەوتنـە شـەڕەوە و دەسـتیان بەسـەر زەویەکانیاندا گرت ئەمیش بووە هۆی ئەوەی میللەتی عێراق لێیان بێزارو دڵ بە کین بێت[1]، و لە ڕۆژی ٤ئایاری ١٩٢٤دا ژمارەیەك لـە سـەربازەکانی لیڤـی لە بازاڕەکانی کەرکووکدا دەگەڕان و لە ئەنجامی بـەد ڕفتـاری و سـووکایەتی کردنی یـەکێکیان لەگـەڵ دانیشـتوانی شـارەکەدا بـووە هـۆی شـەڕکردنیان و شەڕەکە پەرەیسەند و دانیشتوانی شارەکەو سەربازەکانی لیڤـی بەشـدارییان تێداکرد. کە بووە هۆی کوشتن و زاماری ژمارەیەك لـە دانیشـتوانی شـارەکە، دوای ئـــەوەی ســـەربازە لیڤییـــەکان داخـــوازی کۆمـــەك و یارمـــەتیان لـــە هەڤاڵەکانیان لە سەربازخانەی نزیکی شارەکەدا کرد[2].

ئەم ڕووداوە خەڵکی پارێزگاکەی هەژانـد و عەشـیرەتەکانی دەوروبـەری کــەرکووك ئامــادەی هێرشــکردنە ســەر ســەربازە لیڤییــەکان بــوون لــە سەربازخانەکانیاندا بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ڕۆڵـەکانی شـارەکەیان، بـەڵام گەیشـتنی مەنـدوبی سـامی هنـری دویـس(H.Does) بـۆ کـەرکووك نـەیهێڵا ڕووداوەکـە تەشـەنە بکـات و پەرەبسـێنێت، چـونکە هـەوڵی هێورکردنـەوەی بارودۆخەکەی داو سەربازەکانی لیڤی بەرەو چەمچەماڵ گویزایەوە [3].

---

[*] ئەو هێزە بوو کە ئینگلیزەکـان لـە بـە کرێگیراوەکـانی کـە زۆربـەیی لـە ئاشـوریەکان بـوون دروستی کرد بۆ یامەرتی دانی لەسەرکوتکردن و داگیرکردنی وڵاتـدا ئـەم هێـزە لـە عێراقـدا مانـەوە تـا ئـەو کاتـەی بنکـەی حەبانیـە و شـوعەیبە سـاڵی (١٩٥٤ بـە لەشـكری عێـراق سپێردراوە. بڕوانە: قرني: المصدر السابق، ص١٠.

[1] بـۆ پـتر زانـین سـەبارەت بـە بنەچـەکی ئاشـووریەکان بڕوانـە: خصـباك: المصـدر السـاق، ص٢٢٤–٢٢٩.

[2] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الـوزارات العراقيـة، ج١، ط٧، مطبعـة دار الشـؤون الثقافيـة بغـداد، ١٩٨٨، ص٢٠.

[3] المصدر نفسه، ص٢٠٧–٢٠٨.

لـه دانیشـتنی ١٥ئایـاری ١٩٢٤ لـه ئەنجوومەنـدا (٣١) نوێنـەر کـە لـە نێوانیاندا نوێنەری کەرکووك ئیسحاق ئەفرایم دەبینرا ڕاپۆرتێکیـان سـابارەت بـەم ڕووداوە پێشـکەش بـە ئەنجوومـەن کـرد، داخوازییـان لـە حکوومـەتی عەسکەری یەکەم کردبوو کە ڕوونی کاتەوە کە گـرنگترین هـەنگاو چـی بـووە لەم بوارەدا نراوە[1].

هەروەها نوێنەرانی کەرکووك کـە بـریتی بـوون لـە شـێخ حـەبیب عـەلی تاڵـەبانی و ئیسـحاق ئـەفرایم و سـاڵح نەفتچـی ڕاپۆرتێکیـان سـەبارەت بـە ڕووداوەکە پێشـکەش کـرد، ئـەو مەترسـیانەو زیانانـەیان کـە لـەم کوشـتار و دەسـتدرێژییەوە هاتووەتـە کایـەوە تێـدا خرابـووە ڕوو و داخوازییـان لـە حکوومـەت کردبـوو کـە ڕێگـا یاسـاییەکان سـەبارەت بـە بکـوژان و دەستدرێژیکەران بگرێتە بەر و ئاسایش لە پارێزگاکەدا دابین بکات[2].

بـەریتانیا پاڵپشـتی بـەهێزبوو بـۆ ئاسـورییەکان و ئامـادە نـەبوو هـیچ کردەوەو ئیجرائاتێکی یاسایی سەبارەت بە دەسـتدرێژیکەران ئـەنجام بـدات، چـونکە (دوبـس) بـە پەلـە هەڵوێسـتەکەی هێـورکردەوە ئـەویش بـە دوورخسـتنەوەیان بـۆ ناوچـەیەکی تـر، چـونکە حکوومـەتی عێـراق لـەو سەردەمەدا بە ڕاوێژکاری بەریتانیا کاری دەکرد بەو بڕیارەی کە ئینگلیزەکان دابویان ڕازی بوون بۆیە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی لەم دۆزەدا ئەنجام نەدا، ئـەوەبوو هـەموو ڕاپۆرتـەکانی نوێنـەرەکان پشـتگوێ خـرا دوای ئـەوەی ئەنجوومەنی دامەزراندن داکـۆکی لەسـەر عەهدنامەکـەی عێـراق و بـەریتانیای ساڵی (١٩٢٤) کرد یاسای بنەڕەتی و یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان داکـۆکی لەسەر کرا.

---

[1] م.م.ت: الجلسة (١٢) في ١٥آيار ١٩٢٤، ص١٨.

[2] م.م.ت: الجلسة (١٢) في ١٧أيار ١٩٢٤، ص١٨.

ئەنجوومەن کارەکانی لە ٣١تەمموزی ١٩٢٤ دا کۆتایی پێهێناو فەرمانی پاشایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە ٣ئابی ١٩٢٤دا دەرچوو[1]، تەواوبوونی کارەکانی ئەنجوومەنی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی پێداویستیەکانی ئامادەبوون بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتی میللەتی عێراق هاتە پێشەوە هەروا بە کارهێنانی مادەکانی دەستووری عێراق بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی یاسایی و دەستووری کە بە ئەنجوومەنی نوێنەران بەسترابێتەوە هاتە کایەوەو کە لەمەودوا دەبینرێت.

---

[1] جريدة الوقائع العراقية العدد(٢٤٠٦) في ٢٠تشرين الثاني/١٩٢٤.

## بەشی دووەم
# ئەنجوومەنی نوێنەران و دەستەکانی و کاریگەرییان لە کەرکووکدا

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کارەکانی کۆتایی پێهێنا، دوای ئەوەی کارە سەرەکییەکانی کە ئەویش پەیماننامەی عێراق و بەریتانیا بوو لە ساڵی١٩٢٢ دا و یاسای بنەڕەتی و دەستورویاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ داکۆکی لەسەرکرا و لە ئەنجوومەن تێپەڕاند و فەرمانی پاشایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە ٣ئابی ١٩٢٤دا دەرچوو[1].

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی دامەزراندن لەسەر یاسای بنەڕەتی (دەستوور) داکۆکی کرد مەلیك فەیسەڵی یەکەم واژووی کردو ڕەزامەندی لەسەرکرد، دەستوور سیاسەتی عێراقی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق و شێوەی ڕژێمی حوکمڕانی لە وڵاتدا دەستنیشانکرد و لە دەستوورەکەدا هاتبوو کە عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئازادە، پاشاکەی وڵاتەکە دابەش ناکاو دەست لە هیچیشی هەڵناگرێت، حکوومەتەکەی پاشایی ویراسییە نییە شێوەکەی پەرلەمانییە[2] و لە ماددەی (٢٨) یاسای بنەڕەتیدا هاتبوو کە دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکی ئەنجوومەنی میللییە لەگەڵ پاشادا و ئەنجوومەنی میللی بریتییە لە ئەنجوومەنی پیاوماقوڵان و نوێنەرانی میللەت(الاعيان والنواب)[3] بەم شێوەیە دەستوور نیزامی حوکمڕانی لە بوونی ئەنجوومەنی نوێنەران و پاشادا بۆ چاودێری کاروباری حکوومەت دەستنیشان کردو یاسا پێویستەکانی بۆ سەقامگیری ڕژێمی حوکمڕانی و یارمەتی دانی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بەو شێوەی کە ئەمن و ئاسایشی دادوەری و پێشکەوتن تێدا بەرقەرار بکات دابین کرد.

---

(١) بڕوانە: الفصل الأول، المبحث الثالث.

(٢) الحكومة العراقية، القانون الاساسي وتعديلاته، مبطعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٤ المادة الأولى.

(٣) المصدر نفسه، المادة (٢٨٥).

## جێ باسی یەکەم
## ئەنجوومەنی نوێنەران و دەستەکانی و نوێنەرایەتیی پەرلەمان و هۆکارە کارتێکراوەکانی

وەکو باسمان کرد ئەنجوومەنی میللی عێراق بریتییە لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پیاوماقولان، و بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لە نێوان ئەم دوو ئەنجوومەنەدا بەرقەرارە، پێویستە لەسەرمان کە راوەستانێکی کورتمان سەبارەت بە ئاشنایی ئەنجوومەنی پیاوماقولان هەبێت.

**١- ئەنجوومەنی پیاوماقولان:**

ئەنجوومەنی پیاوماقولان لە ژمارەیەك کە لە بیست کەسایەتی پتر نەبن[*] پاشا لەو کەسانەی کە ڕابردوویەکی پڕ لە سەروەرییان لە خزمەتی وڵاتدا هەیە[١]، دەستنیشانیان دەکات و ماوەی نوێنەرایەتی تێدا هەشت ساڵە لەو مێژووەوە کە دامەزراوە پاشا بۆی هەیە نوێنەرە پێشووەکان دووبارە دەستنیشان بکاتەوە[٢]، ئەنجوومەن لەگەڵ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا کۆدەبنەوەو پشوودانیشیان هەر بەیەکەوەیە[٣]، هەروا لائحە و یاساکان کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەردەچێت دەڕواتە ئەنجوومەنی پیاوماقۆلان بۆ داکۆکی کردن و ئیقرارکردنی[٤].

مەرجی تەمەنی نوێنەرایەتی پیاوماقولان ئەوەیە کە تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕیبێت[٥]، یەکێ لە ڕۆڵەکانی کەرکوك شانازی و شەرەفی ئەندامێتی

---

[*] ماددەی (٣١) یاسای بنەڕەتی لە ٢٧تشرین یەکەمی ١٩٤٣ پشتڕاست کرابوو بەم شێوەیە ژمارەی پیاوماقولانی کردەیەك لە سەر چواری ئەنجوومەنی نوێنەران.

[١] المصدر نفسه، المادة(٣١).

[٢] المصدر نفسه، المادة(٣٢).

[٣] المصدر نفسه، المادة(٣٢).

[٤] نذير: المصدر السابق،

[٥] القانون الأساس: المصدر السابق، المادة (٣٠) الفقرة (٢).

ئەنجوومـەنی پیاوماقوڵانی بەدەستهێنا، مـەلیك فەیسـەڵی یەکـەم عەبـدوللا سـافی یـەعقوبی[*] بـە نوێنـەری ئەنجوومـەنی پیاومـاقولان هەڵبـژارد و دامەزراندنەکەی چەند جارێك دووپـات کرایـەوە. وەك نوێنـەری ئەنجوومـەنی نوێنەران ماوەی ١٦ساڵ لە (١٩٢٥–١٩٤١) لەو ئەنجوومەنەدا مایەوە[١].

**٢- ئەنجوومەنی نوێنەران:**

ئەنجوومەنی نوێنەران پێکهاتووە لە ڕاژەی هەریـەك نوێنـەر لـە جیـاتی (٢٠) هەزار کەسی نێرینە[٢] بـەو مانایـەی هـەر نوێنـەرێك هەڵبـژێردراوی (٢٠) هەزار کەسی نێرینەی میللەت دەکات.

لە ساڵێکدا خوولی ئەنجوومەن چوار کۆبوونەوەیە یەکـەمین کۆبوونـەوە لە یەکەمی کانوونی یەکـەم دا بـەرپادەبێت، یـا وەك ڕۆژی دوایـی ئـەو ڕۆژە، هاتوو یەکەمی کانوونی یەکەم ڕووبەڕوی پشووی فەرمی بێتەوە، ئەنجوومـەن شەش مانگ لە ساڵێکدا کۆدەبێتەوە و شەش مانگیش پشـوودەدا[٣]، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی بڕیارەکـانی مـاددەی(٤٠)ی یاسـای بنەڕەتی(الدسـتور) بـۆ بانگهێشـتکردنی ئەنجوومـەن لـە کۆبوونـەوە نائاسـاییەکاندا، نوێنـەر بـە شـێوەیەکی گشـتی نوێنـەری هـەموو عێـراق دەژمێردرێـت، نـەوەك تـەنها بەتایبەت بۆ دەڤەری نوێنەرایەتییەکەی[٤].

---

[*] ساڵی (١٨٧٩) لە کـەرکوك لـە دایك بـووە زانیارییـەکی چـاکی بەدەست هێنـا بـۆ بـاوەڕی خەڵکی شارەکەی بۆ خۆی ڕاکێشابوو وەکو نوێنەری ئەنجوومەنی نێردراوانی عوسمـانی لـە ساڵی (١٩١٤) هەڵبژێردراو .... بەرچاوی هەبوو لـە بـەرەنگاری بـەریتانیای داگیرکـەردا.... المصدر السابق، ص٩١٠.

[١] مجید خدر : نظام الحکم في العراق، ترجمة: فیصل نجم الـدین الاطرقجـي، مطبعـة ... بغـداد، ١٩٤٦، ص١٨٢–١٨٥.

[٢] القانون الاساس: المصدر السابق، والحسني: تاریخ الوزارات، ج٥، ٧، ص١٥.

[٣] المصدر نفسه، المادة (٣٨) الفقرتین (١–٢).

[٤] المصدر نفسه، المادة (٤٨).

هەر عێراقییەك (٣) سێ ساڵی لە تەمەنی تێپەڕاندبێت بۆی هەیە ببێتە نوێنەری ئەنجوومەنی نوێنەران مەگەر یەكێ لە ڕێگریەكانی ماددەی (٣٠) یاسای بنەڕەتی (الدستور) بیگرێتەوە ئەو كاتە ناتوانێ ببێتە نوێنەر ڕێگرەكان ئەوەیە ئەگەر هاتوو ناسنامەی عێراقی نەبێت و لە عێراقدا لە دایك نەبوبێت یا وەك بە پێی بەڵێنامەی (لۆزان) سەر بنەماڵەیەكی عوسمانی بێت كە لە عێراقدا دەژین، بە مایە پوچی و ئیفلاس و شێتی و مەحجوری حوكم درابێت یاوەك كارمەند و مووچەخۆر بێتو یا بەگرێبەست كار بكات شێت و كەلەپووك یا لە خزمانی پاشا بێت[1].

**أ- كردنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران:**

پاشا یا ئەو كەسەی نوێنەرایەتی ئەو دەكات ئەنجوومەنی نیشتیمانی دەكاتەوە وتاری عەرش دەخوێنێتەوە[2] و هەمیشە حكوومەتی دامەزراو ئەم وتارە ئامادە دەكات و دوایی ئەوەی نوێنەرەكان و نوێنەرانی ئەنجوومەنی پیاوماقولان گوێبیستی وتارەكە دەبن هەر نوێنەرێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنەكەی خۆی[3]، مەلیك فەیسەڵی یەكەم یەكەمین ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە ١٦تەمووزی ١٩٢٥دا كردەوە.

**ب- سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران:**

دوای گوێبیستی وتاری عەرش-ئەنجوومەنی نوێنەران یەكەمین دانیشتنی بە سەرۆكایەتی گەورەترین كەسێك لە تەمەندا دەست پێدەكات و بچووكترین كەسیش لە تەمەندا نووسین بە شێوەیەكی كاتی دەگرێتە ئەستۆ[4] بە پاڵپشت بە ماددەی (٣٤) سی و چواری ناوەڕۆكی پەیڕەوی

---

[1] المصدر نفسه، المادة (٣٠).

[2] المصدر نفسه، المادة(٤٨).

[3] الحكومة العراقية النظام الداخلي لمجلس النواب، ج٥، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤٥، المادة (١).

[4] المصدر نفسه، المادة(٢).

ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران سەرۆکی کاتی سەرپەرشتی سوێندخواردنی نوێنەرەکان و هەڵبـژاردنی سەرکردایەتی بەردەوامی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات.

نوێنەرانی کەرکووك بەشداریيەکی چالاکانەیان لە سەرکردایەتی ئەنجوومەنی نوێنەراندا بووە چونکە نوێنەری کەرکووك نشأت ئیبراهیم بە هەڵبژاردن بووە سەرۆکی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ساڵی (١٩٢٥) لە خوولی هەڵبـژاردنی یەکەمی ١٦تەمووزی ١٩٢٥- ٢٨کانوون دووەمی ١٩٢٨ دا[١]، هەروا نوێنەری کەرکووك فەوزی عەلی هەمان پلەی بەدەست هێنا لە کۆبوونەوەی بە دوای یەکدای دەورەی هەڵبـژاردنی چوارەمیدا ڕێکەوتی ١٨ئازاری ١٩٣٣- ٤ئەیلوولی ١٩٣٤دا[٢].

**ج- هۆبەکانی ئەنجوومەن و لیژنەکانی:**

دوای کۆتایی هێنان بە هەڵبـژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو نووسەرەکەی نوێنەران بە هەڵبژاردن دابەش دەکرێنە سەر چوار بەشدا و هەر بەشێك سەرۆك و نووسەرێك بۆ خۆی هەڵدەبـژێرێت[٣] و هەر بەشێك لە سەرەتای دروستبونیدا سێ نوێنەری بۆ هەر لیژنەیەك لە لیژنە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن هەڵدەبـژێرێت[*]، جگە لە لیژنەی چاودێری حساباتی کۆتایی حکوومەت کە هەر بەشێك تەنها دوو نوێنەری بۆ ئەم

---

[١] م.م.ت: الدورة الانتخابية الاولى الاقباع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة (١) في ١٦تـمموز ١٩٢٥، ص٤.

[٢] المصدر نفسه، الدروة الانتخابية الرابعة الاجتماع غير الاعتيادي لنسة ١٩٣٣ الجلسة (١) في ٩اذار ١٩٣٣، ص٤٥.

[٣] النظام الداخلي، المصدر السابق، المادة (١٠).

[*] لێژنە بەردەوامەکان بریتییە لە: ١- لێژنەی سکاڵاو داخوازیەکان. ٢- کاروباری ناوخۆ. ٣- کاروباری دەرەوە. ٤-کاروباری یاسایی. ٥-کاروباری نیزامی و لەشکری. ٦- کاروباری ئابووری. ٧- کاروباری دارایی. ٨- کاروباری مەعارف. ٩- لێژنەی وردبینی کۆتایی حساباتی حکومەت. النظام الداخلي: المصدر السابق، المادة ٢/٦ الفقرة ب.

لێژنەیە هەڵدەبژێرێت ئەم بەشانە مەزبەتەکانی نوێنەرەکان سەیر دەکات و لێی وردتردەبێتەوە[1].

**د- چۆنێتی دەنگدان لە ئەنجوومەندا:**

ڕێگاکانی دەنگدان لە ئەنجوومەندا جیاوازی هەیە پێوەندی بە گرنگی ئەو بابەتەوە هەیە کە بەپێی ویستی نوێنەرەکان دەخرێتە دەنگدانەوە، دەنگدان سێ جۆرە ئەویش: ١-دەنگدان بە ئاماژە. ٢- دەنگدان بە دەستنیشانکردنی ناوەکانەوە[2]. ٣- دەنگدان لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنیەوە.

**هـ- کارڕاییە دابینکەرەکان لە ئەنجوومەندا:**

پێویستە ئەنجوومەن هەندێ ڕێگا بگرێتەبەر بۆ پاراستنی نیزام و بێدەنگی و ئارامی و ئاسایش لە نێو ئەنجوومەندا، ئەنجوومەن لەم بوارەدا سێ ڕێگا دەگرێتەبەر کە دەبێتە هۆی پابەندبوونی نیزام و ئاسایش، ئەویش: ١- ئاگادارکردنەوە (الاخطار). ٢- سەرزەنشتکردن (التوبیخ). ٣- دەرکردنی کاتی لە ئەنجوومەن. ئەمیش سەبارەت بەو نوێنەرە دەکرێت کە سەرپێچی لە نیزامی ناوخۆی ئەنجوومەن دەکات و بەپێی شێوەی سەرپێچییەکە بەکاردێت[3]، هیچ شێوەیەك لەم سێ جۆرە سزایە سەبارەت بە هیچ کام لە نوێنەرەکانی کەرکووك ئەنجام نەدراوە[*] ئەمیش ئەوە ڕادەگەیەنێت تا چی ڕادەیەك پابەندی نیزامی ناوخۆی ئەنجوومەن بوونە.

---

[1] المصدر نفسه، المادة (١٦) الفقرة (أ).

[2] بۆ ڕونکردنەوەی چۆنیەتی دەنگدان بەو سێ ڕێگایە بڕوانە: المصدر نفسه، المواد(٧٩-٨٢).

[3] المصدر نفسه، المواد (١١٨-١٢٠).

[*] ئەم هۆیانە بارودۆخێك كە هەڵبژاردن بە شێوەی گشتی كە لە عێراقدا ئەنجامدەدرا و تاچی ڕادەیەك دەسەلاتی جێبەجێ كردن بەسەر ئەنجوومەنی نوێنەراندا زاڵ بووە دەخاتە ڕوو بەڵام سەبارەت بە پارێزگای كەركوك و نوێنەرەكانی و كاریگەری ئەم هۆیانە بەسەریانەوە لە مەبحەسی دووەمی ئەم فەسلەدا باسی لێوە دەكەین.

**٣- هۆكاره كارتێكردنەكان له ژیانی پەرلەمانیدا:**

ئەنجوومەنی نوێنەران تەنها ئەنجوومەنێك بوو كه نوێنەرایەتی خەڵكی پێسپێردرا[1] سەبارەت به چاودێری رامیاری دەسەلاتی جێبەجێكرد، بەلام ئەنجوومەن به لاوازی تواناو دەسەلاتی له جێبەجێ كردنی ئەرك و مافەكانیدا ناوبانگی دەركردبوو، ئەویش بەهۆی چۆنیەتی ئەحكامەكاندا كه له یاسای بنەرەتیدا بۆی دیاری كرابوو سەبارەت به حوكمڕانی سیاسی به شێوەیەكی گشتی و ئەنجوومەنی نوێنەران به شێوەیەكی تایبەتی دەكەوێتە بەرچاو[*]. ئەنجوومەن كەوتە ژێر كاریگەری هۆی فراوانەوە كه بێ هێز و لاواز و زەبوونی كرد.

**أ- ڕۆڵی دەسەلاتی ڕاپەڕاندن (التنفیذیة)(وەزارەتەكان):**

حكوومەتە یەك بەدوایەكەكانی عێراق زاڵ بووە بەسەر دەسەلاتی یاسادانانددا به درێژایی سەردەمی پاشایەتی ئەویش له ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە و دەست به هەڵبژاردنێكی تر كردنەوە بۆ دروستكردنی ئەنجوومەنێكی نوێنەرانی نوێ كه زۆربەی بۆ مسۆگەر بكات له ڕێگەی كۆنترۆڵ كردنی هەڵبژاردنەوە. بێگومان هەموو

---

[1] نزار توفيق سلطان الحسو: الصراع على السلطة في العراق الملكي، دراسة تحليلية في الادارة والسلطة، مطبعة دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٤، ص٨٥.

[*] لەماوەی ١٦ دەورەی هەڵبژاردندا ئەنجوومەن نەیتوانی كه وەزارەتێك ناچار به دەستكشانەوە لەكار بكات جگە له وەزارەتەكەی نۆهەمی نوری سەعیدی ڕێكەوتی ٢١تشرين دووەمی ١٩٤٦- ١١ئازاری ١٩٤٧ كاتی هەستی به نەیاری كرد بەرامبەر به سیاسەتەكەی كه له نێو ئەنجوومەندا بەلام وەزارەتەكە لەماوەی ١٢ دەوررەی وەزارەتەكان ئەنجوومەندا ئەنجوومەنیان هەڵوەشاندوتەوە تەنها سی دەورە دەورەكانیان به تەواوی كۆتایی پێ هێناوە ئەویش دەورەكانی نۆهەم و دوانزەهەمو پانزە هەم بۆ و ئەمیشە لاوازیو زەبوونی ئەنجوومەنی نوێنەران دەخاتەڕوو، احلام حسين جميل: الخلفية السياسية والاجتماعية للاوضاع التي كان تطبق في ظلها دستور ١٩٢٥ في العراق، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٦-ص٢٧.

جۆره وەسیلەو دەستپێچو ڕێگایەکی دەگرتە بەر بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی پاڵێوراوەکانی لەو ڕۆژەوە دەست دەکرایە پاڵێوتن و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە ڕێگای فشارو تەنگ هەڵچنین بە پاڵێوراوەکان و هەڵبژێدراوەکان دەستبەکاردەبو هەروا لە ڕێگەی دەستێوەردان و گۆڕانی لاپەڕەکانی هەڵبژاردن و ناوی هەڵبژێراوەکان[1].

**ب- ڕۆڵی پاشا لە ژیانی پەرلەمانیدا:**

پاشا بە تەنها مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی هەبوو هەروا دەرکردنی فەرمانە پاشاییەکان بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجوومەنی نوێنەران[2] و زۆربە دەگەڕایەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم مافە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەن.

کاتێ وەزارەتێك کە زۆربەی نوێنەران لایەنگیری لە ئەنجوومەندا نەکردبایە پاشا ئەو ئەنجوومەنی نوێنەرانەی هەڵدەوەشاندەوە تا زۆربەی لە ئەنجوومەنێکی نوێدا دابین بکات و لایەنگری پاشایەتی بێت[3]. بەو دەستاویزانەوە کە لە پێشدا باسمان کرد و باشترین نموونە بۆ ئەم بارودۆخە وەزارەتیان خستە ئەستۆی ئەرشەد عومەری دوای دەستیان کێشایەوە وەزارەتەکەی فازل جەمالی دووەم لە ١٩نیسانی ١٩٥٤دا عومەری لە ٢٨نیسانی وەزارەتەکەی دامەزراند و یەکەمین کارێکی کە کردی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنیدا[4].

---

[1] جبار: المصدر السابق، ص١٦" فائز عزيز اسعد: انحراف النظام البرلماني في العراق، ط٢، مطبعة السندباد، بغداد، ١٩٨٤، ص١٩١-١٩٢" عبدالله شاني ، وقفات ديموقراطية في مجلس النواب العراقي سنة (١٩٤٧)" مجلة المؤرخ العربي العدد(٤٧)، بغداد، ١٩٩٤، ص٨٩-ص٩٠.

[2] القانون الأساس، المصدر السابق، المادة (٢٦) للفقرة (٢٥).

[3] سعد: تاريخ الوزارات، ج٩، ط٧، ص٢٢٤.

[4] الحسني: المصدر السابق، ج٩، ص١٠٩-١١١.

ج- خۆپالاْوتن بۆ نوێنەرایەتی:

حکوومەتـەکانی یـەك بـەدوای یەکـدا هـاتووی عێـراق لیسـتی تایبـەتی بۆخۆی ئامادە دەکرد کە ناوی پالێوراوەکانی بۆ نوێنەرایـەتی لـە خـۆدەگرت بەتایبەت ئەوانەی کە حکوومەت لایەنگریوو پالپشتیانی لیٚ دەکرد. سەرەڕای ئـەو لیسـتە تایبەتییانـە خـودی پاشـا کـە دەسـەلاتە خۆجێییـەکان کـاری بردنەوەیانی لە هەلبژاردندا دەخستە ئەستۆی خۆی[1]، جگە لەمانـە نوێنـەرە پێشوەکانی ئەنجوومەن ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششیان دەخستە گڕ بۆ دووبارە هەلبژاردنەوەیان لەبەر ئـەوەی نوێنـەر مـاف و ئیمتیـازاتی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە[2] و ئـەم حالـەتـە سـەبارەت بـە نوێنـەرەکانی پارێزگـای کـەرکووك زۆر بەدیـدەکرا، کـە زۆربـەیان چـەندین جـار بـۆ چـەندین دەورەی نوێنەرایـەتی پارێزگاکە هەلبژێردراونەتەوە[3].

د- ڕۆڵی هۆزەکان:

سـەرۆکەکانی عەشـایر ڕۆڵێکـی بەرجەسـتە و بەرچـاویان هـەبووە لـە لاوازکردنـی ژیـانی پەرلەمانیـدا، چـونکە کاراییـان نـەبووە وەك نوێنـەری ئەنجوومـەنێك کـە ئـەرکی سـەرەکی چـاودێری سیاسـەتی دەسـەلاتی جێبەجێکـەرە(السـلطة التنفيذيـة) بەتایبـەت کـە زۆربـەیان لـە فێربـوون و فەرهەنگ و خوێندەوارییەوە بەدوور بوون[4]. چەندین جار هەلبژاردنی سەرۆك عەشـایرەکان لـە ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا بـە پالپشـت بـە دەنگـدەرەکانی عەشـیرەتەکانیان دووبـارە دەکرایـەوە و نموونـەی ئەمـە نوێنـەری کـەرکووك

---

[1] اسعد: المصدر السابق، ص١٨٣-١٨٤.

[2] هنري فوستر: نشأة العراق الحديث، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، مطبعة دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٩، ص٤٤٣؛ جريدة الزمان العدد (٢٧٥) في ٧تشرين الأول ١٩٣٠.

[3] راجع الملحق ذي الرقم (١).

[4] للحسو: المصدر السابق، ص٧١؛ جميل: الخلفية السياسية والاجتماعية، ص٧٥-٨٠.

ئەمین ڕەشید هەمەوەندی بوو کە لە پێنج دەورەی هەڵبژاردندا بەشداری کردو ببووە نوێنەر[1].

ه- ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان:

نەخشی پارتە سیاسییەکان لە ژیانی پەرلەمانیدا فراوان نەبووەو سنووردار بووە تا مۆڵەت وەرگرتنی پارتە ڕامیارییەکان لە نیسانی ١٩٥٤دا دراوە کە حزبە نەیارە ئاشکراکانیشی گرتەوە، چونکە ئەم حزبانەو لە ئامانجەکانیان دا جیاوازی هەبوو و جیاوازی لە ناسنامەی دامەزرێنەرەکانیاندا ئەندامەکانی حزبەکەداو دەردەکەوێت، چونکە حزبەکانی حوکمڕانان جێیانی گرتبۆوە و هەرگیز شێوەی جەماوەری بەخۆیەوە نەگرت چونکە هەڵبژاردنی نوێنەران بەرەنگ و بۆی حکوومەتییەوە مایەوە[2]، بەڵام پارێزگای کەرکووك زۆر کەوتە ژێر کاریگەری سیاسەتی حکوومەت و پارتەکانیەوە چونکە سەنتەری پاڵاوتنی نوێنەرەکان بوو لە لایەن حکوومەتەکانەوە و لەم بوارەدا پارتی "الاتحاد الدستوری-یەکێتی دەستوری"[*] پشکی گەورەی تێدا هەبوو[3].

---

[1] الملحق ذي الرقم(١).

[2] الحسو: المصدر السابق، ص٧٣؛ عادل غفور: احزاب المعارضة العلنية في العراق(١٩٤٦-١٩٥٤)، مطبعة اوفست الانتصار، بغداد، ١٩٨٤، ص٢١٨؛ جميل: الخليفة السياسية والاجتماعية، ص٥٥-٦٠.

[*] پارتی یەکێتی دەستوری (الاتحاد الدستوري) لە ٢٤تشرینی دووەمی ١٩٥١دا بە سەرۆکایەتی نوری سەعید دامەزرا، وە زۆربەی ئەندامەکانی لەسەرۆك عەشایرو دەرەبەگەکانو وخاوەنی بەرژەوەندییە مەزنەکانوو ئەوانەی بەشوین کورسی نوێنەرایەتی گەڕاوەکان بون ئامانجی ئەم حزبە پاڵپشتی سیاسەتی نوری سەعید بۆ ئەم حزبە لە ٣ی ئابی ١٩٥٤دا هەڵوەشێنرا. بڕوانە: عبدالرزاق الحسني: تاريخ الاحزاب السياسية العراقية (١٩١٨-١٩٥٨) مركز الابجدية للصف التصويري، بيروت، ١٩٨٠، ص٢١٧-٢٢٤.

[3] بڕوانە لاپەڕەی (٥١) لەم بەشەدا.

٤- نوێنەرایەتیی ژمارەیی-نوێنەرانی کەرکووك:

عێراق بەپێی ماددەی دووەمی یاسای هەڵبـژاردنی نوێنـەرەکان سـاڵی (١٩٢٤) بۆ سێ ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکرا وەك لە پێشـەوە باسمـان کـرد، پارێزگای کەرکووك لە نێو ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەمدا بـوو کـە بـریتی بـوون جگـە لـە پارێزگـای کـەرکووك لـە پارێزگـای مووسـڵ و سـلێمانی و هـەولێر، پارێزگـای کـەرکووك چـوار قـەزای دەگرتەبـەر کـە بریتیـی بـوون لـە قـەزای سـەنتەری کـەرکووك و قـەزای کفـری و چەمچـەماڵ و توزخورمـاتو و پـانزدە ناحیەشی دەگرتەوە بەر[1]، هەر قەزایەك ناوچەیەکی هەڵبژاردن دەژمێردرێت جگە لە قەزای کەرکووك کە بۆ دوو ناوچـەی هەڵبـژاردن دابەشـکرا یەکـەمیان شـاری کـەرکووك و ناحیـەی قەرەحەسـەن و مەملەحـە دووەمیـان ناحیـەی ئاڵتوون کۆپری وشوان کۆچەرەکانی عەشایری عوبەیدی دەگرتەوە[2].

ژمارەی نوێنەرەکان لە ئەنجوومەندا تا ساڵی ١٩٣٥ (٨٨)نوێنـەر بـوون پتربوونی ژمارەی نوێنەرەکانی هەندێ پارێزگاکان بە ڕێژەی نوێنەرێك یا دوو نوێنەر لەبـەر زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو پارێزگایانـە لـە نێوانیانـدا (٨)نوێنەری کەمایەتی کریستیانەکان و جولەکەکان بـە نیواونیـو دەبینـران و ئـەم ژمارەیـە سـاڵی(١٩٣٥) بـۆ (١٠٨) نوێنـەر پترتـر بـوو دوایـی لـە سـاڵی (١٩٤٣)دا[3]گەیشـتە (١١٨)نوێنـەر و لـە سـاڵی (١٩٤٧)دا ژمارەکـە گەیشـتە (١٣٧)نوێنەر دوایی ژمارەکە لـە دەورەی هەڵبـژاردنی شـانزەهەمدا ڕێکـەوتی سـاڵی (١٩٥٨) گەیشـتە (١٤٨) نوێنـەر ئـەم پتربونـە لەبـەر زۆربوونێـك لـە ژمارەی دانیشتواندا هاتووەتەکایەوە[4]، وەکو لە پێشەوە باسمـان کـرد هـەر نوێنەرێك نوێنەرایەتی بیست هەزار کەسی لە نێرینەکان دەکـرد بـە پاڵپشـتی ماددەی (٣٦) یاسای بنەڕەتی عێراق ژمارەی دانیشتوانی نێرینەی پارێزگـای

---

[1] فهمي عرب اغا وفاضل محمد: ماذا في كركوك، مطبعة التتويج، كركوك، ١٩٥٧، ص٢٤.

[2] انظر الملحق ذي الرقم(٢).

[3] خدوري: المصدر السابق، ص٥٠.

[4] الحسني: تاريخ الوزارات، ج١٠؛ط٧ الاحصاء الخاص بالمجالس النيابية، ص٢٨٩-٣١٥.

کەرکووك گەیشتە (١٩٨) بۆیە دەبوایە نوێنەرانی پارێزگاکە چوار نوێنەر بوایە بە مانای ٤/٥ ژمارەی کۆی نوێنەرەکان[1]، ژمارەی نوێنەرکانی کەرکووك پتر بوو گەیشتە (٥) نوێنەر لە دەورەی هەڵبژاردنی پێنجەمدا ڕێکەوتی ٩کانوون یەکەمی ١٩٣٤– ٩ نیسانی ١٩٣٥ بەمانای ڕێژەی ٥,٥٪ لە ژمارەی کۆی نوێنەرکان کە (٩٠) نوێنەر بوون و لە دەورەی هەڵبژاردنی شەشەمدا ڕێکەوتی ٨ئابی ١٩٣٥– ٢٩تشرین یەکەمی ١٩٣٦ ژمارەی نوێنەرەکانی کەرکووك پتر بوو گەیشتە (٦) نوێنەر بە مانای ٥,٥٪ ئەویش بە بۆنەی زۆربوونی ژمارەی کۆی نوێنەرکان بۆ (١٠٨) نوێنەر دوایی ژمارەکەیان بەرز بۆوە بۆ (٨) نوێنەر بە مانای ڕێژەی ٥,٨٪ لە دەورەی هەڵبژاردنی یازدەهەمدا ڕێکەوتی ٧ئازاری ١٩٤٧– ٢٢شوباتی ١٩٤٨ کە ژمارەی نوێنەرەکانی گەیشتە (١٣٧) نوێنەر[2].

لە ساڵی (١٩٥٦)دا دادگای دووبارەکردنەوەی کەرکووك ئیستئناف بڕیاری دروستکردنی پلەیەکی نوێنەرایەتی بۆ کەمایەتییە کریستیانەکان کرد بەپێی یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی نوێ ژمارە (٥٣) ساڵی (١٩٥٦)[3] وەزارەتی ناوخۆ ڕۆژی ٢٩ی تشرین دووەمی ١٩٥٦ وەك کاتی دیاریکراوی هەڵبژاردن لە قەزای کەرکووکدا دەستنیشانکرد[4].

سەرئەنجامەکەی هەڵبژاردنی (نعمە الله هندی)ی لێکەوتەوە، بەم شێوەیە ژمارەی نوێنەرەکانی پارێزگاکە بووە (٩)نوێنەر بە مانای ٦,٥٪ لە ئەسلی (١٣٧) نوێنەر لە دەورەی هەڵبژاردنی پانزەهەمدا، ڕێکەوتی ١٦ئەیلوولی ١٩٥٤– ٢٧ئازاری ١٩٥٨، و ژمارەی نوێنەرەکان لە دەورەی هەڵبژاردنی شەشەمدا ڕێکەوتی ١٠ئایاری ١٩٥٨– ١٤تەمموزی ١٩٥٨ پتر

---

[1] و.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم(٨٨٢٢/٣٢٠٥٠) وتبقه رقم (١٩)، ص٣٠.

[2] ئەم زانیارییانەم لە مەحزەرەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە وەرگرتووە.

[3] الحكومة العراقية، قانون انتخاب النواب رقم (٥٣) لسنة ١٩٥٦، مطبعة أم الربيعين، الموصل، ١٩٥٦، المادة(٣٣).

[4] و.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملف رقم (٥٩٥٧/٣٢٠٥٠) وثيقه رقم (٥٢) ص٥٥.

بوو بەڵام ئەم زیادبوونە نوێنەرەکانی کەرکووکی نەگرتەوە، بەم جۆرە ڕێژەی لــە ســەدای نوێنــەرەکانی کــەرکووك بــۆ ٦٪ کــەمبووەوە[(١)]، جگــە لــەم گۆڕانکارییانــە کــە لــە ژمــارەی نوێنەرکانــدا ڕوویــدا و گۆڕانکــاری تــر وەکــو حاڵەتەکانی مردن و دەست لەکارکێشانەوەش دەبینرا، بەڵام ئــەوەی ڕاســتی بێ ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری لە ژمــارەی نوێنەرەکانــدا نــەدەکرد، چــونکە کەسانی تر جێگاکانیان دەگرتنــەوە، بــەڵام یــەك حاڵــەتی مردنــی نوێنــەرێکی کەرکووکدا ئەویش مردنی نوێنــەر محەمــەد عــەلی قــیردار بــوو لــە ســەردەمی دەورەی پێنجەمــدا ڕێکــەوتی ٢٩کــانوون یەکــەمی ١٩٣٤– ٩ نیســانی ١٩٣٥ ئەنجوومــەنی نوێنــەران لــە ٢٩کــانوون یەکــەمی١٩٣٤ پرســە و ماتــەمینی بــۆ ڕاگەیاند و پێنج خولەك لــە کــار ڕاوەســتا بــەهۆی کۆچــی دواییــەوە[(٢)] و هــیچ کەسێك لە شوێنیدا هەڵنەبژێردرا لەبەر کورتی ماوەی خوولەکە.

بــەڵام زیــاتر لــە یــەك حاڵــەتی دەســت لەکارکێشــانەوە ڕوویــدا، نوێنــەر حــەبیب عــەلی تاڵــەبانی لــە نوێنەرایــەتی لــە دەورەی هەڵبــژاردنی چــوارەمدا ڕێکــەوتی ٨ئــازاری ١٩٣٣– ٤ئــەیلوولی ١٩٣٤ بــەهۆی مووچــەخۆربوونەوە دەستی لە کارکێشایەوە و لە جێی ئەودا سلێمان فەتاح لە ٢١کانوون دووەمی ١٩٣٤دا هەڵبژێردرا[(٣)]. هەروا دوای ئــەوەی تاڵــەبانی لــە دەورەی هەڵبــژاردنی پێنجەمــدا هەڵبژێردرایــەوە جــارێکی تــر دەســتی لەکارکێشــایەوە لەبــەر مووچەخۆربوون و لە جیاتیدا سلێمان فەتاح[(٤)] جــارێکی تــر هەڵبژێردرایــەوە، هەروا نوێنەری کەرکووك فازل تاڵەبانی لە دەورەی هەڵبژاردنی ســیازدەهەمدا ڕێکــەوتی ٢٤کــانوون دووەمــی ١٩٥٣– ٢٨ نیســانی ١٩٥٤ دەســتی لــە

---

[(١)] ئەم زانیاریانەم لە مەحزەری دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە وەرگرتووە.

[(٢)] م.م.ن: الدورة الانتخابية الخامسة الاجتماع الاعتيادي لسنة (١٩٣٤) الجلسة (١) في ٢٩كانون الأول ١٩٣٤، ص٥.

[(٣)] و.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم (٣٢٠٥٠) وثيقه رقم(١) ص٣.

[(٤)] الحسني: تاريخ الوزارات، ج١، ط٧، الاحصاء الخاص بالمجالس النيابية، ص٢٨٩–٣١٥.

کارکێشایەوە بەهۆی دامەزراندنیەوە بە سەرۆکی شارەوانی کەرکووك سـەعید عەبدولمەجید قەزاز بێ پێشبرکی شوێنەکەی گرتەوە[١].

**٥- پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نوێنەرەکانی کەرکووك:**

زۆربەی نوێنەرەکانی کەرکووك سەر بە بنەماڵەی خاوەن مۆلکەکانن کە خـاوەنی زەویـوزارێکی زۆر و فـراوان و پـان بـوون و دەسـەڵات و نفـوزێکی بەرفراوان و پێگەیەکی دیارو ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ژیانی کۆمەڵایـەتی گشـتی لـەو ناوچـانەدا هەیـە، وادیـارە ئـەم بنەماڵانـە لـە ژیـانێکی پـڕ لـە سـامان و کامەرانی و خۆشیدا دەژیان کە مـەودای فێربـوونی خوێنـدنی بـۆ ڕۆڵـەکانیان دەڕەخساند ئـەمیش بـووە هـۆی ئـەوەی هـەنگاو بەهـەنگاو پلـە سـەربازی و سـیڤیلی و مەدنیـەکان کـە پلـە کـارگێڕی و و کاریگەرییەکانیشـی دەگرتـەوە ببڕن و بیگرنە دەست و ئەمەیش بـەو مانایـە سەرچـاوەی بنەماڵـەکانیان لـە بنەڕەتدا یەك چینە ئەویش ئەوە دەگەیەنێت ئەمانـە ڕۆڵـەی بنەماڵـە خـاوەن زەوی و زارو سەرۆك عەشیرەتەکانن.

ئـەو کـارو وەزیفانـە کـە نوێنـەرەکان پـێش ئـەوەی ببنـە نوێنـەر بـە دەستیانەوە بووە و سەرقاڵی بوون کاریگەری لە ژیـانی نوێنەرکانـدا هـەبووە چی لەبەر بەکارهێنانی ئەو پلەو مەقامەیانـەوە بـۆ وەرگـرتنی کورسـییەکانی نوێنەرایەتی یا وەك لە ڕێگەی خوێندەواری تایبەت و ئەو بیروباوەڕەی کە لە نێو ئەنجوومەنـدا هەبوویانـە ئـەم لیسـتەی خـوارەوە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی نوێنەرەکانی کەرکووك لە ماوەی (١٩٢٥-١٩٥٨) دەردەخات[٢].

هەندێ لە نوێنەرەکان کورسـی نوێنەرایـەتیان بـە پاڵپشـت بـە پێگـەی بنەماڵەییـەوە کەوتوەتـە دەسـت وەك بنەماڵـەی نەوتچـییەکان و بنەماڵـەی قیردارەکـان ژمارەیـەك لـە کورسـییەکانی نوێنەرایـەتیان بەدەسـت هێنـا بـە

---

[١] و.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم(٩٥٢٥/٣٢٠٥٠) وثيقه رقم (١٦٠)، ص١٨٤.

[٢] ئەم زانیاریەم کە لەم لیستەدا هاتووە لـە سەرچـاوەی جـۆراو جـۆر و جیـاوازەوە بەدەسـت هێناوە.

درێژایی دەورەکانی ئەنجوومەن کە بریتی بوو لە شانزە دەورە[1]، هەروەها هەندێکی تریان متمانەیان بە دەنگی ڕۆڵەکانی عەشیرەتەکانیان بەستبوو یا وەك بەپشتبەستن بە پێگەو پلەو پایەی ئایینی خۆیان[2].

نوێنەر عەبدوللا سلێمان بەیاتی بۆ نوێنەرایەتی خۆی پالاوت بە متمانەی دەنگی عەشیرەتەکەیەوە چونکە عەشیرەتی بەیات بەشێکیان لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای دیالە و بەشێکی تریان لە قەزای توزخورماتو سەر بە پارێزگای کەرکووك دەژین و بەهۆی پێشبڕکێیەوە لەسەر نوێنەرایەتی قەزاکە لە نێوان عەشیرەتی داودەو تالەبانیدا خۆی لە پارێزگای دیالەدا پالاوت و دوو جار نوێنەرایەتی بەدەستهێنا دوایی خۆیی لە قەزای توزخورماتوودا پالاوت لە دەورەی هەڵبژاردنی دوانزەهەمدا ڕێکەوتی ٢١حوزەیرانی ١٩٤٨– ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٢ هەروا لە دەورەی هەڵبژاردنی سیانزەهەمدا ٢٤کانوونی دووەمی ١٩٥٤– ٢٨نیسانی ١٩٥٤ نوێنەرایەتی لەو ناوچەیەدا بەدەستهێنا[3].

وا دیارە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە پاڵ بۆچوونە سیاسیەکاندا نەخشی کاریگەریان هەبووە لە بەدەستهێنانی کورسییەکانی نوێنەرایەتیدا، چونکە پەیوەندی و بۆچوونی ڕامیاری و پێگەی کۆمەڵایەتی هۆیەکی بەرچاوی هەبوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

**٦– چوونەڕیزی ڕامیاری و ڕۆڵی لە هەڵبژاردندا:**

وەکو لە پێشەوە باسمان کرد هەڵبژاردنی نوێنەرەکان دەستێوەردانی ئاشکراو ڕوونی بەخۆیەوە دەبینی بە مەبەستی سەرخستنی پاڵێوتەکانی

---

[1] دیدارێکی تایبەتی تاوتوێکەر لەگەڵ دوکتۆر عبدالله حسین النفتجی دا لە کەرکوك لە ڕێکەوتی ١نیسان ساڵی ٢٠٠٠ز.

[2] دیدارێکی تایبەتی تاوتوێکەر لەگەڵ نوێنەر حەبیب مەنسور تالەبانی لە کەرکوکدا لە ڕێکەوتی ٣نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ز.

[3] نامەیەکی تایبەتی لە کورەکانی نوێنەر عبدالله سلیمان بەیاتییەوە بوو تاوتوێکەر لە ڕێگەی ئیبراهیم ئاغای کاکەییەوە لە ڕێکەوتی ٢حوزەیرانی ٢٠٠٠ز.

حکوومەتــەوە بۆیــە هەنــدێ لــە نوێنــەرەکان لــە عاشــقان و دڵباختــەکانی نوێنەرایەتی دەکۆشان بۆ ئــەوەی ببنــە ئەنــدامی پارتــەکانی فــەرمانڕەوا بــەو مەبەستەی کە پاڵپشتیان بێت لە هەڵبژاردندا. ئەوەبوو دە نوێنەری کەرکووك چوونە ڕیزی پارتی یەکێتی دەستووریەوە بە سەرۆکایەتی نووری سەعید کـە بــریتی بــوون لــە: محەمــەد حــاجی نوعمــان ونــداوی و داود جــاف و ئــەمین هەمەوەندی و کامل یەعقوبی و فازل تاڵـەبانی و عەبـدوڵلا سـلێمان بـەیاتی و عەلی (خادم السجادە) و ئیبراهیم نەوتچـی و حوسـێن خانـەقا وحـەبیب سـیا مەنسوری تاڵەبانی[1].

---

[1] بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: الملف ذي الرقم (١٧).

## جیٚ باسی دووەم

## هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لە پارێزگای کەرکووکدا

عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا وەکو لە دەستووردا هاتووە رژێمێکی پاشایەتی دەستووریە کە وەزارەتەکەی بەرپرسە لە بەرامبەر ئەنجوومەنی نیشتمانیدا (پەرلەمان) کە بریتییە لە هەردوو ئەنجوومەنی پیاوماقولاَن و نوێنەران لە ٢ئابی ١٩٢٤دا بەپێی دەستوور و لایحەی یاسای هەڵبژاردن داکۆکی لەسەرکرا.

**١- یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان[*]:**

دەستوور لە ماددەی (٣٧)ی یاسای پشتبەستنی بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان و چۆنیەتی پالاَوتنیان لە رێگای دەنگدانی نهێنییەوە و پێویستی نووێنەرایەتیکردنی کەمایەتیەکانی "کریستیانیەکان و موساییەکان"ی دەستنیشانکرد.

یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ ساڵی١٩٢٤قەزاکانی سەر بە پارێزگاکانی ناوچەیەکی هەڵبژاردن ژماردبوو بەپێی ژمارەی دانیشتوانی نێرینە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردنی بە (١٥) هەزار کەس دەستنیشان کردبوو بە مەرجێك ژمارەکە لە (٧٠) هەزار کەس پتر نەبێت و ئەگەر هاتوو ئەم ژمارەیە لە ژمارە یەکەمەکە کەمتر بوو دەخرێتە پاڵ ناوچەیەکی هەڵبژاردنی تر و ئەگەر هاتوو ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لە ژمارەی دووەمەکە پترتر بوو[١] ئەو کاتە

---

[*] یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان ساڵی ١٩٢٤ز چوار جار لەسەردەمی دەورەی شانزە نوێنەرایەتیدا پشت ڕاستکراوەتەوە: یەکەم: یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ژمارە (١١) ساڵی (١٩٤٦ز. دووەم: یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ژمارە (٦) ساڵی ١٩٥٢ز. سێیەم: یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٥٢ز. چوارەم: یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ژمارە (٥٣) ساڵی ١٩٥٦. بڕوانە: جمیل: الخلفیە السیاسیە والاجتماعیە، ص٤٠-٤٣.

[١] جريدة الموصل، العدد (٩٠٤) في ٨تشرين الثاني ١٩٢٤؛ قانون الانتخاب النواب لسنة ١٩٢٤ المادة (٥).

دابـەش دەبێـت و دەكرێتــە ناوچــەیەكی هەڵبــژاردنی دووەم هــەروا یاســاكە چۆنێیەتی هەڵبژاردنی دەستنیشان كرد كە پێویستە بە دوو قۆنـاغ[1] ئـەنجام بدرێت، ئەویش دەنگدەرە یەكەمەكان هەڵدەستن بـە هەڵبـژاردنی هەڵبـژێراوە لاوەكییەكان ئەمانیش نوێنەرەكان هەڵدەبژێرن و هەڵبـژێردراوە لاوەكییـەكان بە ڕاژەی یەكێك بۆ كۆی (٢٥٠) [*] دەنگدەر هەڵدەبژێردرین[2].

بە مەبەستی هەڵبژاردنی لێژنە پشكێنەرەكان هەیئەتی ڕیش سـپییەكان لــە هــەر مەحەلــەو كــۆلانێكی ناوچــەی هەڵبژاردنەكانــدا دەســت دەكەنــە هەڵبژاردنی پێـنج كـەس لـە نێـوان دانیشـتوانی مەحەلەكـەدا بـۆ هەڵبـژاردنی لێژنەكە بە دەنگدانی نهێنی[3]، لە هەر بەشـێكی هەڵبژاردنـدا لـەو ڕۆژەی كـە لێژنەی پشكنینی دەستنیشانی دەكات هەڵبژاردن دەستی پێ دەكات لە ژێـر چاودێری لێژنەیەكی هەڵبژاردنـدا، كـە بـریتیین لـە هەیئـەتێكی ڕیـش سـپی و پیاومــاقولانی ســەنتەری ئــەو بەشــە بــە چــاودێری ئەنــدامێك لــە هیئــەتی پشكنیندا[4].

دوای ئەنجامــدانی هەڵبــژاردنی ســەرەتایی دەنگــدەرە لاوەكییــەكان بانگهێشت دەكرێن بـۆ هەڵبـژاردنی نوێنـەرەكان بـەپێی مـاددە (٣٧) یاسـای هەڵبژاردنی نوێنەران و سفەتی هەڵبژێردەری لاوەكـی بەردەوامـە بـە درێـژایی دەورەی هەڵبژاردنەكە.

**أ- مەرجەكانی هەڵبژاردن:**

سەرجەم دانیشتوانی نێرینە كە تەمەنیان لە بیست سـاڵ كـەمتر نـەبێت

---

[1] جريدة الموصل، العدد (٩٠٤) في ٨تشرين الثاني ١٩٢٤؛ قانون الانتخاب النـواب لسـنة ١٩٢٤ ، المادة (١).

[*] ئم ماددەیە بەم شێوەیە پشت ڕاست كرایەوە هەڵبژێراوی لاوەكی بە ڕاژەی هەڵبژێراوێك بـۆ (١٠٠) دەنگدەرە یەكەمەكان بەپێی یاسـای هەڵبـژاردنی نوێنـەرەكانی بـە ژمـارە(٦) سـاڵی (١٩٤٦) ماددەی (١٠).

[2] المصدر نفسه، المادة (١٤).

[3] المصدر نفسه، المادة (١١) الفقرة (٢).

[4] المصدر نفسه، المادة (٢٠).

مـافی هەڵبــژاردنیان هەیــە، ئەگــەر هــاتوو تەگــەرەکانی خاڵــەکانی مـاددەی دووەم[*] کە لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەراندا هاتووە نـەیان گرێتــەوە بـەپێی ئەم یاسایە کادرەکانی لەشکر و پۆلیس مـافی بەشـداربوونیان لـە هەڵبژاردنـدا نییە، چونکە خزمەتی چەکداری و سەربازیدان، بەڵام ئەگەر لە مۆڵەتـدا بـن[1] مافی هەڵبژاردنیان هەیە پێویستە نوێنەرەکان ئەو مەرجانەی کـە لـە مـاددەی (٣٠) دەســتوور دا هــاتووە[2] بیــان گرێتــەوە و پــاڵێوراوی ســەرکەوتوی نوێنەرایـەتی ئەگـەر موچـەخۆر یـا ئەفسـەرێك لـە خزمەتـدا بـەردەوام بێـت پێویستە لە وەزیفەکەی دەستبکێشێتەوە[3].

ب- نوێنەرانی کەرکووك و هەمواردکردنەکانی

**یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان:**

به یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی ساڵی (١٩٢٤) تا سـاڵی(١٩٤٦) لەگـەڵ ئـەو کەموکورییانـەدا کـە تێیـدا[4] بـەدی دەکـرا کـاری پێـدەکرا، زەروری و پێویسـت بـوو، کـە هەنـدێ پشتڕاسـتکردنەوە بەسـەر ئـەم یاسـایەدا ئـەنجام بدرێت تا لەگەڵ پێداویستیەکانی میللەتدا بگونجێت، ئەم یاسـایە کەوتـە بـەر ڕەخنەی پارتەکان و هێزە سیاسییەکانەوە کە داخوازی پشتڕاستکردنەوەیان دەکرد.

ڕەشنووسی یاسـا نوێکـە لـە دەورەی حکوومەتـە سـێیەمەکەی نـووری سـەعیددا ڕێکـەوتی ٢٥کـانوون یەکـەمی ١٩٣٨- ٦ نیسـانی ١٩٣٩ دانـرا، لایحەی پشتڕاستکردنەوەی بە ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش نـەکرا مەگـەر لـە دەورەی حکوومـەتی توفیـق سـویدیدا لـە ٢٣شـوباتی ١٩٤٦- ٣ ئایـاری

---

[*] ئەگەر بە نەداری و ئیفلاس یا مەحجوری و عەقل سوکی شێتی مەحکوم نەکرابێ.

[1] المصدر نفسه، المادة(٤٥).

[2] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەرهەڵستکاری ئاستەنگانە بڕوانە: بەشی یەکەم تەوەرەیی یەکەم.

[3] یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان سەرچاوەی پێشوو، ماددەی(٤٦).

[4] جبار: المصدر السابق، ص٢٥٨-٢٦٢؛ جميل: الخلفية السياسية والاجتماعية، ص٢٦-٢٧.

١٩٤٦ دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕی جیهـانی دووەم (١٩٣٩–١٩٤٥)و لـە ٨ ئاياری ١٩٤٦دا[١].

دانوستان و گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بـە لایحەکـە کـرا و نوێنـەری کـەرکووك داود جـاف ئامـاژەی بـە لایحەکـە کـرد ئـەو ئاسـتەنگانەی کـە هەڵبژاردنی هەڵبـژێردراوە لاوەکییـەکان لـەو ناوچـانەدا کـە ناوچـەی خۆیانـە ڕووبەڕووی دەبنەوە خستە روو داخوازی کرد کە هەڵبـژێردراوە سـانەوییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا هەڵبژێرین، بۆ مسۆگەرکردنی سـەرکەوتن و بردنـەوەی پاڵێوراوەکان کە نووێنـەرانی راسـتەقینەی ناوچـەکانیان دەکـەن و پێویسـتە هەڵبژاراوەکان جێـی متمانـە و ڕەزامەنـدی خـەڵکی ناوچـەکە بێـت[٢]، و ئـەم راستییەی یادی ئەنجوومەنی خستەوە کاتی دەنگدان سەبارەت بە لایحـە کـە ئـەنجام درا (٥٣) نوێنـەری لـە کـۆی (٦٣) نوێنـەری ئامـادەبوو، کـە چـوار نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە داود جاف و دارا داودە و سلێمان فەتاح و عەبدولوەهاب تاڵەبانی ڕەزامەنـدییان لەسـەر لایحەکـە خسـتەڕوو و قبـووڵ کرا، لەو دانیشتنەدا نوێنەر محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی و جەمیل قـیردار ئامادە نەبوون[٣].

هەروا پشتڕاستکردنەوەکە بچووککردنەوەی بازنـەکانی هەڵبژاردنـەکانی گرتەوە ئەوەبوو هەر قەزایـەك بازنەیـەکی هەڵبـژاردن ژمێـردرا کـە لـە پێشـدا پارێزگایەك بازنەیەکی هەڵبژاردن بۆ مـەرجی توانـای دارایـی پاڵاوتووەکانیـان بەرزکردەوە هەروا بۆ هەر (١٠٠) دەنگدەری یەك هەڵبژێردراوی لاوەکـی دانـرا کە لە پێشدا (٢٥٠) دەنگدەر بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی مەرجەکانی پـالاوتن و بەرفراوانکردنی یاسـای چـاودێری دادگـەری لـە بـەڕێوەبردنی هەڵبژاردنـدا[٤]،

---

[١] نذير: المصدر السابق، ص٦٢–٦٣.

[٢] م.م.ت: الدورة الانتخابية العاشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة (١٩٤٥، الجلسة (٣٨) في ١٨ايار ١٩٤٦، ص٣٨٩.

[٣] المصدر نفسه، الجلسة (٣٩) في ٢١ايار ١٩٤٦، ص٤٠١–٤٠٤.

[٤] نذير: المصدر السابق، ص٦٤–٦٥.

دۆزی هەڵبژاردنی ... بەشێکی زۆری داخوازییەکانی هێزە نیشتمانییەکانی خەڵکی و نوێنەرە نەیارەکانی گرتەوە. (٢٩) نوێنەر لە دانیشتنی ٢٦شوباتی ١٩٥١دا پێشنیارێکیان بە ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش کرد کە لە نێوانیاندا نوێنەرێکی کەرکووك بەدی نەدەکرا، کە داخوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆیان کردبوو[1]، لە کاتێکدا گفتوگۆ و دانوستان سەبارەت بەم پێشنیارەکە لە نێوان نوێنەرەکان گەرم بووبوو، بەڵام نوێنەرەکانی کەرکووك لەم دانوستانەدا بەشدارییان نەکرد، وا دیارە ئەم پێشنیارە جێی ڕەزامەندی نوێنەرەکانی حکوومەت نەبووە بۆیە ئەوانیش پێشنیارێکیان لەم بوارەدا بە ئەنجوومەن لە دانیشتنی گرێدراوی ٣نیسانی ١٩٥١ دا پێشکەش کرد ژمارەی نوێنەرەکان کە ئەم پێشنیارەیان پێشکەش کرد (٢٨)نوێنەر بوون لە نێوانیاندا (٤) نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە ئەمین هەمەوەندی و "عەلی خادم السجاده" و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی داخوازی پشتڕاستکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان ژمارەی (٦)ساڵی ١٩٤٦ کرد.

پێشنیارەکە بریتی بوو لە کورتکردنەوەی ماوەی هەڵبژاردن و بەلاوەنانی نوێنەرایەتی موسەوییەکان لە ئەنجوومەندا دوای کۆچکردنیان بۆ وڵاتی سەهیونیستەکان، و ناکرێت پلارو توانج لە هەڵبژاردن بدرێت دوای داکۆکی کردنی مەزبەتەی هەڵبژاردنەکان و سزای بەندکردن بۆ ئەوانەی سەرپێچی لەمە دەکەن بگرێتە بەر[2] و کاتی دەنگ لەسەر ئەم پێشنیارە درا بە زۆرینەی دەنگ قبووڵ کرا و نێردرا بۆ حکوومەت و حکوومەتیش لایحەیەکی لەم بوارەدا داناو پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد لە حوزەیرانی ١٩٥٢دا، و کاتی دەنگدان سەبارەت بە لایحەکە ئەنجام درا (٦٦)نوێنەر ڕەزامەندی لەسەری نیشان دا کە لە نێوانیاندا (٤) نوێنەری

---

[1] م.م.ت: الدورة الانتخابية الثامنة لجلسة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠ الجلسة (٢) في ٢٦شباط ١٩٥١، ص٢٤٨-٢٤٩.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (٣١) في ٣نيسان ١٩٥١، ص٥٠٩.

کـەرکووك کـە بـریتی بـوون لـە داود جـاف و عەبـدوڵڵا سـلێمان بـەیاتی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و محەمەد حاج نوعمان وەنداوی بەدی دەکـران، و لـە دانیشتنەکەیدا (٤)نوێنەر ئامادەنەبوون کە بریتی بـوون لـە نـاجی هـورمزی و عەلی (خادم السجادە) و ئەمین هەمەوەندی و ئەحمەد یەعقوبی[1].

هێزە نیشتمانیەکان لارییان سەبارەت بـە بەڕێوەچـوونی هەڵبـژاردن لـە دوو قۆناغـدا نیشـان دا و داخـوازی پشتڕاسـتکردنەوەیان کـرد کـاتی کـە حکوومەتی ئەرشەد عومەری ویستی هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدات ئەمە بووە هـۆی ئـەوە حکوومـەت بڕیارنامەیـە دەربهێنـێ تێـداهاتبوو کـە هەڵبـژاردنی یەکڕاسـت ئـەنجام دەدا و لێژنەیـەك بـۆ لێکۆڵینـەوە و خوێندنـەوەی یاسـای هەڵبـژاردنی یەکڕاسـتی پێشـنیارکراو دادەمـەزرێنێت بـەڵام ئـەم پێشـنیارە ڕەزامەندی لەسەر نەدرا چونکە نییەت پاکی حکوومەت تێدا بـەدی نـەدەکرا، ئـەم کـارە بـەم شـێوەیە مایـەوە تـا حکوومـەت نیزامـی و سـەربازییەکەی (نوورەدین مەحموود) [*] هاتە کایەوە. و مەرسومێکی بۆ هەڵبژاردن دەرهێنـا گرنگترین شتێك کە تێدا بەدی دەکرا چۆنێتی هەڵبژاردنی یەکڕاست بوو[2] کـە داکۆکی لەسەر کرا، ڕێکەوتی ١٦کانوون یەکەمی ١٩٥٢[3].

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥١ للجلـد(٤٢) في ٢٨حزيـران ١٩٥٢، ص٥٧٣-٥٧٤.

[*] حکومەتی نورالدین مەحموود لە ٢٣تشرین دووەمی ١٩٥٢وەتا ٢٢ی کانونی دووەمـی ١٩٥٣ دامـەزرا، ئـەم حکوومەتـە حکوومـەتێکی سـەربازی بـوو کـە لـە ئـەنجامی ڕاپـەڕینی سـاڵی (١٩٥٢)دا دوای دەسـت لەکارکێشـانەوەی وەزارەتەکـەی مسـتەفا عومـەری لـە ٢١تشـرین دووەمی ١٩٥٣ هاتە سەرکار بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات، بڕوانە: الحسني، تـاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج٨، ص٣٣٧-٣٣٩.

[2] الحكومة العراقية: قانون انتخاب النواب، لسـنة (١٩٤٥) مطبعـة ام الـربيعين الموصـل، ١٩٥٢، المادة(

[3] الوقائع العراقية العدد(٣١٩٨) في ١٨كانون الاول ١٩٥٢.

**٢- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەران**
**لە پارێزگای کەرکووك (١٩٢٥-١٩٥٨)دا**

یاسین هاشمی لە ٢ئابی ١٩٢٤دا بوە سەرۆك وەزیران و حکوومەتەکەی یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی ساڵی (١٩٢٤) لە ٢٢ی تشرین یەکەمی ١٩٢٤دا بڵاوکردەوە[(١)]، فەرمانی پاشایی لە ١٢تشرین دووەمی ١٩٢٤دا دەرچوو بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٥ی تشرین دووەم وەك کاتێکی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردن ئامادەکردنی لیستەکانی هەڵبژێردراوە سەرەتاییەکانی پاڵێوراوەکان و لیستە تایبەتەکانی نوێنەرایەتیان پێشکەش کرد[(٢)] و ئەوەی سەرنج ڕادەکێشەرە لە پارێزگای کەرکووکدا لێشاوی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن[(٣)]، بەڕێوەنەچوو ئەوەی تێبینی کرا پاڵاوتووەکان لە لایەن کەس و کار و خزمان و عەشیرەتەکانیانەوە پاڵپشت دەکران، بۆیە پێویستییەك نەدەبینرا بۆ لێشاوی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن. دوای ئەوەی حکوومەتی هاشمی کارو باری ڕێکخستنی لیستەکانی هەڵبژێراوەکانی تەواوکرد بڕیاری ڕاوەستانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی لە ٣ی شوباتی ١٩٢٥دا دەرکرد، چونکە زیادەڕەوییەك لە ژمارەی هەڵبژێدراوە یەکەمەکاندا دەرکەوتبوو هەروا جیاوازی لە ژمارەی خەڵکی هەندێ لە بازنەکانی هەڵبژاردندا دەبینرا و بڕیاردرا لێژنەیەك بۆ پشکنین و بەدواداچوون و ڕاستکردنەوەی لیستەکانی هەڵبژێردراوەکاندا و گەڕاندنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە کە لە حەقیقەتەوە نزیك بێت دروست بکرێت[(٤)].

بەڵام ئەم وردبینیە پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێر و مووسڵ و سلێمانی نەگرتەوە بەو ئیعتبارەوە کە سەرژمێری لێژنەی سنوور کە بۆ

---

(١) القيسي: المصدر السابق، ص٢٥٨.
(٢) المصدر نفسه، ص٢٦.
(٣) Al-Adhammi, opcit, p.16.
(٤) القيسي: المصدر السابق، ص٢٦٠.

کـۆنگرەی لـۆزانی سـاڵی (١٩٢٣) بـەرزکرابووەوە ڕاسـتەو حەقیقەتـە[١] و هەڵەیەکی تێدا بەدی ناکرێت دوای ئەمە هەڵبژاردنی نوێنەران لە ٨حوزەیرانی ١٩٢٥ لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا دەستی پێکـرد بـێ ئـەوەی ڕووداوێـك کە شایانی باسکردنبێت چی لە کەرکووك یا وەك لە پارێزگاکانی تری عێراقدا ڕووی بـدات، دەسـتێوەردانی حکوومـەت بـۆ مسـۆگەر کـردن و سـەرکەوتن و بردنەوەی پاڵێوتوەکانی بـە هاوکـاری و بەشـداری پاشـا کەوتـە ڕوو[٢]، سـەر ئـەنجام بردنـەوەی (٧٦)پـاڵێوراو لـە کـۆی (٧٩)پـاڵێوراوی حکوومـەت لەسەرجەم نوێنەرەکانی ئەنجوومەن کە (٨٨)نوێنەر بوون لێی کەوتەوە[٣].

لە پارێزگای کەرکووکدا (٤) نوێنەر بردیانەوە کە بریتی بـوون لـە شـێخ حەبیب تاڵەبانی و سەعید حاجی حوسێن و ڕەفیق "خادم السجادە" و نشأت ئیبراهیم[٤]، موحسین ئەلسەعدوون بۆ دامەزراندنی وەزارەتە سێیەمەکەی لـە ١٤ی کـانوون دووەمـی ١٩٢٨- کـانوونی دووەمـی ١٩٢٩ مـەرجی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داخوازی کرد، پاشا سـەبارەت بـەم داخوازیـە ڕەزامەنـدنی نیشـاندا و دوای چـەند ڕۆژێـك لـە دامەزرانـدنی حکوومەتەکەی هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران وەزارەتـی ناوخۆ فەرمانێکی بۆ هەموو پارێزەرەکان دەرکرد کە دەستبکەنە ئامادەکاری بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی هەڵبژاردنی نوی هاوکات ئامازەیش کـرا بـوو کە بکۆشن بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوەی پاڵێوراوەکانی حکوومەت[٥].

هەڵبژاردنی نوێنەران لە ٨شوباتی ١٩٢٨دا دەستی پێکرد و تا ٩ئایـاری هەمان ساڵ بەردەوام بوو، ئەم هەڵبژاردنە کە پارێزگای کەرکووکیشی تێدا بۆ هیچ ڕووداوێك کە ئەمن و ئاسایشی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بشوێنێت بـەدی دەکرا.

---

[١] د.ك.و: وزارة الداخلية ملفة رقم (٣٢٠٥٠/٨٨٢٢) وثيقة رقم (١٩) ص٢٠.

[٢] اسعد: المصدر السابق، ص١٨٤.

[٣] Al-Adhammi, opcit, p.179.

[٤] جريدة العراق العدد(١٥٥) في ١١حزيران ١٩٢٥.

[٥] فرج: المصدر السابق، ص٢٥٠-٢٥٢.

چی لە هەڵبژاردنی هەڵبژێردراوە سانەوییەکاندا یا وەك لـە هەڵبـژاردنی نوێنەرەکاندا[1] سەرئەنجامەکەی بردنەوەی ئەم کەسایەتییانە بۆ کـە ناویـان دەبەین محەمەد عەلی قیردار سەعید حاجی حوسێن، و مستەفا یـەعقوبی، و محەمەد فەتاح جاف[2]. حکوومەتی نووری سەعیدی یەکـەم لـە ٢٣ی ئایـاری ١٩٣٠–١٩ی تشـرین یەکـەمی ١٩٣١دا فـەرمانێکی پاشـایی سـەبارەت بـە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران، ڕێکـەوتی یـەکی تـەممووزی ١٩٣٠ دەرهێنـا کـە مـۆرکردنی رەشنووسـی پەیماننامـەی ١٩٣٠ لەگـەڵ بـەریتانیادا مۆرکردبوو لـێ کەوتـەوە ئـەمیش ئامادەسـازییەك بـۆ هەڵبـژاردنی نوێنـەرانی دەورەی سـێیەم لـە یـەکی تشـرینی دووەمـی ١٩٣٠– ٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٣٢ بـوو کـە پەیماننامەکـە مـۆر بکـات بـە بەڵگـەی پەیماننامەکـە وڵاتـی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە کە پێویستی بە گەڕانەوە بـۆ ڕاو بۆچـونی گـەل هەیە[3].

حکوومـەت هەڵبـژاردنی لـە ١٠ی تـەممووزی ١٩٣٠دا دەسـتپێکرد و لـە سەنتەری قەزاکانی پارێزگای کەرکووکدا هەیئەتی پشکنین بەوپەڕی ئاسایش و هێمنییـەوە دامـەزرا[4]، و هەڵبـژاردنی نوێنـەرە سـانەوییەکانی لـە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا تەواوکرد[5]، ڕۆژنامەی (زمان) [*] بەیاننامەیـەکی سـەبارەت بـە کۆتـایی هـاتنی بەڕێوەچـوونی هەڵبـژاردن لـە ڕێکـەوتی ١٦ی ئـەیلوولی ١٩٣٠دا لـە سـەرجەم پارێزگاکـانی عێراقـدا بڵاوکـردەوە[6] و لـە پارێزگـای کەرکوکـدا ئـەنجامی هەڵبژاردنەکـە بردنـەوەی هەریـەك لـە محەمـەد عـەلی

---

(١) جريدة العراق العدد(٣٤٣٩) في ٢٧نيسان ١٩٢٨.

(٢) جريدة العراق العدد(٢٤٥١) في ١١ايار ١٩٢٨.

(٣) Al-Adhammi, opcit, p.273.

(٤) ل.ل.ك: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم(٩٥٢٥/٣٢٠٥٠)، وثيقه رقم(٣) ص٤٤.

(٥) جريدة الزمان، العدد(٥٥٧)، في ١٦ايلول ١٩٣٠.

(*) ئـەو سـەرنج ڕاکێشـەرە کـە ڕۆژنامـەکان باسـی بەڕێوەچـوونی هەڵبـژاردنیان لـە پارێزگـای کەرکوکدا لە ماوەی ژیانی پەرلەمانیدا نەکرد بەڵکو تەنها ناوی هەڵبژێردراوە سانەویەکان و نوێنەرە بردوەکانی بڵاوکردووتەوە.

(٦) د.ك: ملفات وازرة الداخلية ملفة رقم(٩٥٢٥/٣٢٠٢٠) وثيقه رقم (١)، ص٣.

قیردارو حەبیب عـەلی تاڵـەبانی و مسـتەفا یـەعقوبی و سـلێمان فـەتاحی لـێ کەوتەوە[1].

عێراق لە ی ٣تشـرین یەکـەمی سـاڵی(١٩٣٢)دا بـووە ئەنـدامی کۆمـەڵی گەلان (عصبە الامم) و لەبەر ئەمە وەزارەتەکەی نـووری سـەعیدی دووەم لـە ٢٧ی تشـرین یەکـەمی ١٩٣٢ دەسـتی لـە کارکێشـایەوە لـە ڕوانەگـەی ئـەو بۆچوونەوە کە بەرپرسیاریەتییەکەی بە تەواوبوونی ئینتداب کۆتایی هات[2].

مەلیك فەیسەڵی یەکەم دامەزراندنی وەزارەتی لـە ٣ی تشـرین دووەمـی ١٩٣٢دا خسـتە ئەسـتۆی نـاجی شـەوکەت[3] و فـەرمانی پاشـایی بـۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٨ی تشرین دووەمـدا دەرچـوو[4]، نـاجی شـەوکەوت دەیویسـت کـە هەڵبـژاردن وەك ئـەوەی میللـەت داخـوازی دەکـات بـێ ئـەوەی حکوومـەت دەسـتیوەردانی بکـات بەڕێوەبچێت، بـەڵام دەربـاری پاشـایی دەسـتێوەردانی هەڵبـژاردنی بەپێویسـت دەزانـی بـەو مەبەستەی ژمارەیەك لە پاڵێوراوانی لایەنگیری خۆی مسۆگەر بکات و هەنـدێ لە هەوڵ و تەقەلاکانی تێکدەران لەم بوارەدا بووە هۆی ململانێ و زویـری لـە نێوان شەوکەت و و پاشادا، ئـەم بارودۆخـە دەست لەکارکێشـانەوەی نـاجی شـەوکەتی لـێ کەوتـەوە ئـەوە بـوو لـە ١١ئـازاری ١٩٣٣دا دەسـت لەکارکێشانەوەی خۆیی ڕاگەیاند.

دوای ئەوەی دڵنیا لەوەبوو کە متمانـە بـە وەزارەتەکـەی دەدرێـت بـوو جـەخت لـە بـێ لایـەنی وەزارەتەکـەی پـێش ئـەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران کۆبێتەوە بکات[5]، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بردنەوەی ئەم کەسایەتییانەی لـە

---

[1] ك.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم (٩٥٢٥/٣٢٠٢٠) رقم(١) ص٣.

[2] Al-Adhammi, opcit, p.310.

[3] ناجي شوكت: سيرة وذكريات ثمانين عاماً (١٨٩٤-١٩٧٤) ط٢، مطبعة دار الكتب بيروت، ١٩٧٥، ص٢٠٥.

[4] المصدر نفسه، ص٢٠٨.

[5] المصدر نفسه، ص٢٢٣-٢٢٤.

پارێزگای کەرکووکدا[١] لێی کەوتەوە ئەم نوێنەرانە بریتی بوون لە جەمیل بابان و شێخ حەبیب تاڵەبانی و فەوزی عەلی و محەمەد عەلی قیردار.

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ٢٩کانوون یەکەمی ١٩٣٤- ٩ نیسانی ١٩٣٥ کە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە چواری ئەیلوولی ١٩٣٤دا بەڕێوەچوو[٢]، هیچ جۆرە ڕووداوێك کە شایانی باس بێ لە پارێزگای کەرکووکدا ڕووی نەدا سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە بردنەوەو سەرکەوتنی ئەم کەسایەتیانە کە بریتی بوون لە خەلیل زەکی و محەمەد عەلی قیردار و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی و حەبیب تاڵەبانی و جەمیل بابان تەواو بوو[٣]، بەڵام ئەنجوومەن تەنها بیست کۆبوونەوە نەبێت کۆنەبووەوە چونکە فەرمانێکی پاشایی لە ٢٩نیسانی ١٩٣٥دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەرچوو بەو مەرجەی هەڵبژاردن لە مانگی حوزەیراندا دەستپێبکاتەوە ئەم هەڵبژاردنە دەستێوەردانێکی ئاشکرای لە لایەن حکوومەتی هاشمی دووەمەوە ١٧ئازاری ١٩٣٥ - ٢٩تشرین یەکەمی ١٩٣٦ بە خۆیەوە بینی لە ڕێگەی دوورخستنەوەی ئەو پاڵێوتوانە کە حکوومەت ڕەزامەندی لە سەریان نەبوو لە قۆناغی خۆپاڵاوتندا هەروا فشاری دەستگاکانی پۆلیس بۆ سەر هەڵبژێردراوەکان، هەڵبژاردن لە ٤ئابی ١٩٣٥دا کۆتایی پێهات کەحکوومەت ئەنجامەکەی مسۆگەر کردبوو[٤].

ئەنجامی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووکدا بردنەوەی ئەم کەسایەتییانەی لێکەوتەوە کە بریتی بوون لە خەلیل زەکی سلێمان فەتاح و فائق تاڵەبانی و عەلی ڕەزا عەسکەری و داود جاف و دارا داودە[٥].

---

[١] م.م.ن: الدورة الانتخابية الرابعة الاجتماع الغير الاعتيادي لسنة ١٩٣٣ الجلسة (١) في ١٨اذار ١٩٣٣، ص٤.

[٢] الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج٤، ط٧، ص٣٥.

[٣] Majid Khadduri, Iraq-indeppendent 1932-1958 AS Tudy in Iraqi polities-2adition London, 1965, p.59.

[٤] م.م.ن: الدورة الانتخابية والسادسة الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٣٥، الجلسة (١) في ٢تشرين الثاني ١٩٣٥، ص٤.

[٥] م.م.ن: الدورة الانتخابية والسياسية الاجتماع الاعتيادي لسنة ....

کودەتا سەربازیەکەی (فەریق بەکر سدقی) کە لە ٢٩ی تشرین یەکەمی ١٩٣٦ لە عێراقدا ڕوویدا حکوومەتەکەی یاسین هاشمی دووەمی ناچار بەدەست لەکارکێشانەوەی لە هەمان ڕۆژدا کرد وەزارەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (حیکمەت سلێمان)[1] دامەزرا لە ڕۆژی دووەمی دامەزراندنیدا دەستی کردە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران[2]، ١٠ی کانوونی یەکەمی دەستنیشانکرد بۆ دەستپێکردنەوەی هەڵبژاردن بە مەرجێك پێش ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٣٧ کۆتایی پێبێت[3] بەکر سدقی سەرۆکی کوردەتاکە و سەرۆك وەزیرەکەی هاورا بوون کە پاڵێوتوەکان هەڵبژێرن وەزارەتی ناوخۆو فەرمانی بە پارێزەرەکان دا کە لە بەرژەوەندی پاڵێوتوەکانی حکوومەت بکەونە تەلاشەوە، هەروا لیستێکی ناوی پاڵێوراوە حکوومەتییەکانی بۆیان ڕەوانە کرد حکوومەت، گەیشتە ئامانجەکەی چونکە بردنەوەی پاڵێوتوەکانی [4] مسۆگەرکرد و سەر ئەنجامەکەی لە پارێزگای کەرکووکدا بەسەرکەوتن و بردنەوەی ئەم کەسایەتیانە کۆتایی هات کە بریتی بوون لە ئەحمەد ئاغای کەرکووکلی و شێخ "عاصي العلي" و عەبدولقادر تاڵەبانی و حوسێن نەفتچی و محەمەد بەرقی و یوسف عزالدين ابراهيم[5].

وەزارەتی مەدفەعی چوارەم لە ١٧ی ئابی ١٩٣٧دا دوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتەکەی "حیکمەت سلێمان" بە هۆی کوشتنی فەریق بەکر سدقی سەرکردەی کودەتاکە لە شاری مووسڵدا ڕێکەوتی ١١ی ئابی ١٩٣٧ هاتە سەرکار وەزارەتە نوێکە فەرمانێکی پاشایی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەی نوێنەرانی لە ٢٦ی ئابی ١٩٣٧دا دەرهێنا[6].

---

[1] حسين جميل: الحياة السياسية في العراق، ١٩٤٦/٩/٥. موقف جماعة الأهالي منها مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٢٩.

[2] جريدة الوقائع العراقية، العدد(١٥٤٣) في ٣١تشرين الاول ١٩٣٠.

[3] حازم المفتي: العراق بين عهدين ياسين هاشمي وبكر صدقي مطبعة سومر بغداد، ١٩٩٠، ص١٠٣.

[4] المصدر نفسه، ص١٢٦.

[5] جريدة البدر العدد(٨٠٤) في ٢١شباط ١٩٣٧.

[6] د.ك.و: ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم(٣٢٠٥٠/٢٢٨٧) وثيقه رقم (١)، ص١.

هەڵبـژاردنی دەورەی هەشـتەم ڕێکـەوتی ٢١ی کـانوونی یەکـەم- ٢٣ی شوباتی ١٩٣٩ کەوتە ژێر کاریگەری تەواوی حکوومەتـەوە و ئـەم هەڵبژاردنـە بەم جۆرە باسی لێ کراوە کـە شـانۆیەك بـووە کـە سـەرۆك وەزیـران جـەمیل مەدفەعی و وەزیری ناوخۆ مستەفا عومەری[1] دەریان هێنا بوو و ڕۆڵیان تێدا دەبینی، چونکە مەدفەعی لیستێکی لە پـاڵێوتوانی حکوومـەت ئامـادەکردبوو کـە وەزیـری نـاوخۆو بردنـەوەیانی مسـۆگەر کردبـوو و سـەرئەنجامی هەڵبژاردنەکـە لـە پارێزگـای کەرکوکـدا بـە بردنـەوەی هەریـەك لـە حوسـێن نەفتچـی و ئەحمـەد یـەعقوبی و جـەمیل بابـان و شـێخ وەهـاب تاڵـەبانی و ئەحمەد ئاغا کەرکووکلیو شێخ عاصي العەلي[2] کۆتایی هات.

حکوومـەتی مەدفـەعی لـە ٢٩ی تشـرین دووەمـی ١٩٣٨دا فـەرمانێکی پاشایی بۆ دواخستنی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بۆ ماوەی مانگی دەرهێنـا کـاتی حکوومەتـە سـیهەمەکەی نـووری سـەعید لـە ٢٥ی کـانوونی یەکەمی ١٩٣٥دا دوای دەسـت لـە کارکێشـانەوەی حکوومەتەکـەی مەدفـەعی بەرۆژێك هاتەکایەوە ئەنجوومەن دوای تەواوبوونی مـاوەی دواخسـتنەکەی لـە ٢٠ی شـووباتی ١٩٣٩دا کۆبوونـەوە، ئەنجوومـەن ڕەخنـەی لـە سیاسـەتی حکوومەتی پێشوو و حکوومەتی دەسەڵاتداری ئەو دەمەی گرت. ئەنجوومـەن کەمایەتیـەك نـەبێت لایـەنگرانی لـە ئەنجوومەنـدا نـەبوو بۆیـە بڕیـاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەندی دا فەرمانێکی پاشـایی لـەو بـارەوە لـە ٢٢ی شوباتی ١٩٣٩دا دەرچوو[3].

وەزارەتی ناوخۆو بروسکەیەکی ئاراستەی پارێزەرەکانی پارێزگاکان لـە ١٨ی ئازاری ١٩٣٩دا کرد سـەبارەت بـە دەسـتپێکردنی هەڵبـژاردنی دەورەی نۆهـەم لـە ١٢ی حـوزەیرانی ١٩٣٩- ٩ی حـوزەیرانی ١٩٤٣دا هەڵبـژاردن لـە پارێزگای کەرکووك لـە مـاوەی یاسـاییدا بەڕێوەچـوو بـێ ئـەوەی ڕووداوێکـی

---

[1] عبـدالرزاق مكطـوف يوحـان الجـورابي: الحيـاة البرلمانيـة في العـراق(١٩٣٩-١٩٤٥) دراسـة تاريخية، رسالة ماجستير-جامعة بغداد كلية الاداب، ١٩٨٣، ص١٦.

[2] جريدة الزمان العدد(٣٩٨) و ٢كانون الاول ١٩٧٣.

[3] الحسني: تاريخ الوزارات، ج٥، ط٧، ص٦٤.

ناگــەوار کــە هەڵبژاردنەکــە بشــێوێنێت بــەدی بکرێــت[1] و هــەر شــەش کورسییەکەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی پارێزگاکە ئەم کەسانە بەدەستیان هێنا ئەمین هەمەوەندی و داود جاف و دارا داودەو جەمیل قیردار و فائق تاڵەبانی و محەمەد حاجی نەعمان وەنداوی[2].

دوای ئــەوەی ئەنجوومــەنی نوێنــەران خــولی هەڵبژاردنەکــەی لــە ٩ی حوزەیرانی ١٩٤٣دا تەواوکرد، فەرمانی پاشایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەرچوو وەزیــری نــاوخۆ تەحســین عەســکەری لــە وەزارەتەکــەی نــوری ســەعیدی حەوتەمــدا ڕێکــەوتی ٨ی تشــرین یەکــەمی ١٩٤٢– ٩ی کــانوونی یەکــەمی ١٩٤٣دا فــەرمانی بــە پــارێزەرانی پارێزگاکــان کــە کەرکووکیشــی تێــدابوو بــۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردنی گشتی دەرکرد، هەڵبژاردنی سانەوی لــە پارێزگــای کەرکووکــدا، لــە کۆتــایی مــانگی ئــابی ١٩٤٣ تــەواوبوو، نوێنــەرەکان لــە ٥ی تشــرینی یەکــەمی هــەمان ســاڵدا[3] هەڵبژێــدران هەرچــی ســەبارەت بــە بەرێوەچــوونی هەڵبــژاردن بوترێــت ئاشــکرایە کــە حکوومــەت نوێنــەرەکانی هەڵدەبژارد هەتا نەیارەکانیشیان و ئەم ڕاستییە لــە ڕاگەیاندنەکــەی ســەرۆك وەزیران نوری ســەعید لــە بەرامبــەر ئەنجوومەنــدا ڕوون دەبێتــەوە کــە وتــی: ڕژێمــی حکــومڕانی ئــەرکی سەرشــانیتی هەڵبــژاردن لەوڵاتــدا ئــەنجام بــدات ومیللەتیش ئەو کەسەی کە متمانەی پێــی هەیــە هەڵبــژێرێت، بــۆ چــاودێری و کونترۆڵی کارو باری دەوڵە، ئەمە بناغەی ڕاستەقینەی فەرمانڕەواییە، بــەڵام بە چاوخشــاندن بــە یاســای هەڵبــژاردنێك کــە لەبــەر دەســتماندایە ســوێندتان دەدەم بە یەزدانی مەزن، ئایا لــە توانــای کەســێکدا هەیــە ببێتــە نوێنــەرو لــە هەڵبژاردندا سەرکەوت هەرچەند پێگەکەی لە وڵاتــدا دیــاری بێــت و هەرچــەند خزمەتی لە دەوڵەتدا شایان و بەرچاوبێت ئەگــەر حکوومــەت هەڵنەســتێت بــە پــاڵاوتنی بــۆ نوێنەرایــەتی لــەم بــوارەدا مــەرج دەکــەم هــەر کەســێك کــە بــە

---

[1] المصدر نفسه، ص٨٦.

[2] جريدة الاستقلال العدد(٣٣٦٨) في ٦حزيران ١٩٣٩.

[3] الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٧، ص٦٣.

کەسایەتی بەرجستەی خۆی و نیشتمانپەروەری خۆیدا دەنازی دەست لەکار بکێشێتەوەو هەڵبژاردن دوپاتدەکەینەوە و نایخەینە لیستی حکوومەتەوە ببینین ئەم نوێنەرە پایەبەرزە کە لاف ئەوە لێدەدات کە لایەنگیرێکی زۆری بەدواوەوەیە دەتوانی ببێتە نوێنەر نوێنەرایەتی بەدەستدەهێنێت[1].

لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجامەکەی پاڵپشتی و لایەنگیری سیاسەتی نوری سەعیدی لێکەوتەوە، ئەوەبوو زۆربەی نوێنەرەکانی خولەکانی پێشوو بردیانەوە، چونکە هەموو نوێنەرە بردووەکانی کەرکووك لەم هەڵبژاردنەدا نوێنەرەکانی خولەکانی پێشوو بوون، وەك جەمیل قیردار و عەبدلوەهاب تاڵەبانی و داود جاف و دارا داودە و سلێمان فەتاح و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی[2].

لە کۆتایی ڕۆژەکانی ژیانی وەزارەتەکەی تەوفیق سویدی دووەمدا ٢٣شوباتی ١٩٤٦–٣ئەیاری ١٩٤٦ فەرمانی پاشایی بۆ ڕاوەستاندن و پەکخستنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ماوەی شەش مانگ دەرچوو، بەڵام ئەنجوومەن لە ڕۆژی دووەمدا کۆبووەوە بۆ تاوتۆێ کردنی بوودجەی گشتی ساڵی (١٩٤٦) دارایی. دوای ئەوەی ئەنجوومەن کارەکەی کۆتایی پێهێنا حکوومەتی نوری سەعیدی نۆهەم کە حوکمڕانی لە ٢١تشرین دووەمی ١٩٤٦ گرتە دەست فەرمانێکی پاشایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەو ڕۆژەی تێدا دامەزرابوو دەرهێنا.

بەو بەڵگەوە کە بارودۆخی جیهانی لە حاڵەتی شەڕەوە بۆ حاڵەتی ئاشتی گوێزراوەتەوە و ئەم بارودۆخە نوێیە پێویست دەکات ڕاوبۆچوونی میللەت سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ڕامیاری وڵات بەپێی ڕێو ڕەسمێکی نوێ و بنەماییێکی نوێ دابنرێت[3].

---

(1) جميل: الحياة السياسية، ص٦٩.

(2) م.م.ن: الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع اولغير الاعتيادي، لسنة ١٩٤٣ الجلسة (١) في ٩تشرين الأول ١٩٤٣، ص٣٥.

(3) الحسني: التاريخ الوزارات، ج٦، ط٧، ص٣٥؛ مجهول: وقفات ديمقراطية، ص٩.

هەڵبــژاردنی خــولی یازدەهــەم (١٧ئــازاری ١٩٤٧-٢٢شــوباتی ١٩٤٨) لەگەڵ خولـەکانی پێشـوەکاندا جیـاوازی هـەبوو، چـونکە بـەپێی بڕیارەکـانی یاسای هەڵبژاردنی نوێی نوێنەرانی ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٤٦، داکۆکی لەسـەر بچووك کردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن کرا،بەوەی هـەر پارێزگایـەك لـە یـەك بازنە پترترکرا و بووە چەند بازنەی هەڵبـژاردن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بنەمایـەکی نویٚ گیراوەبەر وەك پالأوتنی "تزکیە"بەو مانایە بردنـەوەی نوێنەرایـەتی بـیٚ ئەوەی پێشبڕکێی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

جگە لەمانە ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لە(١١٥)کورسیەوە بوو بــە(١٣٨)کورســی بەرزکرایــەوە، ئەمــەش بــەهۆی زۆربــوونی دانیشــتوانی دەڤەرەکان بوو[١]، لە پایزگای کەرکووکدا ژمارەی دانیشتوانی خەڵکەکەی لە نێرینەکان گەیشتە (١٥٠٨٢٠)کەس، بەم جۆرە ژمـارەی نوێنـەرانی کـەرکووك دەبێتە(٨)نوێنەر[٢].

هەروەها ئـەم هەڵبژاردنـە تاموچـێژێکی جیـاوازتری هـەبوو لـە سـایەی بوونی پارتە "ئۆپۆزسیۆنەکان"ی ئاشکرادا کە مۆڵەتی چالاکییان لە نیسـانی ساڵی١٩٤٦ دا پێدرابوو[٣].

وەزارەت دەســتی کــردە بــەڕێوەبردنی هەڵبــژاردنی یەکــەم لــە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧ دا و هەرلە قۆناغی خۆپالأوتن، هـەروەها پـاش ئـەوە دەستێوەردانی دەسەلأت دەسـتی پێکـرد ئـەویش بەوەرنـەگرتنی تأميننامـە (تأمينــات) لــە هەنــدیٚ پالأوتووەکــان و هەڕەشــە و گوڕەشــە و ئاســتەنگ

[١] عبدالمجيد كامل عبداللطيف، الحياة البريطانية في العراق(١٩٤٥-١٩٥٣) دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٨٣، ص٦٦؛ مجهول، وقفات ديمقراطية، ص٩١.

[٢] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم (٩٥٢٥/٣٢٠٥٠)، وثيقة رقم (٢١٣)، ص٢٤١.

[٣] پێـنج پارتەکـە مۆڵـەتی پێـدرا بریتـی بـوون لـە پـارتی نیشـتمانی دیموکراسـی و پـارتی سەربەخۆیی (الاستقلال) و یەکێتی نیشتمانی و پارتی میللەت و پارتی ئازادەکـان (جلیـل)، المصدر السابق، ص١١٥.

دروستکردنی دەسگاکانی پۆلیس سەبارەت بە هەڵبژێردراوەکان و چاوپۆشین و خستنە پشتگوێی ئەو سکالأنامانەی کە سەبارەت بـە هەڵبژاردنـەکان بـەرز دەکرایەوە، نوری سەعید جگە لە پۆستی سـەرۆك وەزیـران پۆسـتی وەزیـری ناوەخۆشی بۆخۆی تەرخان کردبوو، ئەمەش هێـز و توانایـەکی پێدەبەخشـی بـــۆ کـــۆنترۆڵ و دەستبەســـەرداگرتنی هەڵبـــژاردن و دوورخســـتنەوەی پاڵێوراوەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکان.

بەم جۆرە بە مسۆگەر کردنی سەرکەوتن و بردنـەوەی پالأوتووەکانیـان گەیشتنە ئامانجەکانیان[1]، ئەوەی شایانی باسـە لـە کەرکووکـدا هـیچ جـۆرە ڕووداوێك لە هەڵبژاردندا ڕووی نەداو حکوومەت ڕۆڵێکی سـەرەکی هـەبووە لـە دەستنیشانکردنی پالأوتووەکانیان لەم پارێزگایـەدا و زۆربـەی پالأوتووەکـان لایەنگری سیاسەتی نوری سەعید بوون و لە پارێزگای کەرکوکدا ئەمانەی کە لە خوارەوە ناویان دەبەین بردیانەوەو بوونە نوێنـەری پارێزگاکـە، ناوەکـان: سلێمان فەتاح، محمد وەنداوی، داود جاف، ئەمین هەمەوەندی، دارا داودە بە "تەزکییە"و ئەمین قیردار و کامل یەعقوبی و فازل تاڵەبانی بە هەڵبژاردن[2].

وەزارەتی محەمـەد سـەدر کـە لـە ٢٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٨ دوای دارمانی وەزارەتەکەی ساڵح جەبر لـە ٢٧ی کـانوونی دووەمـی هـەمان سـاڵدا بـــەهۆی ڕاپـــەڕینی ســـاڵی ١٩٤٨ ەوە هـــاتبوە ســـەرکار هەڵســـا بـــە هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران لـە ٢٢ی شـوباتی ١٩٤٨ دا دوای ئـــەوەی پارتـــە سیاســـیەکان لاریـــان خســـتە ڕوو ســـەبارەت بـــە ڕاســـتی و شەرعیەتەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران[3].

وەزارەت دەسـتی کـردە هەڵبـژاردنی خـولی دوانزەهـەم ڕێکـەوتی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٨–٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٢ و دەسـەلأت هونـەرێکی زۆری نوانـد لە بەکارهێنانی بەڵگە و دەستپێچ و بەهانەدا بـۆ دوورخسـتنەوەی پـالأوتووە

---

[1] خلیل، المصدر السابق، ص٢٢٢.

[2] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلیة، ملفة رقم(٩٥٢٥/٣٢٠٥٠) وثیقة رقم(٣٤٠)، ص٣٨٧.

[3] الحسني، تاریخ الوزارات، ج٧، ط٥، ص٣٢٤.

ڕەزامەنـدی لەسـەر نـەبووەکان ئـەویش لـە ڕێگـای وەرنـەگرتنی دڵنیـا نامەکان"الضمانات" لە ماوەی یاسایی دیاریکراودا جگە لە هەڕەشە و گوڕشە و شتی تر[1] و لە پارێزگای کەرکووکدا بارودۆخەکە لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراقدا جیاوازیەکی نەبوو.

یازدە بروسکەی سکاڵا و ناڕەزایەتی لە ڕۆڵەکانی پارێزگاکەوە گەیشتە سەرۆك وەزیـران و وەزارەتـی نـاوخۆ لـە سـەرجەم ناوچـەکانی هەڵبژاردنـدا جـەختیان لـە دەسـتێوەردانی پـارێزەری پارێزگا"عەبدولجـەلیل" کارمەنـدە کارگێڕیەکان لە هەڵبژاردندا دەکرد.

هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەکەی پێنجەگانەوە* فرتوفێڵ لە هەڵبژاردندا دەکـرا لـە ڕێگـای تـەزویر[2] و کـاری نایاسـاییەوە، شـاری کـەرکووك خۆپیشـاندانێکی قوتابیـانی بـە خۆیـەوە بینـی کـە لاریـان سـەبارەت بـە دەستتێوەردانی دەسەڵات لـە هەڵبژاردنـدا هـەبوو و هەنـدێ لـە قوتابییـەکان بروسـکەیەکیان بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆ نـارد داخوازیـان تێـداکردبوو دەستتێوەردانی دەسەڵات لە هەڵبژاردندا ڕاوەستێت و مەودای ئـازادی تـەواو بە میللەت لە هەڵبژاردندا بدرێت[3]، وا دیارە حکوومەت گـوێی نـەدابووە ئـەو جـۆرە بروسـکانە و لـە کۆشـش و تەقەلاکەیـدا بـۆ دوورخسـتنەوەی ئـەو پاڵاوتووانـە کـە متمانـەی حکوومـەتیان بـە دەسـت هێنـابوو بـەردەوام بـوو، چاکترین بەڵگەش بۆ ئەمـە بردنـەوەی سـەرجەم نوێنـەرەکانی کـەرکووك بـێ کێبرکـێ بە"تەزکیـە" بـۆ نوێنەرەکانکـە بریتیبـوون لـە ئەحمـەد یـەعقوبی و

---

[1] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٧، ط٥، ص٣٢٧.

* پێـنج کـەس لـە کـۆڵان و کوچـەو مەحەلەیەکدا هەڵدەبـژێردرێن بـۆ ئاسـانکاری تۆمـارکردنی دەنگدەران و چاودێری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن.

[2] د.ك.و، ملفات وزارة الداخليـة ملفـة رقـم (٩٥٢٥٠/٣٢٠٥٠)، الوثـائق رقـم (٢٤٤، ٢٥٤، ٢٥٨-٢٦٠، ٢٦٦، ٢٧٠، ٢٧٦، ٣١٢، ٣١٥) الصـــــفحات (٢٧٣-٢٧٩-٢٨٦، ٢٦٩، ٣٠٦، ٣١٠، ٣١٦، ٣٥٤).

[3] المصدر نفسه، وثيقة رقم (٢٨٨)، ص٣٢٨.

عبـدالوهاب تالـّەبانی و عـەلی "خـادم السـجادة" ناوچـەی یەکـەم (نـاجی هورمزی)، ناوچەی دووەم (عبداللـه سـلێمان بـەیاتی) ناوچـەی سـێیەم (داود جـاف و محمـد وەنـداوی) ناوچـەی چـوارەم (ئـەمین هەمەوەنـدی) ناوچـەی پێنجەم[1]، ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٥٢ دا دوای ئـەوەی خولی هەڵبژاردنەکەی تەواو کرد هەڵوەشایەوە ، حکوومەتی نورالـدین محمـود "٢٣ی تشـــرینی دووەمـــی ١٩٥٢-٢٢ی کـــانوونی دووەمـــی ١٩٥٣ " بەیاننامەیـەکی سـەبارەت بـە هەڵبـژاردنی خـولی سـیانزەهەم ٢٤ی کـانوونی دووەم ١٩٥٣-٢٨ی نیسانی ١٩٥٤ بڵاوکردەوە ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمـی ١٩٥٣ بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردن دەستنیشان کردبوو بەو مەرجەی بە پێی مەرسومی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٥٢ بەڕێوەبچێت[2].

لە سێبەری دەسەلاّتی عـورفی بڵاوکـراوەدا هەڵبـژاردن بەڕێوەچـوو کـە دەستتێوەردانی دەسەلاّت بەکارهاوردنی دەستپێچ و بەهانە بەو ڕێگا چـەوتە ناسراوە پێشوەکاندا بە ئاشکرا بەرچاو دەکـەوت[3] و سـەر ئەنجامـەکانی بـە بردنـەوەی پـارتی یـەکێتی دەسـتووری "الاتحـاد الدسـتوري" بـە ڕێـژەی (٧٧)کورسی کە(٦) کورسـی لەوانـە بـەر نوێنـەرانی کـەرکووك کـەوت و ئـەم کورسیانە بووەبەشی ئەم کەسایەتیانە کە بریتیبوون لە کامـل یـەعقوبی داود جاف و ئیبراهیم نەفتچی وفـازل تالـّەبانی و عبداللـە سـلێمان بـەیاتی کـە بـە هەڵبـژاردن بردیانـەوە بـەلاّم ئـەمین هەمەوەنـدی بـە تەزکییـە دەرچـوو و لـە سەربەخۆکان ئەمین قیردار و محمود بابان بـە هەڵبـژاردن نوێنەرایـەتییان بـە دەست هێنا[4].

---

[1] المصدر نفسه، وثيقة رقم(٢١٢، ص٢٣٨.

[2] عبدالكريم ياسين رمضان، ألحيـاة النيابيـة في العـراق(١٩٥٣-١٩٥٨)، دراسـة تاريخيـة رسـالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٨٧، ص٢٩.

[3] رمضان، المصدر السابق، ص٣؛ عبداللطيف، المصدر السابق، ص٢٩.

[4] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٩٥٨٥/٣٣٠٥٠)، وثيقة رقم (١٧٠٣)، ص١٩٧.

وەزارەتی فازل جەمالی دووەم لە١٩ی نیسانی ١٩٥٤ دا دەستی لەکار کێشایەوەو ئەم دەست لەکار کێشانەوە مەلیك فەیسەڵی دووەمی(١٩٥٣-١٩٥٨) ناچارکرد کە بە شوێن وەزارەتێکدا بگەڕێت کە خواست و ویستەکانی دەربار جێبەجێبکات و گوێ بە فرمان ولایەنگری بدات، مەلیك لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرۆك وەزیرەکان و سەرۆك پارتە سیاسیەکان سەبارەت بە هەلومەرجی نوێی رامیاری ولآت و چۆنێتی وەزارەت کۆبووەوە و سەرجەم ئەوانەی کۆبوونەوە بڕیاریان لەسەر ئەوە بوو کە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشێنرێتەوە وەزارەتێکی بێ لایەن دامەزرێت[1]، مەلیك ئەرشەد عومەری هەڵبژارد بۆ دامەزراندنی وەزارەتی نوێ و لە ٢٩ی نیسانی ١٩٥٤ وەزارەتەکەی دامەزراند و سەرەتای کارەکانی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیدا دەستی پێکرد[2].

وەزارەتی ناوخۆ بەیاننامەیەکی لە ١١ی ئایاری ١٩٥٤ دا بۆ پارێزگاکان کە پارێزگای کەرکووکیشی تێدابوو دەرکرد کە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی وەك ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەستنیشان کردبوو هەموو لایەن و چین و توێژ و دەستگاو سازمانە جیاوازەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە خۆیان ئامادەکرد بە شێوەیەك کە حکوومەت و دەربار هامکات توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کرد[3].

هەڵبژاردنی خولی چواردەهەم ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٤ - ٣ی ئابی ١٩٥٤ لە پارێزگای کەرکووك دا لە زۆربەی پارێزگاکانی تری عێراق گرنگتر بوو چونکە لە دەڤەری هەڵبژاردنی دووەمدا کە ناوچەی ئاڵتوون کوپری و شوان و عوبێدە کۆچەرەکان دەگرێتەوە، حکوومەت پالآوتنی شێخ (ناظم عاصي العلي) یەکێ لە پالآوتووەکانی ئەم ناوچەی لە ٨ی حوزەیراندا ڕاوەستان بەو

(1) الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٩، ط٧، ص١٠٩.

(2) المصدر نفسه، ص١١١.

(3) المصدر نفسه، ص١٢١-١٢٢؛ رمضان، المصدر السابق، ص٦٤.

مانایـه ڕۆژێـك پـێش مەوعـدی هەڵبـژاردن و دەسـتکاری نـاوی دەنگـدەرانی کردبوو.

پاڵێوراو ناڕەزایەتی لەئاست ئەم کردەوە نایاسابییە نواند و سـکاڵایەکی تەمیزی لەسەر لێژنەکانی پشکنین سـەبارەت بـە دەسـتێوەردانی هەڵبـژاردن تۆمارکرد[1]، (ناظم العلـي) سـکاڵایەکی بـۆ وەزیـری نـاوخۆ لـە ١٠ی کـانوونی دووەمی ١٩٥٤ دا بەرز کردبووەوە و داخوازی تێدا کردبوو کە کورسییەك، یان دووکورسی بۆ عەشیرەتی عوبەیـد کـە دوای کوشـتنی شـێخ (عاصـي العلـي) کورسییەکەی لە دەستدابوو تەرخان بکرێت، ئەویش لە ڕێگـای دروسـتکردنی ناوچەیەکی هەڵبژاردنی نوی لە ناحیەی" ملحە" دا[2]، بـەڵام حکوومـەت ئـەم پێشنیارەی بە هەند وەرنەگرت و هۆکەیشی ئەوە بوو ئـەم جـۆرە پێشـنیارە بە ژمارەی دانیشتوانەوە بەستراوە.

لە کاتێکدا هۆزی عوبەیـد خرابـووە سـەر ناوچـەی هەڵبـژاردنی دووەم، پارێزگاری کەرکووك"بشـیر تۆفیـق حدیـد" (١٩٥٦) ڕوونـی کـردوەو کـە سـێ بروسـکە سـەبارەت بـە هەڵبـژاردنی سـاڵێ ١٩٥٤ کـە لـە سـازمانی پۆسـت و تەلۆگرافدا هەبوو کە بۆ مەلیك فەیسەلی دووەم و وەلی عەهد عبدالالە وەزیـری نـاوخۆ سـەعید قـەزاز کـە لەلایـەن هـۆزی عوبێـدەوە نێردرابـوو تیایانـدا ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە دەستتێوەردانی حکوومەت لە هەڵبژاردنـدا[3] نیشـان دابـوو و ئـەم کـردەوە ئـەو ڕێگـا چـەوتانە کـە حکوومەتـەکان دەیانگرتەبەر بـۆ سـەرپۆش بەسـەردانی لار و چـەوتیەکانی هەڵبژاردنـەکان و کاریگەریان لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا ڕوون دەکاتەوە.

وا دیـارە کـە هەڵبـژاردن لـە پارێزگـای کەرکوکـدا هەمیشـە بـە پێـی خواسـت و ویسـتی حکوومـەت چـووەتە ڕێـوە و دەسـەڵاتی تـەواوی لـەو بەڕێوەچوونە دا هەبووە.

---

[1] د.ك.و، ملفات البلاط الملكي، ملف رقم(٣١١/١٥٤٣) وثيقة رقم(٢)، ص٢.

[2] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٣٢٠٥٠/٩٥٢٧)، وثيقة رقم(١٥٧)، ص ..

[3] المصدر نفسه، ملف رقم(٣٣٠٥٠/٩٥٣٧)، وثيقة رقم(٣)، ص٥-٧.

سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی سەعیدی دوانزەهەمدا لە ٣ی ئابی ١٩٥٤ –١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥ یەکێ لە پالأوتووەکان (حەبیب سیا مەنسور تاڵەبانی) بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژارد، دوای بردنەوەی ناوبراو سەعید قەزاز دانی بە هەڵەکەی دانا و ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە پالأوتنی نوێنەری ناوبراو خستە ڕوو چونکە وەزیری ناوخۆ خواستی بردنەوەی ناوبراوی نەبووە چونکە لەم بڕوایە دابووە حەبیب علی تاڵەبانییە نە وەك حەبیب سیا مەنسور تاڵەبانی* و ئەمەش دەستتێوەردانی زەق و ڕاشکاو و ڕوونی حکوومەت لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا دەخاتە ڕوو لەگەڵ سەرجەم ئەوانەی کە ڕوویدا[(١)].

بەشەکانی هەڵبژاردن لە قەزای (توزخورماتوو)دا بارگرژیەکی تیژی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بەهۆی دەستتێوەردانی حکوومەت لە هەڵبژاردندا لێکەوتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سێ پاڵێوراو پالأوتنی خۆیان بکشێننەوە کە بریتیبوون لە "زین العابدین أحمد نجار" و"محمد صالح تاڵەبانی" و "عبدالله سلێمان بیاتی".

لە کاتێکدا بۆ بە دەستهێنانی کورسی تەرخان کرا و بۆ قەزاکە هەریەك لە "زین العابدین قنبر ئاغا" پاڵێوراوی پارتی نەتەوەیی سۆشیالیستی* و

---

* وەرگێر لەو بڕوادا نییە کە سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی بەناوبانگی عیراق ئەوەندە سەبارەت بە پالأوتوەکانی نوێنەرانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بێ ئاگاو بێ بخەبەر بوبێت.

(١) دیدارێکی تایبەتی تاوتوێکرد لەگەڵ پیروت فازل تاڵەبانی ... سیروان فازل تاڵەبانی ئەفسەری بازنشتە لە کەرکوك لە ڕێکەوتی ٣نیسان دیدارێکی تایبەتی سالی ٢٠٠٠ تاوتوێکەر لەگەڵ حسن حوسێنی مەلا ئەحمەد حەکیم کە لە دایك بوی شاری کەرکوکە ساڵی ١٩٣٠و کولیجی شەریعەی لە بەغداتەواو کردووە ئیمرو کە پلەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئیسلامیە لە کەرکوك مێژووی دیدارەکە یەکی نیسانی ٢٠٠٠بوو.

* پارتی نەتەوەیی سوشیالیستی ئەم پارتەی لە ٢٤حوزەیرانی ١٩٥١ دامەزرا و لەگەڵ پارتی اصلاح چاکسازی کە لە ١٠تشرین دووەمی ١٩٤٩ دروست بوبو لەم مێژووەدا تێکەڵاوی یەکتری بوون و سەرەکی ترین و ناودارترین دامەزرێنەرەکانی صالح جەبر و عەبدولمەهدی

جهاد سەعید وەنداوی پاڵێوراوی پارتی یەکێتی دەستوری کەوتنە کێبڕکێیەوە[1]، کێبڕکێی نوێنەرایەتی لە قەزای توزخورماتودا بووە هۆی پێکدادانی خوێناوی لە نێوان لایەنگرانی پاڵاوتووەکاندا کە لەو شەڕ و پێکدادانەدا چەند زامدارێکی لێکەوتەوە و هەردوو پاڵاوتووەکە توهمەتیان دەخستە پاڵ ئەوی تریان و دەنگدەرەکان سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کە لە بەرژەوەندی (جهاد وەنداوی) کۆتایی هات، ئیعتراز و ناڕەزاییان بەرزبوەوە چونکە ئەم بردنەوە لە ژێر فشاری چەکدا هاتۆتەدی و گەیشتووەتە ئەنجام[2]، و پاڵێوراو "زین العابدین قنبر ئاغا" ئیعترازی نواند و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی هۆزەکان لە قەزاکەدا هاوبیری بوون لەو ئیعترازەدا بە بۆنەی بردنەوەی جیهاد وەنداوی–زین العابدین وتی: موتەسەریفی لیوای کەرکوك و قائمقامی قەزاکەی ناچارمیانکرد کە لە نوێنەرایەتی (توز) دەستهەڵگرم و خۆم بکێشمەوە و دادوەری قەزاکە هەستی بەم کارە ناڕەوایە کرد[3]، بەم جۆرە هەڵبژاردن لە قەزاکەدا پوچ کرایەوە، وەزارەتی ناوخۆ بروسکەیەکی ئاراستەی پارێزەری پارێزگای کەرکوك (رەشید نەجیب) کرد کە هەڵبژاردنی نوێ لە ڕۆژی ١٩ی حوزەیراندا دەستنیشان بکرێت چونکە لە ٩ی حوزەیراندا ئەنجام دانی لە وزەدا نییە[4].

سەر ئەنجامی هەڵبژاردن بە بردنەوەی (٤)پاڵێوراوی پارتی یەکێتی دەستوری هاتە کۆتایی کە بریتی بوون لە کامل یەعقوبی کە(٢٩٦٣) دەنگی بەدەست هێنا و حەبیب سیامەنسوری تاڵەبانی (١١٦٨١)دەنگ و داود جاف

مونتەفیکی و عبدالرزاق الأزري و حەبیب عەلی تاڵەبانی و دکتۆر حنا خیاط وعزالدین النقیب وغیرهم پارتە کە لە ٢٣ئەیلوولی ١٩٥٤ بەپێی مەرسومی ژمارە(١٩) ساڵی ١٩٥٤ هەڵوەشایەوە. بڕوانە: الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية، ص٤٣٦–٤٣٨.

[1] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٣٢٠٥٠/٩٥٣٧)، وثيقة رقم(١٠٣) ص١٢٠.

[2] المصدر نفسه، ملف رقم (٣٣٠٥٠/٨٩٧٤) وثيقة رقم ٨٨، ص٤٩٣.

[3] المصدر نفسه، ملف رقم ٣٣٠٥٠، وثيقة رقم ١١٧، ص١٣٦.

[4] المصدر نفسه، ملف رقم(٣٣٠٥٠/١٩٧٤) وثيقة رقم ٩٠، ص٩٠٥.

(٦٩٠٢)دەنگ و حوسێن خانەقا (١٧٧٠) دەنگ لە کاتێکدا "عابدین قەنبەر ئاغا سەر بە پارتی نەتەوەیی سوشیالیست بە (تەزکیە) بردیەوە دوای پاشەکشێی پالێوراوی پارتی یەکێتی دەستوری (جهاد وەنداوی) و سێ نوێنەر لە سەربەخۆکان بردیانەوە کە بریتی بوون لە مەحموود بابان (١٩٠٥)دەنگ و عەبدوڵلا حەسەن ئاوچی (١٢٧٩٣) دەنگ، بەڵام ئەمین قیردار بێ پێش برکێ بە (تەزکیە) بردیەوە[1].

ئەرشەد عومەر دەستکێشانەوەی وەزارەتەکەی لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٤دا دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی گشتی پێشکەش کرد مەلیك دامەزراندنی وەزارەتی خستە ئەستۆی نوری سەعید کە لە ٣ئابی ١٩٥٤دا دایمەزراند و فەرمانێکی پاشایی لە ٢٦تەمووزی ١٩٥٤ سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەرچوو لە کاتێکدا ئەنجوومەن تەنها یەك دانیشتنی ئەنجام دابوو.

وەزارەتی ناوخۆ بۆ پارێزەرەکانی پارێزگاکان کە پارێزگاری کەرکوکیشی تێدا بۆ بروسکەیەکی ڕەوانەکرد بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی پانزەهەم لە ١٦ئەیلوولی ١٩٥٦–٢٧ئازاری ١٩٥٨دا برەخسێنن، و ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٥٤ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا دەستنیشان کردبوو[2].

هەڵبژاردنی نوێنەران لە ڕۆژی دەستنیشانکراودا دەستی پێکرد و هیچ جۆرە ڕووداوێك کە شایانی باس بێت لە پارێزگای کەرکوکدا ڕووی نەدا و سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەسەرکەوتن و بردنەوەی پارتی یەکێتی دەستوری بە زۆربەی دەنگ کۆتایی هات کە بریتی بوون لە ئیبراهیم نەوتچی و حوسێن خانەقاە و کامل یەعقوبی و ئەمین هەمەوەندی بێ پێشبرکێ بە (تەزکیە) بردییەوە بەڵام داود جاف لە قەزای کفریدا بە هەڵبژاردن بردییەوە

---

(١) المصدر نفسه، وثيقة رقم(٩٣) ص١١٠؛ المصدر نفسه، وثيقة رقم(٩٥)، ص١١٢؛ خليل، المصدر السابق، ص٢٣٤.

(٢) د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٩٥٨٤/٣٢٠٥٠)، وثيقة رقم(٨١)، ص٨٦.

و له سەربەخۆكان ئەمین قیردار بە (تەزكیە) و مەحموود بابان و سەلمان بەیات بە هەڵبژاردن بردیانەوە[1]، له كەمایەتی كریستانەكان (نعمة الله هندي) بە تەزكیە له ٢٩ی تشرین دووەمی ١٩٥٦ بردیەوە دوای پاشەكشێی هەریەك له پاڵاوتووان یوسف الیاس و یوسف أنطوان[2].

ئەنجوومەنی نوێنەران خولەكەی لە ٢٧ی ئازاری ١٩٥٨دا كۆتایی پێهێنا و حكومەتەكەی نوری سەعیدی چواردەهەم لە ٣ئازاری ١٩٥٨–١٤ئایاری ١٩٥٨دا فەرمانێكی پاشایی سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەركرد، وەزارەتی ناوخۆ فەرمانێكی لە ٣٠ی ئازاری ١٩٥٨دا بۆ سەرجەم پارێزەرەكانی پارێزگاكان كە پارێزەری كەركووكیش لە نێوانیاندا بوو دەركرد كە دەستكەنە هەڵبژاردنی خولی شانزەهەم لە ١٠ئەیاری ١٩٥٨–١٤تەممووزی ١٩٥٨و لە ڕۆژی ٥ئەیاری ١٩٥٨دا[3].

سەرۆك وەزیران نوری سەعید و وەزیری ناوخۆكەی سەعید قەزاز لیستێك بە ناوی پاڵێوراوانەوە ئامادەكرد و لیستەكەیان خستە بەردەم مەلیك فەیسەڵ و وەلی عەهد پرنس (عبدالاله) هەردوو ڕەزامەندییان لەسەریدا[4].

هەڵبژاردن لە ڕۆژی دیاری كراودا دەستی پێكرد حكومەت وەكو لەمەوپێش بە تەواوی كۆنترۆڵی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی كردبوو، له ڕاستیدا دەیتوانی نوێنەرەكان بەپێی خواستی خۆی دەستنیشان بكات ئەگەر بێت و له ڕای گشتی نەترسایە، جگە لەو شوێنانە كە ئۆپۆزسیۆن و نەیارەكان دەسەڵات و نفوزێكی بەهێزیان تێدا هەبوو ئەم كارەیان بۆ نەدەچووە سەر هەڵبژاردن بەپێی خواست و ئارەزووی حكومەت بێ ئەوەی ڕووداوێك لە پارێزگای كەركووكدا بەتایبەتی و پارێزگاكانی تری عێراقدا بەگشتی ڕووبدات چووە ڕێیەوە و ئەنجامەكەی بە بردنەوەی (١١٨)نوێنەر بێ پێشبڕكێ و

---

[1] المصدر نفسه، ملفة رقم(٩٥٨٥/٣٢٠٥٠)، وثيقة رقم(٤٤)ن ص١١١.

[2] المصدر نفسه، ملف رقم (٩٥٨٦/٣٢٠٥٠) وثيقة رقم ٥١، ص٥٤.

[3] المصدر نفسه، ملف رقم(٩٥٢٧/٣٢٠٥٠) وثيقة رقم ٣٧٥، ص٤٣٤.

[4] اسعد، المصدر السابق، ص١٨٥.

هەڵبـژاردن بە(تەزکیـە) کـە ٢٩نوێنـەریان[1] بـۆ یەکـەم جـار هەڵبـژێردرابوون کۆتایی پێهات، لە پارێزگای کەرکووکدا سەرجەم نوێنەرەکان بێ پێشـبڕکێ و هەڵبژاردن بە(تەزکیە) بردیانەوە، کە بریتی بوون لە نەجیب یەعقوبی و کاکـە حەمــەی خانــەقا و ئیــبراهیم نەوتچـی و نـذیر قـیردار لـە سـەنتەری قــەزای کەرکووك و مەحموود بابان و داود جاف لە قەزای کفری و سلێمان بـەیات لـە قەزای (توزخورماتو) و مەحموود فەهمی هەمەوەندی لە قەزای چەمچـەماڵ و قسطنطین فتوحی لە پێکهاتەی کریستیانەکان[2].

حکوومەتـە بـەدوای یەکترییـەکانی عێـراق لـە مـەودای شـانزدە خـولی هەڵبژاردنـدا، لـە دەسـتتێوەردانی هەڵبـژاردنی نوێنـەران و بەڕێوەچـونیدا لـە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا کە کەرکووکیشی تێدا بـوو دەسـتی هەڵنـەگرت بە ئاسانی ئەم حکوومەتانـە دەیـانتوانی نوێنـەرەکانیان هـەڵپاڵێون تیایانـدا، ئەم کردەوانە کاریگەرییەکی نالەباروخراپی بەسـەر ژیـانی بەرلەمانییـەوە لـە عێراقــدا بـــەجێهێڵا چـــونکە ئەنجوومەنـــەکان هەمیشـــە لـــە مەترســـی هەڵوەشاندنەوەدا لە لایەن حکوومەتەوە بوون بۆیە دەبینین حکوومەت بتر لە سێزدە جار ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندووەتەوە.

---

[1] الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠، ط٧، ص٢٢١.

[2] د.ك.و، ملفات وزارة الداخلية، ملفة رقم(٣٢٠٥٠/٩٥٨٧)، وثيقة رقم(١)، ص٢.

## بەشی سێیەم
# نوێنەرانی کەرکووك و دۆزە ئابوورییەکان

پێگەی جـوگرافی عێـراق گرنگییـەکی گـەورەی لـە لایـەن ئابوورییـەوە دروست کردووە عێراق بووەتە حەڵقەی پەیوەندییـەك لـە نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوادا و نەخشی ئەمە لە هاتووچو پەیوەندی جیهانیدا و گرنگییەکـەی لـە لایەن بازرگانییەوە ئاشکراو ڕوونە[1] جگە لە کەش و هەوای لـەباری عێـراق و ڕۆڵی لە کشتوکاڵدا کە بەپێی ناوچە جیاوازەکان دەستنیشانی دەکات چونکە کشتوکاڵ لە پایەکانی سـەرەکی ئـابووری عێـراق دەژمێردرێت لەبـەر بـوونی زەوی و زارێکی پانو پۆڕی بەپیت، کە بۆ کشتوکاڵ لەبارە سەرەڕای فراوانـی سەرچاوەکانی ئاو لەم وڵاتەدا[2].

بـەڵام سـەبارەت بـە سیسـتەم و نیزامـی زەوی و زار لـە عێراقـدا، دابەشکراوە بۆ زەوی موڵك و زەوی میری (الأراضي الأميرية) کەخاوەنەکـەی دەوڵەتـە و زەوی وەقـف و زەوی بـەلاوەنراو(المتروكة) و زەویـە مردووەکـان (الموات) کە سوودی لێوەرناگیرێت و ئەم بەشانە لە بەشێکەوە بـۆ بەشـێکی تـر جیـاوازی هەیـە سـەبارەت بـە موعامەلـەی باجەکـەی بـەپێی تەسـنیفی عوسمانی بۆ زەوییەکان بەڕێوەدەچێت[3].

نیزامی فئودالی عێراقی گرتبوەوە و پەیڕەو دەکرا لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیـەی کـە لـە نێـوان زەوییـەکانی عێراقـدا هـەتا دوای کۆتـایی هـاتنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەرچاو دەکەوێت.

---

[1] جاسم محمد الخلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية، منشـورات معهد الدراسات العربية العالمية، د.م، ١٩٥٩، ص٨–١٠.

[2] المصدر نفسه، ص٢١٩.

[3] سـعيد عبـود السـامرائي، مقدمـة في التـاريخ الاقتصـادي العراقـي، مطبعـة القضـاء، النجـف، ١٩٧٣، ص١٩٢؛ عماد احمـد الجـواهري، ... مشـكلة الأراضـي في العـراق ودراسـة التطـورات العامة (١٩١٤–١٩٣٢)، دار الحرية للطباعـة، بغـداد، ١٩٧٨، ص٢٨–٣١؛ الارحـيم، المصـدر السابق، ص١٥٧–١٥٨.

گیروگرفتەکانی زەوی و زار لە ژێر کاریگەری شێوەی نیزامی دەرەبەگایەتی و ئاسەواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا بەتایبەت لە ولایەتی مووسڵدا (کەرکوك و سلێمانی و مووسڵ) لەبەر پەیوەندە خێلایەتیەکان لەگەڵ زەوی و زاردا[1]، خۆی دەنوێنێ، بەڵام سەبارەت بە پیشەسازی لە عێراقدا بە شێوەیەکی سەرەتایی و ساکار و تەقلیدی بووە، کە ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەمە ئیسلامییەکان کە لە ماڵ و دوکانەکانی شارە گەورەکاندا چڕدەبووەوە، کە گەشەییێکی کەمی بەخۆیەوە بینیوە[2]، هەتا دەرهێنانی نەوت و بەرهەمهێنانی کە یارمەتی گەشەکردنی پیشەسازی و ئاوەدانی وڵاتی لێکەوتەوە[3]، چونکە دۆزەکانی ئابووری گرنگییەکی سەرەکی و فراوانی هەیە بۆیە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بایەخێکی گەورەی پێی درابوو و لە نێوانیاندا نوێنەرانی پارێزگای کەرکوك لە دانوستان و گفتوگۆکانی ئەنجوومەندا لە زەمینەی ئابووریدا ئەو بایەخە دەکەوتنە بەرچاو.

---

(1) السامرائي، مقدمة في التاريخ الاقتصادي، ص١١٥.

(2) جوني يوسف حنا، تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق(١٩٢٩–١٩٥٨)، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، كلية الاداب، ١٩٨٩، ص١٩–٢٠.

(3) كاتلين.ام.لانكلي، تصنيع العراق، ترجمة: د.محمد حامد الطائي ود.خطاب هكار العلي، مراجعة: الدكتور محمد عزيز وعدنان القصير، مطبعة التضامن، بغداد، ١٩٦٣، ص٢٩.

## جێ باسی یەکەم: کشتوکاڵ

پارێزگای کـەرکووك لـە پێشـەوەی پارێزگـانی عێراقدایـە لـە زەمینـەی کشـتوکاڵدا لەبـەر بـوونی زەویـی و زارێکـی بـەرفراوان و پـانوپۆڕ و بـەپیتی کشتوکاڵی سەرەڕای ئەوەی کە پارێزگاکە لە گـەنم و جـۆ و درەختـی بـەردار بەرهەمی کشتوکاڵی تر بەشێکی بەرچاوی هەیە، جگە لە بـەروبوومی ئـاژەڵی یەکجار بەرفراوان[1] و لـەو بـارەوە گرنگـی پێـدانی نوێنـەرەکان بـە کشـتوکاڵ بـەدی دەکـرێ بەتایبـەت زۆربـەی نوێنـەرەکانی پارێزگـای کـەرکووك لــە بنەماڵانێکن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کشتوکاڵدا هەیە[2].

١- زەوی و زار:

دەوڵــەتی عوسمــانی لــە کۆتــایی هەشــتاکانی ســەدەی نۆزدەهەمــدا کاروبـاری واگـوزاری و بەخشـینی زەوییـەکان بـە شـێوەی تـاپۆ لـە عێراقـدا ڕاوەستان، بۆیە زۆربەی زەوییەکان بـە شـێوەی ئەمیریـە کـە تـاپۆ نـەکرابوو مابووەوە سەرۆك عەشیرەتەکان زۆربـەی ئـەم زەوییانـەیان بـەکاردەهێنا بـێ ئــەوەی تاپۆیــان لــێ کرابێــت ئەمەیشــە چــینێکی فئــودالی لــە ســەرجەم دەڤەرەکانی عێراقدا خولقاند، ئەم بارودۆخە تا دەورەی سـەربەخۆیی عێـراق ١٩٣٢ شـۆڕبووەوە و لـە بنەڕەتـدا موڵکایـەتی ئـەم ئەرزانـە بـۆ دەوڵــەت دەگەڕێتەوە[3].

لەم بارودۆخەدا سەبارەت بە زەویی و زار حکوومـەتی نـوری سـەعیدی دووەم لە ١٩ی تشرین یەکەمی ١٩٣١-٢٧ی تشرین یەکەمی ١٩٣٢دا لایحـەی یاسـای هـەموارکردنی زەوییـەکان تەسـوییەی زەوی و زاری بـۆ ئەنجوومـەنی نوێنەران ڕەوانـەکرد، بـەپێی ئـەم لایحەیـە سـنفەکانی زەوییـەکان و بـۆ کـێ

[1] مصطفى، المصدر السابق، ص٢٥.

[2] بڕوانە بەشی دووەم، تەوەرەی یەکەم.

[3] الجواهري، تاريخ مشكلة الأراضي، ص٤١-٤٥.

دەگەڕێتــەوە و چەسـپاندن و دەستنیشـانکردنی مافێـك كـە بـە زەوییــەوە پەیوەنـدی هــەبوو بـە مەبەسـتی گفتوگـۆکردن و تاوتوێکردنیـان و داکـۆکی لەسەرکردنیان[1]، ڕوونکرابوەوە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەزامەنـدی سـەبارەت بە لایحەکە نیشاندا چونکە (٦١) نوێنەر دەنگی بۆدا کە نوێنـەرانی کـەرکووك لە نێوانیاندا بەدیدەکران کە بریتی بوون لە حەبیب تاڵەبانی و سلێمان فـەتاح و مستەفا یـەعقوبی و محەمـەد عـەلی قـیردار، لـە کاتێکدا تـەنها دوو نوێنـەر لارییان لەم بارەوە نیشاندا و لە دانیشتنەکەدا (٢٤) نوێنەر ئامادەنـەبوون[2]، لـە ٤ تـەمووزی ١٩٣٣زاینیـدا حکوومــەتی ڕەشـید عـالی گـەیلانی یەکـەم ڕێکـەوتی ٢ی ئـازاری ١٩٣٢-٩ئــەیلوولی ١٩٣٣ لایحــەی یاسـای بەخشـینی کرێیانەی (بدل الایجار)ی زەوی و کەمکردنـەوەی ڕێـژەی کرێـی زەوی سـاڵی ١٩٣٣ بـە ئەنجوومــەنی نوێنـەران پێشـکەش کـرد بـە ئامـانجی یارمـەتی و کۆمــەکی فەلاحــەکان بـۆ کـێڵان و کەشـتی ئــەم زەوییانــەی کــە لــەژێر دەستیاندایە[3].

دوای تـاوتوێکردنی لایحەکـە لـە لایـەن ژمارەیـەك لـە نوێنــەرەکانی ئەنجوومەنەوە دەنگی لەسەر درا (٣٨) نوێنەر ڕەزامەندییان لەسەر نیشـانداو کە لـە نێوانیانـدا نوێنـەرەکانی کـەرکووك حـەبیب تاڵـەبانی و محەمـەد عـەلی قیردار دەبینران، بەڵام (١٥) نوێنەر لارییان سەبارەت بـە لایحەکـە خسـتەڕوو کە لە نێوانیاندا نوێنەری کەرکووك فەوزی عـەلی بەدیـدەکرا لـە هـەمان کاتـدا نوێنەری کەرکووك جەمیل بابان لـە دانیشـتنەکەدا ئامـادە نـەبوو[4]، و کـاتی بودجەی دارایی گشتی ساڵی ١٩٤٤ تاوتوێ دەکرا نوێنەری کەرکووك سـلێمان

[1] المصدر نفسه، ص٢٦٤-٢٦٥.
[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسـنة ١٩٣٢، الجلسـة(٥٢) في ٤تـەمووز ١٩٣٢، ص٩٥٨.
[3] المصدر نفسه، الدورة الانخابية الرابعة، الاجتماع غير الاعتيادي لسـنة ١٩٣٣، الجلسـة(٣٩) في ٤كانون الاول لسنة ١٩٣٣، ص١٢٢-١٢٥.
[4] المصدر نفسه، ص٦٢٦-٦٢٧.

فــەتاح باســی دۆزی دابەشــکردنی زەوی کــرد وتــی دابەشــکردنەکەی بەشێوەیەکی ڕاست پیادە نەکراوە چونکە بە فەلاحەکان زەوییەکی پترتر لـە توانـای بـەکارهێنانیان پێـدراوە و داخـوازی کـرد کـە خـاوەن زەوییـەکان ناچاربکرێن کە ئەبزار و کەلوپەلی کشتوکاڵی نـوێ بـۆ پترترکردنـی بـەروبووم بەکاربێنن[1].

لە دانیشتنی گرێدراوی ئەنجوومەندا لە ڕێکەوتی ٢٢ی کـانوون یەکـەمی ١٩٥٧ نوێنـەری کـەرکووك سـلێمان بـەیات و هەڤاڵـەکانی پێشـنیارێکیان بـە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پێشکەش کـرد کـە ڕێـژەی ئـەو زەوییانـەی کـە بـە شێوەی (لەزمە) یا وەك بە تەفویز دەدرێت لە (٥)هـەزار دۆنم زیـاتر نـەبێت و لەو پێشنیارەدا هاتبوو حکوومەتە بەدوای یەکتریدا هاتووەکانی عێراق پلانـی ئاوەدانکردنەوەی زەویەکان لەسەر بنەمای موڵکایـەتی بچـووك دامەزرانـد بـۆ ئـەوەی گـەورەترین ژمـارەی خـەڵك لـە بەکارهێنانیانـدا سـوود وەربگـرن و سەرئەنجام بوونە خاوەنی و بەشداری لە پەرەسەندنیدا بکەن، چونکە ئەگـەر بڕیارەکـانی یاسـای تەسـویەی زەویـەکان بـێ ئـەوەی مقـداری ڕێـژەی ئـەو ئەرزانەی کە دەتوانرێ بـە (لەزمـە) یـا وەك بـە تـەفویز بـدرێت دەستنیشـان نەکرێت وەك خۆی بمێنێتەوە.

بێ گومان ئەم پلانە پەکدەخات و لە نێویی دەبات،چونکە ئەم ئەرزانـە لـە دەسـەڵاتی کەمایەتیەکـدا دەمێنێتـەوە بۆیـە داخـوازی دابـین کردنـی لایحەیەکی یاسایی بەم بۆنەوە کـرا، بـە مـەرجێك مەسـاحەتی ئـەرزەکان کـە ڕێتێدەچێت لە ئایندەدا بە لەزمە یان بە تەفویز بدرێت لـە ڕێـژەی (٥) هـەزار دۆنم زیاتر نەبێت.

پێویسـتە ئـەم زەویانـە نەدرێتـە ئـەو کەسـانەی کـە بـە بـەراوی ئـەم مەساحەتە ئیمڕۆکە لە ژێر دەسـت و تەسـەڕوفیدایە[2]، دوای تـاوتوێکردنێکی

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية العاشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٣، الجلسـة(٢١) في ١١ايار ١٩٤٤، ص٢٥٥.

[2] ئەو نوێنەرانەی کە پاڵپشتی پێشنیارەکەی بەیاتیان کرد بریتی بوون لـە تـەوفیق موختـار و ڕەزوق غـەنام بەغـدا، و تـەوفیق فکیکـی و عەبدولمەجیـد مـەحموود مونتـەفك و حەسـەن

درێــژ خایــەن پێشــنیارەکە لەلایــەن پێشــنیارکەرەکان و وەزیــری دادەوە "ئەحمــەد موختــار بابــان" لــە ڕێگــەی رایگیرییــەوە دەنگــی لەســەر دراو ئەنجوومەن ڕەزامەندی سـەبارەت بـە پێشـنیارەکە نیشـاندا و بڕیـار درا بـوو حکوومەت بۆ کاری پێویست ڕەوانە بکرێت[1].

**٢- بەروبوومی کشتوکاڵ:**

حکوومەتی نوری سەعیدی دووەم لە ١٩ی تشرین یەکەمی ١٩٣١-٢٧ی تشـرین یەکـەمی ١٩٣٢ لایحـە یاسـای کشـتوکاڵی (برنجـی) بـۆ ئەنجوومـەنی نوێنەران پێشکەش کرد و لایحەکە کشتوکاڵی برنجی لە هەندێ لە ناوچەکاندا لەبـەر کـەمی ئـاو سـنووردار کردبـوو و نوێنــەری کـەرکووك سـلێمان فـەتاح خۆشحاڵی خۆیی سـەبارەت بـەم لایحـە خسـتەڕوو لـەم بـارەوە وتـی بـەهۆی هاتنەخوارەوەی بەهای گەنم و جۆ دەستکراوە بە پترکردنی کشتوکاڵی بـرنج و حکوومـەت یاسـایەکی ئامـادەکردووە کـە نیزامێـك دامـەزرینێت پاراسـتنی بەژەوەندی گشتی لێبکەویتەوە و لـە مـادەی یەکەمیـدا هـاتووە: بـۆی هەیـە کشتوکاڵی بـرنج لـە بـە پارێزگاکـانی بەغـداو حلـەو دلـیم و دیالـەو کەربـەلا و هەردوو قەزای دیوانیـە و عەفـەك و ناحیـەی قەرەتەپـەی سـەر بـە کـەرکووك بەپێی ئەم نیزامە سنووردار بکرێت کاتێ کە ئەنجوومەنی وەزیران لە فیرۆدان و بەهەدەردانی ئاو دڵنیا بۆ لایحەکە، بە کۆی دەنگی ئامادەبوان قبوڵ کرا[2].

لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکووك داود جـاف داخـوازی لـە حکوومـەت کرد سەبارەت بـە مۆڵـەت پێـدانی خـەڵکی خانـەقین کـە بـرنج بکـەن چـونکە

---

عەبـدولرحمان بەسـرە و عەبدولعـەزیز خـەیات کـوت و یوسـف رەسـام مووسـل و محەمـەد ئەحمەد عومەر (دلیم) و جـەمیل کبـەو محەمـەد حوسـێن سـەلمان(عمـارة). م.م.ن، الـدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيـادي لسـنة ١٩٢٧، الجلسـة(٣) في ٢٢ كـانون الاول ١٩٥٧، ص٢٠.

(١) المصدر نفسه، الجلسة(٨) في ١٥كانون الثاني ١٩٥٨، ص٩٤-٩٦.

(٢) م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة والاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٢، الجلسـة(٢٨) في ٦اذار ١٩٣٢، ص٢٠٩.

حکوومەت خەڵکی لە کشتوکاڵی برنج مەنع کردووە بە بەهانەی ئەوەوە کە زەوییەکانی ئەم دەڤەرە جگە گەنم و جۆ و بۆ کشتوکاڵێکی تر دەست نادات بۆیە لە وەزیری ئابووری (ضیاء جەعفەر) داخوازی کرد سەبارەت بەم دۆزە دووبارە چاوبخشێنیتەوە[1]، بەڵام وەزیر هیچ جۆرە لەسەر چوونێکی سەبارەت بە داخوازیەکەی نوێنەرەکە نەدا[2]، هەروا نوێنەرانی کەرکووك لە دابینکردنی پێداویستیەکانی کشتوکاڵدا بۆ فەلاحەکان لە لایەن حکوومەتە بەبایەخداریان زانی وەکو دابەشکردنی دانەوێڵەو تۆو بەسەر فەلاحەکاندا بە بەهایەك کە بەشەکەی خۆی لێی کەم بکاتەوە ئەوە بۆ دە نوێنەر کە لە نێوانیاندا نوێنەرانی کەرکووك.

داود جاف و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و عەبدوڵلا سلێمان بەیاتی دەبینران پێشنیارێکیان بە ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش کرد تێدا هاتبوو: حکوومەت لە بەشەکەی لە گەنم (٣٠)دینار وەردەگرێت و بەسەلەم (سلفە) بە (٥٠)دینار دەیدات بە فەلاحەکان پێشنیار دەکەین کە دابەشکردنەکە هەر بە (٣٠)دینار[3] بەڕێوەبچێت و هیچی نەخرێتە سەر.

بەڵام وەزیری دارایی عەلی مومتاز دەفتەری هۆی ئەم پترکردنەی گەڕاندەوە بۆ بەهای گواستنەوە هەروا لە دواییدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم پێشنیارە بە پێچەوانەی دەستوورە بۆیە پێشنیارەکە بەلاوە نرا[4].

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠، الجلسة(٤٩) في ١٣ايار ١٩٥١، ص٨٧.

[2] المصدر نفسه، ص٨٧٥.

[3] نوێنەرەکانی تر بریتی بوون لە عەبدولقادر عانی و مجبل وەگاع و مەتی سەرسەم و بەرەکات ناسر(مووسل) و عەبدولعەباس المزهر(دیوانیة) و عەلی شەبوط(کوت) وشامر سەعدون منتفك. م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٨، الجلسة(١٥)، في ٤تشرين الاول ١٩٤٨، ص٢٠٢.

[4] المصدر نفسه، ص٢٠٣.

سەبارەت بە کشتوکاڵی توتن بارودۆخەکە جیاوازییەکی ئەوتوو نەبوو چونکە کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆریان لە هەندێ دەڤەردا بۆ ئەم بەروبوومە دروست کردبوو و دوو شارەزایان لەم بوارەدا بەکارخستبوو بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەی توتن و پیشەسازی (جێرە)و کاری پەلە بگرێتە بەر بۆ سنووردارکردنی کشتوکاڵی توتن و چاك کردنی نەوعیەت و جنسەکەی لە ڕوانگەی لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکانی تەسنیف و نومرەو پلەکانی و ئەمیشە لەدەورەی وەزیری دارایی (سالح جەبرەوە) لە وتارەکەیدا سەبارەت بە بودجەی گشتی ساڵی ١٩٤٥ بیسترا.

لە دەورەی حکومەتی جەمیل مەدفەعی حەوتەمدا ١٧ی ئەیاری ١٩٥٣–١٥ئەیلوولی ١٩٥٣ بۆچوون وابوو ئەو قەید و کۆسپانە هەڵبگیرێت و سەبارەت بەم دۆزە نوێنەری کەرکوك پرسیارێکی ئاراستەی عەبدولرحمن جەلیلی لە وەزارەتەکەی محەمەد فازل جەمالیدا لە ١٧ئەیلوولی ١٩٥٣– شوباتی ١٩٥٤ کرد، لە پرسیارەکەیدا هاتبوو نیازی حکوومەتی پێشوو بەو لایەدا دەشکایەوە کە کشتوکاڵی توتن لە باکووری عێراقدا لە دەستپێچ و قەیدی مۆڵەت دان ئازاد بکات و لە کرداردا مەرسومێکی لەم بوارەدا ئامادەکرد کە حکوومەتی ئیمڕۆکە ویستاندویەتی و پوچی کردەوتەوە ئایا جەنابی دەتوانێ حیکمەتی ئەم بڕیارە (چی بوە) بۆمان ڕوون بکاتەوە بریکاری وەزیری ئابووری حەسەن عەبدولرحمن وەڵامی دایەوە و وتی: تەنزیم و ڕێکخستنی کشتوکاڵی توتن بۆ(ئینحساری توتن) دەگەڕێتەوە و ئەم یاسایە مادەیەکی تێدایە بەرگری لە کشتوکاڵی ڕەهای ئەم بەروبوومە دەکات، چونکە بترکردنی هەر بەروبوومێك لەو ڕێژەیەی کە نەتوانرێ لە بازاڕەکانی خووجەییو دەرەوەدا سەرف بکرێت سەر ئەنجامەکەی بە زیانی ئەو بەروبوومە تەواو دەبێت و لەگەڵ ئەوەیشدا بریکاری وەزیری ئابووری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دۆزی توتن بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئەنجوومەنی وەزیراندایە[1] .

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٣ الجلسة(٢) في ٦كانون الاول ١٩٥٣، ص١٠.

٣- جەنگەڵەکان:

بەشی جەنگەڵ سەر بە بەڕێبەرایەتی کشتوکاڵ ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا دوایی لە ساڵی ١٩٥٤دا بووە ڕێبەرایەتییەك کاتێ کە وەزارەتی کشتوکاڵ دروست بوو. لەگەڵ ئەمەیشدا کاروباری جەنگەڵ تاڕادەیەك پشتگوێ خرابوو دەستی گەشەکردنی بۆ شۆڕنەبووەوە کاتێ حکوومەتی فازل جەمالی یەکەم ١٧ئەیلوولی ١٩٥٢-٢٥ی شوباتی ١٩٥٤ لایحەی جەنگەڵی ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد ژمارەیەك لە نوێنەرەکانی کەرکووك سەبارەت بەم بابەتە بەشدارییان لە دانوستانەکاندا کرد، نوێنەری کەرکووك مەحموود بابان داخوازی لە حکوومەت کرد بایەخ بە جەنگەڵەکان بدات، بایەخ و گرنگییانی خستەڕوو وتی: جەنگەڵەکان یەکێك لە داهاتە سەرەکییەکانی ئابووری ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهانە، بۆیە تکا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەم کە گرنگی بەم داهاتە بدات، بێگومان وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم ئامانج و غایەتە داخوازی کراوەی پیادە نەکردووە و چونکە چی لە دەڤەری باکووردا یا لە باشووردا ناوچەیەکی دیاریکراوی درەختکاری نەکردووەو ئەم بودجەیە کە بۆ درەختکاری و ناشتنی درەخت تەرخان کراوە یەکجار کەمە[1]، و هەڤاڵەکەی داود جاف پاڵپشتی لە وتەکانی کرد و وتی: جەنگەڵەکان پێویستیان بە پاراستن و ئاگاداربون و چاودێری کردنە لە لایەن سەرجەم دامودەزگاو سازمانەکانی حکوومەتەوە، چونکە جەنگەڵەکان دارایی و سامان و سەروەتێکی گەورەیە ئەگەر بایەخی پێبدرێت و چاکسازی بکرێتەوە و گومان لەوەدا نییە بەم چاکسازییە سەرئەنجامەکەی دەوڵەمەندی عێراقی لێدەکەوێتەوە[2].

وەزیری کشتوکاڵ(عەبدولغەنی دەلی) جەختی لەسەر گرنگیدان بە دۆزی جەنگەڵەکان و بەهەند وەرگرتنی بۆچوون و ڕای نوێنەرەکان بەپێی

---

[1] المصدر نفسه، الجلسة(٢٧) لە ٧ئازاری ١٩٥٤، ص٥٩٥.

[2] المصدر نفسه، ص٥٩٧.

توانـا لـەم بـوارەدا كـرد[1]، وا ديـارە بارودۆخەكـە وەك خـۆی مايـەوە جەنگەڵەكان هيچ جۆرە گرنگييەكی ئەوتۆی پێنەدرا ئەم بارودۆخە هەندێ لە نوێنەرەكانی هاندا كە داخوازی لە حكوومەتەكان سەبارەت بـە گرنگيـدان بـە كاروباری جەنگەڵەكان بكەن.

سـەلمان بـەيات نوێنـەری كـەركووك سـەبارەت بـە يـەكجار پشتگوێخستنەی جەنگەڵـەكان و كاريگـەری خـراوی ئـەم پشتگويخسـتنە لـە ئابووری وڵاتدا وتی: تا ئێستا عێراق ميوەو تەختەدار و هـەتا خەڵوزيشـی لـە دەرەوەی وڵات دەهێنێـت[2]، و نوێنـەری ديـالی جـەميل ئورفـەلی و نوێنـەری مونتەفك عەبدولمەجيد مەحموود[3]، پاڵپشتی وتەكەيان كرد.

**٤- دەردەكانی كشتوكاڵی و گێروگرفتی ئاو**

كشتوكاڵ لە عێراقدا ڕووبـەڕووی تەنگژەيـەكی سـەرەكی بووەتـەوە كـە لـە گێروگرفتی كوللەو وشكە ساڵی و باران نەبارين لە هەنـدێ وەرزەكانـدا خـۆی دەبينيتەوە كە ئاسەواری لە ژيانی ئابووری وڵاتدا بـەدی دەكرێـت ژمارەيـەك لە نوێنەرەكانی كەركووك و لـە خولـە جياوازەكانـدا داخـوازی لـە نێـوبردن و قەلاچـۆكردنی (كوللـە) و گيانلەبـەرە زيانبەخشـەكانی تريـان كـرد چـونكە زيانێكی گەورەی هامكات لە حكوومەت و هەم لە فەلاحەكان دەگەياند و بـەم هۆيەوە سامانێكی كەلانيان بەفيڕۆدەڕۆيشت و لە كيس دەچوو.

بـە بۆچـوونی نوێنـەری كـەركووك سـلێمان فـەتاح هـاوردنی پسـپۆڕ و لێزانەكان لە بـواری قەڵاچـۆكردنی گيانلەبـەرە زيانبەخشـەكاندا زۆر گـرنگ و پێويسـتە و داخـوازی چاكسـازی مەزرەعـەی روسـتەمييەی بـۆ ئازموونـە

---

[1] المصدر نفسه، ص٥٩٧.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧ الجلسة(١١) ٢٣كانون الثاني ١٩٥٨، ص١٦٦.

[3] المصدر نفسه، ص١٦٧-١٦٩.

کشتوکاڵەکان کرد و مادەی کەپەکی(گەنم)ی نخالە* بە مادەیەکی تر بۆ قەلاچوکردنی کولله دەستنیشان بکریت چونکە نخالە گران بەهایە و لە پاڵیدا خاڵی سنووری دامەزرێت بە مەبەستی قەدەغەکردنی هاوردنی ئەو مادانەی کە گیانلەبەرو حەشەراتی زیانبەخشی پێوەیە چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان[1].

سەبارەت بە وتەکەی ئەم نوێنەرە بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵ ئەنوەر خەیات وتی: من لەگەڵ وتەکانی حەزرەتی ئەم نوێنەرە دام سەبارەت بە چاکسازی و گەشەپێکردنی مەزرەعەی (روستەمییە)و لەگەڵیا هاوبیرم بەڵام دۆزی گیانلەبەرە زیان بەخشەکان زۆر گرنگە و کەسانێ کە لەم بوارەدا پسپۆڕین کەمن و بەپێی توانا بە ئەرکی سەرشانمان هەڵدەستین بەڵام سەبارەت بە سوسی گەنم (نەخالە) و گۆڕینی بە مادەیەکی تر بۆ قەڵاچۆکردنی گیانلەبەرە زیانبەخشەکان لە ڕاستیدا تەنها ئەم مادەیە هەیە لە دەسترەسدا مادەیەکی تر کە گونجاوترو هەرزانتر بێت[2]، بۆ قەلاچۆکردنی گیانلەبەرە زیانبەخشەکان لە دەسترەسدا نیە.

لە قسەکەی بەڕێوەبەری کشتوکاڵەوە دەردەکەوێت کە توانای کۆنترۆڵ و بەرەنگاری ئەو ئافەتانە لە وزەدا نیە جگە لە دانپێنانی سەبارەت بە پشتگوێ خستنی مەزرەعەی (روستەمییە) و ئەمیشە تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی پێدانی نوێنەرەکە سەبارەت بە چاکسازی دۆزەکانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵەوە و سەیرکردنی ئەم گیروگرفتە.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەخاتەڕوو و ئەم داخوازییەی لە باوەڕو ئیمانیەوە سەبارەت بەو بەرپرسارییەتیە کە خراوەتە سەر شانی

---

* النخالـة: توێـژی گـەنم لـە تێکـەڵاوکردنی لەگـەڵ ماددەیـەکی ژەهراویـدا بـەم مەبەسـتە ئامادەکردوە سەبارەت بە قەلاچۆکردنی کولله بەکاردەهێنرێت.

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة ، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٠، الجلسة(٤٩)، في ٢٩اذار ١٩٣١، ص٦٩٧.

[2] المصدر نفسه، ص٦٩٨.

هەڵدەقوڵێت لەو ئیعتیبارەوە نوێنەرێکی ئەم وڵاتەیە دەیەوێت پاڵپشتی ئابووری وڵات بکات، حکومەتە عێراقیەکان هەوڵێکی زۆریان سەبارەت بە قەڵاچۆکردنی (کولله) لەگەڵ ئێراندا گرتەبەر چونکە هەردوو دەوڵەتەکە لەم گیروگرفتەدا هاوبەش بوون و جێگاو شوێن و جێی گەرادانانی کوللەکان لە زەوی هەردوو دەوڵەتەکەدایە، بۆیە حکوومەتی تەوفیق سویدی دووەم ٢٣ی شوباتی ١٩٤٦–٣٠ئەیاری ١٩٤٦ لایحەی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی قەڵاچۆکردنی کوللە کە لە نێوان هەردوو حکوومەتی عێراق و ئێراندا گرێدرابوو لە ٨ی ئەیاری ١٩٤٦دا، بە ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەشی کرد کاتێ دەنگی لەسەر درا، سەرجەم نوێنەرەکان ڕەزامەندییان نیشاندا تەنها نوێنەرێك نەبێت و کۆی ئەو نوێنەرانە (٨٣)نوێنەر بوون کە نوێنەرەکانی کەرکووك (٧)نوێنەر لە نێو ڕەزامەندی دەرەکاندا بوون و نوێنەرەکان بریتی بوون لە جەمیل قیردار و سلێمان فەتاح و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی لە دانیشتنەکەدا دارا داودەو داود جاف ئامادەنەبون[1] و لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلای حکوومەتدا بۆ قەلاچۆکردنی (کولله) بەڵام نوێنەرەکان لەم نەخۆشی و ئافاتانە کە زیانێکی گەورەی لە فەلاحەکان دەدا دڵنیا نەبوون بۆیە ئەم دۆزەیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەیان خستەڕوو نوێنەری کەرکووك داود جاف پێویستی لە نێوبردنی (کولله) لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە پێویستی دەزانی و داخوازی دروستکردنی ڕێگاوبان لە ناوچە سەخت و دژوارەکاندا کرد بۆ ئەوەی بگەنە ئەو دەڤەرانەی کە (کولله) هێلکەو گەراکانی تێدا دەکات[2].

بەم شێوەیە ڕۆڵی نوێنەرەکانی کەرکووك سەبارەت بە لەنێوبردن و (موکافەحەی) نەخۆشی و ئافاتە کشتوکاڵییەکان ڕوون دەبێتەوە هەروەها

---

[1] م.م.ن، الدورة الانخابية العاشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٥ الجلسة(٣٤) في ٨ايار ١٩٤٦، ص٣٣٥–٣٣٨.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠ الجلسة (٤٩) في ١٣ايار ١٩٥١، ص٨٧٣.

نەخشیان سەبارەت بە حاڵەتی چارەدۆزینەوەی گیروگرفتی ئاویشیدا هەبووە کە لە گیروگرفت و تەنگژە سەرەکییەکانە کە نوێنەرەکانی ئەنجومەن باسیان بەهۆی گرنگییەوە دەربارەی دەکرد چونکە زیانێکی فراوانی بە کشتوکاڵ دەگەیاند بەهۆی وشکەساڵی و بێ بارانییەوە باران نەبارین لە کاتی خۆیدا لە هەندێ وەرزدا گرفتێکی گەورە بوو ئەم گیروگرفتە هاندەرێك بۆ پاڵپێوەنانی نوێنەرەکان سەبارەت بە داخوازی دروستکردنی (پرۆژەی ئاویاری) لە وڵاتدا بۆ دابینکردنی ئاوی کشتوکاڵ بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوك و زەوییە نزیکەکانیدا بۆ ئەوەی توانای بەدەست هێنانی ئاو لە وزەدا هەیە چونکە ڕووباری زێی بچووك لە نێوانیاندا تێدەپەڕێت[1].

بەهۆی ئەمەوە نوێنەری کەرکوك مستەفا یەعقوبی داخوازی کردنەوەی جۆگایەك لە ڕووباری زێی بچووکەوە کرد بە مەبەستی ئاویاری مەزرەعەکانی دەڤەری کەرکوك لەم داخوازییەیدا هەڤاڵەکەی سلێمان فەتاح پاڵپشتی لێکرد، و نوری سەعید (سەرۆك وەزیران) بەڵێنی خەیری بە هەردوو نوێنەرەکەدا و ئەم کارە دوای دابینکردنی پارەو سەرمایەی پێویست بۆ پیادەکردنی ئەنجام دەدرێت[2].

وا دیارە ئەم بەڵێنەی کە سەعید دابووی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نەگەیشتە ئەنجام و کات بەسەریدا تێپەڕی ئەمەیشە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاندنی بە پەلەی وەزارەتەکان ئەم بارودۆخە وای لە نوێنەری کەرکوك حوسێن نەوتچی کرد کە هەمان داخوازی دووپات بکاتەوەو بیخاتەڕوو و جەختی لەسەر هێنانی شارەزا هونەریەکاندا بە مەبەستی پیادەکردنی

---

[1] سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاویاری و گرنگیەکەی و پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمی کشتوکاڵدا بڕوانە: عباس فاضل السعدي، منطقة الزات الصفر في العراق دراسة ... لمشاريع الخزن والري وعلاقتها بالانتاج الزراعي، مطبعة اسعد بغداد، ١٩٧٦، ص١٧٠.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الاجتماع الغير الاعتيادي، لسنة ١٩٣١، الجلسة(٥) في ٣١ايار ١٩٣١، ص٦٥.

پڕۆژەکە کرد[١]، وەزیری ئابووری عەباس مەهدی دڵنیای کردەوە[٢]، کە ئەم پڕۆژەیە لە تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندندایە حکومەت بە گرنگی ئەم پڕۆژانەی زانیوە و کاری پڕۆژەی (حویجە) لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦دا دەستی پێکرد[٣]، نوێنەری کەرکوك داود جاف داخوازی دابینکردنی ئاو بۆ پارێزگای کەرکوك بە گشتی و قەزای کفری بەتایبەتی کرد[٤]، لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکوك عەبدوڵلا سلێمان بەیاتی لە جێگری سەرۆك وەزیران مستەفا عومەری ئیستفساری سەبارەت بەو ڕێو شوێنە گیراوەتەبەر بۆ چارەسەری گیروگرفتی عەشیرەتی بەیات لە قەزای دوزدا کرد.

داخوازی دروستکردنی سەدێکی بەسەر ڕووباری توزەوە بۆ تەنزیمی ئاوی لافاوەکان و سوودوەرگرتن لێی بۆ ئاودێری مەزرەعەو ئاژەڵەکان کرد، مستەفا عومەری وەڵامی دایەوە کە دەزگا هونەریەکان لە ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەدا ئەم دۆزەی تاوتوێکردوەو چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە پلانی پڕۆژەکە کۆتایی پێ بێت[٥].

### ٥- جووتیارەکان، وەرزێرەکان:

لە ئەنجامی دەسەڵات و دەست درێژی سەرۆك عەشایرەکاندا گوندەکان بوونە دەستپێچ و وەسیلەیەك بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتەکان، ئەمانە بوونە خاوەنی سامان و سەروەتێکی فراوان و لە بەرامبەریدا بارودۆخی گشتی دارمان و پەژارە و شپرزەییەکی زۆری لە نێوان

---

[١] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية السابعة الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٧ الجلسة(٣٠) في ١٧حزيران ١٩٣٧، ص٤٤٧.

[٢] المصدر نفسه، ص٤٤٨.

[٣] السعدي، المصدر السابق، ص١٩٧.

[٤] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠ الجلسة (٤٩) في ٣١ايار ١٩٥١، ص٨٧٣.

[٥] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشر الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(٤٢) في ٢٨حزيران ١٩٥٢، ص٥٨٦.

دانیشـتوانی گوندەکانـدا بـە بارهێنـا، و بـارودۆخ و ئـەوزاعی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و تەندروستیان لە خراپیەوە بۆ خراپیەکی تر، هـەتا دوای "تەسـویە زەویـەکان" ملـی دەنـا چـونکە زۆربـەی ئـەم فەلاحانـە بوونـە کرێـی گرتـەی زەویەکان کە کشتوکاڵیان تێدا دەکرد[1].

داماوی و نالەباری باری ژیانی فەلاحە عێراقیەکان بـووە هـۆی ڕوودانـی ژمارەیەك لە ڕاپەڕینی فەلاحەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ولأتداو لە ڕاپـەڕینی فەلاحەکان لـە قۆناغـە جیاوازەکـان و ناوچـە جیاوازەکانـدا دەردەکـەوێ کـە فەلاحی عێراق مافی خۆی بە دەست نەهێنابوو و لەلایەن خاوەن زەویەکان و فئودالـەکان و سـەرۆك عەشـایرەکانەوە، بـە درێـژایی سـەردەمی پاشـایەتی دەچەوسـایەوە و ئەمـەیش هـۆی داخـوازی نوێنـەرەکان بـووە بـۆ چاکسـازی بارودۆخی ژیانی فەلاحەکان.

سلێمان فەتاح نوێنەری کەرکوك داخوازی چاك کردنی کاروبار و ژیانی فەلاحەکانی کرد لە کاتی تاوتوێ کردنی وتـاری عەرشـدا کـە حکوومەتەکـەی "حەمدی پاچەچی" دووەم ٢٩ی ئـابی ١٩٤٤–٢٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٦ ئامادەی کردبوو و داخوازی خۆش گوزەران کردنی ژیـانی فەلاحـەکانی کـردو ڕۆڵـەکانیان فێـری کشـتوکاڵی بکرێـت، تـا منداڵـەکانیان فێـری کاروبـاری کشتوکاڵی نوێ بکرێت کە لە بنەماڵەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە[2].

حکوومەتـەکان پـێش بـەرەی کشـتوکاڵیان بـە فەلاحـەکان دەدا و لـە کۆتایی وەرزی دەرەودا لێیـان دەسـەندنەوە، لـە کـاتی تـاوتوێکردنی وتـاری عەرشـدا لـە سـەردەمی حکوومـەتی مەدفـەعی شەشـەمدا (٢٩ی کـانوونی دووەمی ١٩٥٣–٥ی ئایـاری ١٩٥٣) نوێنـەری کـەرکوك داود جـاف داخـوازی بەخشینی فەلاحەکانی قەزای کفری لەو پێش بـەرەی پێیـان درابـوو کـرد بـۆ

---

[1] عماد أحمد الجواهري، تاريخ مشكلة الأراضي والاصلاح الزراعي في العراق(١٩٢٣–١٩٧٧)، رسالة دكتوراه جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٨٢، ص٥٣–٥٦.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة (١٩٥٢–١٩٥٣)، الجلسة(١٤) في شباط ١٩٥٣، ص٥٧.

یارمەتی دانی نـەدارەكان و چـاك كردنـی بـاری ژیانیـان و نوێنـەری سـلێمانی عـەلی كـەمال پشـتگیری لـە داخوازیەكـەی كـرد و وتـی: ڕەزامەنـدی خـودم سـەبارەت بـەو داخوازییانـەی كـە بـرام داود جـاف[1] خسـتبویەڕوو نیشـان دەدەم[2]، بەڵام حكوومەت ئامادەنەبوو لەو پارە و پولانە چاوبپۆشێت[3] و لـە دانیشتنی ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا كـە لـە ٢٨ی ئـازاری ١٩٥٥ گـرێ درا داود جاف لە حكوومەتەكەی نوری سـەعیدی دوانزەهـەم "٣ی ئـابی ١٩٥٤-١٧ی كـانوونی یەكـەمی ١٩٥٥" داخـوازی قەرەبووكردنـەوەی دانیشـتوانی ئـەو دێهاتانـەی كـرد كـە ئـاو و زەویـەكانیان دەكەوێتـە ژێـر ئـاوی سـەدی دەربەندیخانەوە، پێش دروستكردنی سەدی دەربەنـدیخان پێویسـتە هـەر لـە سەرەتاوە شوێنی جێگیربوونی خەڵكەكە دابین بكرێت[4].

وەزیری ئاوەدانكردنەوە "عبدالمجید محمود" وەڵامی دایـەوە و گـوتی: هـەوڵ و كۆشـش لـە ئارادایـە كـە نیشـتەجێ بكـرێن لـە گونـدەكانی دەلـین و مالوانی سەر بە قەزای هەڵەبجـەدا و حكوومـەت پـێش ئەنجامـدانی پڕۆژەكـە قەرەبویان دەكاتەوە.

كشـتوكاڵ بەشـێكی گرنگـی لـە بایەخـدانی نوێنـەرەكانی كـەركووك لـە خۆگرتبــوو و پــەژارەیی و نالــەباری بــارودۆخی ژیــانی ناوچــەكانیان بــۆ ئەنجوومەن ڕوون دەكردەوە بۆ ئەوەی چارەیەكی بۆ بدۆزرێتەوە ئـەویش بـە گۆڕینی شێوە و باری كشتوكاڵ لە پارێزگای كەركووكدا.

---

(١) المصـدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة عشـرة الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٢-١٩٥٣ الجلسة(٤) في ٥شباط ١٩٥٣، ص٥٧.

(٢) المصدر نفسه، ص٥٩.

(٣) المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشر الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤-١٩٥٥ الجلسة ٣١ في ٢٨ازار ١٩٥٥، ص٦٣٦.

(٤) المصدر نفسه، ص٦٣٦.

## جیٚ باسی دووەم: پیشەسازی و دۆزی نەوت

۱- پیشەسازی:

پیشەسازی تاڕادەیەکی زۆر دواکەوتوو بوو لەگەڵ بوونی مەرجەکانی پیشەسازی لەم وڵاتەدا ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا تا دامەزراندنی حکوومەتی نیشتمانی ساڵی ۱۹۲۱کە کەم کەم دەستی کردە گەشەکردنێکی لەسەرخۆ[(۱)]، مەلیك فەیسەڵی یەکەم یاداشتێکی بۆ ئەنجوومەنی کشتوکاڵی پاشایی* پێشکەش کرد، جەختی تێدا بە پێویستی بایەخدان بە گەشەکردنی پیشەسازییەکان کە ئیعتیمادی بەسەر کەرەسە سەرەتاییەکانی خۆجەییەوە بۆ هاندانی پیشەسازی نیشتمانی کرد بوو[(۲)].

نوێنەرەکانی کەرکوك لە باسەکانیاندا جەختیان لەسەر پێویستی بەکارهێنانی کەرەسە سەرەتاییەکان لە زمینەی پیشەسازیدا دەکرد داخوازی ژمارەیەك کارخانەیان کرد، بۆ هاندانی پیشەسازی نیشتمای، چونکە سامانێکی نیشتمانی بۆ وڵات دەستەبەر دەکات.

نوێنەری کەرکوك سلێمان فەتاح دۆزی پارچەی لووکەی لە عێراقدا وروژاند وتی: من بە زیانی دەزانم و جێی داخە لە وڵاتێکدا دەژین کە لۆکەی هەیە بەڵام قوماشی لۆکەیی لە مانجستەری بەریتانیاوە دەهێنێت ئێمە ئەگەر بمانەوێ لە لۆکەکەمان سوود ببینین پێویستە کومپانیایەك بۆ گەشەکردنی لۆکە بە سەرمایەکانی عێراق دامەزرێنین.

ئەم سازمان کەئیستاکە هەیە هەڵسێت بە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوکاری و یارمەتی دەر بۆ دابەشکردن و سەرفی داهاتەکانی لۆکە، لە نێو

---

(۱) لانكلي، المصدر السابق، ص٥٧ومابعدها.

* ئەنجوومەنی پاشایی کشتوکاڵی ساڵی ۱۹۳۷ لە بەغدا بە فەرمانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم دامەزرا، ئامانجی چاکسازی کشتوکاڵی بوو لە عێراقدا هەروەها هەموارکردنی ژیانی کشاورزان و دابینکردنی خۆشگوزەرانییان و پاڵپشتیکردنی پیشەسازی کە ئیعتمادی بەسەر کشتوکاڵەوە هەیە. لانكلي، المصدر السابق، ص٧٩٨.

(۲) حنا، المصدر السابق، ص٣٢.

ولآت و دەرەوەدا[1]، و لـە دانیشـتنی ئەنجوومـەنی گرێـدراوی ٢٥ی شـوباتی ١٩٣٦دا هەمان نوێنەر داخوازی پاراستنی پیشەسـازییەکانی نیشـتمانی کـرد لە باجی گومرگ چونکە ئەمە هاندانێکە بۆ پیشەسـازی نیشـتمانی و خـەڵکی ولآت زیاتر پێشوازی لە کڕینی داهاتی نیشتمانی دەکەن بێ ئەوەی چاو ببڕنە کوتاڵەکان و کەلوپەلەکانی بێگانەکان[2].

لە بواری پەرەپێدانی پیشەسازی خۆجەییدا نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح داخوازی دامەزراندنی کارخانەیەکی شەکری کرد کە ئیعتمـادی بەسـەر شەکری (بەنجەرەوە) بێت کە دەڵێن کشتوکاڵەکەی لە ولآتدا سـەرکەوتوو لـە بـارە[3]، هـەروا نوێنـەری کـەرکووك داود جـاف لـە هـەمان بـواردا داخـوازی دامەزراندنی کارخانەیەك لـە سـلێمانیدا و کارخانەیـەك بـۆ پارچـەی لۆکـە لـە کەرکووك دا کرد چونکە ئابووری ولآت پاڵپشتدەکات.

هەروا کاروپیشە بۆ خەڵکی دەڤەرەکە دابـین دەکـات[4]، داود جـاف لـە لێرەدا ئاماژەی بۆ بێکاری لە ناوچەی کەرکووکدا کردو بوونی کارخانە هەلێك لە بەرامبەر دانیشـتوانی دەڤەرەکـەدا بـۆ کـارکردن دەڕەخسـێنێت و ڕێـژەی بوونی کارخانەی بافتی لۆکە لە ولآتێکی بەرهەمهێنەری لۆکەدا یەکجار کەمەو ئەم بارودۆخە لۆکەیش دەگرێتەوە، چـونکە ژمـارەی کارخانـەکانی بافـت لـە عێراقدا بە گشتی نەدەگەیشتە بیست کارخانە لە ساڵی ١٩٥٤دا.

لـە هـەمان سـاڵدا کارخانەیـەکی بـافتی لۆکـە لـە کەرکووکـدا بـە نـاوی کۆمپانیـــای بازرگـــانی و شـــیکردنەوەی لۆکـــەکانی عێراقـــی ســـنوردار

---

[1] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الرابعـة الاجتمـاع الاعتيـادي، لسـنة ١٩٣٣، الجلسـة(٣٠) في ٢٢اذار١٩٢٣، ص٣١٤-٣١٥.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابيـة السادسـة الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٥ الجلسـة(٣٥) في ٢٥شباط ١٩٣٦، ص٦٠١.

[3] المصدر نفسه، الجلسة(١٤) في ٣١كانون الاول ١٩٣٥، ص١٩١.

[4] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة(١٩٥٥-١٩٥٦)، الجلسة(٨) في كانون الثاني ١٩٥٦، ص١١٢-١١٤.

دامەزرێندرا[1]، و بڕیاری دامەزراندنی کارخانەیەکی شەکر لە سلێمانییەدا کە بە شەکری بەنجەر کار بکات درا، چونکە ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانییە بۆ کشتوکاڵی ئەم بەرهەمە لە دوا دوایی سەردەمی مەلیکیدا لەباربو[2].

نوێنەری کەرکووك سلێمان بەیات لە دانیشتنی گرێدراوی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨دا باسی سەبارەت بە پیشەسازی و ئەو سامانەی کە حکوومەتەکانی عێراق لە زەمینەی پیشەسازیدا خەرجیان کردووە کرد بایەخی پاڵپشتی حکوومەتی سەبارەت بە پیشەسازی خستەڕوو وتی: ئەو دەرامەتەی کە حکوومەت لە پیشەسازییەوە بە دەستی هێنا دووبەرابەری ئەو دەرامەتەیە کە لە کشتوکاڵدا خەرجی کردووەو پێویستە ئەو پارەو سەرمایانەی کە لە پیشەسازیدا خەرج دەکرێن پترتر بکرێت بۆ ئەوەی سوودێکی زیاتر بەدەستکەویت و ئەرکی سەرشانمانە لە سامانەکانی ژێرزەوی کەڵك وەرگرین و پیشەسازییەکی گەورە توکمە لە داهاتەکانی نەوت دامەزرێنین و کۆمپانیا نەوتییەکان ناچار بە بترکردنی داهاتیان بکەین بۆ بەکارهێنانی سامانی نەوت لە گەشەکردنی وڵات و ئاوەدانکردنیدا[3].

لێرەدا هەستی نیشتمانی ئەم نوێنەری کەرکووکە و دەردەکەوێت، لە ڕوونکردنەوەیدا سەبارەت بە قۆرخکردنی نەوتی وڵاتەکەمان لە لایەن کۆمپانیا نەوتیە بێگانەکانەوە و هەوڵ نەدانیان بۆ پترکردنی داهاتیان ئەمەیش گەواهی نیازی نالەباری ئەو کۆمپانیانەیە کە وڵات لەم بارودۆخە دواکەوتوەدا بمێنێتەوە و ئەمەیشە دەلیلی هەوڵ و کۆششێتی بۆ کۆنترۆڵ و دەستراگرتن بەسەر داهاتە داراییەکانی ئەم وڵاتەدا و وڵامێك یاوەك لێدوانێکی یەکێ لە بەرپرسەکانمان سەبارەت بەوەی کە نوێنەرەکە باسی کردب و نەدۆزییەوە.

---

[1] لانكلي، المصدر السابق، ص١٤٩.

[2] حنا: المصدر السابق، ص٢٧٣.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧ الجلسة(١١) في ٢٣كانون الثاني ١٩٥٨، ص١٦٥–١٦٦.

٢- نەوت:

حکوومەتی عوسمانی پشکنین بەدوای نەوتی ولایەتی مووسڵ و بەغدای خستە ئەستۆی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤دا بەڵام ڕوودانی شەڕی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) بووە هۆی پشتگوێ خستنی ئەم ئیمتیازو دەستکەوتە[١].

بەڵام لە سەردەمی حکوومەتی عەبدولموحسن سەعدوونی یەکەمدا ١٨ی تشرین دووەمی ١٩٢٢-١٥ی تشرین یەکەمی ١٩٢٣ عێراق دانی نا بەو ئیمتیازەی کە بە کۆمپانیای نەوتی تورکی درابوو لە ڕێکەوتی ١٣ی ئابی ١٩٢٣.

هەردوولا حکوومەتی عێراق و کۆمپانیاکە توانیان بگەنە ڕێکەوتنێك سەبارەت بە ئیمتیازەکە لە سەردەمی حکوومەتی یەکەمی یاسین هاشمی دا ٢ی ئابی ١٩٢٤-٢١حوزەیرانی ١٩٢٥ بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەندێ دەڤەرەکانی عێراقدا.

هەروا حکوومەت گرێبەستێکی بۆ دەرهێنانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای ئینگلیس-فارسیدا* لە سەردەمی حکوومەتی عەبدولموحسن سەعدوونی دووەمدا ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥-٢١ی تشرین دووەمی ١٩٢٦ لە ٣٠ی ئابی ١٩٢٥ بەست[٢].

دەرهێنانی نەوت لە عێراقدا ساڵی ١٩٢٧ لە لایەن کۆمپانیای خانەقینەوە دەستی پێکرد بەڵام دەرهێنانی بازرگانی نەوت لە ساڵی ١٩٣٤دا دەستی پێکرد کە پیشەسازی نەوت و گەشەکردنی[٣] بەسەر داهات.

---

[١] نوري عبدالحميد خليل، التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق(١٩٢٥-١٩٥٢)، مطبعة البلاد، بيروت، ١٩٨٠، ص٢٦-٥٠.

* بەشێك لە کۆمپانیای فارسی-بەریتانیایە کە لە دواییدا بە ناوی کۆمپانیای نەوتی خانەقین سنوردار ناوبانگی دەرکرد. السامرائي، مقدمة في التاريخ الاقتصادي، ص١١٩.

[٢] خليل، التاريخ السياسي لامتيازات النفط، ص٤٤.

[٣] السامرائي، مقدمة في التاريخ الاقتصادي، ص١٩٢؛ خصباك، المصدر السابق، ص٤٣١.

داهـاتێکی دارایـی چـاکی بـۆ وڵات دابـین دەکـرد کـە دەتـوانرا بـۆ گەشـەکردنی وڵات بـەکاربهێنرێت و ئـەم سـامانە لـە لایـەن کۆمپانیـای بیانیەکانەوە قووت دەدراو بە فیڕۆ دەچوو*، بۆیە گەشەکردن هەرگیز لەگەڵ قـەوارەی سـامانی عێراقـدا نـەدەگونجاو لـە یـەك تـای تـەرازوودا نـەبوون و ئەمیشە سروشتی بۆ چونکە گەشەکردنی پیشەسازی لە عێراقـدا بـە ڕێنمـایی بەریتانیا لە ڕێگەی شارەزا بێگانەکانەوە کە بەرنامەڕێژی ئـابووری عێراقیـان بۆ دامەزراندنی پرۆژەو پیشەسازییەکان بە ئەستۆیانەوە بـوو، بـە مەبەسـتی کـۆنترۆڵ و دەستبەسـەراگرتنی بەشـی پیشەسـازی و کۆسـپ و تەگـەرە دروسـتکردن لـە ڕێگـای پێشـکەوتنی وڵاتـدا دەکوشـان، چـونکە بـەریتانیا دەیزانـی کـە داهـاتی نـەوت بەسـە بـۆ ئـەوەی عێـراق لـە ڕیـزی دەوڵەتـە پیشەسازییە گەورەکاندا جێی بگرێت[1].

ئـەم سیاسـەتە چـەوتە نوێنـەرەکانی کـەرکووك و هـەروا نوێنـەرەکانی پارێزگاکـانی تـری عێراقـی هانـدا کـە داخـوازی پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەو ئیمتیازاتانـە کـە بـە کۆمپانیـا نەوتیـەکان درابـوو بکـەن و هـەتا داخـوازی خۆماڵیکردنی ئەم سامانە گەورەیە کە ئەم کۆمپانیایانـە بـۆ قـازانجی خۆیـان بەکاری دەهێنن بکەن وەکو دەبینین لە سەردەمی حکوومـەتی عەبدولمحسـن سەعدوونی سێیەمدا ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨–٢٨نیسانی ١٩٢٩ لایحـەی یاسای بەخشینی کۆمپانیای نەوتی سنوورداری خانـەقین لـە بـاجی ترانزێت پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کـرد، وەزیـری دارایـی (یوسـف غەنیمـە) سـەبارەت بـە بایـەخ و گرنگـی ئـەم لایحەیـە دواو ڕوونـی کـردەوە کـە هـانی هاتوچـۆ لـە عێراقـدا دەدات و سـەرئەنجام پتربـوونی بزاڤـی بازرگـانی

---

* کۆمپانیای نەوتێ کە لە عێراقدا کاریاندەکرد، بریتـی بـوو لـە کۆمپانیـای نـەوتی عێـراق و بـە کۆمپانیای نەوتی تورکی و کۆمپانیای نەوتی بەسرە و کۆمپانیای نەوتی خانەقین سنوردارو کۆمپانیای نـەوتی رافـدەین سـنوردارو کۆمپانیـای نـەوتی مووسـڵ بـەناوبانگ بـوو بڕوانـە: السامرائي، مقدمة في التاريخ الاقتصادي، ص١١٣.

[1] حنا، المصدر السابق، ص٢٦٧.

لێدەکەوێتــەوە[1] ئــەوەی ســەرنج ڕادەکێشـێت کـە نوێنــەرەکانی کـەرکووك بەشـدارییان لــە تــاوتوێکردنی ئــەم لایحــەدا نــەکرد و دەنگــی لەســەر درا و (٤٦)نوێنەر ڕەزامەندییان نیشاندا کە نوێنەرەکانی کـەرکووك سـەعید حـاجی حوسێن و محەمەد فەتاح جاف و شێخ حەبیب تاڵـەبانی و مسـتەفا یـەعقوبی لە نێوانیاندا دەبینران بەڵام (١١) نوێنەر لارییان نیشاندا[2].

حکوومەتی نوری سەعیدی دووەم ١٩تشرین دووەم–٢٨تشرین یەکەمی ١٩٣٢ لایحە یاسای مۆرکردن و گەواهی ڕێکەوتنامەیەك کە لەگەڵ کۆمپانیـای نەوتی سنووورداری عێراقدا لە ١٤ی ئەیاری ١٩٣٢ ئەنجامدرا بۆ پێشـکەش بـە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئـەو ئیمتیـازەی کـە پێـی بەخشـراوە[3]، و دوای تـاوتوێکردنی لـە لایـەن چـەند نوێنەرێکـەوە دەنگی لەسەر درا، (٦٩) نوێنەر کـە نوێنـەرەکانی کەرکووکیشـیان تێـدا بـوو دەنگیان لەسەرداو ڕەزامەندیان خستەڕوو نوێنەرەکانی کەرکووك بریتی بوون لە حـەبیب تاڵـەبانی و سلێمان فـەتاح و مسـتەفا یـەعقوبی و محەمـەد عـەلی قیردار و تەنها دوو نوێنەر لارییان سەبارەت بە لایحەکە نیشاندا[4].

هەروەها ڕێکەوتنامەی تریش گرێدرا لە سـەردەمی حکوومـەتی جـەمیل مەدفــەعی چــوارەمدا لــە ١٧ئــابی ١٩٣٧–٢٤ کـانوون یەکـەمی ١٩٣٨ لــە ســەردەمی حکوومــەتی نــوری ســەعیدی چــوارەمدا ٦ی نیســانی ١٩٣٩– ١٨شــوباتی ١٩٤٠و لــە ئەنجوومــەن تێپــەڕی و ڕەزامەنــدی نوێنــەرەکانی کەرکووکی گرتەبەر[5].

---

[1] م.م.ن، الـدورة الانتخابيــة الثانيــة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي لسـنة ١٩٢٨ الجلسـة(٨٨) في ١٦تەمموز ١٩٢٨، ص٤٢٠.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (١٩) في ١٩تەمموز ١٩٢٨، ص٤٤٤–٤٤٥.

[3] المصدر نفسه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٢، الجسـة(٥٤)، في ١٤ايار ١٩٣٢، ص٥٧١.

[4] المصدر نفسه، ص٥٧٢–٥٧٣.

[5] جبار، الحياة البرلمانية، ص١٥٥–١٥٩.

نوێنەرەکانی ئەنجوومەن سەبارەت بە دەنگەوە نەچوونی کۆمپانیا نەوتییەکان لە ئەنجامدانی داخوازی و ئامانج و نیازەکانی میللەتی عێراقدا و دەستراگرتنیان بەسەر ئەم سامانە مەزنەدا لە یاد نەکردبوو، ئەوەبوو ١٨نوێنەر کە لە نێوانیاندا نوێنەری کەرکوك ناجی هورمزی دەبینرا داخوازییەکیان بە حکوومەتی نوری سەعیدی یازدەهەم پێشکەشکرد بۆ ئەوەی لایحە یاسای خۆماڵی نەوتی عێراق پەسند بکات و بیخاتەڕوو.

لە داخوازیەکەدا هاتبوو: گرنگترین سامانی نیشتمانی نەوتە کە لە لایەن کۆمپانیا تەماح کارەکانەوە قورخ و دەستی بەسەرداگیراوە و سوودێکی ئەوتۆی لێ وەرناگیرێت لەبەر ئەم ستەم و غەدرە ناڕەواو مەزنە کە بە عێراق ڕەوا بینراوە بەهۆی ئەم دەسکەوت و ئیمتیازاتانەوە کە کۆمپانیاکانی نەوت لە ڕێگەی نفوز و دەسەڵاتی ئینگلیسەکانەوە بە دەستیان هێناوە ئەم ئیمتیازاتانە ستەمێکە سەبارەت بە عێراق کراوە بۆیە بە پێویستی سەرشانمانی دەزانین کە ئەم داخوازیمانە بە حکوومەتی عێراق پێشکەش بکەین تکامان وایە لایحەیەکی یاسایی بۆ خۆماڵی کردنی سەرجەم کۆمپانیاکانی نەوت لە عێراقدا بێ جیاوازی دەربکات[1].

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەم داخوازییەی لە پرۆگرامی ئەنجوومەندا هەتا کۆتایی کۆبوونەوە ئاساییەکەی ساڵی ١٩٥١ دانەنا[2]، بەم شێوەیە حکوومەت لەم داخوازییە ڕزگاری بوو وا دیارە ئەم کارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە بە پلانی حکوومەت کراوە و دوورنییە ئەم جۆرە داخوازییانە پێش قۆناغ بووبێ بۆیە ئەم بڕیارەی لەسەر درا و نەبوونی شارەزاو فەنییە لێزانە عێراقیەکان لەم بوارەدا و نەبوونی توانایی پێویست سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروبار لە کێڵگەو پاڵاوتەکاندا هۆی سەرەکی بووبێ کە خۆماڵی نەوت دواکەوت تا ئەو سەردەمەی کە حکوومەتی شۆڕشی

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠، الجلسة(٢٧) في ٢٥اذار ١٩٥١، ص٣٢٧.

[2] ندير، المصدر السابق، ص١٩١.

١٧ تـەمموزی–٣٠ تـەمموزی ١٩٦٨ لـە یـەکی حـوزەیرانی ١٩٧٠دا نـەوتی خۆماڵی کرد[1] و لەگەڵ ئەمەیشدا حکومەتـە بـەدوای یـەکتری هاتووەکـانی سـەردەمی پاشـایەتیدا دەیـان تـوانی لەگـەڵ کۆمپانیـا نەوتیـە بێگانەکانـدا دانوسـتان بکـەن سـەبارەت بـەو سـوودانەی کـە لـە نەوتـەوە دەسـتگیریان دەبێت، هەروەکو لە ئێران و سعودیەدا هاتە ئەنجام لەگەڵ کۆمپانیەکاندا کـە لەسەر بەنیوەکردنی سوودەکان ڕێك کەوتن.

حکومەتی سەعیدی دووەم ٣ی ئابی ١٩٥٤–١٧کانوون یەکـەمی ١٩٥٥ لایحـەی پشتڕاسـتکردنەوەی یاسـای مەسـلەحەتی پاڵاوتنـەکانی نـەوتی حکوومەتی ژمارە (٩)ساڵی ١٩٥٢ پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٠ی شـوباتی ١٩٥٥دا کـرد بـە مەبەسـتی تـاوتوێکردن و داکـۆکی لەسـەرکردنی نوێنەری کەرکووك مەحموود بابان سەبارەت بەمـە قسـەی کـرد ئامـاژەی بـە خۆمـاڵیکردنی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ کـرد و ئەمـەیش لـەوەدا ڕوون دەبێتەوە کاتـێ ئـەم پرسـیارەی خستەڕوو: ئایـا پاڵاوتـەکانی نـەوت کـە لـە نیسانی داهاتوودا تەواو دەبێت و دەکەوێتە کارەوە لـە ڕێگـەی گرێبەسـتەوە دەدرێتە کۆمپانیا بێگانە نەوتیەکان یا وەك حکوومـەت بـۆ خـۆی لـە ڕێگـەی شارەزا بە تواناکانـەوە کـە لـە عێراقیەکانـدا دەسـت دەکـەون کـەڵکیان لێـی وەردەگیرێـت وەزیـری ئـابووری (نـەدیم پاچەچـی) وەڵامـی دایـەوە گـوتی: بەدەست و توانای عێراقیەکانەوە کەڵکی لێی وەردەگیرێت و نادرێتە دەسـتی بێگانەکانەوە و ئێمە خۆمان بـۆ ئـەم کـارە ئامـادە دەکـەین لەڕێگـەی سـوود وەرگرتن لە بێگانەکانەوە [2].

هەروا نوێنەری کەرکووك داود جاف داخوازی کرد کە تەگبیری پێویست بگرێتەبـەر بـۆ گەیانـدنی داهاتـە نەوتیـەکان بـۆ ئـەو دەڤەرانـەی کـە ڕێگـەی هاتووچـوویان ئاسـان نییـە چـونکە خـەڵکی ئـەم دەڤەرانـە بـۆ گـوزەرانی

---

[1] أحمد وحميدي، المصدر السابق، ص٢٥٠.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٥٤–١٩٥٥، الجلسة (٢٠)، في ٢شباط ١٩٥٥، ص٤١٠.

ڕۆژانــەیان پێویســتیان پێیــەتی، نــەدیم پاچەچــی وەڵامــی دایــەوە وتــی: دابەشکردنی مەنتوجاتی نـەوتی لـە پەرەسـەندندایە و ملیۆنێك و نیـو گـالۆن نـەوتی سـپی بەسـەر خەڵکیـدا دابەشـکراوە[1] و مـەحموود بابـان نوێنـەری کەرکووك سەبارەت بە قۆرخکردنی غازی سروشتی لە کێڵگەکانی کەرکووکدا لـە لایـەن کۆمپانیـای نـەوتی کەرکووکـەوە ڕوون کردنەوەیـەکی خسـتەڕوو و داخوازی کرد کە ئیمتیازی گۆگرد بەو کۆمپانیانە بدرێت کە ئەوپەڕی سـوودو قـازانج لـەم داهاتـە دەگەیەنێتـە عێـراق[2]، و حکوومـەتی نـوری سـەعیدی سێزدەهەم ١٧ی کانوون یەکەمی ١٩٥٥–١٦تشرینی دووەمی ١٩٥٧ لە ڕێگای وەزیری ئابووری نەدیم پاچەچییەوە جەختی لەسەر ئەوە کرد کـە ئـەم دۆزە بــە هەنــد وەرگــیراوە و بایەخــدارو لەبەرچــاوە[3]. لــە تــاوتوێکردن و داخوازییەکانی نوێنەرەکانی کەرکووکەوە ڕوون دەبێتەوە.

کەتاچی رادەیەك کومپانیا نەوتیەکان ئیستغلالی ئـەم سامانە نیشـتمانیەیان کردبـوو بۆیـە داخوازییـەکانیان سـەبارەت بـە خۆمـاڵی کردنـی ئـەم سـامانە رەنگدانەوەی نیشتمانی پـەروەری راسـتەقینانەیە بـۆ رزگـار بـوون لەهـەموو شێوەیەکی نفوزو دەسەلاتی ئیستعماری لە ولاتدا.

---

[1] المصدر نفسه، ص٤١١.

[2] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٦، الجلسة(١١) في ٢٦شباط ١٩٥٧، ص٢٢٢.

[3] المصدر نفسه، ص٢٢٧.

## جێ باسی سێیەم: بازرگانی و ئازووقە پێدان (التموين)

١- بازرگانی:

بازرگـانی لـە عێراقـدا هەنـدێ چـالاكی لـە سـەردەمی داگیركـەرانی بەریتانیادا ١٩١٤-١٩٢٠ كە لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیادا بگونجێت بەخۆیەوە بینی[١] و بازرگانی بە قۆناغی گەشەكردنی لەسەرخۆ بـەپێی ئـەو بارودۆخـەی پێیدا تێپەڕیبوو بەرچاو دەكەوت[٢].

بزاڤـی بازرگـانی لـە سـەردەمی ئینتیـدابی بـەریتانیادا ١٩٢١-١٩٣٢ چـالاكی نوانـدو لـە ئـەنجامی بـوونی دەسـتگاو سـازمانە بازرگـانی و داراییـە بێگانەكانەوە كە یارمەتییان دا لەم بوارەدا ئەوەبوو بزاڤی هاوردن لە دەرەوە چالاكی نواند[٣].

شایەنی باسە لە عێراقدا وەزارەتێكـی تایبـەتی بـە بازرگـانی لـە ئـارادا نەبوو بەڵكو بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی هەبوو كە سەر بـە وەزارەتـی ئـابووری بـوو و هۆدەكـانی بازرگـانی نەخشـی سـەرەكییان لـە كاروبـاری بازرگانیـدا دەبینی[٤].

نوێنەرەكانی كەركوك بایـەخێكیان بـە كـەرتی بازرگـانی لەبـەر گـرنگ بـوونی لـە پاڵپشـتی ئـابووری وڵاتـدا، لـە تاوتوێكردنەكانیانـدا دەنوانـد لـە دانیشتنی گرێدراوی ٣١كانوونی یەكەمی ١٩٣٥.

نوێنـــەری كـــەركوك ســـلێمان فـــەتاح باســـی دەربـــارەی بایـــەخی بازرگانییـــەوە كـــرد و داخـــوازی دروســـتكردنی وەزارەتێكـــی تایبـــەت بـــە پیشەسـازی و بازرگـانی بـۆ گەشـەكردنی وڵات و سەرخسـتنی لـە زەمینـەی

---

[١] زهير علي النحاس، التموين في العراق(١٩٣٩-١٩٤٨)، رسالة ماجستير، جامعة الموصل-كلية الاداب، ١٩٨٩، ص٢٣.

[٢] الخلف، المصدر السابق، ص٣٥٢.

[٣] النحاس، المصدر السابق، ص٣٣-٣٤.

[٤] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥، الجلسة(٧)، في ٤شباط ١٩٢٦، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٠٩)، في ٤اذار ١٩٢٦.

ئابوریی‌ـــەوە خســـتەڕوو هـــەروا ئامـــاژەی بـــە بچـــووکی و کـــەم هەنـــدی بەڕێوەبەرایـەتی بازرگـانی کـردوو وتـی: بەشـی بازرگـانی پێویسـتە پـەرەی پێبدرێت تـا بتوانـێ ئـەو بابەتانـەی کـە لـە کۆنسـولیەتەکان و نوێنـەرەکانی هۆدەکـــانی بازرگانیی‌ـــەوە پێـــی دەگـــات بیخوێنێتـــەوە تـــاوتوێ بکـــات و هەڵیسەنگێنێت و کاری پێویست لەم بوارەدا ئەنجام بدات بۆیە ئـەم دەسـگاو سازمانە بە بچووك و تەنگ و بێ بایەخ دەبینم[1].

هەمان نوێنەر سەبارەت بە پەیوەندیەکانی بازرگانی عێراق و بـەریتانیا کـاتی وتـاری عـەرش کـە حکوومەتەکـەی حەمـدی پاچەچـی دووەم(٢٩ئـابی ١٩٤٤–٢٩کـــانوونی دووەمـــی ١٩٤٦) ئامـــادەی کردبـــوو گفتوگـــۆی کـــرد و ڕەخنەی لـە سیاسـەتی بـەریتانیا و حکوومـەتی عێـراق گـرت (دەوترێـت کـە بەریتانیا وەکو هاوسێکانمان لە گەڵماندا ڕەفتار ناکات).

بۆ هێنانی سامان و پول و پارە وەکو ئەوانە یارمەتیمانی نـەداوە بۆیـە بە چەوری خۆمانەوە دەبـرژێن و بـە بـەبێ سـامانی ماینەتـەوە و حکوومـەت لەگەڵ بازرگانەکاندا هاوکاری نەکردوە ئەنجامەکەی ئەوەیە سامانێکی کەم بە شـێوەیەکی گشـی دێتـە وڵاتـەوە و بـەها دانـانێکی نـوێ هاتووەتـە کایـەوە دەترسم ئەنجامەکەی چاك نەبێت و ببێتە هـۆی زیـانی بازرگانـەکان و کـەمی باجی دەرامەت(من پێشنیارێ بـۆ حکوومـەت دەکـەم کـە نیـوەی ئـەو کـاڵا و کەلوپـەلانە کـە لـە ئـەمبارەکانی گومرگەکانـدان بـە بـەهاکانیان بسـێنێت بـۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی بازاڕەکان بکات)[2].

حکوومەتەکەی فازل جەمالی یەکـەم ١٧ئـەیلوولی ١٩٥٢–٢٧ی شـوباتی ١٩٥٤ لایحەیـەکی یاسـایی گـەواهی ڕێکەوتنامـەی ئاسـانکردنی ئـاڵوگۆڕی بازرگانی و ڕێکخستنی بازرگانی ترانزیتـی لـە نێـوان دەوڵەتـەکانی کۆمکـاری عەرەبیـدا و ڕێکەوتنامـەی دانـەوەی قـەرزەکان و گوێزانـەوەی سـەرمایە لـە

---

(1) المصدر نفسه، الجلسة (٣٥)، في ٢٥شباط ١٩٣٦، ص٦٠١.

(2) المصـدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة العاشـرة الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٣ الجلسـة(٢) في ٣كانون الاول ١٩٤٤، ص٤١٥.

نێوانیانـدا پێشـكەش بـە ئەنجوومـەن كـردو لـە كـاتی خۆیـدا دانوسـتان و تــاوتوێكردنی لــە نێــوان ژمارەیــەك لــە نوێنــەرەكان و وەزیــری دارایــی عەبدولكـەریم الازری ڕوویـدا، بـەڵام ئـەوەی بـەدی دەكرێـت كەسـێك لـە نوێنەرەكانی كەركووك لەم دانوستان و تاوتوێكردنەدا بەشـدارییان نـەكردووە و ئەنجوومەن بە كۆی دەنگی نوێنەرانی ئامادەبوو كە ژمارەیـان (٧١)نوێنـەر بوو كە لە نێوانیاندا چوار نوێنەری كەركووك بەدی دەكرێن ئەمانـەیش بریتـی بوون لە ئەمین هەمەوەنـدی و سـەلمان بـەیات و كامـل یـەعقوب و مـەحمود بابان و چوار نوێنـەر لـە دانیشـتنەكەدا ئامـادە نـەبوون كـە بریتـی بـوون لـە ئیـبراهیم نەوتچـی، ئـەمین قـیردار و حوسـێن خانـەقاو داود جـاف[1]، و لـە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی گرێدراو لە ٥شوباتی ١٩٥٨، نـۆزدە نوێنـەر پێشنیارێكیان بە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران كـە نوێنـەری كـەركووك ئیبراهیم نەوتچی لـە نێوانیانـدا بـۆ پێشكەشـكرد بـۆ دابینكردنـی لایحەیـەكی یاسایی سەبارەت بە تەرخانكردنی وەكالەتە بازرگانییەكان بە شێوازە جۆراو جۆرەكانیانەوە تـەنها بـۆ عێراقیـەكان چونكە وەكالـەتی بازرگـانی كۆمپانیـا بیانیەكان لەم ساڵانەی دواییەدا بایەخ و گرنگیەكی گەورەی بەخۆیەوە بینـی بـە لەبەرچـاوگرتنی چـالاكی هاوردەكـان كـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە شێوەیەكی گشـتی بـە ئـاوەدانی ئـابووری و گەشـەكردنی داهـاتی میللییـەوە هەیـە، بـۆ ئـەوەی زۆربـەی وەكالـەت و نوماینده‌گیـەكان تـەنها تـەرخان بـۆ كۆمپانیـاو بازرگانـە بیانییـەكان كرابـوو، ئەمیشـە دەبێتـە هـۆی ڕۆیشـتن و دررزكردنی سامانە ئابووریەكان بۆ دەرەوە.

بێگومان ئەمەیش لەگەڵ پاراستن و چـاودێری بەرژەوەنـدی ئـابووری و بازرگــانی وڵاتــدا ناگونجێــت و پێویســتە لــە چوارچــێوەی بەرژەوەنــدی

[1] المصدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٣، الجلسـة (٢٧)، في ٧اذار ١٩٥٤، ص٥٩٤.

عێراقیەکاندا دیاری بکرێت[1]، بەڵام پێشنیارەکە تاوتوێی لەسەر نەکراو نەخرایە دەنگدانەوە، وا دیارە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بە ئەنقەس ئەوەی لێوەشایەوە بۆ وەڵامدانەوەی نیازی حکومەت لە بەرامبەر کۆمپانیا بێگانەکاندا هەڵوێستیان لاواز نەکات.

٢- ئازووقەپێدان " تەموین ":

قەیرانی ئابووری جیهانی کە لە ساڵی ١٩٢٩دا دەستی پێکرد کاریگەرییەکی فراوانی لە ئابووری عێراقدا بەجێی هێڵا، کە بووە هۆی هاتنەخوارەوەی تیژی داهاتە عێراقیەکان لە زەمینەی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵیەکاندا و ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی وڵاتەکانی دەرەوە داخوازی ئەم داهاتانە بوەستێنن و ئەمیشە بووە هۆی کەمبوونی بەهاکانیان و ئەم قەیرانە کاریگەرییەکی خراپی بەسەر کەرتی بازرگانی لە عێراقدا بەجێهێڵا[2].

هەرکە شەڕی جیهانی دووەم لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٣٩دا دەستی پێکرد، بازنەی قەیران و تەنگژەی ئابووری کە شەش ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو یەکی گرت و کامل بو و بازرگانی عێراق شلەژاو بوە هۆی پەیدابوونی گیروگرفتێکی سەرەکی لە وڵاتدا کە ئەویش کێشەی(تەموین)بوو کە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پتربوون دەڕۆیشت و پەرەی دەسەند لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا[3].

حکومەتە عێراقیەکانی یەك بەدوای یەکدا هاتوو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی تەموینیان دەدا، بەڵام لەم کارەدا سەرنەکەوتن و

---

[1] م.م.ن، الدورة الانخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧ الجلسة (١٩) في ٥شباط ١٩٥٢، ص٣٢٩-٣٣٠.

[2] كمال مظهر أحمد، العراق في سنوات الأزمة الاقتصادية العالمية (١٩٢٩-١٩٣٣) مجلة آفاق العربية العدد (٧)، بغداد، ١٩٨٣، ص .

[3] النحاس، المصدر السابق، ص٥٣-١١٨.

هەندێکیان دانیان بەم سەرنەکەوتنە داهێنا و دەیانگەڕاندەوە بۆ پێچیدەیی و دژواری کێشەی تەموین وایان دەنواند کە عێراق بێ ئەزموونە لە کاروباری تەموین داو ئەم دان پێنانە لە زمانی بریکاری سەرۆك وەزیران سەلمان بەراك وە لە حکوومەتەکەی نوری سەعیدی حەوتەمدا ڕێکەوتی ٨ی تشرین یەکەمی ١٩٤٢–١٩کانوون یەکەمی ١٩٤٣بیستراو خرایە روو[1].

نوێنەرەکانی کەرکوك لە تاوتوێکردنی دانوستانەکاندا سەبارەت بە دۆزی (تەموین) بەشدارییان کرد لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی گرێدراوی ٣ی کانوون یەکەمی ١٩٤٤ نوێنەری کەرکوك سلێمان فەتاح حکوومەتی نوری سەعیدی حەوتەمی هاندا کە پەلە بکات لە تەگبیرە کردارییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی تەموین و گرانی باری ژیان دوای پووچ بوونەوەی سەرجەمی ئەو کارانەی کە لە پێشوودا گراوەتەبەر، وتی: حکوومەت لە پێشدا هەولّی* لەم بوارەدا داو بەلاّم سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و نەیزانی لە شارەزایەتی شارەزاکان کەڵك وەربگرێت و بازرگانە گەورەکانی بە دز و گەندەڵ و خاوەن پیشەسازیەکان بە تالاّنکەر و جەردە دابوە قەڵەم وایدەزانی دەتوانی دۆزەکانی چارەسەربکات لە ڕێگەی کە زانیارییان لە لاپەڕە هەڵدانەوە زیاتر تێناپەڕێت.

هەروا ئەو هۆیانەی کە کێشەی تەموینی پترتر دەکرد خستە روو وەك کەمی هاوردەیی کەلوپەل و نەمانی لە بازاڕەکاندا کە بەرزی نرخەکانی لێ هاتبووە کایەوە، لە کاتێکدا پارەی نەقدی بەکارهاتوو پترتر دەبوو و لە حکوومەت داخوازی کرد چارەی بارودۆخی ژیانی ئابووری پێکهاتەکانی

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٣، الجلسة(٣) في ١٤تشرين الاول ١٩٤٣، ص١٦.

* حکومەتی عێراق چەند لایحەی دانا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی تەموینن و ئەم لایحانە بریتین لە مەرسومی ڕێکوپێککردنی ژیانی ئابووری، ژمارە (٥٨) ساڵی ١٩٣٩ و لایحە یاسای ڕێکوپێکردنی ژیانی ئابووری ساڵی ١٩٤٢ لایحەی تەندروستی ژیانی ئابووری ساڵی ١٩٤٣. بڕوانە: نذير، المصدر السابق، ص٢٦٨–٢٦٩.

کۆمـەڵ بکـات بەتایبـەت ئەوانـەی کـەم دەرامـەت و یـا وەك دەرامەتـەکانیان سنووردارەو پێویستی بە کۆنترۆڵی بەهای کەلوپەلەکان هەیە[1].

هەروەها نوێنەری کەرکووك داود جاف سـەبارەت بـە کێشـەی تـەموین قسەی کـرد و ئامـاژەی بـەوەکرد کـە دادگـەری لـە دابەشـکردنی کەلوپـەل و کەرەسە لـە نێـوان ڕۆڵـەکانی عەشـایرو شـارەکاندا نابینرێـت، بـەڵکو هەنـدێ کـەس بـە یـەکجاری هیچـی دەسـتناکەوێت و بەشـەکانیان دەڕواتـە گیرفـانی خاوەن نفوز و دەسەڵاتدارەکانەوە، هەندێ لە مادەکان بە تەواوی بـزر بوونـە وەك چـایی و قـاوە لـە ناحیـەی قەرەتەپـەدا، کـە لـە ڕیـزی مـەوادە تەموینیەکاندایـە، نـەیاری دژی سیاسـەتی حکوومـەت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی تـەموین بـەهێزتر و تونـدتر دەبـوو و ئەنجوومـەنی نوێنـەران و ڕۆژنامـەکان ڕۆڵێکـی گـەورەیان بینـی لـە ناچـارکردنی حکوومەتـدا بـۆ دروستکردنی وەزارەتێکی تایبەت بە تەموین و هەڵبژاردنی کارمەندی لێهاتوو پاکو سەر ڕاست بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وەزارەتە[2].

لە ئەنجامی ئەمەدا حکوومەتی نوری سەعیدی هەشـتەم (٢٥ی کـانوون یەکەمی ١٩٤٣–١٩نیسانی ١٩٤٤) لایحە یاسایەکی سەبارەت بـە دامەزرانـدنی وەزارەتی تەموین بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی گرێدراوی ٢٢ئـازاری ١٩٤٤دا پێشکەشـکرد، و نـوری سـەعید سـەرۆك وەزیـران دامەزرانـدنی ئـەم وەزارەتەی بـەم شـێوەیە پاسـاودایەوەو وتـی: دوای وەرگرتنـی ڕاوبۆچـوونی شـارەزاکان و لـە ئـەنجامی گفتوگـۆ و دانوسـتانی تێروتەسـەل و قووڵـدا بـە پێویستمان زانی کە وەزارەتـی تـەموین دامـەزرێنین، بەتایبـەت دوای ئـەوەی تـەموین هـەر تـەنها دۆزی نـان نییـە بـەڵکو زۆر لـە مـەواد و شـتی تـریش دەگرێتەوە کە زۆربەیان لە مادە هاوردەکانن.

---

[1] المصدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة التاسـعة الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٢ الجلسـة(٣٢) في ١٣ايار ١٩٤٣، ص٢٨٢.

[2] المصدر نفسه،

بوونی وەزیرێکی بەرپرسی تەموین لە بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیراندا بۆ ماوەیەکی کاتی کارێکی زەروری و پێویستە و ئەم وەزارەتە نابێتە وەزارەتێکی هەمیشەیی بەردەوام کاروباری کۆتایی پێدێت کاتێك کە پێویستی مانەوەی نەماو بەسەرچوو[1].

لایحەکە لە لایەن نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕ دانوستانی لەسەرکرا لە قسەکانیاندا سەبارەت بە کێشەی تەموین دوان نوێنەری کەرکووك داود جاف سەبارەت بە دامەزراندنی وەزارەتی تەموین وتی: لەو بڕوایەدام دامەزراندنی وەزارەتی تەموین کارێکی گونجاو و لەجێی خۆیدایە بە هیواین کە ببێتە هۆی ئاسوودەیی میللەت بە شێوەیەکی گشتی ولە کێشەی تەموین قورتاریان بێت[2].

ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٨ی ئازاری ١٩٢٨دا ڕەزامەندی لەسەر لایحە یاسای دامەزراندنی وەزارەتی تەموین خستەڕوو[3]، وەزارەتەکە لە سەردەمی حکوومەتی حەمدی پاچەچی یەکەمدا ڕێکەوتی ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٨-٢٨ی ئابی ١٩٤٨ دامەزرا، و کاروباری وەزارەتەکە بە وەکالەت ئەرشەد عومەری گرتیە ئەستۆ[4]، لە سەردەمی وەزارەتەکەی (موزاحم پاچەچی)دا ڕێکەوتی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨-٦ کانوون یەکەمی ١٩٤٩و لە ١١ی تشرین یەکەمی ١٩٤٨ دا وەزارەتەکە نەماو کۆتایی پێهات[5].

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٤٣، الجلسة(١٤) في ٢٢اذار ١٩٤٤، ص١٦٣-١٦٤.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٣، الجلسة(١٤) في ٢٢اذار ١٩٤٤، ص١٦٣-١٦٤.

[3] النحاس، المصدر السابق، ص١٩٣.

[4] الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٧، ص٢٠٣.

[5] النحاس، المصدر السابق، ص٢٤٣.

## جیٚ باسی چوارەم: باج و سازمانە داراییەکان

**١- باج:**

باج داهاتێکی دارایی گەورەو سەرەکییە بۆ دەوڵەت ڕێژەکەی جیاوازی هەیە بەپێی جیاوازی ئەو کەرەسانەی کە باجی لەسەر دادەنرێت و ئەم ڕێژەیە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر داهاتوو دەرامەتی کەس و دەوڵەتەوە هەیەو کاریگەری بەسەر داخوازی و خرانە بەردەستی مەوادە سەرف کراوەکانەوە هەیە، هەروا باج نەخشێکی گەورەشی لە پاڵپشتی پیشەسازیە نیشتمانیەکان یا وەك دواکەوتنیاندا هەیە بەپێی چۆنیەتی سەپاندنی و وەرگرتنیەوە لەبەر ئەوەی باج گرنگییەکی ئابووری هەیە، بۆیە بایەخێکی گەورەی لە لایەن نوێنەرانی کەرکوکەوە لە دانوستانەکانی ئەنجومەندا و لەو دۆزانەی کە پەیوەندی پێوە هەیە، پێی دراوە زەویەکان و بەر هەمە کشتوکاڵیەکان.

**أ- زەوی و زارو بەروبوومی کشتوکاڵی:**

نوێنەری کەرکووك (نشأت ابراهیم) لە کاتی تاوتوێکردنی میزانیەی گشتی ساڵی دارایی ١٩٢٧دا سەبارەت بە باج و ڕەسمی تۆمارکردن لە تاپۆدا دواو یەکجار بەزۆرو گران ناساندی و ئەم باج و ڕەسمە زۆرانە بووەتە هۆی ئەوە کە زۆربەی خەڵکی موڵکەکانیان تۆمارناکەن لە ترسی دانی ئەم باجە زۆرانەدا و کەمی داهاتەکان، ئێمە ئەگەر باج و ڕەسمەکان کەم کەینەوە وابزانم کەموکورتییەك لە کارەکاندا نایەتەکایەوە بەڵکو کارەکان گەشە دەکات چونکە خەڵکی پێشوازی لە تۆمارکردنی موڵکەکانیان دەکەن و موعامەلاتەکان بەدوایدا پترتر دەبێت و هاوکات لەگەڵیدا داهاتەکان بەرەو زیادبوون دەڕوات[(١)].

---

[(١)] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٧، الجلسة (١١) في ٦أيار ١٩٢٧، ص١٠٣٣.

وەزیـری داد "رئـوف چادرچـی" دانـی نـا بـە بـەرزی و زۆری بـاج و ڕەسمەکاندا، هەروەها نوێنەر شێخ ئەحمەد داود پاڵپشتی لێ کرد و وتی: مـن سوپاسی هەڤاڵ (نشأت ابراهیم) دەکـەم سـەبارەت بـە باسـەکەی لـە بـارەی دۆزی باج و ڕەسمەکانەوە من لەگەڵ ڕاوبۆچـونیدام و بـەڵام قسـەکەی وەزیـر ڕەخنـەی لـێ دەگـرم و لەسـەری تۆماردەکـەم تـا بـاج و ڕەسمـەکان کـەم دەکاتەوە[1].

دۆزی خەملانـدن* بەسـەر بەرهەمـە کشـتوکاڵیەکانەوە هۆیـەك لــە ناڕەزایـەتی فەلاحـەکانی دەخولقانـد ئـەم دۆزە نوێنـەری کـەرکووك (نشـأت ابـراهیم)ی پـاڵ پێوەنـا کـە داخـوازی خەملانـدن بەسـەر مـەوادە بەکارهێنراوەکاندا بکات[2]، کاتێ کە ژمارەیەك لە نوێنەرەکان پێشـنیارێکیان بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی گرێدراوی ١٦ئابی ١٩٢٨ پێشکەشـکرد سـەبارەت بـە وەرگرتنـی بـاجی درەخـت لـە شـوێنەکانی بـەکارهێنانی لـە پارێزگاکاندا ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆربەی (٢٩)نوێنەر لە کۆی ئامادەبوان کە ژمارەکەیان (٥٢)نوێنەر دەبوو ڕەزامەنـدییان سـەبارەت بـە پێشـنیارەکە نیشاندا لە نێـو نوێنـەرانی کـەرکوك مسـتەفا یـەعقوبی دەبینـرا، بـەڵام ئـەم نوێنەرانەی تر ناڕەزایەتیان سەبارەت بـە پێشـنیارەکە خسـتەڕوو کـە بریتـی بوون لە سـەعید حـاجی حوسـێن محەمـەد فـەتاح جـاف و لـە دانیشـتنەکەدا محەمەد عەلی قیردار ئامادە نەبوو[3].

---

[1] المصدر نفسه، ١٠٣٣.

* تـەخمینی تـەقریبی بەرهەمەکانـە کـە بـاج لەسـەر بنـەمای بەرهەمـە لـە کـەڵك کـەوتووەکان دادەنرێت. بڕوانە: الجواهري، تاريخ مشكلة الأراضي، ص٤٥٠–٤٥٢.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى الاجتماع غـير الاعتيـادي لسـنة ١٩٢٨، الجلسـة(١٥) في ٢١اذار ١٩٢٧، ص١١٣٥.

[3] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية، الاجتماع غير الاعتيادي، لسنة ١٩٢٨، الجلسـة(٢٧)، في ١٦اب ١٩٢٨، ص٦٠٩.

نوێنەری کەرکووك مستەفا یەعقوبی لە کاتی تاوتوێکردنی وەرگرتنی باج و ڕەسمی بەکاربردنی بەرهەمی ئەرزو بەروبوومەکان سەبارەت بە عەمارکردن و کۆکردنەوەی گەنم و جۆ و کاریگەرییان بەسەر بازاڕەکانەوە قسەی کردو وتی: لە ئەنجوومەنی پایەبەرز شاراوە نییە کە سەدان فەلاح و بازرگان هەن کە گەنم و جۆ بە ڕێژەیەکی جیاواز لە نێوان (٥٠-١٥٠)تەن یا کەمتریان لەبەر دەستدایە، ئەگەر ئەم ڕێژانە کۆبکەینەوە کۆی ژمارەیەکی مەزنی لێدەکەوێتەوە ئەگەر خاوەنەکانیان لە هەمان کاتدا ناچاربکرێن بیگوێزنەوە بۆ جێگای بەکارهێنان و سەرفکردن، گومان لەوەدانییە کاریگەری خراپی بەسەر بازاڕەکانەوە هەیە و ڕێی تێدەچێت نرخی ئەم گەنم و جۆیانە تا (٥٠٪) بێتە خوارەوە بۆیە پێشنیار دەکەم کە بەرزترین رادە بێتە (١٠)تەن)[1] بەڵام ئەنجوومەن پێشنیارکەیان خستە پشتگوێ و بەکاریان نەهێنا.

ب- کەرەسە دروستکراوەکان:

نوێنەرەکانی کەرکووك سەبارەت بە باجێك کە بەسەر کەلوپەلە بیانییەکاندا سەپێنرابوون دانوستانیان کرد جەختیان لە پاڵپشتی پیشەسازییە نیشتمانیەکان کرد لە ڕێگای سەپاندنی باجی سەنگینەوە بەسەر دروستکراوە بیانییەکان، وەکو نۆشینی ئەلکولیە بیانییەکان کە بەشێکی لە سامانی وڵات بەفیڕۆدەدا.

نوێنەری کەرکووك (نشأت ابراهیم) داخوازی کرد کە باجێکی سەنگین بخرێتە سەریان تا پێشوازییەکی کەمتری لێبکرێت، کاتێ حکوومەتی جەمیل مەدفەعی یەکەم ٩ی تشرین دووەمی ١٩٣٣-١٢شوباتی ١٩٣٤ لایحە یاسای پشتڕاستکردنەوەی یەکەمی یاسای باجی گومرگی پێشکەش بە ئەنجوومەن

---

[1] المصدر نفسة، م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣١، الجلسة(٥)، في ٣١ايار ١٩٣٠، ص٧٤.

له دانیشـتنی گرێـدراوی ٢٨کـانوونی دووەمـی ١٩٣٤کـرد نوێنـەری کـەرکووك سـلێمان فـەتاح سـەبارەت بـە دروسـتکراوە بێگانـەکان و کاریگـەری بەسـەر کەلوپەلە نیشتمانیەکانەوەدوا داخوازی پاڵپشـتی کەلوپەلـە نیشـتمانییەکانی لە ڕێگـەی و نامـەی لێـی وەزیـری دارایـی (نەسـرەت فارسـییە) کـە ڕەسـم و باجەکان بەسەر مەوادە نیشتمانیەکانەوە کـەم بکاتـەوە بـەڵکو بـاج و ڕەسـم بەسەر کەلوپەلە بێگانەکان وەکو پارچە و جێرە کە دێتە نێو وڵاتـەوە پترتـر بکات، وابزانم پترترکردنی باج و ڕەسم مافی نوێنەرەکان نییـە لـە حکوومـەت تکا دەکـەم پشتڕاسـتکردنەوە یـەك بـۆ ئـەم دۆزە بیریتـە کایـەوە، نەسـرەت فارسـی وەڵامـی نوێنەرەکـەی دایـەوەو وتـی: پترترکردنـی ڕەسـم و بـاج بـە مقدارێکی سەنگین و زیاد زیانی لیٚ دەکەوێتەوە چونکە دەبێتە هۆی هانـدانی قاچاخ و لەبەر ئەوەی ئـەو جیاوازیـەی لـە نرخەکـەدا دەبێتـە سـوودو قـازانج دەچێتە گیرفانی قاچاخچیەکانەوە.

کاتیٚ لایحەکە خرایە دەنگدانـەوە ئەنجوومـەن بـە کـۆی دەنـگ دەنگـی لەسـەرداو دەنگـدەرەکان بریتـی بـوون لـە (٥٤)نوێنـەری ئامـادە بـۆ لـە دانیشـتنەکەدا و لـە نوێنـەرانی کـەرکووك جـەمیل بابـان و سـلێمان فـەتاح و محەمـەد عـەلی قـیردار دەنگیـان لەسـەر داو بـەڵام نوێنـەر فـەوزی عـەلی لـە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوو.

**ج- باجی دەرامەت:**

باجی دەرامەت لە داهاتە داراییە نایابەکانە بـە نیسـبەت حکوومەتـەوە بۆیە نوێنەرانی ئەنجوومەن لە سەرانسەری خولەکانی ئەنجوومەندا بایەخێکی تایبـەتییان پێـی داوە، بـەڵام ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێت نوێنـەرەکانی کـەرکووك لـەم تاوتوێکردنانـەدا بەشـدارییان نـەکردووە بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە نەخشـیان تێـدا نـەبووە لـە دەنگدانەکانـدا سـەبارەت بـەو لایحانـەی تایبـەت بـووە بـە بـاجی دەرامـەت دەنگیـان داوەو ڕەزامەنـدییان نیشان داوەو لە ئەنجوومەندا سێ لایحەی تایبەت بە باجی دەرامـەت تێپـەڕی

که هیچ کام له نوێنەرەکانی کەرکووك لارییان لەسەری نیشان نـەداو هیچـیان نەخستەڕوو.

بەڵام کاتێ حکوومەتی ڕەشید عالی گـەیلانی یەکـەم ٢٠ئـازاری ١٩٣٣- ٩ئەیلوولی ١٩٣٣ لایحه یاسای پشتڕاستکردنەوەی سیستەمی باجی دەرامەتی پیشـکەش بـە ئەنجوومـەنی نوێنـەران کـرد لـە دانیشـتنی گرێـدراوی ٦ی تەمموزی ١٩٣٣دا پلەبەندی موکەلفەکانی بـدەرانی ئـەم باجـە بـەپێی نمـرە پایەڕێزی کرا.

ئەنجوومـــەن ڕەزامەنـــدی لەســـەری داو (٤٣)نوێنـــەر لـــە کـــۆی (٥٨)نوێنەرەکانی کە نوێنەرەکانی کەرکووك حەبیب تاڵەبانی و محەمەد عەلی قیردار دەبینران ڕەزامەندی خۆیان خستەڕوو، بەڵام (١٥)نوێنەر کە نوێنـەری کەرکووك فەوزی عەلییان تێدا بوو لارییـان نیشـانداو لـەو دانیشـتنەدا نوێنـەر جەمیل بابان ئامادەنەبوو.

له ٣٠ی ئەیاری ١٩٥٦دا دەنگدان لەسەر لایحه یاسای بـاجی دەرامەنـد لـە سـەردەمی حکوومـەتی سـەعیدی سـێزدەهەمدا ١٧ی کـانوون یەکـەمی ١٩٥٥-٨حوزەیرانی ١٩٥٧ دەسـتی پێکـرد و (٨٥)نوێنـەر ڕەزامەنـدییان لـە کۆی (٨٦)نوێنەر دەربارەی نیشاندا کە نوێنەرانی کەرکووك ئیبراهیم نەفتچی و ئـەمین هەمەوەنـدی و داود جـاف و سـەلمان بـەیات و مـەحمود بابـان لـە نێوانیاندا بوون، بەڵام یەك نوێنەر ئەویش نوێنەری کەرکووك حوسێن خانـەقا بوو لاری نیشانداو لە دانیشتنەکەدا نوێنەری کەرکووك ئـەمین قـیردار و کامـل یـەعقوبی ئامادەنـەبوون، ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێت کـە هەنـدێ لـە نوێنـەرەکانی کـەرکووك سـەبارەت بـە لایحەیـەك یـاوەك ڕەسـم و باجێـك ڕەزامەندی نیشان نادەن بێ ئەوەی هۆکەی نیشان بـدەن وبۆچـوونی خۆیـان لەو بارەوە بخەنەڕوو ئـەویش وادیـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئاسـتی خوێنـدەواری تایبەتی هەریەك لەوانە یا وەك بوێری ئـەدەبیان کـە نەخشـێکی لـەو بـارەوە هەبووە جگە لە هۆی زمان و توانای قسەکردن.

٢- دامودەزگا داراییەکان:

عێراق گەشەکردنێکی بەرچاوی لە نیزامی نەقدینەوە بانکداریدا بە خۆیەوە نەبینی مەگەر دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم و بەتایبەت دوایی دامەزراندنی بانکی نیشتمانی عێراق ساڵی ١٩٤٧ کە سەرپەرشتی و چاودێری نەقدینەو گوێزانەوەی گرتە ئەستۆ بۆ پاراستنی پارەو نەقدینەی یەدەگ کە بریتیە لە ئاڵتوونێك کە بە پارە بە هادارە بیانیەکان بە ڕێژەی (٧٠٪) لە پاڵ (٣٠٪) سەنەدە فەرمیە حکوومەتیەکان دا دەستنیشان دەکرێت لەگەڵ ئەمەیشدا عێراق ژمارەیەك بانکی تێدا دامەزرا بۆ پاڵپشتی پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان وەك بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی ١٩٣٥و بانکی ڕافدین ١٩٤١ و بانکی تر.

نوێنەرەکانی کەرکوك لە سازمانەداراییەکاندا گوزەرگایێکی ئاسانیان بینی بۆ گەشەکردنی ئابووری وڵات و لەبەر ئەم گرنگیە بایەخێکی زۆریان پێدا، کاتێ تاوتوێکردنی بودجەی گشتی ساڵی ١٩٣٤ نوێنەری کەرکوك "سلێمان فەتاح" سەبارەت بە داهاتە داراییەکان و چۆنێتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی قسەی کرد داخوازی بەکارهێنانی ئەم داراییانەی لە هەموو بوارکاندا کرد و هەروەها وتی ڕێگام پێبدەن بڵێم مانەوەی درهەمێك لە خەزێنەی دەوڵەتدا بێ ئەوەی بەکاربهێنرێت هەڵەیەکی گەورەیە لە بەخشین نایە، هەروەها داخوازی دامەزراندنی سازمانێکی دارایی کرد کە لە روبعە ملیۆنێك دینار کەمتر نەبێت.

هەر ئەم فەتاحە سەبارەت بە بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و هۆی شکستەکەی لە خزمەت کشتوکاڵدا وتی هۆکەی ئەوەیە ئالۆوێری بە نەقدی نەکردووە و ئەمیش هۆی ئەوەیە کە پێشوازی لێی نەکراوە[1]، نوێنەری (عمارە) ئیبراهیم شابەندەر پاڵپشتی لێکردو وتی: هەڤاڵ سلێمان فەتاح هۆی شکستی بانکی کشتوکاڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بە نەقدی ئالۆوێری

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٣ الجلسة (٣٠) في ٢٢اذار ١٩٣٤، ص٣١٤.

نـەکردووە و لـەو بۆچـوونەیدا ڕاسـتەو حـەق بەپاڵـە چـونکە پێشـکەوتنی بانکەکان بە ئاڵۆزی نەقدییەوە بەستراوە[1].

نوێنەری کەرکووك سەلمان بەیات دیدی وەزیری دارایی خـەلیل کەنـەی سەبارەت بە بانکی پیشەسازی کە بەدوای سوودو قازانجەوەیە ڕاکێشاو وتی: دەبوایە بانکی پیشەسازی ئەوەندە بەسـوودو قـازانج بایـەخی نەدایـە بـەڵکو پیشەسازی بـە هەنـد وەربگرتایـە کـە بانـك چـاوەڕوانی سـوودو قـازانجی بـە پەلەی لێ نەکات، بەڵکو لێی داوا دەکرێت کە ببێتە مایەی ڕاپەڕینی وڵات لـە بواری پیشەسازیداو یارمەتیـدەری ئـابووری نیشـتمانی و داخـوازی بەشـداری کردنی لە هاندانی پیشەسازییە بچووکەکان و بەشداری لە پڕۆژە پیشەسازییە نوێکاندا کرد[2].

بەڵام وەزیر ئامـاژەی بـەم دۆزە نـەکردو وەڵامێکـی نەدایـەوە و لێـرەدا نوێنــەر ئامــاژە بــە بایــەخی پــڕۆژەی پیشەســازییە ســتراتیژیەکان کــە وڵات دەکاتە خـاوەنی داهـاتێکی گـەورە لـە ئاینـدەدا کـرد بـەڵام بانـك بایـەخێکی ئەوتوی پێنەداوە لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پڕۆژانە کۆڵەکەی سـەرەکی ئـابووری وڵات لە ئایندەدا دەژمێردرێت.

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة، الاجتماع الاعتيادي، لسـنة ١٩٣٤، الجلسـة (١٢) في ١٦شباط ١٩٣٥، ص٧٢.

[2] المصدر نفسه، الـدورة الانتخابيـة الخامسـة عشـرة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي لسـنة (١٩٥٥-١٩٥٦)، الجلسة (٢) في ٦حزيران ١٩٥٦، ص٧٧٢-٧٧٣.

## بەشی چوارەم

# نوێنەرانی کەرکووك و دۆزە کۆمەڵایەتییەکان

ژیانی ئابووری لە عێراقدا کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەجێهێڵا چونکە فراوانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان بەستراوە بە تۆکمەیی و بەهێزی ئابوورییەوە بۆ بووژاندنەوەی پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکان چی لە بواری فێرکردن و تەندروستی و ئاوەدانی و لایەنی تردا بێت. سازمانە کۆمەڵایەتییەکان عێراق لە گەشەبوونێکی هێوردا بۆ هەتا ئەوکاتەی نەوت پەیدابوو و بووە داهاتی سەرەکی وڵات، چونکە داهاتە ئابووریەکان تەنها بەشی خواردنی خەڵکی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی داهاتی نەوت بەرەو پتربوون ڕۆیشت بەشێك لەو داهاتانەی سەرفی دروستکردنی پڕۆژە گشتییەکان لە وڵاتدا کرا، کە لە نێوانیاندا دابینکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەنواند لەسەرەتای پەنجاکان لە عێراقدا ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە (مجلس الاعمار)* دامەزرا لەسەر بنەمای بەکارهێنانی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

---

* ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە: ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە لە سەردەمی حکومەتی توفیق سویدی سێهەم دا لە ٥شوباتی ١٩٥٠–٢٣ئەیلوولی ١٩٥٠ بەپێی یاسای ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی ژمارە(٢٣) ساڵی ١٩٥٠ دروست بوو ئەم ئەنجوومەنە بریتیە لە سەرۆك وەزیران و ئەندامێتی وەزیری دارایی و شەش ئەندامی تەرخان کراو بۆ ئەنجوومەن کە لە نێوانیاندا شارەزایی کاروباری دارایی و ئابووری و ئاوباری و شتی تر، ئەنجوومەن قەوارەیەکی سەربەخۆیە کە بەرپرسی بەستنی گرێبەستەکانە لەگەڵ سازمان و کۆمپانیەکانی نێو عێراق دەرەودا پیی سپێردراوە ئەنجوومەنی نوێنەران داکۆکی لەسەر لایحە یاسای ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە لە ٦نیسانی ١٩٥٠دا کرد، لە کاتێکدا ئەوساکە دەخرایە بەردەستی وەزیری دارایی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە بەپێی یاسای ژمارە(٢٧)ی ساڵی ١٩٢٣ دامەزرابو هەدەفی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە بەکارهێنانی داهاتی نەوت بو لە پیادەکردنی پڕۆژە ئابوریەکان و کۆمەڵایەتیەکان گەشەپێکردنیان لە وڵاتدا و بەڵام لە سیاسەتەکەیدا لەگەڵ زلهێزە سەرمایەدارەکاندا پەیوەندی هەبو بە تایبەت لەگەڵ بەریتانیادا ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی گروپێکی

## جیٚ باسی یەکەم

## خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و فێرکردن

**١- خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:**

پارێزگای کەرکوك لە بواری سازمانە تەندروستییەکاندا لاواز و نەدار بوو چونکە دەبینین تا ساڵی ١٩٤٠ ژمارەی سازمانە تەندروستییەکان بە هەموو بەشەکانیەوە نەگەیشتووە ئەو ژمارەی پێویستە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەردەوامی تەندروستی بۆ هاولاٚتیان.

ژمارەی خەستەخانەکانی دەرەوەی شار و سازمانە بەردەوامە تەندروستیەکان نۆزدە بوو، لە کاتێکدا لە پارێزگاکەدا تەنها ٣ بیمارستان دەبینرا[1]، و ئەمەیش لە ڕاددەی پێویستدا نییە و داخوازیەکانی جێبەجیٚ ناکات.

بۆیە نوێنەرەکانی کەرکووك کەوتنە هەوڵی داخوازی لە حکوومەتەکانی یەك بەدوای یەکی عێراقدا بۆ گرنگی پێدانی ئەم لایەنە لەبەر بایەخداربوونی جگە لە پیادەکردنی بە پەلەی پرۆژە تەندروستیەکان و دوانەکەوتنی حکوومەتەکان لە جێبەجێکردنیاندا حکوومەتی یاسین هاشمی ١٧ئازاری ١٩٣٥–٢٩تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ مەبلەغی پارەی بۆ دروستکردنی بیمارستانێك لە کەرکووکدا[2]، تەرخانکردبوو بەلاٚم کارە پێویستییەکان بۆ

---

شارەزای بێگانەوە شارەزا لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ دانانی بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە لە ولاٚتدا بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پرۆژە ئابوریەکان لە عێراقدا وعێراق وەك ولاٚتێکی کشتوکاڵ بمێنێتەوە لە کاتێکدا پێش دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە پرۆژەی ئاوەدانیە ئابوریەکان و کۆمەلاٚیەتیەکان بە حکومەتەکانی عێراقەوە بەسترابوو، بۆ ئەوەی سەبارەت بە بەرنامە ڕامیاری و کارەکانی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە زانیاری زۆرتر بە دەست بهێنرێت. بڕوانە: عبدالله شاتي عبهول، مجلس الاعمار في العراق(١٩٥٠–١٩٥٨)، رسالة ماجستير جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٨٣.

[1] الدورة الانتخابية التاسعة، الميزانية العامة لسنة ١٩٤٠ المالية، ص٨٩.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ الجلسة(٥) في ٢٤اب ١٩٣٥، ص٤١.

ئەنجامدانی بە هێواشی دەڕۆیشتە ڕێگەوە ئەمەیشە نوێنەری کەرکووك فایەق تاڵەبانی هاندا کە داخوازی ئیستملاکی ئەو زەوییانەی کە کارێز لە ژێریاندا نییە بکات، دوای ئەوەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی حەمدی پاچەچی هۆی ئەم کارەی شیکردەوەو خستیەڕوو[1].

حکوومەتی نوری سەعیدی یانزەهەم ١٥ی ئەیلوولی ١٩٥٠–١٠ی تەمموزی ١٩٥٢ لایحە یاسای پشتڕاستکردنەوەی دووەم یاسای خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٤٧ پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، لایحەکە لەلایەن چەند نوێنەرێکەوە تاوتوێ کرا، نوێنەری کەرکووك "علی خادم السجادة" پێشوازی لەم لایحە کرد چونکە خزمەتی پزیشکەکان دەکات و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین دەکات، هەروەها لە ڕەوشی هەندێ لە پزیشکەکان ڕەخنەی گرتو وتی: جگە لەمانە دەسکەوتی تر بەدەست دەهێنن بۆیە تکامان وایە لێیان کە مرۆڤ دۆست بن نەك مادیی و پارەپەرەست وەکو هەندێ لە پزیشکەکان کردویانەتە پیشەیان لە فڕاندنی پارەی نەخۆشەکانیان و گیرفان چۆڵ کردنیاندا[2].

کاتی دەنگدان سەبارەت بە لایحەکە دەستی پێکرد بە کۆی دەنگی نوێنەرانی ئامادە بوو کە ژمارەیان (٧٦)نوێنەر بوو کە لە نێوانیاندا شەش نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە: ئەحمەد یەعقوبی و داود جاف و عەبدوڵلا سلێمان بەیاتی و عەلی ڕەفیق (خادم السجاده) و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ناجی هورمزی دەبینران و ئەم نوێنەرانە کە بریتی بوون لە محەمەد نوعمان وەنداوی و ئەمین هەمەوەندی، لە دانیشتنەکەدا ئامادەنەبوون[3].

---

[1] المصدر نفسه الدورة الانتخابية، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ الجلسة(٥) في ٢٤ابا ١٩٣٥، ص٤١.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(٣٦) في ٤... ١٩٥٢، ص٤٩٤.

[3] المصدر نفسه، ص٤٩٩–٥٠٠.

قـەزای كفـری بایـەخێكی تایبـەتی لـە لایـەن نوێنـەری كفـری سـەر بـە پارێزگای كەركووك داود جافـەوە پێـدرا لـە چـەندین دانیشـتنی ئەنجوومـەنی نوێنەراندا جەختی لەسـەر نـەبوونی خزمـەتگوزاری تەندروسـتی لـە قەزاكـەدا كرد، داخوازی دامەزراندنی چەند مستەوسەفێكی تەندروستی لـە گونـدەكانی ناحیــەی شــێروانەو بێپــازداو بیمارســتانێك لــە كــەلاردا كــرد[1]، وا دیــارە دووپاتكردنەوەی داخوازیەكانی ئەم نوێنەرە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هۆیـە كـە داخوازیەكانی جێبەجێ نەكرا بوو، یـا وەك لـە پیادەكردنیـدا كـەم تەرخـەمی دەبینرا.

حكوومەت كەوتە هـەوڵی پیـادەكردنی پێداویسـتییەكانی دروسـتكردنی بیمارسـتانێك لـە كـەلاردا[2]، نوێنـەری كـەركووك سـەلمان بـەیات بایـەخێكی تایبەتی بەنەخۆشیە مزمنەكان دابوو ئەوەبوو لە كاتی تـاوتوێكردنی سـكاڵای وەڵامدانەوەی وتاری پاشاییدا كە حكوومەتی عەبدولوەهاب مەرجان لـە ١٥ی كانوون یەكەمی ١٩٥٧–١ئەیاری ١٩٥٨دا ئامادەی كردبوو داخوازی بایەخدان و چاودێری نەخۆشەكان و بنەماڵەكانیان كە دووچاری نەخۆشی (سیل) بـوون كــرد و هەنــدێ لــە داهــاتی بــەنزین و پــولی دارایــی بــۆ پێداویســتیەكانی بنەماڵەكانی سیل دارەكان تەرخان بكرێت[3]، هـیچ كاربەدەسـتێك سـەبارەت بە وتارو داخوازی ئەم نوێنەرە وەڵامێكی نەدایەوە.

٢– فێركردن:

فێركردن بایەخێكی یەكجار زۆری لە لایـەن نوێنـەرەكانی كەركووكـەوە پێدرا چونكە فێركردن چی لەسەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیەكانـدا[4]، یـا لـە

---

[1] المصدر نفسه، الـدورة الانتخابيـة العاشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٣ الجلسـة(٢٥) في ١٧ايار ١٩٤٤، ص٢٣١؛ المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة(٥٠)، في ١٦ايار ١٩٥١، ص٩٠٣.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابيـة الخامسـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٥–١٩٥٦، الجلسة(١٤) في ١٩كانون الثاني ١٩٥٦، ص٢٦١.

[3] المصدر نفسه، ص٢٥٩.

[4] بۆ زانینی بارودۆخی فێركردن لە سەردەمی عوسمانیەكاندا ، ص١٤٩.

سەردەمی داگیرکەرانی بەریتانیادا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرابوو بایەخدان بە فێرکـردن لـە دەورەی دەوڵـەتی نیشـتمانیدا خـۆی نوانـدو لـە سـەردەمی حکوومەتەکـەی نـاجی شـەوکەتدا ۳ی تشـرینی یەکـەمی ۱۹۳۲–۱۸ئـازاری ۱۹۳۳ گەیشتە پوپەکەی.

بەرنامەی وەزارەتەکەی چاودێری فێرکردنی لەسەر بنەمای فراوانکردنی خوێندنی سەرەتایی و بەشێوەیەك لەگـەڵ پێداویسـتیە ناوخۆییەکانـدا زۆرتـر سازگاربێت[1]، بەخۆوەگرت هەروەها خوێندنی پیشەسازی بایەخێکی تایبەتی لـە لایـەن نوێنـەرەکانی کەرکووکـەوە پێـدرا، چـونکە ئـەو قوتابخانـەی پیشەسـازییەی کەرکووکـە*، کـە مێـژووی دامەزرانـدنی بـۆ سـەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە پشتگوێ خرابوو و سوودی لێ وەرنەدەگیرا.

سەبارەت بەمە نوێنەرەکانی کەرکووك کە بریتی بوون لە سەعید حاجی حوسێن و محەمەد ڕەفیق (خادم السجادة) و (نشـأت ابـراهیم) پێشـنیازێکیان بە ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش کرد چەند نوێنەرێکی پارێزگاکانی تـریش بەشـدارییان لەگەڵیانـدا کـردو لـەو پێشـنیازەدا هـاتبوو، دروسـتکردنی قوتابخانەی پیشەسازی لە وڵاتدا دەبێتە هـۆی پێشـکەوتنی وڵات و هـەروەها کاروباری گشتی بەرەو گەشەکردن دەبـات چـونکە هۆیـەکی سـەربەخۆیە بـۆ بەردەوامی ژیانی لێکەوتوان و یەتیمەکان و هەژارەکان.

لـە سـەردەمی حکوومـەتی نـەماوی ڕابـوردودا لـە شـاری کـەرکووك قوتابخانەیـەکی پیشەسـازی دامـەزرا کـە حکوومـەت بـارودۆخێکی پێـدا، کـە سەرچـاوەیەکی داهـات بـوو لـە سـەردەمی داگیرکەرانـدا، و گـوێ نەدرایـە

---

[1] جمال اسد مزعل: نظام التعليم في العراق مطبعة جامعة الموصل، ص٦٤.

* والـی مەدحـەت پاشـا(۱۸۹٦–۱۸۷۲) ئـەم قوتابخانەیـەی لـە سـاڵی ۱۸۷۱دامەزرانـد لـە هەوڵدانێکـدا بـۆ گەشەسـازی هەنـدێ لـە پیشەسـازیەکان و لـە سـەردەمی داگیرکـەرانی بەریتانیادا(۱۹۱٤–۱۹۲۰) بەرەو نەمان و داڕمان ملی ناو بایەخنەدانی گەیشتە ڕادەیەك کـە هیچ شتێك سەبارەت بەم قوتابخانەیە لە سەردەمی پاشاییدا نەدەبیسـرا دوای بـەلاوە نـرا، بـەڵام سـاڵی (۱۹٤٥–۱۹٤٦) دووبـارە کرایـەوە و جێگـەی خـۆی لـەو مێـژووە لـە نێـوان قوتابخانە پیشەسازیەکانی عێراقدا کردەوە.

بارودۆخەکـەی تـا گەیشـتە حاڵـەتێکی خـراپ و ئەمیشـە لەگـەڵ نیـازە سـەرەکیەکەدا ناگونجێـت کـە ئاوەدانکردنـەوەی وڵات و خۆشـگوزەرانی دانیشتوانەکەیەتی ئێمە بە گشتی پێشـنیاز دەکـەین کـە وەزارەتـی مـەعارف ئەم قوتابخانەیـە بـە هەنـد وەربگرێـت و بایـەخێکی شـایانی پێبـدات[1] و ئـەم پێشنیازە درایە لێژنەیەکی کاروباری مەعارف و ئـەم ئەنجامـەی لێکەوتـەوە، کـە قوتابخانەکـە نـەمێنیت و بـەلاوە بنرێـت چـونکە توانـای پێویسـت بـۆ زندوکردنەوەی لە ئارادانیە (نشأت ابـراهیم) نوێنـەری کـەرکووك بـە هاوکـاری نوێنەری مووسڵ (سـەعید حـاج ثابـت)، سـەبارەت بـە بڕیـاری لێژنەکـە لاری خۆیـان نیشـانداو و نـەمان و بـەلاوەنانی ئـەم قوتابخانـەیان بـە ناڕاسـت و زیانبەخشیدا بەقەڵەم و قۆرخکردنی پیشەسازی لـە بەغـدادا نـەگونجاوە، لـە هەمان کاتدا ثابت وتی: ئەم کارە بە ڕاست و سـەرکەوتوو نایەتـە بەرچـاوم و هەریەکێك لەم دوانە پێشنیازێکیان بۆ چاکسازی ئەم قوتابخانەیە لـە جیـاتی بەلاوەنانیەوە پێشکەشکرد، کاتێ کە پێشنیازەکەی نشأت خرایە دەنگدانەوە چونکە هەردووکیان بۆ یەك مەبەست پێشنیازیان کردبوو ئەنجوومەن هـەردوو پێشنیازەکەی بە زۆربەی دەنگ قبووڵ نەکرد[2]، هەروەها نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح داخوازی کردنەوەی قوتابخانەکانی پیشەسـازی کـە سـەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا کرد چونکە نیـازە لـە بەغـدادا قوتابخانەیـەکی گـەورەی پیشەسازی بکرێتەوە بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ ئـەم قوتابخانەیـە و لەبـەر گرنگیە گەورەکەی لە لایەنی کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەوە و لـەم بـارەوە وتـی:

---

[1] نوێنەرەکانی تر بریتـی بـوون لـە هبـة الله مفـتي واسـحاق افـرایم و نـوری البریفکـانی وحـازم شمدين ئاغا الموصل وميرزا فرج زكـي ومحمـد صـالح سـليمان وعبـدالله مخلـص واسماعيـل رواندوزی اربیل والیاس النقیب دیالی. انظر: الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيـادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة (٢٣)، في ١٥ايلول ١٩٢٥، جريدة الوقائع العراقية العدد (٣٤) في ٢٤ايلـول ١٩٢٥.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسـة (٢٣) في ٥ايلـول ١٩٢٥. جريدة الوقائع العراقية، ألعدد (٣٧٢)، في ٢٣تشرين الاول ١٩٢٥.

بەڵکو منالآنی یەتیم و بێ باوك و دایك لە لێرەدا کۆبکرێنەوە و بحەوینەوەو بـژێوی ژیانیان دوای تەواوکردنی ئەم قوتابخانەیە دابین بکەن، فێرکاری پیشەسازی قوتابیانی کە ئەم قوتابخانەیان تەواکردووە ئامادە دەکات کە هەلی کار بەدەستبێنن و بەم جۆرە باری میللەت سووك دەبێتەوە[1]، وا دیارە فێربوونی پیشەسازی هەندێ گرنگی پێدرابوو لە لایەن حکوومەتە بەدوای یەکتریدا هاتوەکانی عێراقەوە[2].

نوێنەری کەرکووك (نشـأت ابـراهیم) بایەخێکی تایبەتی بە فێربوون دەدا، زۆربەی لایەنەکانی خستنە نێو گفتوگۆ و باسەوە، کاتێ کە قوتابییەکان خۆیان پیشاندانێکیان ئەنجامدا سەبارەت بە دۆسیەکەی "أنیس النصولی"* کە کتێبێکی بە نازناوی (دەوڵەتی ئەمەوی) لە وڵاتی شامدا بڵاوکردەوە نارەزایی و ئیعترازاتێکی زۆر لە بەغدا لێکەوتەوە و لە کاتی خۆیدا چەند بڕیارێك دەرچوو کە یەکێکیان دەربارەی دەست لەکارکێشانەوەی (نسولی) و هەڤاڵەکانی بوو جگە لە دەرکردنی ژمارەیەك لەو قوتابیانەی کە خۆپیشاندانیان کردبوو و ئەم بڕیارەیان سەبارەت بە مامۆستاکان بە ناڕەوا ژمارد و داکۆکی لەوە دەکات لە وڵاتدا ئازادی بیرو بۆچوون نییە[3].

نوێنەری کەرکووك (نشـأت ابـراهیم) ئۆبالی ئەم ڕووداوانەی خستە ئەستۆی وەزارەتی مەعارف" معارف" و لەم ڕووەوە وتی: وەزارەت لە توانایدا بوو تەدبیری پێویست سەبارەت بە ڕێگرتن لەم خۆپیشاندانەیەی بکردایە و دەتوانی ڕێگری لە ڕوودانی ئەم دۆزەی بکردایە کە ئەنجامەکەی

---

(1) الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥، الجلسة(٣٧)، في ٢٧شباط ١٩٣٦، ص٦٣٦.

(2) الراوي وآخرون، المصدر السابق، ص٤٥-٤٦.

* ئەنیس نسۆلی" أنيس النصولي" مامۆستایەك بۆ کە حکوومەتی عیراق لە گەل چەند مامۆستایەکی تردا لە سوریاوە بۆ وانەوتنەوە لە عیراق بە گرێبەست بانگیشتی کردبوون.

(3) أحمد، تطور التعليم، ص٢٨٢-٢٨٣.

زیانێکی گەورە بوو کە لە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە کەوت و بیرو فکری خەڵکی بەخۆیــەوە ســەرقاڵ کــردووە[(١)]، بــەڵام وەزیــری مــەعارف (عەبدولمەهــدی المونتەفکی) سەبارەت بەم دۆزە هیچی نەگوت و تەعلیقێکی نەدا[(٢)].

(نشـأت ابـراهیم) نوێنـەری کـەرکووك داخـوازی یەکسـان کردنـی جـل و بـەرگی قوتابیـانی کـرد و جـل و بـەرگێکی تایبـەتی کـە هێمایـەکی تایبـەت بـەخۆیی هـەبێت بـە مـەرجێك جـل و بەرگەکـە لـە پارچـەیەکی دروسـتکراوی نیشتمانی بێت[(٣)].

لێرەدا بانگهێشتی نوێنـەری کـەرکووك لـە لابردنـی جیـاوازی لـە نێـوان ڕۆڵەکانی میللەتدا و پاڵپشتی پیشەسازیە نیشـتمانیەکان و بەسـتنی هـاوڵاتی بە وڵاتەکەیەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت لەبەر مەترسی نەخوێندەواری بەسـەر کۆمــەڵگاوە نوێنــەری کــەرکووك ســلێمان فــەتاح داخــوازی فێرکردنــی نەخوێندەوارەکان و پەرەپێدانی ئەم پرۆژەیـەی کـرد تـا ئـەو کاتـەی یاسـای فێرکردنـی زۆرەملـێ(الالزامـي)* و پترکردنـی ئـەو یارمەتییـەی کـە بـۆ ئـەم مەبەستە و ئامانجە تەرخانکراوە سەردەکەوێت و سەقامگیر دەبێت[(٤)].

لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکووك (علي خادم السجادة) سـەبارەت بـەو سـەختی و دژوارییانـەی کـە ڕووبـەڕوی قوتابیـانی سـەرکەوتوو دەبێتـەوە گفتوگۆی کرد، وتی: هۆدەی تر نادۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکەنە جێگای خوێندن و فێربـوون، قسـەکەی واقیعیـەتی خوێنـدن و و پێداویسـتیەکانی لـە عێراقـدا دەخستەڕوو کە وتی: کەسانی هەن کە داخوازی فێربـوونی زۆرەملـێ دەکـەن

---

(١) م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٧، الجلسة(١١) في ١٦ايار ١٩٢٧، ص١٠٤٦.

(٢) المصدر نفسه، الجلسة(١٢) في ١٧ايار ١٩٢٧، ص١٠٥٥.

(٣) المصدر نفسه، الجلسة(١١) في ١٦ايار ١٩٢٧، ص١٠٤٦-١٠٤٧.

* ئەوە شایانی باسە یاسای فێرکردنی زۆرەملێ و لە نێوبردنی نەخوێنـدەواری پیادەنـەکرا لـە سەردەمی حکومەتی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٧٩. مزعل، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٨.

(٤) م.م.ن، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥، الجلسة(١٤) في ٣١كانون الاول ١٩٣٥، ص١٩٢.

له قوتابخانه سەرەتایەکاندا فێربوون هەنووکە بەپێی ویستەو (ئەختیارییە) و قوتابی شوێنێك له قوتابخانەیەکی نوێدا بە سەختی نەبێت، دەستی ناکەوێت پرسیار ئەوەیە بارودۆخ و چوونی لێدێت ئەگەر فێرکردنەکە بکرێتە زۆرەملێ..؟

داخوازی دابینکردنی پێداویستیەکانی رەحەتی و ئاسایشی مامۆستاکانی له پاداشتی هەوڵ و تەقەلایانەوە کرد[1] و پێش ئەو سەبارەت بە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی مامۆستاکان نوێنەری کەرکوك (سلێمان فەتاح) داخوازی کردبوو[2].

کاتی تاوتوکردنی وتەکانی عەرش کە حکومەتی جەمیل مەدفەعی شەشەم ٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٥٣–٥ئەیاری ١٩٥٣ ئامادەکاری کردبوو نوێنەری کەرکووك داود جاف داخوازی پەرە پێدانی فێرکردنی لە قەزای کفریدا لە رێگەی کردنەوەی قوتابخانەکانی سەرەتایی لە ژمارەیەك لە دیهاتەکانی ناحیەکانی پێبازو شێرواندا کرد هەروا داخوازی قوتابخانەی گۆڕانی ناوەندی کفری بەدواناوەندی کرد تا سەرجەم قوتابیەکانی قەزاکە بکرێتەبەر هەروا داخوازی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی ناوەندی بۆ کچان لە کفریدا کرد جگە لە مانە داخوازی قوتابخانەیەك گەڕۆکی کردبۆ فێرکردنی رۆڵەکانی عەشایرەکان وادیارە حکومەت داخوازیەکانی ئەم نوێنەرەی خستبوە لاوە بویە داخوازیەکانی لە دانشتنی ئەنجوومەنی گێردراوی ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٥٤ دووپاتکردەوە، وەزیری مەعارف "عبدالمجید قصاب" وەڵامی دایەوە کە داخوازیەکانی نوێنەر بەهەند وەردەگیرێت سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانی داواناوەندی.

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٨، الجلسة(٢٤) في ١٨تشرين الثاني ١٩٤٨، ص٣٠٣.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٥ الجلسة(١٤) في كانون الثاني ١٩٤٦، ص١٢٤.

## جیٚ باسی دووەم
## هاتوچۆ و خزمەتگوزاریە گشتییەکان

**١- هاتوچۆ**

نوێنەرانی کەرکووك بایەخێکی زۆریان بە دۆزی ڕێگاو بان و هاتوچۆ دەداو داخوازی پێویستی و گرنگی پەیوەنددانی عێراق بە تۆڕێکی ڕێوبان و هاتوچۆوە دەیانخستەروو و گرنگیەکەی لە پاڵپشتکردنی ئابووری وڵاتدا یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانیان بۆ:

**أ- هێڵی ئاسنین:**

تۆڕی ڕێگە ئاسنەکان لە پەرەسەندندا بووە هەر بۆیە لەبەر گرنگییەکەیەوە حکومەتی عەبدولموحسن سەعدوونی دووەم (٢٦ حوزەیرانی ١٩٢٥- تشرینی دووەمی ١٩٢٦) مەرسومی ژمارە(٧) لە سەردەمی حکومەتەکەی یاسین هاشمی یەکەمدا ڕێکەوتی (٢ئابی ١٩٢٤- ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لە ١٧ حوزەیرانی ١٩٢٥)دا دەرچوو بوو سەبارەت بەو قەرزپێدانی سازمانی ڕێگای ئاسن کە (٤٠) هەزار روپیە* بۆ خستیە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ خەرج و نەفەقاتی مەسحی زەوی بۆ ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن لە نێوان مووسڵ و کەرکووك دا ئەنجوومەنی نوێنەران بە کۆی دەنگی نوێنەرەکان لە (٣ ئابی ١٩٣٥)دا ڕەزامەندییان دەربارەی نیشاندا[1].

نوێنەری کەرکووك نشأت ئیبراهیم سەبارەت بە گرنگی ڕێگای ئاسن بۆ پەیوەندانی پارێزگاکانی عێراق بە یەکترییەوە و نەخشی ئەم پرۆژەیە لە

---

* روپیە، پارەیەکی هندییە ئینگلیسیە داگیرکەرەکان سەردەمی داگیرکردنی عێراق هێنایانە نێو عێراقەوە، و یەك روپیە (٧٥)فلس دەکات. عبدالرحمن الحليلي، النظام النقدي في العراق، مطبعة النهضة، القاهرة، ١٩٤٠، ص٤٣.

(1) م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة (١١٢) في ١٣/١٩٢٥ جريدة الوقائع العراقية العدد(٣٢٩) في ١٦/اب/١٩٢٥.

گەشەپێدانی ئابووری وڵاتدا قسەی کرد[1]، و نوێنەری کەرکوک محەمەد عەلی قیردار راپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی باکوور کردو پێنج نوێنەری پارێزگاکانی باکوور لە ١٤ی تەممووزی ١٩٢٨دا، پاڵپشتیان لێی کرد و سەبارەت بە راکێشانی رێگای ئاسن لە نێوان کەرکوک و مووسڵدا بەسەر رێگاو بانێکەوە کە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدای پایتەخت دابین دەکرد[2]. و گرنگی ئەم داخوازییەی نوێنەری هەولێر مەعروف جیاووک جەختی لەسەر کردو کاتی سەبارەت بەو سەختی و نارەحەتییە کە رووبەرووی بازرگانەکان و جوتیارەکان لە پارێزگای هەولێردا دەبێتەوە، قسەی کرد دیدی ئەنجوومەنی سەبارەت بە گرنگی دەڤەرەکانی کەندێناوەو مەخموور و شەمامەکی لە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و دەغڵودان دا راکێشا[3]، و ئەنجوومەن رەزامەندی سەبارەت بە ناردنی راپۆرتەکەی بۆ حکوومەت لە رێگای دەنگدانەوەو بە زۆربەی دەنگ نیشاندا.

ئەوەی شایانی باسە پرۆژەی راکێشانی رێگای ئاسنی مووسڵ ماوەیەکی زۆری خایاندو پیادەش نەکرا بەڵام لە سەردەمی حکوومەتی جەمیل مەدفەعی چوارەمدا ١٧ی ئابی ١٩٣٧–٢٤کانوونی یەکەمی ١٩٣٨ لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٨دا جێبەجێکرا[4].

لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکوک داود جاف داخوازی کرد کە پارێزگای سلێمانی ببەسترێتەوە بە رێگای ئاسنەوە چونکە ئەم پارێزگایە لە

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الأولى الاجتاع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٦ الجلسة ١٣ في ٢٣ كانون الأول ١٩٢١، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٥٦) في ٢٣كانون الثاني ١٩٢٧.

[2] ئەم راپۆرتە ئەم نوێنەرانە پاڵپشتیان کرد کە بریتی بوون لە جەمیل فەخری و عەبدوڵلا سليمان و عەبدوڵلا حافظ نوێنەرانی مووسڵ و ئیسماعیل رەواندوزی و مەعروف چاووک نوێنەری هەولێر. م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية الاجتاع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٧ الجلسة ١٧/اب/١٩٢٩، ص٤.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية، الاجتاع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٨ الجلسة ١٨ في ١٦تەمموز ١٩٢٨، ص٤٣١.

[4] المصدر نفسه، ص٤٣٦.

ئاستی هاتوچۆو ڕێگاوبانەوە لاوازە، هەروا نوێنەری کەرکووك سـێمان فـەتاح داخـوازی کـرد کـە عێـراق بـەهۆی ڕێگـای ئاسـنەوە ببەسـترێتەوە بـە وڵاتـە دراوسێکانەوە[1]، چونکە بایـەخێکی ئـابووری و ڕۆڵێکـی دیـاری لـە کـارایی و چالاکی بزاڤی بازرگانیدا هەیە و ئەم پڕۆژەیەش لە گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵاتدا خۆی دەنوێنێت[2].

کاتــێ حکوومــەتی یاســینی هــاشمی دووەم ١٧ی ئــازاری ١٩٣٥- ٢٩تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ لایحە یاسای گرێبەستی ڕێککەوتننامـەی عێـراق و بەریتانیای تایبەت بە گوێزانەوەی موڵکایەتی و خاوەنداریەتی ڕێگای ئاسـنی بۆ حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣٦دا پێشکەشی بـە ئەنجوومـەنی نوێنـەران کرد ژمارەیەك لە نوێنەرەکانی لایحەکەیان تاوتۆیان کرد، بەڵام نوێنـەرەکانی کەرکووك بەشدارییان تێدا نەکرد.

کاتێ لایحەکە خرایە دەنگدانەوە ئەنجوومەنی نوێنەران بە کۆی دەنگی ئامـادەبوان کـە ژمارەیـان (٦٧)نوێنـەر دەبـوو لـە نێوانیانـدا سـێ نوێنـەری کەرکووك کە بریتی بوون لە دارا داودەو داود جاف و سلێمان فەتاح دەبینران دەنگیان بۆ داوسێ نوێنەری تر کە بریتی بوون لە فایەق تاڵەبانی و عەلی ڕەزا عەسـکەری و خـەلیل زەکـی ئامـادە نـەبوون لـە دانیشـتنەکەدا بـەم جـۆرە سازمانی ڕێگای ئاسن لکێندرایە وەزارەتی ئابوریی و هاتووچووەوە[3].

حکوومــــەتی نــــوری ســــەعیدی یازدەهــــەم ١٥ی ئــــەیلوولی ١٩٥٠- ١٠تەمموزی ١٩٥٢ لایحە یاسای داکۆکی ڕێکەوتننامەی گرێـدراو و لـە نێـوان عێراق و بەریتانیادا لە ئایاری ١٩٥٢دا سەبارەت بە کۆتایی پێهێنـانی کـارایی ڕێکەوتننامەی ڕێگای ئاسن کە لە مێژووی ٣١ی ئازاری ساڵی ١٩٣٦دا گرێدراو

---

(١) م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة السادسـة، الاجتـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٥، الجلسـة ٤٧ في ٢٦اذار ١٩٣٦، ص٨٤٣.

(٢) المصدر نفسه، الجلسة ١٤ في ٣١ كانون الاول ١٩٣٥، ص١٨١-١٨٢.

(٣) المصـدر نفسـه، الـدور الانتخابيـة السادسـة، الاجتـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٥ الجلسـة ٥٢ في ٩نيساني ١٩٣٦، ص٩٥٤-٩٥٥.

ئەنجوومەن لە دانیشتنی گریدراو لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٢ بە کۆی دەنگی ئامـادەبووان کـە ژمارەیـان (٨٧)نوێنــەر دەبـوون لـە نێوانیانـدا نوێنــەرانی کـەرکووك ئــەمین هەمەوەنـدی و داود جـاف و عەبـدوڵلا سـلێمان بـەیاتی و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی دەبینران.

لە کاتێکدا ئەحمەد یەعقوبی و عەلی (خادم السجادە)و نـاجی هـورمزی لە نێو ئامادەنەبواندا بوون.

ب- ڕێگاوبان و پردەکان:

ریگاوبـان لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیەکانـدا بـەلاوە نرابـوون و خرابوونـە پشـتگوێ و ئـەم بارودۆخـە لـە سـەرەتای سـەردەمی پاشـایەتیدا بەردەوام بوو ئەم بارودۆخـە نوێنـەرەکانی کـەرکووك لـە پاڵیپیوەدەنـا کەلـە حکوومەتە یـەك بـەدوای یەکدا هاتووەکـان داخـوازی چـاککردنەوەی ڕێگـای ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بکەن هەروا ڕێگاو بانی نوێ دروست بکەن.

لەبەر گرنگی ناوچـە کشـتوکاڵیەکان و خراپـی ڕێگاکـانی هاتووچـۆ لـە نێوانیاندا بە تایبەت لە دەڤەری باکووردا ئەوە بۆ نوێنەرای کەرکووك ڕەفیـق (خادم السجادە) و نشأت ابراهیم و سەعید حاجی حوسێن و حەبیب تاڵـەبانی بە لایەنگیری چەند نوێنەرێکی پارێزگا باکوورەکان لە ڕێگای ڕاپۆرتێکەوە بـۆ سەرکردایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران کـە نوێنـەری هـەولێر عەبـدوڵلا مـوخلس پێشکەشی کرد سەبارەت بە داخوازی چاککردنەوەی ڕێگای شەقڵاوە ڕەواندز لەبەر گرنگیەکەی لە روانگـەی کشـتوکاڵ و بازرگانیـەوە بکـەن جگـە لـەوەی شارۆچکەی ڕەواندز سەنتەری قەزایەکە سەر بە پارێزگای هەولێر و ڕێگاکـەی هەمیشە لە وەرزی زستاندا دەبرێـت وهاتوچـووی تێـدا ناکریـت ئـەم ڕاپۆرتـە نێردرایە لێژنەی دارایی و ئابووری بـەپێی پێشـنیازی کـە لـە لایـەن نوێنــەری بەغدا یووسف غەنیمەوە کرا بۆسەیرکردن و تاوتوێکردنی[1] بودجـەی گشـتی ساڵی ١٩٣١ داراییدا نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح سەبارەت بە ڕێگاکانی

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة ٢٦ في ١٥ايلول ١٩٢٥ جريدة الوقائع العراقية العدد(٣٨٤) في ٢٧ايلول ١٩٢٥.

ناوچـەکانی بـاکور قسـەی کـرد داخـوازی تـەواوکردنی ڕێگـای شـەقلاوەو ڕەوانـدوزی کـرد، کـە پارەیـەکی زۆری بـۆ خـەرج کـراوە و جـەختی لەسـەر پێویسـتی چـاکردنەوەی ڕێگاکـانی بـاکووری کـرد و گوێزانـەوەی جێبـەجێ کەرانی چاکردنەوەی ڕێگاکانی باشوور بۆ ناوچەکانی باکور بەڵام نوێنـەری بەسـرە (حامـد النقیـب) لاری نیشـاندا و چاکسـازی ڕێگاکـانی باشـووری لـە باکوور بە پێویستتر دەزانی و فەتاح لـە وەڵامیـدا وتـی زەوی و زاری باشـوور تاڕادەیەکی فراوان چاکسازی تێدا کراوە[1].

هەمان نوێنەر جەختی لەسەر گرنگی بەستنی وڵات بـە تـۆڕێکی ڕێگـای ئاسفالتکراوە و هەروا پەیوەندانی وڵات بە وڵاتە دراوسێکانیەوە کـرد و لـەم بارەوە وتی بێگومان ئاسانی هاتوچۆ بە قازانجی وڵات بە شـێوەیەکی گشـتی و هـەر کەسـێکی عێراقـی بەتایبـەتی تـەواو دەبێـت، ئاشـکرایە دروسـتکردنی تۆڕێکی ڕێگای ئاسفالت کراو لە سەرتاسەری عێراقدا و ئەسـفالت کردنـی ئـەو ڕێگایانـەی دەگاتـە وڵاتـە دراوسـێکان ئەمانـە لـە گەشـەکردنی وڵات و پێشکەوتنو خۆشگوزەرانی دانیشتوانیدا کاریگەرە و بە ڕاستی دەزانم ئەگـەر قەرزێك بۆ دروستکردنی ئەم ڕێگا ئەسفالتکراوانە دابین بکرێت[2]، زۆر گونجاو و لـە جێـی خۆیدایـە هـەروا نوێنـەری کـەرکووك داود جـاف داخـوازی چاککردنەوەی ڕێگای قەرەخان قەڵای شێروانە کە دەکەوێتـە هـەردوو قـەزای هەڵەبجـەو کفرییـەوە و پەیوەنـددانی بـە قـەزای خانەقینـەوە کـرد، چـونکە کارکردن لەم ڕێگایەدا ماوەیەکە وەستاوە وەزیر کاروبـارو هاتوچـۆ(عبدالامیر الازری) وەڵامی دایەوە، کـار وەسـتێنرا لەبـەر پێداویسـتیەکانی بەرژەوەنـدی گشتی و ئەم ڕێگایە جێگای بایەخدانمانە و بودجەی بۆ سـاڵی دارایـی ئاینـدە تەرخان دەکرێت[3].

---

[1] المصـدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة والاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٠ الجلسـة(٤٩) في ٢٩اذار ١٩٣٠، ص٧٠١.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسـنة ١٩٣٥، الجلسـة(١٤)، في ٣١كانون الاول ١٩٣٥، ص١٨١–١٨٢.

[3] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي لسـنة ١٩٤٤، في ٣١آيـار ١٩٤٥، ص٥٥٢.

هەر ئەو نوێنەرە داخوازی کرد لەساڵی دارایی ئایندەدا ڕێگایەك لە نێوان هەڵەبجەو جەلەولادا بکرێت، هەروا داخوازی دروستکردنی پردێك بۆ گرێدانی خانەقین بە کفرییەوە کە دەکەوێتە سنووری قورەتوو شێروانەوە کرد[1]. جگە لە ئەسفالت کردنی ڕێگای کفری–دەربەندیخان چونکە لە وەرزی بارینی باراندا ئەم ڕێگایە دەبڕێت[2].

وەزیری کاروبارو هاتوچۆ(صالح صائب الجبوری) وەڵامی دایەوەو وتی نیەتی وەزارەت لەوەدایە کە ڕێگای جەلەولا–دەربەندیخان و ڕێگای کفری–جەلەولا ئەسفالت بکات و ئەم پرۆژەیە چووەتە بەرنامەی پێنج ساڵی داهاتوودا[3]. حکوومەتی نوری سەعیدی سیازدەهەم لە (١٧کانوونی یەکەمی ١٩٥٥–٨حوزەیرانی ١٩٥٧) لایحەیەکی یاسایی پشت ڕاستکردنەوە یاسای وەسیلەی گوێزانەوەی زەمینی ژمارە (٥٠)ی ساڵی (١٩٣٥) پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد بۆ پشتگیری کردن و پاڵپشتکردنی و ئەم لایحەیە، هەندێ باجی لەسەر خودەرەوەکانی هاتوچۆ و گەراجی خودەرەوەکان لەبەرگرتبو[4].

لایحەکە لە لایەن ژمارەیەك لە نوێنەرەکانەوە تاوتوێ کرا نوێنەری کەرکوك داود جاف سەبارەت بەم لایحە وتی من هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی میللەتی عێراق لە گەڵاڵەکردنی ئەم لایحەدا نابینم بە پێچەوانەوە سەنگینی و قورساییەکی بێجێی بەسەر کۆشش و تەقەلای میللەتی عێراقەوە نوێنەری کەرکوك سەلمان بەیات لایەنگیری کردو وتی ئەم لایحەیە قورساییەك بەسەر شانی میللەتەوە دروست دەکات پێویستە گەراج و بازاڕ دروست بکرێت نەوەك باج و ڕەسمی بخرێتە سەر و سایلی گوێزانەوەو هاتوچۆ و دروست

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠، الجلسة (٥٠)، في ١٦ايار ١٩٥١، ص٩٠٣.

[2] المصدر نفسه، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٥٦، الجلسة (١)، في ٥حزيران ١٩٥١، ص٧٥٩.

[3] المصدر نفسه، ص٦٥١.

[4] المصدر نفسه، للاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٥٦ لجلسة (١) في ٥حزيران ١٩٥٦، ص٧٥٩.

کردنی ڕێگاو ئەسفالت کردنی تایبەتە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە. ئەم لایحەیە بەهای وسایلی گوێزانەوە پتر دەکات هەروا خودەرەوەکان خەرجی زۆرە و ئەمیش دەبێتە هۆی گرانی و سەختی گوزەران[1].

دوایی دەنگ لەسەری لایحەکە درا و ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەزامەندی سەبارەت بە لایحەکە نیشاندا ئەوە بۆ (٦٢) نوێنەر لە کۆی (٧٩) نوێنەر کە لە نێوانیاندا دوو نوێنەری کەرکووک حوسێن خانەقاو کامل یەعقوبی دەبینران و (١٧)نوێنەر کە (٥) نوێنەری کەرکووک، کە بریتی بوون لە ئەمین هەمەوەندی و ئیبراهیم نەوتچی و داود جاف و سەلمان بەیات و مەحموود بابان و نوێنەری کەرکووک ئەمین قیردار لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون[2].

کاتێ مەلیك فەیسەڵی یەکەم کەرکووکی بەسەرکردەوە فەرمانی دروستکردنی پردێك وەکو دیارییەك بۆ ڕۆڵەکانی کەرکووك دەرکرد، بەڵام دروستکردن و ئەنجامدانی پردەکە کاتێکی درێژی خایاند لەبەر ئەمە نوێنەری کەرکووك(علی خادم السجادە) پرسیارێکی سەبارەت بە پردەکە ئاراستەی وەزیری کاروباری هاتوچۆ جەلال بابان لە وەزارەتەکەی موزاحم پاچەچیدا ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨–٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ کرد و لەم بارەوە وتی، تکا لە جەنابی وەزیر دەکەم کە سەبارەت بە یەکجار پێویستی کەرکووك بۆ ئەم پردە ئاگادارە حەقیقەتی نیەتی وەزارەتەکەی بۆ دروستکردنی ئەم پردە بخاتەڕوو کاریگەری بۆ بارودۆخی نالەباری دارایی حکوومەت روونبکاتەوە وەزیر وەڵامی دایەوە وتی پرۆژەی پردی کەرکووك کارێکی تەواو بۆ دەژمێردرێت و سەرجەم نەخشەکانی ئامادەیە و لە ڕێزی کارە سەرەکیەکاندایە و دوایی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی باڵا لەسەر بودجەکەی کارەکەی دوای دابینکردنی بودجەی پێویست جێبەجێ دەکرێت[3].

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٥٦، الجلسة (١) في ٥حزيران ١٩٥٦، ص٧٥٩.

[2] المصدر نفسه، ص٧٦١–٧٦٣.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٨ الجلسة(١٣) في ٢٨ ايلول ١٩٤٨، ص١٧٧.

وا دیاره حكوومەت هیچ جۆره هـەوڵێكی بـوو دروسـت كردنـی پردەكـە نەدابوو، چونكە نوێنەری كەركوك ناجی هورمزی هەمان پرسـیاری پێشـووی سەبارەت بە پردەكە دووپات كردەوه و جەختی لەسەر ئـەوه كـرد كـە پـرده كۆنەكە لە ڕووخاندایە و تێپەڕین بەسـەریدا سـەخت و مەترسـیداره. وەزیـری كاروباری هاتوچۆ جەلال بابان لە وەڵامدا وتی: پرده كۆنەكـە پەسـەند نییـەو تێپەڕین بەسەریدا جێی دڵنیـایی نییـە و پێداویسـتییەكان جێبـەجێ ناكـات و دروستكردنی پردێكی نوێ بووەتە كارێكی پێویست و ئەم دۆزه خراوەتە نێو كاری ئاوەدانییە سەرەكییەكانەوه ئێمە چاوەڕوانی بودجەی پێویستین[1].

٢- خزمەتگوزارییە پەیوەندییەكان:

تەلگراف و پۆست لە ئامرازه سـەرەكییەكانی پەیوەنـدین لـە جیهانـدا، جگە لەوەی كات و پارەیەك بۆ خەڵكی دابین دەكـات و داهـاتێكی دارایـی بـۆ گەنجینـەی دەوڵـەت دەڕەخسـێنێت، بۆیـە نوێنـەرەكانی كـەركوك بەهەنـد وەریان گرتبوو.

سازمانی تەلوگراف و پۆست ڕۆژی یەكشەمە لە ڕۆژەكانی هەفتەدا وەك پشووی فەرمی دەژمێرن بە پێچەوانەی سازمانەكانی ترەوه كە ڕۆژی هـەینی پشووی فەرمییە لایان لە ڕۆژی پشوو دانیاندا نرخێكی پترتر وەردەگرن بۆیـە (١٢)نوێنـەر كـە لـە نێوانیانـدا نوێنـەری كـەركوك، شـێخ حـەبیب تاڵـەبانی دەبینرا پێشنیازێكیان پێشـكەش بـە سـەركردایەتی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی كـرد تێـدا هـاتبوو پشـووی سـازمانەكانی پۆسـت و تـەلوگراف لـە ڕۆژی یەكشەمەدا و وەرگرتنی نرخێكی پترتـر لـەم ڕۆژانـەدا نـەگونجاوەو پێویسـت نییە.

چـونكە سـەرجەم سـازمانەكانی حكوومـەت ڕۆژی هـەینییان بـە ڕۆژی پشووی گشتی داناوه ئێمە پێشنیاز دەكەین كە ڕۆژی هەینی بكرێتە پشـووی

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٨، الجلسة(٤٨) في ٢٢/ايار/١٩٤٩، ص٧٩٩.

فەرمی لەم سازمانەیشدا و هیچ نرخێکی زیاتر لە ڕۆژی پشوودا وەرنەگیرێت و نوێنەری هەولێر(صبیح نشأت) پاڵپشتی پێشنیازەکەی کردو داخوازی کرد بۆ حکوومـــەت بنێردرێـــت، ئەنجوومـــەن ڕەزامەنـــدی خســـتەڕوو کـــاتی کـــە پێشنیازەکەی سەبیح نەشأت خرایە دەنگدانەوە و زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنا[1].

حکوومەتەکەی عەبدولموحسن السعدوونی دووەم لـە ٢٦ی حـوزەیرانی ١٩٢٥–١تشـرینی دووەمـی ١٩٢٦ ڕەزامەنـدی سـەبارەت بـە پێشـنیازەکەی نوێنەرەکان نیشاندا و ڕێنمایی پێویستی بوو وەزارەتـی کاروبـار و هاتوچـۆی دەرهێنـاو نـاوەڕۆکی پێشـنیازەکە لـە ٤ی کـانوونی دووەمـی ١٩٢٦ خرایـە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە[2].

کاتـێ تـاوتوێکردنی بودجـەی گشـتی سـاڵی ١٩٢٦ دارایـی نوێنـەری کەرکووك نشأت ئیـبراهیم ئامـاژەی بـە دۆزی نرخـەکانی پۆسـت و کاریگـەری بەسـەر داهـاتی سـازمان و دەزگاکانـەوە و داخـوازی وەرگرتنـی باجێـك لـە پۆستی حکوومەتە بێگانەکانەوە کرد، چونکە حکوومەتی عێراق لـەم بـوارەدا نەبەخشراوەو لە بەڕێوبەری گشـتی پۆسـت و تـەلوگراف (ئەرشـەد عومـەری) داخوازی دوو شتی کرد کە دەبێتە هۆی چاکسازی بارودۆخی ئەم سازمانە کە خزمەتێکی باشتر بە هەمووان بکات و لەم بارەوە وتی هیوای تاکانەم ئەمەیە کە بەڕێوەبەری گشتی یەکەم دەست لە وەرگرتنی بەهای پۆسـت و تـەلگراف لە سازمان و دەزگاکانی حکوومەت هەڵگرێت ئەمە داخوازی یەکەممە.

دووەم هەوڵی کەمکردنەوەی نرخی تەلگرافەکان بدات و نرخی وشەیەك لـە عیبارەتەکـە جیانەکاتـەوە و یەکسـان وەری بگرێـت و ئەمەیشـە سـوودو قازانجی بۆ حکوومەت و خەڵکیش دەبێت[3].

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ لجلسة (٣٣) في ٥ تشرين الاول ١٩٢٥، جريدة الوقائع العراقية العدد (٩) في ٢٥تشرين الاول ١٩٢٥.

[2] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة (٧) في ٣٠كـانون الاول ١٩٢٥، جريـدة الوقائع العراقية العدد (٣٩١) في ١٩كانون الثاني ١٩٢٦.

[3] المصدر نفسه، الجلسة(٤٤) في ٢٠ايار ١٩٢٠، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٥٥) في ١٩تةمموز ١٩٢٩.

هەروەها نوێنەری کەرکووك سەعید حاجی حوسێن داخوازی ڕاکێشانی هێڵێکی تەلوگراف بۆ ناحیەی قەرەتەپەی کرد کاتێ تاوتوێکردنی فەسڵی (٩٣) لە بودجەی گشتیساڵی(١٩٣٦) داراییدا، ئەوەی شایانی باسە کە بەشێکی پۆست و تەلگراف لەم ناحیەدا لەبەر گرنگیەکەی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا هەبووە، بەڕێوەبەری گشتی پۆست و تەلگراف (ئەرشەد عومەری) وەڵامی دایەوە کە ناحیەی قەرەتەپە دامودەزگای حکوومەتی تێدا نیە بەڵام لە ئایندەدا ئەمەی بۆ دابین دەکرێت، چونکە لە کۆمپانیای نەوتەوە نزیکە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس–فارسی چاکترین مەعمیلی سازمانی پۆست و تەلگرافن، من بەڵێن بەم نوێنەرە ڕێزدارە دەدەم کە لەم بارەوە وردەکاری بکەم و ناحیەکە بپشکنم و ئەگەر ئەنجامەکەی چاك بوو بەم زووانە سازمانێکی پۆست و تەلگرافی تێدا دروست دەکرێت[1].

لە دانیشتنی ئەنجوومەندا گرێدراوی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠، نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح دۆزی بێسیمی(لاسلکی) و گرنگیەکەی لە خۆشگوزەرانی وڵاتدا لە بارەی کۆمەڵایەتی و زانستیەوە خستەڕوو و پرسیاری کردو وتی: حکوومەتی بەشان و شەوکەت لەم بارەوە بیری کردووتەوە بۆ دابینکردنی ئەم قازانجانە و ئەگەر لەم دۆزە بیریکردوەتەوە بۆ دروستکردنی وێستگەیەك لە عێراقدا، چ کارێکی سەرەتایی لەم بوارەدا ئەنجام دراوە[2] وەزیری کاروباری هاتوچۆ جەمیل راوی وەڵامی دایەوە، حکوومەت لەم بارەیەوە تێفکراوەو دەزگای تەلگراف و پۆستی گشتی لە هەوڵی دامەزراندنی سەنتەرێکی بێسیم دایە و لە کۆی ئەو کارانەی کە ئەم دەزگایە دەیکات دامەزراندنی سەنتەرێکی ڕاگەیاندن و ناردنە تا ئەنجامی ئەو ئەزموونانەی دێتە دەست کە بزانرێت کە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە لە

---

(١) المصدر نفسه، ص١٧٦.

(٢) م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٠، الجلسة (١٨) في ٢٢كانون الاول ١٩٣١، ص٢١١.

بەرژەوەنـدی دەزگاکـەو خەڵکیدایـە[1]، هـەمان نوێنـەر ئامـاژەی بـۆ گرنگـی ئیستگەی ڕادیۆ و تەلەفۆن کرد چونکە تەلـەفۆن بێگومـان هـەم کـات و هـەم خـەرج لـە پەیوەندیـدا کـەم دەکاتـەوە[2]، کاتـێ ئەنجوومـەنی نوێنـەران بەرنامەکەی حکوومەتەکـەی جـەمیل مەدفـەعی شەشـەم لـە ٢٩ی کـانوونوی دووەمی ١٩٥٣–٥ئایاری ١٩٥٣ تاوتوێ دەکرد، نوێنەری کەرکووك داود جاف سـەبارەت بـە دۆزی پۆسـتەو تـەلگراف قسـەی کـردو ئامـاژەی بـەوەکرد کـە قەزای کفری پێویستی بەم خزمەتگوزارییە هەیە و لەم بـوارەدا کـەموکوڕی و کەمبودی هەیە و لەم بارەوە وتی جیهان لە سەردەمی ئەتوم دا دەژی بـەڵام بەداخەوە ئێمە لە قەزای کفری دا و ناحییـە و گونـدەکانی سـەر بـەم قەزایـە هێشتان لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستا دەژین.

مـن سەرسـامم لـە هەڵوێسـتی حکوومـەت سـەبارەت بـە دەڤـەرەکانی باکوور چونکە نـە تەلـەفۆن و نـە دەزگـای پۆسـتی تێدایـە وەك ناحییـەکانی شـێروانەو بیـارەو سـەنگاو ئایـا حکوومـەتی بـەڕێز سـەبارەت بـە خزمـەت و هاوکـاریکردنی ئـەم خەڵکـە لـە ڕێگـای دامەزرانـدنی سـازمانی پۆسـتەوە یـا ڕاکێشانی هێڵی تەلەفۆنەوە بیری کردوەتەوە.

من هەرگیز بێ دەنگ نابم لە داخوازییەکەمـدا تـا حکوومـەت ئـەم کـارە جێبەجێ دەکات و ئەگەر نەکرێت ئەو کاتە دەبمە نەیاری بەرنامەی وەزارەت و بودجەی گشتی[3]، و هەروەها لە کـردارا کاتـێ بودجـەی کـاتی مانگـەکانی نیسـان و ئـەیار خرایـە دەنگدانـەوە داود جـاف لەگـەڵ(١٧) نوێنـەردا لاریـان سەبارەت بە بودجەکە نیشانداو بەڵام (٥٦) نوێنەر کە لە نێوانیانـدا نوێنـەری کـەرکووك مـەحموود بابـان دەبینـرا ڕەزامەنـدییان سـەبارەت بـە بودجەکـە

---

[1] المصدر نفسه، ص٢١٢.

[2] المصـدر نفسـه، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣١ الجلسـة (٣٩) في ٢٩اذار ١٩٣٢، ص٤٠٦–٤٠٧.

[3] م.م.ن، الـدورة الانتخابيــة الثالثـة عشـرة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٢–١٩٢٣ الجلسة(٤) ١٥شباط ١٩٥٣، ص٥٦.

خستەڕوو، بەڵام نوێنەرەکانی تری کەرکوك کە بریتی بوون لە ئیبراهیم نەوتچی و ئەمین قیردار و ئەمین هەمەوەندی و عەبدوڵلا سلێمان بەیاتی و فازل تاڵەبانی و کامل یەعقوبی لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون[1].

**٣- خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا:**

نوێنەرانی کەرکوك لە خولەکانی یەکەمدا خولی هەڵبژاردنی یەکەم و خولی هەڵبژاردنی پێنجەم سەبارەت بە خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا دانوستانێکیان نەکرد و ئاماژەیەکیان بەم دۆزە نەکردبو، وا دیارە هۆوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاونەبوونەوەی کارەبا و پرۆژەکانی ئاو و کارەبا لە وڵاتدا.

بەتایبەت ئەم جۆرە پرۆژانە بودجەیەکی سەنگین و داراییەکی فراوانی دەخستە ئەستۆی خەزینەی دەوڵەتەوە، بەڵام ئەمە بەرپرسیارییەتی حکوومەتە کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە میللەت بکات و یەکەمین کەس لە نوێنەرەکانی کەرکووکدا کە ئاماژەی بۆ دۆزی کارەبا کرد سلێمان فەتاح بۆ کاتی هێرشی بردە سەر کۆمپانیای کارەبای بەغداو تۆمەتی کۆکردنەوەی سەرمایەکی نادیار کە بریتییە لە (٧٠٠) هەزار دینار خستەپاڵیان، بە پێی قسەی ئەم نوێنەرە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کۆمپانیایە قازانجی نەکردووەو سوودێکی نییە و کۆمپانیاکەی تۆمەتبار کرد کە سامانی ئەم وڵاتەی بە قاچاخ لە ڕێگای دەڵاڵەکانیەوە بۆ دەرەوە دەنێرێت[2].

وا دیارە حکوومەتیش سەبارەت بە سوودو قازانجی ئەم کۆمپانیایە زانیارییەکی ئەوتۆی نەبووە، کاتێ کە وەزیری ئابووری و هاتوچۆ ئەمین زەکی بەگ لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمی دووەمدا ١٧ی ئازاری ١٩٣٥-٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ وتی ئێمە سەبارەت بەوەی ئەم کۆمپانیایە بە خاوەن

---

[1] المصدر نفسه، الجلسة(١١)، في ١٢اذار ١٩٥٣، ص١٧٥-١٧٦.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥، الجلسة(٢٣)، في ٢٥كانون الثاني ١٩٣٦، ص٣٣٩.

پشکە نایابەکان ٧٪ و پشکە ئاساییەکان ٣٪ سوودی دابەش کردووە یا خەیر زانیارییـەکمان لـەم بـوارەدا نییـە، بۆیـە سـەبارەت بـە سـوودەکانی تـر هـیچ زانیاریەکمان لە بەردەستا نیە[1].

لـە دانیشـتنی گرێـدراوی ٣١ی ئـازاری ١٩٣٦ نوێنـەری کـەرکووك داود جاف سەبارەت بەو مەبلەغە پـارەی (١٠) دینـارە کـە لـە یاسـای پڕۆژەکـانی سێ ساڵەدا تەرخان کراوە، پرسیاری کردو پرسی وتی ئایا هەڵکەنـدنی بـیری قووڵی ئیرتوازی و کارێزی دەڤەری شێروانە کە سەر بە پارێزگای کەرکووکە و عەشیرەتی جافی تێدا نیشتەجێیە دەگرێتەوە؟

وەزیری کاروبار و هاتوچۆ ئەمین زەکی وەڵامی دایەوە ئەم بودجەیە بۆ سەرتاسـەری عێـراق تـەرخان کـراوە بـەڵام ئەگـەر دەسـەڵاتە کارگێڕیـەکان هەڵکەندنی کارێزو بیری قووڵی ئیرتوازی بە پێویست بزانین ئەوکاتە وەزارەت لە خەرج کردنی پارەدا دوو دڵی نانوێنێت[2].

لە هەمان کاتـدا نوێنـەری کـەرکووك عـەلی (خـادم السـجادە) داخـوازی دابینکردنی ئاوی پـاکی خواردنـەوەی بـۆ شـاری کـەرکووك لـە ڕێگـا دروسـت کردنی پڕۆژەی ئاو لەسەر ڕووباری زێی بچووك کرد[3].

هـەروا نوێنـەری کـەرکووك نـاجی هـورمزی جـەختی لەسـەر پێویسـتی دروستکردنی پڕۆژەیەکی ئـاو و کارەبـا بـۆ خـەڵکی ناحیـەی ئـاڵتون کـۆپری کرد[4]، بەڵام وەڵامێکی سەبارەت بە داخوازییەکەی بەدەست نەهێنا.

ئەم بێ وەڵامییـە ناچـاری کـرد کـە پرسـیارێك لـەم بـوارەدا ئاراسـتەی وەزیری ناوخۆ و عومەر نەزمی لە وەزارەتەکەی نوری سـەعیدی پازدەهەمـدا

---

(١) المصدر نفسه، ص٣٣٩-٣٤٠.

(٢) المصدر نفسه، الجلسة(٤٩) في ٣١اذار ١٩٢٦، ص٨٨٢.

(٣) المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠ الجلسة (٤٤) في ١٧ايار ١٩٥١، ص٧١٦.

(٤) المصدر نفسه، الدروة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠، الجلسة(٢٣) في ١١اذار ١٩٥١، ص٣٤٢.

بكات وەزیری ناوخۆ لـە دانیشـتنی ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا کـە لـە بـەرواری ٢٦نیسانی ١٩٥٢دا، له وەڵامدا وتـی: وەزارەت کاتـێ پـەمپی ئـاو فرێـدان لـە ئینگلیستانەوە گەیشتە وڵات کاری پێویست سەبارەت بە پرۆژەی ئاو ئەنجام دەدات، بـەڵام پـرۆژەی کارەبـا ئـەنجام دانـی بـە هـۆی نـەبوونی بودجـەی پێویستەوە دواخراوە[1].

بارودۆخەکەیش سەبارەت بە ناحیەی قەرەتەپە و گونـدەکانی هەروایـە کاتێ نوێنەری کەرکووك داود جـاف داخـوازی دابینکردنـی پـرۆژەی کارەبـا و ئـاوی بـۆ ئـەم ناوچـەیەی کـرد[2]. بـەڵام ئـەوەی سـەبارەت بـە ناحیـەی قەرەتەپەیـە هـیچ جـۆرە کارێـك سـەبارەت بـە دروسـتکردنی پـرۆژەی ئـاو و کارەبـا لـەم دەڤـەرەدا نـەکراوە، ئـەم کـەم تەرخەمیـە نوێنـەری کـەرکووك مەحموود بابانی ناچارکرد کە لە حکوومـەت داخـوازی جێبـەجێ کردنـی ئـەم پرۆژە سەرەکییە و حەیاتییە بۆ دانیشتوانی دەڤەرەکە بکات.

وەزیری ناوخۆ سەعید قـەزاز نوێنەرەکـەی دڵنیـاکردەوە کـە مەبلـەغی (٥٥) هەزار دینار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە وەزارەت بە دەستەوەیەتی جێبەجێی بکات[3].

هـەروا نوێنـەری کـەرکووك (عەبـدوڵڵا سـلێمان البیـاتی) داخـوازی لـە حکوومەتی جەمیل مەدفەعی شەشەم لە ٢٩ کانوونی دووەم ١٩٥٣-٥ئایـاری ١٩٥٣ کرد کە دەست بە هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی لـە قـەزای توزخورمـاتودا بۆ دابینکردنـی ئـاوی عەشـیرەتی بـەیات بکـات و لـە ئـاوی پـیس و گەنـدەڵ

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(٢٩، في ١٦نيسان ١٩٥٢، ص٢٢٨.

[2] المصـدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٢-١٩٥٣، والجلسة(٤) في ١٥شباط ١٩٥٣، ص٢٥٧.

[3] المصدر نفسه، الـدورة الانتخابيـة الخامسـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٥-١٩٥٦ الجلسة(١٩) في ٩شباط ١٩٥٦، ص٣٧٢.

نەجاتیان بدات[1]، بەڵام وەزیری ناوخۆ (حسام الدين جمعه) سەبارەت بە داخوازی نوێنەرەکە هیچی نەگوت و نەخستەڕوو.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە حکوومەتەکان بە زۆربەی ئەو داخوازییانە و ئەو پرسیارە تایبەتانە لەم بوارەدا پشتگوێ دەخست و هیچیان دەربارەی نەدەگوت، وا دیارە توانایی دارایی ئەم جۆرە پرۆژانە دابین دەکات و لەبەر ئەوەی هەڵوێستی حکوومەت نەکەوێتە مەترسییەوە سەبارەت بە جێبەجێ کردنیان پشتگوێ خستن و وەڵام نەدانەوەیان پێی باشتربوو، حکوومەتی نوری سەعیدی سیازدەهەم لە ١٧کانوونی یەکەمی ١٩٥٥–٨حوزەیرانی ١٩٥٧ مەرسومی مەسلەحەتی کارەبای بەغدای ژمارە (٥) ساڵی ١٩٥٥ خستە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و گواستنەوەی خاوەنداریەتی کۆمپانیاکەی بۆ عێراق تێدا گونجاندرابوو شارەزاییەکی بەریتانیایی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە بۆ ماوەی چوار ساڵی تێدا دەستنیشان کرابوو.

مەرسوومەکە هەواڵەی لێژنەی کاروباری ئابووری کرابوو[2]. لێژنەکە ڕاپۆرتەکەی سەبارەت بە مەرسومەکە بۆ سەرکردایەتی ئەنجوومەن لە دانیشتنی گرێدراوی ٦کانوونی دووەمی ١٩٥٦دا بەرز کردبووەوەو قبووڵ کردنی ڕاسپێردرابوو.

چەند نوێنەرێك دەستیانکردە تاوتوێ کردنی ڕاپۆرتەکە، نوێنەری کەرکوك(سلمان بيات) سەبارەت بە مەرسومەکە قسەی کردو بە زیانی عێراق ژمێردی و لەم بارەوە وتی: حکوومەتی عێراق ئەم لایحەیە کە خۆماڵی کردنی کۆمپانیای کارەبایە خستەڕوو کە بە زیانی عێراق تەواو دەبێت و زۆر دەکەوێتە سەری ئەگەر هاتباو حکوومەت چەند ساڵێکی تر چاوەڕوانی بکردایە خاوەنێتی کۆمپانیاکە بۆ عێراق دەگەڕایەوە بێ ئەوەی هیچ جۆرە

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢–١٩٥٣ الجلسة(٢) في ٢٨نيسان ١٩٥٣، ص٣٥٤.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٥–١٩٥٦ الجلسة(٢) في ١٧كانون الاول ١٩٥٥، ص١٢.

قەرەبوویەك بە كۆمپانیاكە بدات، چونكە ئیمتیازەكە ماوەكەی (٥٠)ساڵەو لە ساڵی ١٩٢٨ دەستی پێكردووە و بەم زوانە كۆتایی دێت، شارەزایانی عێراقی لە توانایدا نییە پـرۆژەی كارەبا بەڕێوەببـەن بۆیـە مووچـەی شـارەزایەك لـە (٥٠)هەزار دینار كەمتر نییە دەبێت بیداتە كۆمپانیاكە.

كەواتە سوودی كۆمپانیاكـە لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا دەڕواتـە گیرفـانی شـارەزایی بێگانــەوە كـە پڕۆژەكـە بـەڕێوەدەبات و هەڵوێسـتی حكوومـەتی سەرزەنشت كرد سەبارەت دانی قەرەبوو بە كۆمپانیاكـەو لـەم بـارەوە وتـی: حكوومەت سەبارەت بەو مەبلەغە پارەیە كە كۆمپانیاكـە داخـوازی كـرد ڕازی بووبوو كۆمپانیاكە لە مافی قەرەبوو خۆش نەبووبوو لە كاتێكدا دەیویست لە پڕۆژەكـە ڕزگـاری ببێـت و سـەبارەت بـەم بەخششـە سـەخاوەتمەندانەی حكوومەتــە بــۆ كۆمپانیاكــە ڕازی نــیم و كۆمپانیاكــە خــۆی بــە بەرپرســی قەرەبووكردنـــــەوەی كارگـــــەرەكان نـــــەزانیوە، بـــــەڵام وەزیـــــری ئاوەدانكردنەوە(ضیاء جعفر)[1] دیـدی نوێنەرەكـەی بـۆ ئـەوەی كۆمپانیاكـە بووەتە موڵكی عێراق ڕاكێشا[2].

لـە قسـەی نوێنەرەكـە دەردەكـەوێت كـە تـا چـی ڕادەیـەك لـە بـیری پاراستنی داهاتی وڵاتدایە و هەستی نیشتمانپەروەری پاڵی پێوە دەنێـت كـە داهاتو و سامانی ئابووری عێراق بپارێزێت وئەم ڕاستییە لە بانگهێشـتنەكەیدا بۆ خۆماڵی كردنی كۆمپانیاكە خۆماڵییـەكی ڕاسـتەقینە دەردەكـەوێت هـەروا ڕێنەدان بە پێشـێلكردن و پایمـاڵكردنی مافـە نیشـتمانییەكانی عێـراق و ئـەم دەعوەتەی بۆ چاوەڕوان كردن تا مـاوەی ئیمتیازەكـە كۆتـایی دێـت گـەواهو بەڵگەیەكە بۆ ڕاستی ئەم قسەیە.

لەگەڵ ئەمەشـدا چـاوەڕوانی عێـراق بـۆ مـاوەی ٢٢سـاڵی تـر تـا سـاڵی ١٩٧٨ ماوەیەكی درێژە بەتایبەت عێراق چـاوی بڕیوەتـە ئـەو ڕۆژەی كـە لـە هەموو شێوەیەكی دەسەڵاتی ئیستعماری ڕزگاری ببێت.

---

[1] المصدر نفسه، الجلسة(٦) في ٣كانون الثاني ١٩٥٦، ص٥٨–٥٩.

[2] المصدر نفسه، ص٦٣.

گوێزانـەوەی خاوەنـدارێتی کۆمپانیاکـە بـۆ عێـراق خـۆی لـە خۆیـدا دەسکەوتێکی گـەورەو مەزنـە و مـاوەی چـوار سـاڵ قۆنـاغێکی گوێزانەوەیـە عێراقیـــەکان لـــەو قۆناغـــەدا مەشـــقی بـــە ئەســـتۆگرتنی بەرپرســـیاریەتی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە هەتا هەتایـە تێـدا دەکـەن و لـەم بـوارەدا پێویسـتە فیداکاری و قوربانی بدەن.

کاتێ مەرسومەکە خرایـە دەنگدانـەوە ئەنجوومـەن موافەقـەتی لەسـەر کـرد (٩٦) نوێنـەر لـە کـۆی (١٠٣) نوێنـەری ئامـادە بـوو کـە لـە نێوانیانـدا (٤)نوێنـــەری کـــەرکووك (ئیـــبراهیم نفتچـــی و داود جـــاف و کامـــل یـــەعقوبی و مـــەحموود بابـــان)دەبینران دەنگیـــان بـــۆ مەرســـومەکەدا، و (٣) نوێنـــەری کـەرکووك ئـەمین هەمەوەنـدی و ئـەمین قـیردار و حوسـێن خانـەقا[1] لارییـان سەبارەت بە مەرسومەکە نیشانداو دەنگیان پێنەدا.

---

[1] المصدر نفسه، ص٦٦–٦٨.

## جیٚ باسی سێیەم

## دۆزەکانی مووچەخۆرەکان و کرێکاران و لایەنە ئاینی و ئاکارییەکان

**١- دۆزەکانی موچەخۆران و کرێکاران:**

**أ- دۆزەکانی خانەنشینی:**

دۆزەکانی موچەخۆرە بازنشستەکان لە لایەن نوێنەرانی کەرکووکەوە بە هەند وەرگیرا بە تایبەت ئەو موچەخۆرانەی کە ساڵانێکی درێژ لە خزمەتی کۆمەڵدا کاریان کردووە هەوڵ و تەقەلایان داوە.

نوێنەری کەرکووک (نشأت ابراهیم) داخوازی کرد، رێژەی ئەو داهاتەی کە بۆ بازنشستەیی تەرخان کراوە کەم بکرێتەوە بکرێتە (٥٪) لە جیاتی (١٢٪) چونکە ئەم رێژەیە یەکجار زۆرە پێویستە یەکسان بکرێن لەگەڵ کارمەندەکانداو ئەم نوێنەرە پێشنیارێکی لەم بارەوە بۆ ئەنجوومەن کە (١٥)نوێنەری تر کە لە نێوانیاندا نوێنەرەکانی کەرکووک سەعید حاج حوسێن رفیق (خادم السجادە) و شێخ حەبیب تاڵەبانی دەبینران بەرزکردەوە و داخوازیان کردبوو کە بدرێتە حکوومەت بۆ ئەوەی ببێتە لایحەیەکی یاسایی و هەروا داخوازیان کردبوو کە بازنشستە عەسکەرییەکان لەگەڵ مەدەنییەکاندا یەکسان بکرێن[1].

پێشنیارەکە ناردرایە هەردوو لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری[2]، بەڵام لێژنەکە سەبارەت بە ناردنی بۆ حکوومەت لاریان نیشاندا بەو بەهانەوە

---

[1] جگە لە نوێنەرەکانی کەرکوك نوێنەرەکانی تر بریتی بوون لە نوری البریفکانی واسحق افرایم و هبە الله المفتی وسعید الحاج ثابت نوێنەرانی مووسڵ، (عبدالله مخلص، اسماعیل رواندوزی و ابراهیم یوسف) نوێنەرانی هەولێر، أحمد مختار بابان و مرزا فەرەج) نوێنەرانی سلیمانیە(فخرالدین جەمیل) نوێنەری بەغدا(ئەحمەد حالت) نوێنەری کوت عبدالمجید الشاوي نوێنەری دلیم. جریدة الوقائع العراقیة العدد(٣٤٠) في ٧ایلول ١٩٢٥.

[2] المصدر نفسه، الجلسة(٣٢) في ٣تشرین الأول ١٩٢٧ جریدة الوقائع العراقیة العدد(٣٥٨) في ٢٢تشرین الاول ١٩٢٥.

که لەگەڵ یاسای بنەڕەتیدا ناگونجێت. نشأت لەسەر بڕیاری لێژنەکە لاری نیشاندا و وتی: ئەم دۆزە دۆزێکی دارایی نییە بەڵکو دۆزێکی یاساییە و یاسا دەبێت یەکسانی بگرێتە بەر. لێرەدا ناڕەوایی و مەغدورییەت ڕوونە وەك خۆر لە پانایی ڕۆژدا، دۆزی ڕاستکردنەوەی یاسا دۆزێکی دارایی نییە بۆیە پێویستە ماف بۆ خاوەنەکانی بگەڕێتەوەو نوێنەری (منتفك) مەحموود رامز پاڵپشتی کردووتی، ئەم ڕاپۆرتە پێویستە بۆ حکوومەت ڕەوانە بکرێت بۆ دابینکردنی یاسایەکی ڕێکوپێك بەڵام لێژنەکە لە بڕیارەکەیان پاشگەز نەبوونەوە[1].

هەروەها نوێنەری کەرکووك (نشأت ابراهیم) سەبارەت بە دۆزێکی تر کە بازنشستەکردنی موچەخۆرەکان بوو قسەی کرد کاتێ بودجەی گشتی ساڵی ١٩٢٧ دارایی تاوتوێ دەکرا ئاماژەی بەوە کرد ئەم کارە سەنگینی و قورساییەکی ماددی پتر بەسەر گەنجینەی دەوڵەتدا دەسەپێنێت و داخوازی کرد موچەخۆرەکان بازنشستە نەکرێن تا دەگەنە ساڵی یاسایی بازنشستەیی و موچەخۆرە چاك و نایابەکان بازنشستە نەکرێن بۆ ئەوەی لە شارەزاییان کەڵك وەربگیرێت لە پاڵی مەشق دانی موچەخۆرە نوێکاندا[2].

حکوومەت مەدفەعی دووەم ٢١ی شوباتی ١٩٣٤–٢٥ئابی ١٩٣٤ هەوڵی کارئاسانی ڕێژەی داهاتی بازنشستەیی کرد کاتێ بودجەی گشتی ساڵی(١٩٣٤) دارایی پێشکەش کرد، بەپێی موچەی بازنشستەیی لە ماددەی ٢١ فەسلی دووەمی بودجەدا هاتبوو ئەو بازنشستەی کە موچەکەی لە (١٠) دینار تێناپەڕێت ئەوە لە موچەی بازنشستنەکەی کەم ناکرێتەوە ئەو بازنشستەی کە موچەکەی لە سەرەوەی (١٠)دینارە سەبارەت بەم مەبلەغە بە گشتی پارەیەکی لێی دادەبڕێت.

---

[1] المصدر نفسه، الجلسة(٤٥) في ٢٤تشرين الاول ١٩٢٥، العدد(٣٨٣) في ٣١ كانون الاول ١٩٢٥.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٣، الجلسة(٣١) في ٢٤اذار ١٩٣٤، ص٣٤٥.

نوێنـەری کـەرکووك سـلێمان فـەتاح سـەبارەت بـەم پشتڕاسـتکردنەوە خۆشحاڵی نیشاندا و سوپاسی حکوومەتی لەم بـارەوە کـرد، بـەڵام داخـوازی بەخشینی (١٠)دیناری یەکەمی کرد و ڕێژەی داهاتی کە لـە موچـە دادەبڕێـت (١٠)دیناری دووەم بگرێتەوە بەو مەعنایـە لـە (١٠)دینـار پترتـر بـوو ئەمـەش ببێتە بڕیارێکی گشتی بێ جیاوازی بەسەر هەمووان دا جێبەجێ بکرێت ناجی سویدی وەزیری دارایی بەڵێنی پێشـکەش کردنـی پێشـنیارێك[1] لـەم بـارەوە خستە ڕوو.

وا دیـارە کاروبـاری بازنشسـتەکان بـەرەو چـاکی نەدەڕۆیشـت بـە شێوەیەك کە ژیانێکی ئاسوودەو هیوا بەخشێکیان بۆ دابین بکات، ئەمە بووە هۆی ئەوە پاڵ بە نوێنەری کەرکووك(سـلمان بیـات)ەوە داخـوازی چاکسـازی کاروباری بازنشستەکان بکات لەم بـارەوە وتـی سوپاسـی حکوومـەتمان کـرد دوای ئـەوەی چـەندی لەمـەو پـێش یاسـای خۆشـگوزەرانی گەلاڵـە کـردو کـە دادوەرەکان و سوپاو پۆلیسیشی گرتەوە. سەیرم کرد لە نیـەتی حکوومەتـدا نییە کە ئەم یاسایە پێشکەش بکات کە لە قازانجی بازنشسـتەکاندابێتەوە کـە لە تەنگی ژیاندان بەهۆی کەمی موچەی بازنشستەییەوە[2].

بەڵام داخوازییەکەی گوێ بیستی نەبوو، ئەمە وای لێکرد لـە دانیشـتنی ٢٣ی کـانوونی دووەمـی ئەنجوومەنـدا داخـوازی یارمەتیـدانی بازنشسـتەکان بکـات لـەم بارەیـەوە وتـی ئێمـە لـە حکوومـەت تکـا دەکـەین حکوومـەتی (عەبدولوەهاب مـەرجان) کـە بـە موچـەخۆرە پەیمانییـەکان و بازنشسـتەکان بایـەخیان پێبـدرێت و چـاودێری بکـرێن و لەگـەڵ موچـەخۆرە فەرمیەکانـدا یەکسان سەیر بکرێن و جێی داخ و ئێشە کە ئەم توێژە ٢٠ یا ٣٠ساڵ خزمـەت

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٣ الجلسة(٣١) في ٢٤اذار ١٩٣٤، ص٣٤٥.

[2] المصدر نفسه، ألدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٥٦ الجلسة(١) في ٥حزيران ١٩٥٦، ص٧٦٤.

بکــەن دوایــی ســەردەبنێنەوە کۆچــی دوایــی بکــەن و لەگــەڵ مردنیانــدا بنەماڵەکانیشیان بە داماوی و هەژاری لەگەڵیاندا بمرن.

**ب- خزمەتگوزاریی مەدەنی و کارگەران:**

سلێمان فەتاح نوێنەری کەرکووك نەخشێکی بەرچاوی هەبوو لە تاوتوێ کردنــی دۆزی موچـەخۆر و کارگەرەکانـدا و ئـەمیش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی خاوەنی کارخانەی فـەتاح پاشـایە لـە بەغـدا لەژێرکارگێریـدا ژمارەیـەکی زۆر کارگەر سەرگەرمی کارن ئەمیش وای لێکردووە کە بـارودۆخی کارگـەرەکان و وەزع و حاڵیان بە چاکی بزانێت جگە لەمە خۆیشی لە توێژێکی خوێنـدەوار و بە ئەزموونە.

سلێمان فەتاح کاتی تاوتوێ کردنی لایحـە یاسـایی پشتڕاسـتکردنەوەی یاسای خزمـەتی مـەدەنی ژمـارە ١٠٣ سـاڵی ١٩٣١ داخـوازی پشتبەسـتن بـە بڕوانامە لە دامەزراندنی موچەخۆرەکاندا کرد وجەختی لەسەر ئـەوە کـرد کـە بڕوانامــە بکرێتــە پێــوەر بــۆ دامەزرانــدنی کارمەنــدان لــە پــاڵی توانــایی و ئەزموونـدا[(١)]، هـەروا هـەمان نوێنـەر باسـی بێکـاری کـردو ئامـاژەی کـرد کـە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن بڕوانامەکان بێکارن و کەڵکێکیان لێـی وەرناگیرێـت و دەتـوانرێ سـوودبەخش بـبن و کـەڵکیان لێوەربگیرێـت[(٢)] و لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـدا گرێـدراوی ١١ئـەیاری ١٩٤٤ داخـوازی تـاوتوێکردنی بـارودۆخی بێکارەکانی کرد، چونکە بێکاری کاریگەری بەسـەر ژیـانی گشـتیەوە هەیـە و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و کاریگەری تری ناپەسـەند لـە وڵاتـدا و پێشنیازی بۆ چارەسەری بێکـاری کـرد کـە سـازمانی پەیوەسـت بـە سـەرۆك وەزیرانــەوە بــە نــاوی ســازمانی کــار دامــەزرێت کــە ئەرکەکــەی چــاودێری

---

(١) م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثـة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣١ الجلسـة(١٢) في ١٩كـانون الاول ١٩٣١، ص١٠٢-١١١.

(٢) المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادي لسـنة ١٩٣٣، الجلسـة(٣٠) في ٢٢ اذار ١٩٣٤، ص٣١٤.

بارودۆخی ژیانی کارگەران و دەستنیشانکردنی ژمارەی بێکارەکان لە هەموو چین و توێژەکاندا بکات بەتایبەت بێکارانی خوێندەواران و ئەم سازمانە تەنها دەروازەیەك بێت کە داخوازیکەرانی کار لێی بچێتە ژوورەوە بۆ پەیداکردنی ئیش و کار.

لێرەدا سلێمان فەتاح ژیانی کارگەریتی بە پڕ لە مەشەقەت و کلۆڵی و سەختی وەسفکرد و داخوازی پشتڕاستکردنەوەی یاسای ئەسنافی کرد بەو مەرجە ئەم پشتڕاستکردنەوە ماوەی کارکردن هەشت سەعات دەستنیشان بکات و لەوە پترتر دیاری نەکرێت، و خاوەن کارخانەو پیشەسازییەکان ناچار بکرێن کە لە شەش ڕۆژدا ڕۆژێك بدرێتە کارگەران و ئەو ڕۆژە ببێتە پشووی کارگەران لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا وەزع و بارودۆخی ژیانیان وەك بارودۆخی شارە پێشکەوتوەکانی جیهانی لێبێت[1].

لەم بوارەدا وەزیری ناوخۆ ڕەشید عالی گەیلانی لە وەزارەتەکەی هاشمی دووەمدا پاڵپشتی کردو بەڵێنی بە نوێنەرەکەدا کە ئەم دۆزە بە هەند و بایەخ وەردەگرێت[2].

**٢- کاروباری ئاینی و ئاکاری:**

نوێنەرەکانی کەرکوك بەو دۆزانەوە کە پەیوەندی لەگەڵ ئاینی و ئەخلاقدا هەبوو بە هەندێکی تایبەتی وەریان گرتبوو، کە بەتایبەت ژمارەیەك لە نوێنەرەکانی کەرکوك کە لە بنەماڵە ئاینیەکانەوە هەڵقوڵاون خاوەنی خانەقاو تەکیەن کە لە شاری کەرکوك و دەرەوەیدا بڵاوبوونەتەوە وەکو تەکیەی تاڵەبانی و تەکیەو خانەقاو تەکیەی (خادم السجادە)و ئەمە

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ الجلسة(٢٩)ى شباط ١٩٣٦، ص٤٤١.

[2] المصدر نفسه، ص٤٤٣.

کاریگەرییەکی چاکی لە ڕۆڵەکانی شاردا بەجێ هێڵاو بەپێی بنەماکانی ئەخلاق و خۆشەویستی ئایین پەروەردە ببوون[1].

حکوومەتی عەبدولمحسن سەعدوونی دووەم لە ٢٦حوزەیرانی ١٩٢٥-١تشرینی دووەمی ١٩٢٦ بودجەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ساڵێ ١٩٢٥ پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کردو لەو بودجەدا بڕینی موچەی مامۆستاکانی قوتابخانە ئاینییەکانی لەبەرگرتبوو. و هەریەك لە (نشأت ئیبراهیم و رەفیق (خادم السجادە) دوو نوێنەری کەرکووك سەبارەت بە موچەی مامۆستاکان لە قوتابخانە ئاینییەکاندا قسەیان کرد و داخوازی پێویستی مانەوەی ئەو موچەیانەیان کرد، هەروا داخوازی یەکسانییان لە نێوان پارێزگاکانی عێراقدا سەبارەت بە فێرکاری ئاینی کرد و (خادم السجادە) راپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد تێیدا ئاماژەی بە هاتنە خوارەوەی ئاستی فێربوونی ئاینی کردبوو[2].

بەڵام ئەم هەوڵ و کۆششانە بە فیڕۆ چوو، هەروا نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح کاتی تاوتوێ کردنی بودجەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ساڵی ١٩٣٢ قسەی سەبارەت بە پشتخستنەگوی سازمانە ئاینییەکان کردو ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی بە کۆتایی لە کارەکانیاندا و نۆژەن نەکردنەوەی هەندێ لە خانوبەرەو مزگەوتەکان کە بە موڵکایەتی بۆی دەگەڕێتەوە تۆمەتبارکرد و لەم بارەوە وتی خانوبەرەی دارماوی گرنگ و بە قیمەت و زەوی و زار و مەزرەعە و باخ و باخاتی مەزن ئەگەر پارەیەکی بەرچاو بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخان بکرێت داهاتەکەی زۆر دەبێت و سوودی بۆ هەمووان بە گشتی پتر دەبێت و سەرزەنشتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کرد چونکە ئەو بودجەی بۆی

---

[1] لە ماوەی گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەدا چەند جارێك سەردانی شاری کەرکوکم کرد و چەند شوێنێکم بینی و لەو سەردانەدا ڕۆڵەکانی چەند بنەماڵەیەکم چاوپێکەوت یا ئەوانەی پەیوەندیان پێیانەوە هەبوو و تەکیەکان خزمەت دەکەن.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة(٤٠) في ١٧تشرين الاول ١٩٢٥، جريدة الوقائع العراقية العدد(٢٧٦، في ١٠كانون الاول ١٩٢٥.

تەرخان کراوە لەم بوارەدا وەکو مووچە بۆ کارمەندەکان خەرجی دەکات بێ ئەوەی هیچ ئاوەدانی و نۆژەنکردنەوەیەك بکات.

نوری قازی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف وەڵامی دایەوە وتی: وەقف بۆ خەرج کردنە بۆیە کاتێ ئێمە ئەو پارەو پوولە دەدەینە کارمەندەکان و خزمەتگوزارەکان و زانایان و خاوەنی زانست و عیرفانەکان وا دەزانێن ئەو بودجەمانە لە شوێنی خۆیدا خەرج کردووە چونکە بەپێی ئەو وەقفانەی کە لەبەردەستماندایە[1] جووڵاینەتەوە و هەڵسوکەوتمان کردووە بەڕێوەبەری ئەوقاف ئاماژەی بە نۆژەنکردنەوە لە وڵامەکەیدا نەکرد.

داود جاف نوێنەری کەرکووك داخوازی بایەخ دان بە مزگەوتەکانی پارێزگای کەرکووك کرد لەبەر پشتگوێخستنیان چونکە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دامەزراندنیەوە بایەخێکی پێیان نەداوە، (رؤوف کبیسي) بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف وەڵامێکی سەبارەت بە داخوازییەکەی نوێنەرەکە نەدایەوە تەنها ئاماژەی بەوەکرد کە بەرپرسان لە پارێزگاکانی باکووردا کە کەرکووکیشی دەگرێتەوە گەڕاون بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بینن سەبارەت بە بارودۆخی مزگەوتەکان لەو شوێنانەدا[2]، لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکووك مەحموود بابان پرسیاری کرد ئایا لە توانایاندایە کە مەزاری (سەلمان پاك) لە بەغدادا لە مەزارە پیرۆزەکان بژمێردرێت بەڵام وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارەمان نەکەوتە بەردەست[3].

حکومەتی فازل جەمالی دووەم (٨ئازاری ١٩٥٤–١٩نیسانی ١٩٥٤) لایحەی یاسایی بودجەی ئەوقافی کاتی بۆ مانگەکانی نیسان و ئایار پێشکەش کرد بە مەبەستی خستنیە دەنگدانەوە، ئەنجوومەن بە ڕێژەی

---

[1] المصدر نفسه، ص٥٠٢.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٣ الجلسة(١٨) في ١٨نيسان ١٩٤٤، ص٢٠٤.

[3] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي الجلسة(٣) لسنة ١٩٥٣–١٩٥٤ الجلسة (٢٠) في ١٤شباط ١٩٥٤، ص٣٩١.

(٥٥) دەنگ کـە لـە نێوانیانـدا دەنگـی نوێنـەری کـەرکووك عەبـدوڵلا سـلێمان بەیاتی دەبینرا ڕەزامەنـدی لەسـەر درا بـەڵام (١٩) نوێنـەر کـە لـە نێوانیانـدا نوێنەری کەرکووك مەحموود بابـان بەرچـاو دەکـەوت لارییـان نیشـاندا و (٦) نوێنەری کەرکووك لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون کە بریتی بوون لـە ئـەمین هەمەوەندی و ئەمین قیردار و داود جاف و سەعید قـەزاز و کامـل یـەعقوبی و ئیبراهیم نەوتچی[1].

لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـدا گرێـدراوی ٨ی شـوباتی ١٩٥٨ داود جـاف نوێنەری کەرکووك داخوازی بایەخـدان بـە مزگەوتـەکانی پارێزگـای کـەرکووك بەتایبـەت مزگـەوتی کفـری کـردو پێویسـتی بایەخـدان بـە زانـا ئاینیـەکان و دابینکردنـی ژیـانێکی ڕێـزدار بۆیـان لـە پاداشـتی ئـەو خزمەتـە ئاینیـەی کـە ئەنجامی دەدەن هەروا داخوازی ناردنی قوتابیەکانی پارێزگاکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر بۆ زانکۆی ئەزهەر لە میسردا کرد[2].

بەڵام بەرپرسەکان ئەم داخوازییانەیان خستە لاوە چـونکە هـیچ جـۆرە ئاماژەیەکیان بەم داخوازییانە لە وەڵامەکان و دانوستانەکانیاندا نەکرد.

بەڵام سەبارەت بە دۆزە ئەخلاقیەکان نوێنەرانی کەرکووك پشـکیان لـە تاوتوێکردنیــدا هــەبووە، نوێنــەری کــەرکووك (نشــأت ئیــبراهیم) کــاتی تاوتوێکردنی فەسلەکانی بودجەی گشـتی سـاڵی ١٩٢٧ دارایـی سـەبارەت بـە خواردنەوە ئەلکولیەکان و کاریگەری لەسەر تەندروستی و سەرەڕای نەخشـی لە گەندەڵکردنی کۆمەڵدا، قسەی کرد و داخوازی لە حکوومەت کرد کە هـەوڵ بدات بۆ کەمکردنەوەی مەی نۆشین بـە چـەند ڕێگایـەکی جیـاوازەوە و هـانی ژنهێنان بدات لە کۆمەڵدا چونکە ژنهێنـان هۆیـەکی سـەرەکییە بـۆ پاراسـتنی تەندروستی[3].

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٣-١٩٥٤ الجلسة(٣٠) في ٢١نيسان ١٩٥٤، ص٦٥٦-٦٥٧.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٧، الجلسـة (٢١) في ٨شباط ١٩٥٨، ص٣٧٥.

[3] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادي، لسنة ١٩٢٧ الجلسـة(٨) في ١ ايارى ١٩٢٧، ص٩٦٣.

وا دیاره نوێنەر ویستویەتی بڵێت کە ژنهێنان گەنجەکان لە کردەوە حەرامەکان کە شەرع حەرامیانی کردووە دوور دەخاتەوە کاتێ نوێنەری پارێزگای (عمارە) (رایح العطیة) سەبارەت بە ڕووداوەکانی لەشفرۆشی و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە هەندێ شوێندا کاتێ تاوتوێکردنی بودجەی گشتی ساڵی ١٩٤٣ دارایی و داخوازی لە دەسەڵات کرد بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە وتی: شارستانیەت مانای گەندڵی و بەرەڵایی نییە و لەم ڕێگەوە نایەتەدی بەڵکو لە ڕێگای فەزیلەت و پارێزگارییەوە و لەم بارەوە یاسایەکمان دەوێت کە ئەم دیاردەیە بەرهەڵست بکات.

نوێنەری کەرکووك داود جاف پاڵپشتی کردو وتی: من هاوبەشی بۆچوونەکانی هەڤاڵ (رابح العطیة)م لایەنگیری وتەکانیم چونکە فەحشاو بەرەڵایی بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام و ئەخلاقمانەو لە ئەنجوومەنی بەرز و پایەدار و وەزیری ڕێزدار داخوازی دەکەم بەرهەڵستی ئەم جۆرە کارانە ببنەوە چونکە وڵاتەکەمان وڵاتێکی ئیسلامییە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئەحمەد موختار بابان، لە وەزارەتەکەی نوری سەعیدی حەوتەمدا هەروەك لە ناوەرۆکدا دانی بە بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیەی کرد وتیشی لایحەیەك لەم بارەوە ئامادەکراوە کە دەبرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران لە چەند ڕۆژێکی داهاتوودا[1].

بەم شێوەیە نەخشی نوێنەرەکانی کەرکووك لە دۆزە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکەوێتە ڕوو و پێشنیار و چۆنێتی تیمارکردنی پێویست بۆ دەردە کۆمەڵایەتیەکانی میللەت، لە ڕێگای داخوازی لە حکوومەتە بە شوێن یەکتریدا هاتووەکاندا کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکانی عێراق دابین بکات ڕوون دەبیتەوە.

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٤٢، الجلسة(٣٤) في ٥ايار ١٩٤٣، ص٣٠٠.

## بەشی پێنجەم

# نوێنەرانی کەرکووك و ڕووداو و دۆزە ناوخۆییەکان

مێژوویی عێراق لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی نیشتمانییەوە ڕووداوی ناوخۆیی و ڕووداوی ڕامیاری زۆری بەخۆیەوە بینیوەو ئەم ڕووداوانە کاریگەری بەسەر ڕامیاری ناوخۆی عێراقدا بەجێهێلاوە کە دەنگدانەوەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەنگی داوەتەوە.

هەڵوێستی نوێنەرەکان سەبارەت بەو بارودۆخە ڕامیارییە لە کاتی تاوتویێ کردنی ئەنجوومەن بودجەکان و لایحە یاساییەکاندا کە لە ئەنجوومەن تێدەپەڕی بەرچاو دەکەوێت هەروا سەبارەت بە بەرنامەی وەزارەتە عێراقیەکان (دەسەڵاتی جێبەجێکەر) کە لە سەردەمی پاشایەتیدا دەسەڵاتە بەدوای یەکتریداهاتووەکان کە حوکمڕانیان گرتوەتە دەست لە پاڵیاندا ڕووداوە نیشتمانیەکان کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەژاندبوو نوێنەرەکان دانوستانیان لەو بارەوە کرد نوێنەرانی کەرکووك ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سیاسەتی ناوخۆی عێراقدا هەبووە.

## جیٰ باسی یەکەم

## ڕووداوە ناوخۆییەکان و ڕا پەڕینە نیشتمانییەکان

### ١- سیاسەتی حکوومەتەکان "دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن"

هەڵوێستی زۆربەی نوێنەرانی کەرکوك سەبارەت بە سیاسەتی حکوومەتە بەدوای یەکترداهاتووەکان کە لە عێراقدا بە درێژایی ژیانی پەرلەمانی هاتوونەتە کایەوە شێوی پاڵپشت و لایەنگیری حکوومەتیان بەخۆوە گرتبوو و مۆری پشتیوانی دەسەڵاتیان پێوە دیاربووە، نوێنەرانی کەرکوك سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکوومەت لارییان نیشان نەداوە تەنها هەندێ کات نەبێت ئەویش کاتی بووە کە بەرگریان لە دۆزە نیشتمانیەکان کردووە، ئەوەبوو نوێنەری کەرکوك (سلمان بیات) پەیماننامەی بەغدای[1] سەرزەنشت کردو بە زیانی عێراقی ژمارد.

بەڵام سەبارەت بە بەرنامەی وەزارەتەکان کاتێ حکوومەتی (جعفر عسکری دووەم) لە ٢١ی تشرین دووەمی ١٩٢٦ دامەزرا نوێنەری کەرکوك (نشأت ابراهیم) سەبارەت بە چۆنیەتی وەزارەتەکە لاری نیشان داو داخوازی کرد کە وەزیرەکان بەپێی پسپۆڕی و شارەزاییان دابمەزرێنرێن، کاروباری وەزارەتی (مەعارفیان) خستوەتە ئەستۆی (عبدالمهدی المنتفکی) وەزارەتی کاروبار و پەیوەندییان سپاردوە بە ئەمین زەکی لە کاتێکدا (عبدالمهدی) لە وتارەکان و قسەکانیدا سەبارەت بە ئاو و ڕووبارەکان و جۆگە و کشتوکاڵ و ئاوبارەکان قسەی دەکرد، وەزیری کاروباریش کەبووەتە وەزیر وتاری سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان و هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان دەدایە دەرخواردماندا[2].

---

[1] هەڵوێستی ئەم نوێنەرە کاتی دانوستان سەبارەت بە ڕێکەوتنامەو مواسیقە نێو دەوڵەتیەکان فەسلی شەشەم تەوەرەی دووەم ڕوون دەبێتەوە.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع الاعتيادي ١٩٢٦ الجلسة(٦) في ٢٧ تشرين الثاني ١٩٢٦، جريدة الوقائع العراقية للعدد(٤٩٤) في ١٢كانون الاول ١٩٢٦.

وەزیـری مـەعارف (عبدالمهـدی المنتفكـی) سـەبارەت بـە قسـەكانی نوێنەرەكە ئیعتیرازی كردو سوكییەك سـەبارەت بـە خـۆی زانـی ئەمـە بـووە هۆی ئەوە كە نوێنەرەكە بڵێت ئەو ڕەخنە و توانجی سەبارەت بە كەسـایەتی ئەو زاتـە وەكـو وەزیرێك نـەگرتووە بـەڵام دەربـارەی شـارەزایی و پسـپۆڕی وەزیرەكـان ڕەخنـەی گرتـووەو لاری نیشـانداوە و لـە دانیشـتنی گرێـدراوی ٢٠شوباتی ١٩٣٩دا نوێنەری كەركوكیش داود السعدی ڕاپۆرتێكی پێشكەش بـە سـەرۆكایەتی ئەنجوومـەن كـرد تێیـدا ئەندامـەكانی وەزارەتـی چـوارەمی مەدفـــەعی ڕێكـــەوتی ١٧ئـــابی ١٩٣٧-٢٤ كـــانوونی یەكـــەمی ١٩٣٨ تۆمەتباركردبوو بەڵام ڕاپۆرتەكـەی ئەنجوومـەن بەهەنـد وەری نـەگرت كاتـێ خراپە دەنگدانـەوە لـە ڕێگـای دەستنیشـانكردنی ناوەكانـەوە و بـە زۆربـەی دەنـگ بـەلاوەنرا و لـە نێـو لاری نیشـاندەرەكاندا نوێنـەرەكانی كـەركوك ئەحمەد ئاغای كـەركووكلی و ئەحمـەد یـەعقوبی و جـەمیل بابـان و حوسـێن نەوتچی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی دەبینران، بەڵام "عاصـی العلـی" نوێنـەری كەركوك پاڵپشتی ڕاپۆرتەكەی كرد[1].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە نوێنەرەكانی كەركوك زۆربـەیان سیاسـەتی حكوومەتەكەیان پاڵپشت كردووە بەڵام هەندێ جاریش لارییان سـەبارەت بـە سیاسەتەكەی نیشان داوە.

لە دانیشتنی گرێـدراوی ١٥نیسـانی ١٩٤٧ نوێنـەری كـەركوك سـلێمان فەتاح سەبارەت بە بەرنامەی وەزارەتەكەی (صـالح جـبر) ٢٩ئـازاری ١٩٤٧- كـانوونی دووەمـی ١٩٤٨[2] و هــەروا دەربــارەی بەرنامــەی وەزارەتــەكانی پێشویش قسەی كردو وتی: ئەم وەزارەتـە بەرنامـەكانی سـەرجەم وەزارەتـە پێشوەكانی كۆكردوەتەوە و هەرچیش میللەت داخوازیی دەكات، بەڵێنی جێ

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٨ الجلسـة(١١) في ٢٠شـباط ١٩٣٩، ص١٢٦.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابيـة الثانيـة الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٨ الجلسـة(١١) في ٢٠شـباط ١٩٣٩، ص١٢٧.

به جێ کردنی داوه و لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم نوێنەره گومانی له پیادەکردن و جێبەجێ کردنیدا هەیه که دەڵێت: گومان هەیه لـه توانـایی جێبـەجێ کردنـی دەیـەکی ئـەم بەرنامەیـەدا ئەگـەر گۆڕانکارییـەکی سـەرەکی لـه دامـەزراوه کارگێرییەکانماندا نەکرێت به پێچەوانەوه ئـەم بەرنامانەیـه وەکـو مەرەکـەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوه.

وڵاتەکـەمان لـه ژیـانێکی نـەداری و نەخوێندەواریدایـه ئـەم بارودۆخـه هەمووانی گرتوەتەوه هەروەك وڵاتەکـه دەوڵەمەندوسـاماندارە[1]، نوێنەرەکـه ئاماژەی به پەله گۆڕینی وەزارەتەکان کردو ئەمەیشه هۆیـەکی سـەرەکی یـه لەدواکـەوتنی وڵاتـدا و بەرنامـەکانیان تـەنها بـۆ ئەوەیـه کـه موتمانـه لـه ئەنجومەنی نوێنەراندا بەدەست بهێنێت و ئەمیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لـه ژیانی پەرلەمانیدا نابێت.

تۆفیق سویدی سییەمین وەزارەتـی لـه ٥ی شـوباتی ١٩٥٠دا دامەزرانـد کاتـێ (وه صـي عبدالالـه) دامەزرانـدنی وەزارەتـی خسـتـه ئەسـتۆیەوه پـاش دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتەکەی (علـي جـودت الأيـوبي) ١٠ی کـانوونی یەکەم ١٩٤٩–١شوباتی ١٩٥٠ و ئـەم وەزارەتـه ئـەم وەزیرانـەی گرتبوەبـەر: (صالح جبر) وەزیری ناوخۆ (شاكر وادي) وەزیری بەرگری[2]، هەردووکیان لـه بەشداربووانی سەرەکی گرێدانی عەهدنامەی (پۆرتسمۆس) دەژمێردرێن.

ئەوەبوو کەوته بەر سەرزەنشتی تیژی نوێنەرانی ئۆپۆزسـیۆنەوه بـەڵام زۆرینەی سەر به دەسەڵات له ئەنجومەنی نوێنەراندا بـەرگری لـه حکوومـەت کرد، ئەمیش بووه هۆی بارگرژی پەیوەندی له نێوان نوێنەرانی حکوومـەت و نوێنـەرانی ئۆپۆزسـیۆن لـه ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا و نوێنـەرانی حکوومـەت هەوڵیاندا بۆ خەفەکردنی دەنگی نەیارەکان له نێو ئەنجومەندا[3].

---

[1] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الحاديـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة(١٩٤٥) الجلسـة(٩) في ١٥نيسان ١٩٤٧، ص١٨٤.

[2] الحسني، تاريخ الوزارات، مج٨، ط٧، ص١٤٤–١٤٥.

[3] نفس المصدر السابق، ص٤٢٤.

لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا گرێدراوی ٦ئازاری ١٩٥٠ ئـالۆزی و شـەڕە قسـەیەك لـە نێـوان نوێنـەرانی حکوومـەت و نوێنـەرانی ئۆپۆزسـیۆندا ڕوویـدا کـە لـە ئەنجامیـدا ژمارەیـەك لـە نوێنـەرانی ئۆپۆزسـیۆن هـۆڵی ئەنجوومـەنیان بـەجێ هـێڵا* و لـە ١ئـازاردا (٣٧) نوێنـەر دەسکێشـانەوەیان پێشکەش بە ئەنجوومەن کرد*.

هەروەك نوێنەرانی کەرکوك لە نێوان نوێنـەرانی ئۆپۆزسـیۆندا نـەبوون بەڵام لە نێوانیاندا هەبوون کـە بڕوایـان بـە پێویسـتی بـوونی ئۆپۆزسـیۆن لـە نێـوان ئەنجوومەنـدا هـەبوو، نوێنـەرانی کـەرکوك نـەیاری ئامانجـەکانی ئۆپۆزسیۆنیان نەدەکرد.

---

* لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـدا گرێـدراوی ٦ئـازاری ١٩٥٠ ژمارەیـەك نوێنـەرانی ئۆپۆزسـیۆن شاڵاویان بردە سەر حکوومەت و سیاسەتەکەیان سەرزەنشت کرد ڕایان گەیاند هـیچ جۆرە جیاوازیەکی لەگەڵ سیاسەتی نـوری سـەعیددا نیـە و نوێنـەری بەغـدا (سـلمان شـێخ داود) بەرگری لە نوری سەعید و سیاسەتەکەی کرد و هێرشی کردە سەر نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن و وشـەی تونـدو تیـژ و قێزەونـی بـەکارهێنا. نوێنـەری بەغـدا (عبـدالرزاق ظـاهر) بەرپـەرچی قسەکانی دایەوەو قسەکانی بە سوکایەتیەك بۆ ئۆپۆزسیۆن ژماردو هۆڵەکەی بـەجێ هـێڵاو نوێنەرانی نەیارانیش کەوتنە دوای و لە هۆڵەکە چـوونە دەرەوە. م.م.ن، الـدورة الانتخابیـة الثانیة عشرة، الاجتماع الاعتیادي لسنة ١٩٤٨، الجلسة(١١) في ٦اذار ١٩٥٠، ص١٦٨.

* نوێنەرانی کە دەستیان لە کارکێشایەوە بریتی بـوون لـە، عبـدالجبار جـومرد و عبـدالرحمن جلیلي و نجیب الصالح و محمد حدید الموصل، محمود رضا الشبیبي و محمد مهدي الکبـة و نصرت الفارسي و عبدالرزاق الظاهر و عبدالرزاق الشیخلي و یوسف المولي واسماعیـل الغـانم و حسین جمیل و خدوری خدوري و خطاب الخضیري وداود السعدي وذبیان الغبان و رفائیل بطي و علي ممتاز الدفتري وعبدالکریم کنة بغداد و هاشم برکات و برهان الدین باش و جعفر البـدر وجمیـل صـادق وحسـن عبـدالرحمان وعبـدالرزاق محمـود وأرکـان العبـادي وصـالح شـکارة(الدیوانیة) وحربـي المزعـل وسـعدون المشـلب وریـان الکاصـد المنتفـك وعلـي حیـدر سلیمان و محمد زیاد اربیل وعبید الحاج خلف الکوت، وعارف قفطان الـدلیم دواییـدا نوێنـەر نەجیب الراوی دلیم وعبدالعزیز القصاب دەسـت لـە کارکێشـانەوەیانیان خسـتەڕوو. م.م.ن، الدورة الانتخابیة الثانیة العشرة، الاجتماع الاعتیـادي لسـنة ١٩٥٠ الجلسـة الخاصـة في ١١ اذار ١٩٤٩، ص١٧٣–١٧٤.

کاتێ کە تاوتوێکردنی دەستکێشانەوەی دەستە جەمعی نوێنەرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن ژمارەیەك لە نوێنەرەکانەوە هاتە کایەوە، نوێنەری کەرکوك عەلی(خادم السجادە) وتی: حیکمەتی تێدانیەو نەگونجاوە ئەگەر ئەم دەستکێشانەوە قبوڵ بکرێت، چونکە ئەنجوومەن بێ ئۆپۆزسیۆن قازانجێکی نییە پێویستە جیاوازی لە بۆچوون و بیرۆکەدا لە ئەنجوومەندا هەبێت تا بگەینە بۆچوونێك و بیرۆکەیەکی تۆکمە و ڕاست، بێگومان ئۆپۆزسیۆن وەك نمەکە لە چێشتدا.

کاتێ دەنگدان لەسەر دەستکێشانەوەکە دەستی پێکرد، بە کۆی دەنگ لە لایەن نوێنەرەکانەوە قبوڵ نەکرا، لە ١٧کانوونی یەکەمی ١٩٥٧دا سەرۆك وەزیران عەبدولوەهاب مەرجان سیاسەتی حکوومەتەکەی لە بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەراندا خستەڕوو وتی بەپێی سیاسەتێکی عەرەبی و نەتەوەیی لە دابینکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی لە نێوان ڕۆڵەکانی نیتشمان و پاکردنەوەی دەزگاکانی حکوومەت لە کەسانی بێ توانا و گەندەل[1] پەیڕەودەکات. بەڵام ژمارەیەك لە نوێنەرەکان دانوستانەکەی سەرۆك وەزیریان وەکو بەرنامەیەك بە کافی نەزانی[2].

نوێنەری کەرکوك (سلمان بیات) سەرزەنشتی توندی وەزارەتە پێشوەکان و ئەم وەزارەتەشی کرد و پرسیاری کرد هۆی دەستکێشانەوەی وەزارەتەکەی نوری سەعیدی سیازدەهەم کە لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٥٧دا پاش دەستکێشانەوەی وەزارەتەکەی عەلی جەودەت ئەیوبی سێهەم لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧دا هاتە سەرکار چی بوو؟ سەیر لەوە دایە ژمارەیەك لە وەزیرە پێشوەکان لەم وەزارەتەدا بەشدارن گومان لەوەدانیە ئەم دەستکێشانەوەیە لە بەرژەوەندی گشتی دا نییە بەڵکو هۆکەی بەرژەوەندی و خواست و ویستی تایبەتیە[3].

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧ الجلسة(٢) في ١٧كانون الاول١٩٥٧، ص١٠.

[2] المصدر نفسه، ص١١–١٣.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧ الجلسة(١٠) في ٣٠كانون الثاني ١٩٥٨، ص١٥٧.

هـەر هۆیـەك لـە دوای ئـەم دەستكێشـانەوانەوەدا بێـت زیانلێكـەوتوی سەرەكی میللەتـە، كـە چـاوەڕوانی خزمەتگوزاریـە لـەو وەزارەتانـەوە و ئـەم پەلەیە لە گۆڕانیاندا دەبێتە هۆی چەواشـەكردن و ڕاوەسـتانی خزمـەتگوزاری لە لایەن حكوومەتەوە.

٢- ڕووداوە ناوخۆییەكان:

عێراق ڕووداوی مەترسیداری بەخۆیەوە بینی، كاریگەری بەسـەر ژیـانی سیاسـییەوە بـەجێ هـێڵا جیـاوازی لـە هۆكاریـەكانیان و لـە هــەدەف و ئەنجامەكانیـدا دەبینـرا لـە بزاڤـی چـەكدارییەوە كـە دژی حكوومـەت دەكـرا بیگـرە تـا كودەتـا سـەربازییەكان كـە دەورێكـی نـوێی لەساسـەتی نـاوخۆی عێراقدا كردەوە كە لەمەو پێش بەدی نەدەكرا.

**أ- دۆزی بارزانییەكان:**

كۆچكردنی ئاشوورییەكان لە دەڤەری هەكاریەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئـەنادۆڵ بۆ عێراق لە سەردەمی شەڕی یەكـەمی جیهـانی (١٩١٤-١٩١٨) و نیشـتەجێ بوونیان لە ناوچەكانی باكووردا[١]، مەترسی دانیشتوانی وڵاتەكـەی ورووژانـد، بەتایبەت دانیشتوانی دەڤەرەكانی باكوور، حكوومەتی عێراق لە ١٨ی ئازاری ١٩٢٧ بڕیارێكیدابوو ئاشوورییەكان لەو ناوچانەی كە خەڵكی تێدا نیشـتەجێ نییە لە قەزاكانی باكووردا نیشتەجێیان بكات[٢].

وا دیارە نفوز و دەسەڵاتی ئاشـوورییەكان لـە پەرەسـەندندا بـوو، ئەمـە بووە هۆی ئەوەی كە لە حكوومـەتی عێـراق داخـوازی بكـەن كـە ناوچـەیەكی خودموختارییان لە كوردستانی عێراقدا بێ هەژماركردنی ویسـتی خەڵكەكـەی دابین بكات[٣].

[١] صالح، المصدر السابق، ص٩١-٩٥.

[٢] اجبار، الحياة البرلمانية، ص٢٠٩.

[٣] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٣، ط٧، ص٢٥٥.

ئاشووریەکان کەوتنە دەستگرتن بەسەر داگیرکردنی زەویەکانی ناوچە کوردیەکاندا کە ئەمەیشە مەترسی کوردەکانی پترترو شەڕو پێکدادانی چەکداری لە نێوانیاندا و خەڵکی ناوچەکەدا ڕوویداو لەم بارودۆخە کە ڕەخسێنرا بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی داخوازی لە دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە مووسڵ کرد ئەم دۆزە یەکلایی بکەنەوە بەڵام دەسەڵات لەم بارەوە هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا[1].

دۆزەکە پەرەی سەندو تەشەنەی کرد و بارودۆخی نوێ هاتە پێشەوە ئەویش پێکدادانی چەکداری بۆ دژی دەسەڵاتی خۆجەیی گوندی بارزان* ئەم ناوچەیەبووە گۆڕەپانی بزاڤێکی چەکداری بە فەرماندەیی شێخ ئەحمەد بارزانی، لە زستانی ١٩٣١دا حکوومەتەکەی نوری سەعیدی دووەم(١٩تشرینی یەکەمی ١٩٣١–٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩٣٢) بە هاوکاری لەشکری بەریتانیا سەرکوتیانی کرد[2].

دۆزی بزاڤی چەکداری لە ناوچەی بارزاندا بەشێکی زۆری تاوتوێ کردنی نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی گرتەبەر، نوێنەری (منتفك) (صالح جبر) ئوباڵی ڕووداوەکانی خسە ئەستۆی پارێزەری مووسڵ(عبدالعزیز مظفر)، چونکە کەم تەرخەمی، لە یەکلاکردنەوەی دۆزی ئاشووریەکان و بارزانییەکاندا کردووەکە ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە[3]، بەڵام نوێنەری کەرکووك (سلێمان فەتاح) ئەم دۆزەی بە دۆزێکی کۆن و ڕیشەدار داناو وتی پارێزگاری مووسڵ نەخشێکی لەم بارەوە نەبووە، هەروەها لە بەدواداچوونی قسەکانیدا نوێنەری مووسڵ(غیاث الدین النقشبندي) سەبارەت بە ئاشووریەکان وتی:

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣١ الجلسة(٣٥) في ٢٣اذار ١٩٣٢، ص٣٠٥.

* گوندی بارزان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی قەزای عەقرەی سەر بە پارێزگای مووسڵ.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣١ الجلسة ٣٥ في ٢٣ اذار ١٩٣٢، ص٣٠٥.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة لسنة ١٩٣١ الجلسة(٣٥) في ٢٣اذار ١٩٣٢، ص٣٠٥.

ئاشووریەکان هێشتان بە عێراقی ناژمێردرێن و ئەگەر ئەمە ڕاست بێت با بۆ شوێنێکی تر بیان گوێزینەوە[١].

حکوومەتی ڕەشید عالی گەیلانی یەکەم ٢٠ئازاری ١٩٣٢-٩ئەیلوولی ١٩٣٣ لایحەی یاسایەکی بەخشینی بارزانیەکانی[٢] بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەکی ئایاری ١٩٣٣دا پێشکەش کردو دەیویست ڕاپەڕین بە تەواوی لەو ناوچەدا کۆتایی پێبێت بەڵام ئەم بزاڤە بە فەرماندەیی خەلیل خۆشەوی لە هاوینی ١٩٣٥دا دەستی پێکردەوە، و حکوومەتە دووەمەکەی یاسین هاشمی ١٧ی ئازاری ١٩٣٥-٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ توانی لە ٣٠تشرینی یەکەمی ١٩٣٥دا[٣] کۆتایی پێبێنێت بۆ ماوەیەك لە ناوچەی بارزاندا بارودۆخەکە هێمن بووەوە بەڵام بزاڤەکە لە تەمووزی ١٩٤٣دا دەستی پێکردەوە.

حکوومەتەکەی حەمدی الپاچەچی دووەم لە ٢٩ی ئابی ١٩٤٤-٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە ئابی ١٩٤٥دا توانی سەرکوتی بکات و لە نێوی بەرێت[٤]، و ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە نوێنەرەکانی کەرکووك لەم دوو ساڵەدا ١٩٣٥-١٩٤٥ سەبارەت بە دۆزی بزاڤی بارزانیەکان هیچیان نەدەخستە ڕوو، و ئەمە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە پاڵپشتی سیاسەتی حکوومەتەکان بوونە بۆ سەرکوت کردنی بارزانییەکان وا دیارە نوێنەری کەرکووك داود جاف لە پایگای پاراستنی یەکێتی نیشتمانییەوە و دڵسۆزی بۆ بارزانییەکان داخوازی بەخشینی بارزانییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ دەڤەرەکانیان پێشکەشی بە وەزیری ناوخۆ (عمر نظمی) کرد و داخوازیەکەیشی بەخشینی گشتی هەمەلایەنەی بارزانییەکانی دەگرتەوە[٥].

---

[١] المصدر نفسه، ص١٠.

[٢] المصدر نفسه، ص١١.

[٣] غانم محمد الحفو، الحركة الوطنية في الموصل، منذ ١٩٢١ حتى اندلاع الحرب العالمية الثانية، موسوعة الموصل الحضارية المجلد الخامس، ص٧٦-٧٧.

[٤] ندير المصدر السابق، ص٤١٢.

[٥] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(١٣) في ١٨ شباط ١٩٥٢، ص١٨٢.

وەزیری ناوخۆ وەڵامی دایەوە کە بودجەی پێویست بۆ نیشتەجێ کردنیان تەرخان کراوە، هەروا نوێنەری کەرکوك مەحموود بابان کاتی تاوتوێکردنی بودجەی گشتی دارایی ساڵی ١٩٥٠ داراییدا کە حکوومەت بۆ نیشتەجێ کردنی بارزانییەکان تەرخان کردبوو.

لەحکوومەت داخوازی کرد ١٠ هەزار دیناری لە فەسڵی (٧٥)دا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرا بۆ جێبەجێ بکات و لە حکوومەتی جەمیل مەدفەعی حەوتەم ٧ی ئەیاری ١٩٥٣–١٥ئەیلوولی ١٩٥٣ کە خزمەتگوزاری پێویست بۆ نیشتەجێکردنیان فەراهەم بکات[١].

لە دانیشتنی ئەنجوومەنی گرێدراوی ٢٠کانوونی یەکەمی ١٩٥٤ نوێنەری هەولێر (عزەدین مەلا) پێشنیارێکی بە سەکردایەتی ئەنجوومەن پێشکەش کرد بۆ گەڕاندنەوەی سامانی بارزانییەکان و لایحە یاساییەك لەم بارەوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو لایحە یاسایەی کە ساڵی ١٩٥٣ سەبارەت بە گەڕاندنەوەی سامانی ئەوانەی شۆڕشی مایسی ١٩٤١یان بەرپاکردبوو گەڵاڵە بکرێت و نوێنەری کەرکوك مەحموود بابان پاڵپشتی کردو تکای لە وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز بۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکەی کرد و هیوامان زۆرە کە حکوومەت بەخشینێکی گشتی بۆ بارزانییەکان دەردەکات و وتی هیوادارم بە خشینەکەی حکوومەت گشتی بێت و ئومێدەوارم کە حکوومەتی بەڕێز ئارەزووی نوێنەرەکان و هاوڵاتییان بێنێتەدی[٢].

وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز وەڵامی دایەوەو وتی لە زیندانىدا تەنها ئەحمەد بارزانی و براکانی و هەندێ لە خزمانی ماونەتەوە و حکوومەت دەستی یارمەتی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان درێژ

---

(١) المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤–١٩٥٥ الجلسة(٦) في ٢٠ كانون الاول ١٩٥٤، ص٨٤.

(٢) المصدر نفسه، ص٨٥.

کردووە[1]، ئاشکرایە لە قسەی نوێنەرەکانی کەرکووك دا بەڕوونی سۆزی نەتەوایەتی و دەردەکەوێت هەروەك بە ناوی پاراستنی یەکێتی نیشتمانی و ژیانی هاوبەش لە ژێر دەواری وڵاتدا بە ئاسایش و یەك ڕیزی بردنە سەر داخوازیان لە حکوومەتەکانی بە دوایی یەکتری عێراقدا دەکرد بۆ نیشاندانی بەزەیی و نەوازشت سەبارەت بە بارزانیەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ کاروانی ژیاندا بڕۆن و ئاسایش و ئارامی لەسەرتاسەری عێراقدا بەرقەرار ببێت.

## ب- کودەتای ساڵی ١٩٣٦*:

حکوومەتی یاسین هاشمی دووەم لە ١٧ی ئازاری ١٩٣٥دامەزرا، دوای ئەوەی پارتی(الاخاء الوطني)** برایی نیشتمانی توانی حکوومەتەکەی جەمیل مەدفەعی سێهەم لە ٤ئازاری ١٩٣٥-١٥ئازاری ١٩٣٧دا لە دەسەڵات لە ماوەیەکی کەمتر لە مانگێکدا لە مێژووی دروست بوونیەوە بەلاوە بنێت[2]، بەڵام حکوومەتی یاسین هاشمی ڕووبەڕووی نەیارێکی بەهێز بووەوە بەتایبەت پاش ئەو هاوکارییەی کە لە نێوان گرووپی ئەهالی و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی لەشکری عێراق کە لە نێوانیاندا "بكر صدقي" دەبینرا هاتەکایەوە*.

---

[3] حزبي الاخاء الوطني(برایی نیشتمانی) ئەم پارتە لە ٢٠تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا دامەزرا و ڕەشید عالی گەیلانی بۆە باوەڕپێکراوی و یاسین هاشمی بو ئەندامی حزبەکە کە لە دواییدا بوە سەرۆکی، هەروا (حکمت سلیمان) و (محمەد ڕەزا الشبیبي) و (عبدالالە حافظ) و (محسن أبوطبیخ) و (علي جودت الایوبي) بوونە ئەندامی ئەم پارتە هاشمی لە ٢٩نیسانی ١٩٣٥ ئەم پارتەی هەڵوەشاندەوە لە هەوڵدانێکدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانی تر بڕوانە، الحسني تاريخ الاحزاب السياسية، ص١٠٦-١١٢.

[2] یوسف اسماعیل، انقلاب ٢٩ تشرين الأول، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٣٦، ص١٠.

* بەکر صدقی ساڵی ١٨٨٥ لە باوکی و دایکێکی کورد لە بەغدا لە دایك بوو چوە کولیجی جەنگ لە ئەستانبول و لەو کولیجەدا پلەی بە ئەفسەری بەدەست هێنا لە سەرجەم پلە سەربازیەکاندا چووە سەرەوە تا گەیشتە پلەی فەریق لە لەشکری عێراقدا کاروباری زۆری پێ سپێردرا و سەرپەرشتی سەرکوت کردنی چەند بزاڤێکی یاخی بوونی عەشایرەکان لە

به ئامانجی ڕووخاندنی حکوومەتەکەی یاسین هاشمیەوە و ئەو هەولانە بە سەرکەوتن هاتە ئەنجام و یەکەمین کودەتای سەربازی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦دا ئەنجامدرا کە حکوومەتەکەی یاسین هاشمی ١٧ی ئازاری ١٩٣٥–٩تشرین یەکەمی ١٩٣٦ لە دەسەلات خستە لاوەوە[١].

لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا حکوومەتەکەی (حکمت سلێمان) لە ئێوارەی ڕۆژی کودەتاکەدا دامەزرا، لەم وەزارەتەدا چوار کەس لە جەماعەتەکەی (الاهالی) کە بریتی بوون لە (یوسف عزالدین ابراهیم) وەزیری مەعارف و کامل جادرچی وەزیری ئابووری و پەیوەندییەکان و(جعفر أبوالتمن) وەزیری دارایی جگە لە خودی سەرۆك وەزیران بەشدارییان کرد[٢].

یەکەمین کارێك کە حکوومەتی شۆڕش ئەنجامی دا فەرمانێکی پاشاییان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦دا دەرهێنا، بەو بەهانەوە کە هاوکاری و پشتیوانی لە نێوان ئەنجوومەنی نوێنەران و شۆڕشگێڕاندا نییە هەروەك ئەنجوومەنی نوێنەران لەو کاتەدا لە پشوی فەرمی دابوو[٣].

بڕیار وابوو کە هەڵبژاردن لە ١٠کانوون یەکەمی ١٩٣٦دا دەست پێبکات[٤]، لە ٢٠ی شوباتی ١٩٣٧دا ئەنجوومەنی نوێ هەڵبژێردرا و هەڵبژاردنەکە زۆربەی ئەوانەی کە پاڵپشتی شۆڕش و حکوومەتی (حکمت سلێمان)و فەرماندەی کودەتا(بکر صدقي) یان دەکرد مسۆگەرکرد[٥]، و

---

باکوری عێراق و فوراتی ناوەڕاست داکرد لە مووسڵ لە مێژوو ١١ئابی ١٩٣٧ تیرۆرکرا، المطبعي، المصدر السابق، ص٣٠.

[١] فؤاد حسيني الوكيل جماعة الأهالي في العراق(١٩٣٢–١٩٣٧، ط٢، دار الحرية للطباعة(بغداد، ١٩٨٠)، ص٣٦٥–٣٨١. المبارك، المصدر السابق، ص٩٣–٩٩. اسماعيل، المصدر السابق، ص١٨.

[٢] الوكيل، المصدر السابق، ص٣٨٢، اسماعيل المصدر السابق، ص١٩.

[٣] الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٤، ط٧، ص٢٤٢.

[٤] المفتي، المصدر السابق، ص١٠٣.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان بڕوانە، فەسڵی دووەم تەوەرەی دووەم.

فەرمانی پاشایی بۆ بانگهێشتی ئەنجوومەن بۆ گرێدانی دانیشتنێکی نائاسایی لــە ٢٧ی شــوباتدا دەرچــوو و ئەنجوومــەن لــە هــەمان ڕۆژی دیــاریکراودا کۆبوەوە[١].

لە دانیشتنی ئەنجوومەندا گرێدراوی ٢٨نیسـانی ١٩٣٧ نوێنـەری بەغـدا (أحمـد عـارف ققطـان) پێشـنیارێکی بـە خـەتی دەسـت کـە (١٢)نوێنـەر پاڵپشتیان لێ کردبوو کە لە نێوانیاندا نوێنەری کەرکووك (حوسێن نەوتچی)و (عەبدولقادر تاڵەبانی) دەبینران پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران (فخرالدین جمیل) کردبـوو کـە پەیکـەری بـۆ (فـەریق بـەکر صـدقی) دروسـت بکرێت و خانوویەکیشی پێبدرێت، لەو پێشنیارەدا هاتبوو، دەمانەوێ هەستی خۆمان سەبارەت بەو کەسەی کە فیـداکاری بـۆ ڕزگـارکردنی وڵات نیشـانداوە دەربڕین و دەبێت لە پاداشتی چاکەی ئەم کەسەدا شتێکی بینراو بخەینەڕوو. پێشنیار دەکەین کە بۆ پاڵەوانی شـۆڕش (فریـق بکـر صـدقی) پەیکـەرێك لـە ناودارترین مەیدانەکانی پایتەختدا دروست بکرێت.

میللەت خانوویەکی بۆ حەوانەوەی پێشکەشی بکات[٢]، بـەڵام نوێنـەری بەغدا (ئەحمـەد قـەفتان) پێشـنیارەکەی لەسـەر داخـوازی سـەرۆك وەزیـران (حکمت سلێمان) کێشـایەوە کاتـێ ڕوونـی کـردەوە کـە بزاڤـی کودەتاکـە لـە لایەن لەشکرەوە بەرپاکراوە و لە کەسایەتییەکی تایبەتیدا نـاونووس ناکرێـت بەڵام سەبارەت بە خانووەکە (حکمت سلێمان) جەختی لەسەر ئەوە کـرد کـە نیازی کودەتـا لـەوە دایـە کـە ڕێگایـەکی نـوێ بـۆ ئـەو پیاوانـەی کـە دەبنـە

---

(١) نذير المصدر السابق، ص٤١٤.

(٢) جگە لە هەردوو نوێنەری کەرکوك و خاوەن پێشنیارەکە ئەو نوێنەرانەی کە پێشنیارەکەیان پاڵپشتکرد بریتی بوون لە: "رفائیل بطي(مووسل)و تكلیف المبـدر و مظهـر الحـاج صـكب و شـعلان الشـهد والديوانيـة" و مخيـف الكتـاب (الحلـة)و حامـد الجاف(السـليمانية) و فرهـود الفندي(المنتفك) و خميس الضاري(الدليم) ومكي الجميل (ديالى). م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة السابعة، الاجتماع غير الاعتيـادي لسـنة ١٩٣٧ الجلسـة(١٠) في ٢٨نيسـان ١٩٣٧، ص١٣٥-١٣٦.

بەرپرسی بەڕێوەچوونی کاروباری وڵات بڕەخسێنێت، ئەم دانوستانەی سەرۆك وەزیر ڕەنگ دانەوەی دیدارێك بوو کە لەگەڵ فەرماندەی کودەتاکەدا ئەنجام درابوو[1].

ئەم پێشنیارە کە لە لایەن نوێنەری بەغداوە کرا لە حەقیقەتدا پێشدەست خەرییەك لە لایەن نوێنەری بەغداوە چونکە یەکجار هۆگری کەسایەتی سەربازی (بکر صدقي) بوو بەتایبەت لەبەر نەخشی کارای ناوبراو لە سەرکوتکردنی ئەو بزاڤە یاخی بوونە چەکدارانە کە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا بەرپابووبوو وەکو یاخیبوونی ئاشووریەکان لە ساڵی ١٩٣٣[2]، و بزاڤی یاخیبوونی چەکداری تر کە هۆزەکانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لە سەردەمی حکوومەتی یاسین هاشمی دووەمدا ١٧ی ئازاری ١٩٣٥- ٢٩تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ دوایی جێبەجێکردنی یاسای سەربازی زۆرەملێ لە ٢ی ئایاری ١٩٣٥دا بەرپایان کرد[3].

پێشنیاری ١١ نوێنەرەکە لەم بوارەدا دەسووڕانەوە بەڵام سەبارەت بە کێشانەوەی پێشنیارەکە لەسەر داخوازی و ویستی سەرۆك وەزیران هاتەکایەوە بۆ ڕازی کردنی سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەفسەرەکان بوو تا نەبێتە هۆی وروژاندن و ڕەنجاندنی کەسێك لەم توێژانە.

وەزیرەکانی گرووپی (ئەهالی) کە بریتی بوون لە (یوسف عزالدین ابراهیم) نوێنەری کەرکووك و(کامل جادرچي و جعفر أبوالتمن) هەستیان بەوە کردبوو کە حکوومەت لە هەوڵی جێبەجێ کردنی نیاز و خواستەکانی میللەتدا نییە بۆیە بڕیاری دەستکێشانەوەیان دا و بە چارەسەرێکی گونجاویان زانی بۆ نەیاری پیشاندان سەبارەت بە سیاسەتی حکوومەت لە ١٩ی حوزەیرانی

---

[1] المصدر نفسه، الجلسة(١١) في ٣٠ نيسان ١٩٣٧، ص٢٨١-٢٨٤.

[2] Khadduri, op.cit, p.42.

[3] نجدت فتحي صفوت العراق في مذكرات الدبلوماسيين الاجانب ط٢، مطبعة منير بغداد، ١٩٨٤، ص٩٩. المفتي، المصدر السابق، ص٧٨-٨٠.

١٩٣٧دا، دەستكێشانەوەكە قبووڵ كرا دوای ئەوەی سەرۆك وەزیران كەمێك دوودڵی لە قبووڵ كردنیدا لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٣٧ نیشاندا[١].

ئەم دەستكێشانەوە هەڵوێستێكی نەیارو بەرهەڵستكاری دەژمێردرا سەبارەت بە سیاسەتی حكوومەتی كودەتاچییەكان و لەم كارەدا هەڵوێستی نوێنەری كەركووك (یوسف عزالدین ابراهیم)و دەردەكەوێت.

**ج– كوژرانی مەلیك غازی و راسپێری (الوصایة):**

حكوومەتی نوری سەعیدی سێهەم لە ٤نیسانی ١٩٣٩دامردنی مەلیك غازی لە شەوی ٣/٤نیساندا بڵاوكردەوە و لە بەیاننامەكەی حكوومەتدا هاتبوو: (بەوپەڕی ماتەمین و دەرد و ئازارەوە ئەنجوومەنی وەزیران هەواڵی گوێزانەوەی سەركردەی لاوانی وڵات خاوەنشكۆ مەلیك غازی یەكەم بۆ هاوسێتی یەزدانی مەزن لە ئەنجامی پێدادانی خودرەوەكەی كە خۆی لێیدەخوڕی بە گوڵتەیەكی كارەبادا كە دەكەوێتە سەرا ژێری پردی ڕووبارەكەی نزیك كۆشكی (حارثییة) لە سەعات ١١,٣٠ شەودا ڕادەگەیەنێت[٢].

هەواڵی كۆچی دوایی مەلیك غازی بۆ میللەتی عێراق چاوەڕوان نەكراو بوو و هیچ كەسێك هەواڵی مردنەكەی كە حكوومەت ڕایگەیاندبوو باوەڕی نەدەكرد. خۆپیشاندان لە ژمارەیەك لە شارەكانی عێراقدا بەرپابوو، خۆپیشاندان لە مووسڵدا كوشتنی كونسولی بەریتانیا (مونك میسونی Misoon)ی لێكەوتەوە[٣].

---

[١] رجاء حسين الخطاب، تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي(١٩٢١–١٩٤١)، دار الحرية للطباعة بغداد(١٩٧٩)، ص١٨٥–١٨٦، صفوت، المصدر السابق، ص١١٧–١١٨.

[٢] رجاء حسين حسين الخطاب، المسؤولية التاريخية في مقتل الملك غازي، شركة مطبعة الأديب البغدادية المحدودة بغداد، ١٩٨٥، ص٤٠.

[٣] المصدر نفسه، ص٤٠.

ئەنجوومەنی نوێنەران بەیانی ڕۆژی ڕووداوەکە کۆبـووەوە و بڕیاریانـدا کە (وەلی عەهد) فەیسەڵی دووەم بـە پادشـای عێـراق دەستنیشـان بکرێـت و عبدالاله کوڕی عەلی خاڵۆی وەکو وصی سەرپەرشتی پادشا دابنرێت چـونکە پادشا نەگەیشتبووە تەمەنی پیاوەتی وادیارە لەو سەردەمەدا تەمەنی تـەنها (٤)سـاڵی بـوو و ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی هەڵوەشـراوەیان بـۆ کۆبوونـەوە بانگهێشـت کـرد[١]، تـا سـەبارەت بـە دۆزی وصـایەت و سەرپەرشـتی پادشـا بڕیاری کۆتایی بدات[٢].

ئەنجوومەنی وەزیران بەو ڕادەیەی کە بایـەخی بـە کوشـتنی کونسـوڵی ئینگلیزی لـە مووسـڵدا دابـوو ئەوەنـدەی هەنـدی بـە کوشـتنی مـەلیك غـازی نەدابوو، ئەوەبوو بڕیاریدا کە بنەماڵەی کونسولەکە بە کۆی (٢٠)هـەزار دینـار قەرەبوو بکاتەوەو بکوژەکانی دەستگیر بکات[٣]، ئەمەیشە ڕەنگدانـەوەی لـە ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا هـەبوو کـە لـە ٦ی نیسـانی ١٩٣٩دا کۆبـووەوە، ڕەزامەندی لەسەر دەستنیشانکردنی میر عبدالاله وەك وەصی و سەرپەرشتی مەلیك فەیسەڵی دووەم بە کۆی دەنگ خرایـە ڕوو و ڕەزامەنـدی لەسـەر درا و لە نوێنەرەکانی کەرکوك کە لـە دەنگدانەکـەدا ئامـادەبوون بریتـی بـوون لـە (عبدالوەهاب تاڵەبانی، واحد ئاغای کەرکووکلی و ئەحمەد یـەعقوبی، جـەمیل بابـان و حوسـێن نەوتچـی) بـەڵام نوێنـەری کـەرکووك (عاصـی العـەلی) لـە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوو[٤].

---

[١] سود بەخشە ئاماژە بەوە بکرێت کـە بڕیـاری پادشـایی بـۆ هەڵەوشـاوەنەوەی ئەنجوومـەنی نوێنەران لە ٢٢ شوباتی ١٩٣٩دا لەلایـەن وەزارەتـی نـوری سـەعیدی سـیهەمەوە دوای دوو مانگ لە دواخستنی کارەکانی دەرچـوو بـەو بەهانەیـەوە ئوبوزسـیونەو نـەیاری حکوومـەت دەکات . الحسني ، تاريخ الوزارات، ج٥،ط٧،ص ص٦٥–٦٧.

[٢] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٥، ط٧، ص٨٠.

[٣] الخطاب، المسؤولية التاريخية، ص٤٢.

[٤] م.م.ن، الدورة االانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٩ الجلسة المشـتركة لمجلـس الاعيان والنواب في ٦نيسان ١٩٣٩، ص٣–٤.

ئەوەی شایانی باسە دۆزی کوشتنی مەلیك غازی بایەخێکی ئەوتۆی لـە لایـەن ئەنجوومـەنی نوێنەرانـەوە کـە لـە ١٢حـوزەیرانی ١٩٣٩دا[١] کۆبـوەوە پێنــەدرا چـونکە ڕووداوەکـە ماوەیـەکی بەسـەردا چـووبوو کـە ئەنجوومـەنی نوێنەران کۆبـووەوە جگـە لـەوەی بـارودۆخ لـە لایـەن حکوومـەتی عێـراق لـە لایەکــەوە و ئینگلیسـیەکان لــە لایــەکی تــرەوە هێــور کرابــووەوە چــونکە توانیبویان نامەیەك بگەیەننە ڕای گشتی عێراق بەو مانایە کە ئەم دۆزە تەنها ڕووداوێك بـووە نـە حکوومـەت و نـە ئینگلیسـەکان دەسـتیان تێـدا نـەبووە و چەند ڕاپۆرتێکی تایبەتیان سەبارەت بە ڕووداوەکەوە ڕێکخستبوو کە ڕاسـتی و حەقیقـەتێکی فراوانـدا دا بـۆ ئـەو ڕاسـتیانە کـە هێشـتا نـە گومـانێکی زۆر سەبارەت بە کوشتنی مەلیك غازی دەخاتە ڕوو.

**د- شۆڕشی نیسان مایسی ١٩٤١:**

حکوومەتی ڕەشید عـالی گـەیلانی سـێهەم کـە لـە ٣١ی ئـازاری ١٩٤١دا دامــەزرا هــەوڵی بەدەســتهێنانی فــەرمانێکی پاشـایی بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دا بـەڵام " وەصـی عبدالالـە" لاری لـە واژوکردنـی لـە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤١ نیشاندا و پایتـەختی بـەرەو دیوانیـە بـەجێهێڵا، ئەمەیش وای لە ڕەشید عالی گـەیلانی کـرد کـە دەسـت لەکارکێشـانەوەی بـە وەسی لە دیوانیە ڕێکەوتی ٣١کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا پێشکەش بکات ولە دەست لەکارکێشانەوەکەیدا "وەصی" بەوە تۆمەتبار کردبوو کە تەگەرە دەخاتە ڕێگەی کاروباری وەزارەتەوە[٢].

لە ئەنجامی ئەوەدا وەزارەتێکی تر بە سەرۆکایەتی تەها هاشمي لە ١ی شوباتی ١٩٤١دا دامەزرا[٣]، تەها هاشمی زانی کـە وەزارەتەکـەی ڕووبـەڕووی

---

[١] الجوراني، المصدر السابق، ص١٠٢.

[٢] جعفر عباس حميدى، التطورات السياسية في العراق(١٩٤١-١٩٥٣) مطبعة النعمان، النجف الأشرف ١٩٧٦، ص٣٣.

[٣] المصدر نفسه، ص٣٥.

تەنگژەیـەك لـە نێـو ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا دەبێتـەوە چـونکە ئەنجوومـەن دابەش بووە بەسەر دوو بلوكدا بلوكێكیان لایـەنگیری لایەنـە نەتەوایەتییەكـە بوو و ئەوی تریان لایەنگیری هاشمی و (وەصـی) بـوون ئـەوە بـۆ فـەرمانێكی پاشاییان گەڵاڵەكرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەن لە ٣١ی ئازاری ١٩٤١دا بەڵام ئەم كارە ڕێگر نەبوو لە بەردەم چوار عەقیدەكەدا* كـە حكوومەتەكـەی (طه الهـاشمي) ناچـار بـە دەسـت لەكاركێشـانەوە لـە یـەكی نیسـانی ١٩٤١دا بكات و حكوومەتێكی بەرگری نیشتمانی پێكبێنێت[١].

ڕەشــید عــالی گــەیلانی ســەرۆكی حكوومــەتی بــەرگری نیشــتمانی فەرمانێكی لە ٧نیسانی ١٩٤١دا بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشـتی دەرهێنـا كـە كـاری پێویسـت بـۆ ئاگـاداركردنی نوێنــەرەكان بـۆ ئامادەبونیـان لــە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕێكەوتی ١٠ی نیسان بگرێتەبەر[٢].

كۆبوونەوەكەی ئەنجوومەنی نەتەوەیی (پەرلـەمانتاران و پیاومـاقولان) لە ڕۆژی دیـاریكراودا بـە ئامـادەبونی ٩٤ پیاومـاقوڵ و نوێنـەری ئەنجوومـەن كۆبوونەوە، كە لە نێوانیاندا سەرجەم نوێنەرانی كەركووك دەبینران كە بریتی بوون لە دارا داودەو داود جاف و جمیل قیردار و ئـەمین هەمەوەنـدی و فـایق تاڵەبانی و محەمەد حاجی نوعمان وەنـداوی و پێشـنیارەكەی حكوومـەت كـە

* ئەم چوار ئەفسەرە كە پلەی عەقیدیان لە لەشكری عێراقدا هەبوو بریتی بوون لە صلاح الدين صباغ و فهمي سعيد و محمد سلمان و كامل شبيب.

[١] ئـەم حكومەتـە دوایـی هـەڵهاتنی وەصـی عبدالالـە بـو (بەسـەرە) دامـەزرا دوایـی دەسـت لەكاركیشانەوەی طه الهاشمي بەم شیوەیە عیراق حكوومەتی نەبو كە ولأت بواتـە ریگـاوە رەشید عالی گەیلانی حكوومەتێكی كاتی بو كارگیری ولأت دامەزراند سـەبارەت بـە رووتـی ڕۆڵی ئەم حكومەتـە بڕوانـە، فاضـل الـبراك دور الجـيش العراقـي في حكومـة الـدفاع الـوطني والحـرب مـع بريطانيـا عـام ١٩٤١، ط١، الـدار العربيـة للموسـوعات بغـداد، ١٩٨٧، مـەليك فەیسەڵ بەسەر عەرشـی عێراقـەوە كاتـێ مـەليك بـەرەوە ئـەوروپا سـەفەری كـرد. بڕوانـە: جريدة الاستقلال، العدد(٤٠١٢) في ١١/نيسان/١٩٤١.

[٢] الحسنی، تاريخ الوزارات، ج٧، ط٧، ص٣٨.

بريتی بوو له بەلاوە نانەوەی (وەصی) عبدالاله و دانانی شەریف شەرەف* له جێگايدا داكۆكی لەسەركرا[1].

سـەردەمی حكوومـەتی بـەرگری نیشـتمانی بـە هەڵبـژاردنی (وەصـی) كۆتـايی پێهـات، (وەصـی) بەرپرسـياريیتی دامەزرانـدنی وەزارەتـی خسـتە ئەستۆی ڕەشيد عالی گەيلانييـەوە كـە لـە ١٢ی نيسـانی ١٩٤١ دايمەزرانـد[2]، بەڵام ئـەم حكوومەتـە ژيـانێكی درێژخايـەنی نـەبوو چـونكە شـەڕی عێـراق و بەريتانيا لە ٢ی مايسی ١٩٤١ ڕوويدا كـە يـەك مـانگی تـەواو درێـژەی خايانـد ئينگليسە داگيركەرەكان هاتنە نێو بەغداوە و(وەصی عبدالاله) بەلاوەنراويان لـە يـەكی حـوزيرانی ١٩٤١دا[3] لەگـەڵ خۆيانـدا هێنايـەوە ئـەوەی سـەرنج ڕادەكێشێت يەكێك لە نوێنەرەكانی كەركووك هەڵوێستی خۆی بە ڕەزامەندنی يا نەياری سەبارەت بە شۆڕشەكەی مايسی ١٩٤١ دەرنەبڕی*.

### هـ- مانگرتنی كرێكارانی نەوتی كەركووك (دۆزی گاور باغی):

كارگەرانی كۆمپانيای نەوتی عێراق هەسـتيان بـە سـتەم دەكـرد لەبـەر كەمی ئەو موچەيەی كە لە كۆمپانيای نەوت وەريـان دەگـرت، موچـەيەك كـە

---

* شـريف شـەرەف سـاڵی ١٨٨١ لـە تـايف لـەدايك بـو ئـەو خاڵۆی(عەبدوالالـە)ی لابـراوە، لـەو دواييەدا لە شەڕەكانی حيجازو باكوردا بە مەليك فەيسەڵی يەكەمەوە پەيوەست بە حـاكمی ئەم ناوچانە ساڵی ١٩٢٥ دەستنيشانكرا دوای ئەوەی حيجاز لە لايەن بنەماڵـەی سـعودەوە داگيركرا هاتە عێراق ساڵێ ١٩٢٧ بوە جێگری.

[1] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة التاسـعة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤١ الجلسـة المشـتركة في ١١نيسان ١٩٤١، ص٤٥.

[2] حميدی التطورات السياسية، ص٤٦-٤٧.

[3] حميدي، التطورات السياسية، ص٤٦-٤٧.

* ژمارەيـەك لـە نوێنـەرە كوردەكـان بـە سـەركردايەتی داود بـەگی جـاف نوێنـەری كـەركوك نەيارێتی(عبدالاله)يان كردو دژی هەڵهاتنی بۆ نێو لەشـكری ئينگلـيس بيروڕايـان دەربـڕی و لەگەڵ لادانيدا بوون لە وصايەت و دانانی شەريف شەرەف لە جێگاكەيدا بـە وصـی مـەليك فەيسەڵی دووەم، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، الأسرار الخفية في ثورة مايس ١٩٤١ التحررية.

بەشی دابینکردنـی بـژێوی ژیانیـانی نـەدەکرد و لەلایـەکی تـرەوە کارەگـەرە بێگانەکان دوو بەرامبـەری مووچـەی کارەگـەرە عێراقییـەکانیان وەردەگـرت، جگـە لەمـە وسـایلی هاتوچـۆ و گوێزانـەوەی کارگـەرەکان لـە شـارەوە بـۆ کۆمپانیاکە و بە پێچەوانەوەیەوە نەبوو و سەختی هاتوچۆ و گوێزانەوەیان لە هاوین و زستاندا دەچێشت لە پاڵی ئەو ڕەفتارە ناگونجا و ناپەسەندەدا کە لە لایەن کارمەندە بێگانەکانەوە لە کۆمپانیاکەدا دەرحەقیان ڕەوا دەبینرا[1].

کارگـەرانی نـەوت لـە کەرکوکـدا ڕێکـەوتی ٣ی تـەمموزی ١٩٤٦ لـە خۆپیشـاندانێکدا دەسـتیان لەکارکێشـایەوە داخـوازی پترترکردنـی موچـەو خانوویەکی نیشتەجێ بوون و وەسیلەی هاتووچۆ و گوێزانەوەیان و پاداشتی پێـدانیان و هاوسـانی کارگــەران حیفـا و عــەبادان و نــەوت پێـدانیان بـۆ سوتەمەنییان و پیادەکردنی یاسای کارگەران تایبەت بـە پاداشـت و پشـوو و شتی تریان کرد[2]. کە لـە بەرژەوەندیانـدا بـۆ کارگـەرەکان چـەند نامەیـەکی هەڕەشـەیان بـۆ کۆمپانیاکـە نـاردبوو ئەمـەیش وای لـە کۆمپانیاکـە کـرد کـە پەیوەنــدی بەڕێوەبەرایــەتی پۆلیســی کەرکووکــەوە بکــەن و نوێنــەرانی کارگەرەکانی کۆمپانیاکە چاویان بـە پارێزگـاری کـەرکووك حەسـەن فـەهمی کەوت و بەڵێنی ئەنجام دانی داخوازییەکانیان پێی درا.

بــەڵام ئــەم بەڵێنانــە کارگــەرەکانی ڕازی نــەکرد کــە دەســت لــە مانگرتنەکەیان هەڵبگرن تـا سـەرجەم داخوازیـەکانیان جێبـەجێ نـەکرێت[3]. مانگرتوەکـان لـە ١٢ تـەمموزی ١٩٤٦دا لـە گاوربـاغی کۆبوونـەوە و لەگـەڵ پێداگرتن و سوربوونی پارێزگەی پارێزگا بە پێویسـتی گەڕانـەوەیان بـۆ سـەر کارەکانیان بەڵام کارگەرەکان ڕازی نـەبوون بگەڕێنـەوە سـەر کارەکانیـان تـا سەرجەم داخوازیەکانیان ئەنجام نەدرێت[4].

---

[1] د.ك.و ملفات البلاط الملكي ملف كاورباغي ملف رقم ٣١١/٤٤٩٢ وثيقة رقم(١)، ص١.
[2] جريدة صوت الأحرار العدد(٥٦) في ٣تةمموز ١٩٤٦.
[3] حميدى، التطورات السياسية، ص٤٣٤-٤٣٦.
[4] المصدر نفسه، ص٤٣٧.

سەبارەت بە سووربوونی کارگەرەکان بۆ نەگەڕانەوە سەر کارەکان پارێزەری پارێزگا بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕاگەیاند کە پێویستە مانگرتووەکان و خۆپیشاندەرەکان لە گاورباغیدا بڵاوەیان پێبکات، هێزێکی پۆلیسی هێرشی بردە سەر خۆپیشاندەران و تەقەی لێکردن کە بووە هۆی کوشتنی ١٦کارگەر* جگە لە منداڵێك و ئافرەتێك و ژمارەیەکیش زامدار بوون[1].

ڕۆژی دوایی ڕووداوی گاورباغی خەڵکی و کارگەران لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا ڕژانە سەر شەقامەکان ئەم خۆپیشاندانە حیسابی دوو قۆڵی کۆمپانیای نەوتی کەرکووك و دەسەڵاتی خۆجەی کەرکووکی تێکدا کاتێ خۆپیشاندەران تەرمی شەهیدەکانیان گرتە سەر شانیانەوە، سەرجەم شارەکە هاتنە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە، کۆمپانیاو دەسەڵاتی خۆوجەیی یەکجار پەشۆکاند و ترساند، و پۆلیس نەیدەوێرا بێتە دەرەوە خۆپیشاندەران بە دەنگی بەرز هوتاف و هورایان بە ڕووخانی حکوومەت دەدا حکوومەتەکەی ئەرشەد عومەری یەکەم کە لە یەکی حوزەیرانی ١٩٤٦دا پێکهات و لە ١٤ی تشرین دووەمی ١٩٤٦دا دەستی لەکار کێشایەوە[2] و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی لەشکر کە لایەنگیری کارگەران بوون لە داخوازیەکانیاندا هاتنە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە[3]، مانگرتنەکە لە ١٦ی تەمووزی ١٩٤٦دا بە گەڕانەوەی کارگەرەکان بۆ سەر کارەکانیان لە کۆمپانیاکەدا دوای ئەوەی کۆمپانیا بە ناچاری وەڵامی داخوازیەکانی کارگەرەکانی دایەوە[4]، کۆتایی پێهات و لەگەڵ ئەوەشدا دۆزی مانگرتنی

---

* لە ڕاپۆرتی پۆلیسی کەرکوکدا هاتووە، ژمارەی ئەوانەی کوژراون تەنها ٦کەس بوونە. بڕوانە، د.ك.و ملفات البلاط الملكي ملف رقم ٣١١/٤٤٩٢ وثيقة رقم(١) ص٢.

(1) كمال صبحي حسون مجزرة كاورباغى مجلد الأخاء (قاردشيلق... العدد(١٠) بغداد ١٩٨٧، ص٢-٣.

(2) المصدر نفسه، ص٣.

(3) د.ك.و ملفات البلاط الملكي ملف رقم ٣١١/٤٤٩٢ وثيقة رقم ١٣، ص٣٤.

(4) حميدي، التطورات السياسية، ص٤٤٠.

کارگەرانی نەوتی کەرکووك بایەخێکی زۆری لە لایەن جەماوەرو پارتەکانەوە و ئەو ڕۆژنامانەی کە لەو سەردەمەدا دەردەچوو پێدرا، بەڵام لە تاوتوێکردنی دانوستانەکانی پەرلەماندا باسی لێنەکرا چ لە لایەن نوێنەرەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی یا وەك لە لایەن نوێنەرەکانی کەرکووکەوە بەتایبەتی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٣١ی ئەیاری ١٩٤٦دا[١] هەڵوەشێنرایەوە و ئەنجوومەنی نوێ تا ١٧ئازاری ١٩٤٧ کۆنەبوەوە[٢].

٣- **ڕاپەڕینە نیشتمانییەکان** (١٩٤٨-١٩٥٦):

میژووی عێراق تۆمارێکە پڕ لە شۆڕش و ڕاپەڕینە نیشتمانیەکانە، عێراقیەکان تێدا سەروەریەکانیان لە داخوازی ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە کۆتو بەندی دەسەڵات و نفوزە ئیستعماریەکان تۆمارکردووە.

## أ- ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨:

حکوومەتەکەی نوری سەعیدی نۆهەم لە ١١ئازاری ١٩٤٧دا دوا ئەوەی ڕووبەڕووی نەیارییەکی زۆر لە نێو ئەنجوومەنی نوێنەراندا بوەوە[٣]، دەستی لەکارکێشایەوە و وەزارەتی "صالح جەبر" لە ٢٩ئازاری ١٩٤٧دا جێی گرتەوە[٤].

بەڵام حکوومەتەکەی "صالح جەبر" لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە کەوتە بەر شاڵاوی ڕەخنە و توانج و سەرزەنشت، وەك ئەنجامدەرێکی پڕۆژە ئیستعماریەکان ژمێردرا[٥]، "صالح جەبر" ڕایگەیاند حکوومەتەکەی لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیادا دەکەوێتە گفتوگۆوە وە بۆ پشتڕاستکردنەوەی

---

[١] الحسني، تاريخ الوزارات، ج١٠، ط٧، ص٣٢.
[٢] المصدر نفسه، ص٣٠٤.
[٣] المصدر نفسه، ص١٦٥.
[٤] حميدي، التطورات السياسية، ص٤٥.
[٥] سەبارەت بە درێژایی ئەم عەهدنامەیە بڕوانە، الحسني، تاريخ الوزارات، ج٧، ط٧، ص٤٣٥.

عەهدنامەی (١٩٣٠) و بەکردار دەستی کردە وتووێژ لەگەڵ لایەنی بەریتانیادا لە بەغدا دوای گفتوگۆ و دانوستانەکە گویزرایەوە بۆ لەندەن ماوەی ٨ی ئازاری١٩٤٧هەتا ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ درێژەی خایاندو گەیشتنە ئەنجامێك، بۆ دارشتنی عەهدنامەیەکی نوێ[١] و واژوکردنی لە بەندەری (بورتسموس) لە بەریتانیادا[٢].

دوای ڕاگەیاندنی گرێبەستی عەهدنامەکە لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا میللەتی عێراق جەماوەری هەمەلایەنەی سەرجەم پێکهاتەکانی میللەت خۆپیشاندانی قوتابیان و کارگەران لە بەغدا و لە زۆربەی شارەکانی تری عێراقدا خۆی نواند و ئەم خۆپیشاندانە بووە ڕاپەڕینێکی گشتی هێزە نیشتمانیەکان داخوازیە سەرەکییەکانیان لە بەلاوەنانی عەهدنامەکە و ڕمانی حکوومەتەکەی صالح جەبر و دەست پێکردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دانانی سنووری بۆ گرانی ژیان و بژێوی ئازادکردنی سەرجەم زیندانە سیاسییەکان و دابینکردنی ئازادیە گشتییەکان دەستنیشان کرد[٣].

خۆپیشاندان چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو دەسەڵات هێزی بۆ سەرکوتکردنی بەکارهێنا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەك لە هاووڵاتیان ئەمەش تووڕەیی و سەرسەختی زیاتری جەماوەری ورووژاند. دوای گەڕانەوەی صالح جەبر (سەرۆك وەزیران) بۆ وڵات لە ٢٦کانوونی دووەمدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو لە بەرامبەری وەزارەتەکەیدا تەنها دەستکێشانەوە لە کارنەبێت ڕێگاییێکی تری بۆ نەمابووەوە.

(وەصی عبدالالە) خۆی شەوی ٢٧/٢٦ کانوونی دووەم دەستکێشانەوەی صالح جەبری ڕاگەیاند محەمەد سەدر لە ٢٩ی شوباتدا بەلاوەنان و پوچەڵ کردنەوەی عەهدنامەی (پۆرتسمۆس)ی ڕاگەیاندرا و

---

[١] أحمد و حميدي، المصدر السابق، ص١٦١.

[٢] كمال مظهر أحمد، صفحات من تاريخ العراق دراسات تحليلية، مطبعة دار الشؤون الثقافية بغداد ١٩٨٧، ص١٣٨.

[٣] المصدر نفسه، ص١٣٨-١٣٩.

ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٢ی شوباتدا لەسەر داخوازی و ویستی جەماوەر هەڵوەشایەوە[١]، و ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە نوێنەرەکانی کەرکووك نەخشێکیان لە تاوتوێکردنی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا نەبووە.

**ب- ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢:**

ناڕەزایی خەڵکی لەسەردەمی وەزارەتی مستەفا عومەریدا ١٢ی تەمموزی ١٩٥٢ پتر بوو و بانگهێشت بۆ چاکسازی بەرزدەبوەوە و ئەمەش لە هەڵوێستی پارتە ئۆپۆزسیۆنە ئاشکراکاندا وەکو نیشتمانی دیموکراتی و (الوطني الديمقراطي)و سەربەخۆیی(الاستقلال) بە ڕوونی دەکەوتە ڕوو، بەتایبەت بەهۆی ڕاپۆرتەکانیانەوە کە بۆ وەصی عبدالاله دەیان نارد و لەو ڕاپۆرتانەدا سەبارەت بە بارودۆخی گشتی دەدوان و داخوازی چاکسازی بە ڕوونی تێدا بەدی دەکرا[٢]، و لە سایەی تەنگژەی بارودۆخی ناوخۆدا قوتابیانی دانشگای داروسازی و کیمیا لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٢دا مانیان گرت و داخوازی پشتڕاستکردنەوەی نیزامی ئەزموونەکانیان کردو تەنگژەو ئاڵۆزیەکە لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمدا پەرەی سەند بەهۆی دەستدرێژییەکەوە کە سەبارەت بە چوار قوتابی لە سەرکردەی مانگرتنەکەوە ڕەوابینرابوو لە کاتێکدا قوتابیان لە ١٨ی تشرینی دووەمدا مانگرتنەکەیان دوایی پێهێنابوو چونکە داخوازیەکانیان جێبەجێکرابو[٣].

ڕووداوی قوتابیانی دانشگای داروسازی و کیمیا لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە هەڵقۆزرایەوە لە ٢٠ی تشرینی دووەمدا سەرجەم دانشگاکان و هەندێ قوتابخانە ناوەندییەکان بۆ ناڕەزایی نیشاندان سەبارەت بە ڕووداوەکەی دانشگای داروسازی مانیان گرت، خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی قوتابیان دەستی پێکرد و لەگەڵ پۆلیسدا پێکدادان ڕوویدا، قوتابیان

---

[١] خليل، احزاب المعارضة، ص١١٧-١٣٨.

[٢] أحمد حميدي، المصدر السابق، ص١٧٢.

[٣] حميدي، التطورات السياسية، ص٧١٢-٧١٣.

داخـــوازی دادگـــایی کردنـــی ســـەرۆکی دانشـــگای داروســـازی و ئەوانـــەی دەستدرێژییان کردوەتـە سـەر ئـەو چـوار قوتابیـە دەکـرد و دروشمـی دژ بـە ئیستعماری بەریتانیاو ئەمەریکاو ڕووخانی حکوومەتەکەی مستەفا عومەرییان بەرزکردبۆەوە[1].

خۆپیشاندان هەموو توێژەکانی میللەتی گرتـەوە و لەگـەڵ پۆلیسـدا لـە زۆر جێگادا پێکدادان ڕوویدا کە ئەنجامەکەی ٢٣ی شەهید و ژمارەیەکی زۆری زاماری لێکەوتەوە[2].

حکوومەتەکەی مستەفا عومـەری لـە ٢١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٢ لـە ئـەنجامی ڕاپەڕینەکـەدا[3] دەسـتی لەکارکێشـایەوە و حکوومـەتی نورالـدین مـەحموودی سـەربازی لـە ٢٣تشـرینی دووەمـدا دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، خۆپیشـاندان هێشـتانە بـەردەوام بـوو ئـەوە بـوو لەشـکر بـۆ سـەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنرا و حوکمی عورفی و نائاسایی لە وڵاتـدا ڕاگەیانـدرا و توانرا کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنرێت[4].

جێـی سـەرنجە هـەروەك ڕووداوی خۆپیشـاندانەکان یـەکجار گـەورەو بەرچـاو بـووە، بـەڵام نوێنـەرانی کـەرکووك بایـەخیان پێنـەداوە و باسـیان نـەکردووە و بەنزیکیـدا نەچـوونە وا دیـارە لـەم بـوارەدا لەگـەڵ سیاسـەتی حکوومەت دا بەڕێوەچوونەو ئەو سیاسەتیانە ڕەچاو کردووە.

### ج- ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦:

حکوومەتی نوری سەعیدی سیازدەهەم کـە لـە ١٧ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٥دا دروست بوو کە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی سیاسی بەهێز لە لایـەن هێـزە سیاسیەکانەوە کە داخوازی چاکسازی و پێویستی دەرچوون لـە عەهدنامـەی

---

[1] المصدر نفسه، ص٧١٩.

[2]

[3] الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٧، ط٧، ص٣٣٥.

[4] حميدي، التطورات السياسية، ص٧٢١-٧٢٦.

بەغـدایان دەكـرد بـووەوە و لــە ســەردەمی حكوومــەتی نــوری ســەعیددا دەستدرێژی سێ قۆڵی كرایە سەر وڵاتی (میسر) دەستدرێژكەران بریتی بوون لە بەریتانیا و فەڕەنساو ئیسرائیل ڕێكەوتی ٢٩ی تشرینی یەكـەمی١٩٥٦ كـە ئەمــە بــووە هــۆی وروژانــدنی میللــەتی عێــراق و هێــزە نیشــتمانیەكانی[١] جەماوەر كە لە پێشیانەوە قوتابیانی دانشگاكان و پەیمانگاكان دەبینران لـە خۆپیشاندانێكی بەرفراوان و مانگرتندا كە سەرتاسەری شاری بەغدای گرتەوە بە ژیـانی میللـەت عـەرەبی (میسـر)و ڕووخـانی دەوڵەتـە دەسـتدرێژكەرەكان هۆیهایان دەكێشا خۆیان نواند.

قوتابیانی دانشگای بازرگانی و ئابووری لە خۆپیشاندانەكانیاندا كـە لـە ڕۆژی یەكەمی مـانگی تشـرینی دووەمـدا دەسـتی پێكـرد داخـوازی تەعبئـەی گشتی و بڕینی نەوت لە دەوڵەتە ئیستعماریەكانیان كرد جگە لەمانە داخوازی ڕووخانی حكوومەتەكەی نوری سەعید و پەیماننامـەی بەغدادو ئیسـتعماریان دەكـرد، بــەڵام حكوومــەت ڕووبــەڕووی خۆپیشــاندانەكە بــووەوەو بــەهێزی سەربازی لێـدانی خۆپیشـاندەرانی گرتەبـەر و حـوكمی عـورفی و نائاسـاییان ڕاگەیانـد و خۆپیشـاندانیان قەدەغـەكرد[٢]، لەگـەڵ ئەمەشـدا خۆپیشـاندان و مـانگرتن تـا كۆتـایی سـاڵی ١٩٥٧ بـەردەوام بـوو، بـەڵام حكوومـەت تـوانی كۆنترۆڵی بارودۆخەكە بكات[٣].

شاڵاوێكی پاكتاوی بێ ڕەحمانەی گرتەبەر كە كارمەندان و مامۆستایان و ئەو قوتابیانەی كە نەخشـیان لـەو ڕاپەڕینـەدا هـەبوو گرتـەوە[٤]، هـەروەك ڕاپەڕینەكــە نەگەیشــتە ئامانجــەكانی ئــەویش ڕووخانــدنی حكوومــەت و

---

[١] ندير، المصدر السابق، ص٤٣٦.

[٢] جعفر عباس حميدي، التطورات الاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣–١٩٥٨. د.م، بغداد، ١٩٨٠، ص١٦١–١٦٢.

[٣] المصدر نفسه، ص١٧٣–١٧٤.

[٤] المصدر نفسه.

خۆکێشـانەوە لـە پەیماننامـەی بەغـدا بـوو بـەڵام نیشـاندەری ڕەنگدانـەوەی خەباتی میللەتی عێراق بوو لە ڕێگای چاکسازی بارودۆخی گشتیدا[1].

ئەوەی شایانی باسە دوای کردنەوەی ئەنجوومەنی نوێنـەران لـە یـەکی کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٦دا فـەرمانێکی پاشـایی سـەبارەت بـە دواخسـتنی دانیشـتنەکانی بـۆ مـاوەی مانگێـك دوای بیسـتنی وتـاری عـەرش لـە لایـەن نوێنـەرانی ئەنجوومەنـەوە دەرچـوو[2]، و لـەو وتـارەدا باسـی ڕاپەڕینەکـە لـە لایەن نوێنەرانی کەرکووکەوە نەکرا، چونکە دانیشـتنەکەی ئەنجوومـەن گـرێ نەدرا.

---

[1] أحمد و حميدي، المصدر السابق، ص١٨٧.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٦، الجلسـة المشـتركة لمجلس الاعيان والنواب في ١كانون الاول ١٩٥٦، ص١–٢.

## جیٚ باسی دووەم

## دۆزەکانی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆ و دادوەری

نوێنەرانی کەرکووك لە داکۆکی ئەو دۆزانە کە پەیوەندییان بە لەشکرو پۆلیس و دادوەری بوو بەشداریان کردووە، چونکە ئەم دۆزانە گرنگییان هەیە بێگومان هێمنی و ئاسایش و سەلامەتی وڵات و سەقامگیری بارودۆخی ناوخۆ بە ئەمانەوە بەستراوە.

١- لەشکر و پۆلیس:

لەشکری عێراق لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ لە سەردەمی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان نەقیبی یەکەمدا ڕێکەوتی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠-٢٣ئابی ١٩٢١دا دامەزرا، دەستی کردە تۆمارکردنی خۆبەخشەکان لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢١دا و یەکەمین هەنگی لەشکری عێراق لە مانگی تەممووزی هەمان ساڵدا بە ناوی هەنگی "موسی الکاظم" پێك هات لە دوای ئەم مێژووە[1] دامەزراوەکانی تری لەشکری عێراق پەرەی سەندو هاتە کایەوە. هەردوو نوێنەری کەرکووك (نشأت ئیبراهیم و سلێمان فتاح) ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تاوتوێکردنی دۆزەکانی لەشکر و پۆلیسدا لە ئەوانی تر زیاتر بووە لەبەر خوێندەوارییە تایبەتییە کەلێی بەرخورداربوون [2].

نوێنەری کەرکووك (نشأت ئیبراهیم) کاتی تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی ١٩٢٧ فەسلی (٥٤) پەیوەند بە وەزارەتی بەرگری و لە دانیشتنی گرێدراوی ١١ی ئایای ١٩٢٧ سەبارەت بە پۆلیس و لەشکر قسەی کرد و جەختی لە قسەکانیدا لەسەر کلۆڵی و سەختی ژیانی پۆلیس لە سەردەمی دەسەڵاتی

---

[1] الخطاب، تأسیس الجیش، ص٣٦ ومابعدها.

[2] نشأت ابراهیم، خوێندەوارێکی چاك بوە وە لە کارمەندە ناودارەکانی سەردەمی عوسمانی بووە (بەڕێوەبەری سازمانی تەلوگراف و پۆست بوە و بارودۆخی وڵاتی بەچاکی دەزانی، بەڵام سلیمان فەتاح ئەویش لە ئەفسەرە کارامەکانی لەشکر بووەو پلەی ئاجودانی وەزیری بەرگری هەبووەو سەبارەت بە لەشکر و پێویستیەکانی زانیاری هەبووە.

عوسمانیەکاندا کرد، هەروەك لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆریان هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆداو داخوازی چاککردنەوەی بارودۆخی بژێوی پۆلیسی کردو موچەکەیان کەم نەکرێتەوە چونکە حکوومەت (دوو) ڕوپیە موچەی پۆلیسی کەم کردبوەوە و هۆشداری دا سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشوو ئەگەر حکوومەت ئەم بەرنامەیە بگرێتەبەر و لەم بارەوە وتی: ئەگەر هەر ساڵێك حکوومەت موچەی پۆلیسی ڕوپیەیەك یا دوو ڕوپیە کەم بکاتەوە دەیان گێڕینەوە بۆ سەردەمی تورکیای پێشوو کە(جەندرمەکان) خەڵکیان ڕاو و ڕووت و تالآن دەکرد و ئەگەر پۆلیس موچەکەی بەشی بژێوی نەکات ناتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات[1].

بەڵام سەبارەت بە لەشکر نشأت ئاماژەی بە سەنگینی موچەکەیان بەسەر بودجەی گشتی وەکرد و داخوازی کەم کردنەوەی موچەکەیانی کرد[2]، و لەم بارەوە وەزیری بەرگری نوری سەعید پالپشتی لێکرد[3].

نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح کاتی تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەتی بەرگری لە بودجەی دارایی گشتی ساڵی ١٩٣١دا جەختی لەسەر پێویستی پەرەپێدانی تەشکیلاتی لەشکری عێراقی کرد، بەهۆی نەبوونی ڕێژە لە نێوان بەشەکانیدا و لاوازی تەقەمەنی و کەم و کوڕی لە خێرایی و بزاڤیدا کۆی ئەمانە دەبێتە هۆی ورووژاندنی گومان سەبارەت بە توانای لەشکری عێراق لە بەرگری لە دەستدرێژی وڵاتە بێگانەکاندا.

ئەم کارەی بە گران و سەنگین زانی و ئاماژەی بە سەربازگیری زۆرە ملێ کردو وتی: لەگەڵ ئەوەی دەزانم ئێمە ناتوانین لەشکرێك کە ئارەزووی نەتەوەکەمان لە هەموو لایەنێکەوە بێت بێنێنەجێ و فەراهەم بکەین ئەگەر

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الاولى، ألاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٧ الجلسة ٨ من ١١ايار ١٩٢٧، ص٩٥٢-٩٥٣.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (١٠) في ١٤ايار ١٩٢٧، ص١٠٢.

[3] المصدر نفسه، ص١٠٣.

نیزامی خۆبەخشین بە نیزامی خزمەتی نیشتمانی[1] نەگۆڕینەوە و لە جێگەیدا جێگری نەکەین ئەو کاتە هەر قروشێك پارە بۆ لەشکر خەرج بکرێت لە شوێنی خۆیدایە هەروا جەختی لەسەر مەشق کردن کرد چونکە توانایی و کارایی لەشکر پترتر دەکات[2]. پێویستی دروستکردنی هەنگەکانی لەشکر لە سەرجەم سنوورە جیاوازەکاندا خستەڕوو تا توانایی شەڕکردنی لە شوێن و بارودۆخە جیاوازەکاندا هەبێت[3].

هەمان نوێنەر ئاماژەی بە گرنگی سەربازگیری زورەملی لە دانیشتنی گرێدراوی ١٤ی ئازاری ١٩٣٢ کرد، دوای ئاماژەیشی بە دۆزی پۆلیسی سەبارەت بە بەستنی بە لەشکرەوە کردو لەم بارەوە وتی: لەنێو لەشکری نیشتمانیدا دەتوانین ژمارەیەکی هەڵبژێردراوی کارامە بۆ پۆلیس تەرخان بکەین بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و خزمەتی زۆرەملێی نیشتمانی دەتوانی لەشکرێکی گەورە کە بتوانێ لە بەرامبەر دەستدرێژی وڵاتە بێگانەکاندا ڕاوەستێت و بەرگری بکات دابین بکات[4].

بەریتانیا دژی بیرۆکەی یاسای بەرگری نیشتمانی بوو تا ئەو قۆناغەی عێراق چووە(کۆمەڵەی گەلانەوە)(عصبة الامم) لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا، بەڵام حکوومەتە بەدوایەکتریدا هاتووەکان نەیان توانی یاسایەکی بەرگری نیشتمانی دەربهێنێت، تا حکوومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی هاتە سەرکارو دەسەڵاتی گرتە دەست سەر لە ٢٠ی ئازاری ١٩٣٣دا کە ڕووداوەکانی یاخیبونی ئاشووریەکان روویدا کە لەشکر بە شەڕ سەرکوتی کرد، بەڵام کۆچی دوایی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٣دا

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة، ألاجتماع لسنة ١٩٣٠، ألجلسة(٢٦) في ٢٨كانون الثاني ١٩٣١، ص٤١٩-٤٢١.

[2] المصدر نفسه، الجلسة(٤٦) ٢٤اذار ١٩٣١، ص٦٣٧-٦٣٨.

[3] المصدر نفسه، ألاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣١، ألجلسة(٤) في ٣٠ايار ١٩٣١، ص٤٢.

[4] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣١، الجلسة(٣١) في ١٤اذار ١٩٣٢، ص٢٣٧.

بووه هۆی جێبەجێ نەکردنی[1] ئەو یاسایە و لە سەردەمی حکوومەتی مەدفەعی یەکەمدا ٩ی تشرین دووەمی ١٩٣٣–١٢شوباتی ١٩٣٤ لایحە یاسای بەرگری نیشتمانی بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی گرێدراوی ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣٤دا پێشکەش کرد[٢]، و نوێنەرەکان خۆشحاڵییان لەمبارەوە نیشاندا و ئەنجوومەنیش ڕەزامەندی لە ڕێگەی ئاماژەوە لەسەرکرد[٣]، ئەم لایحەیە لە سەردەمی حکوومەتەکەی یاسین هاشمی دووەمدا ١٧ئازاری ١٩٣٥–٢٩تشرین یەکەمی ١٩٣٦ لە ١٢حوزەیرانی ١٩٣٥دا جێبەجێ کرا ئەوە بوو فەرمانی پاشایی لەم بارەوە دەرچوو[٤]، و ئەم لایحەیە ڕووبەڕووی نەیارییەکی فراوان بووەوە بەتایبەتی لە لایەن عەشایرەکانەوە.

لە باشووری عێراق چەند بزاڤێکی یاخی بوونی عەشایری سەریان هەڵدا وەکو یاخیبوونی یەزیدییەکانی دەڤەری (سنجار) لە باکووری عێراق، پێش و پاش جێبەجێ کردنی یاسای بەرگری نیشتمانی[٥].

لەشکر زۆر پەرەی سەند و بەرفراوان بووەوە بەهۆی جێبەجێ کردنی یاسای بەرگری نیشتمانییەوە و سەبارەت بەم پەرەسەندنە نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح داخوازی ئامادەکردنی دەستەیەکی سەرکردایەتی کرد کە لەگەڵ ئەم پەرەسەندنەدا بگونجێت هەروا خۆشگوزەرانی ئەفسەرەکان و پلەدارەکان و موچەخۆرەکانی لەشکر فەراهەم بکرێت و

---

[1] الخطاب، تأسيس الجيش، ص١١٥–١١٩.

[٢] م.م.ن، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٣، الجلسة(١٠) في ٤كانون الثاني ١٩٣٤، ص٦.

[٣] المصدر نفسه، الجلسة(١٣) في ١٣كانون الثاني ١٩٣٤، ص١٠٩–١١١.

[٤] الخطاب، تأسيس الجيش، ص١٢٠.

[٥] ئەم بزاڤانە بریتینە لە بزاڤی وەرمیڤەی یەکەم(٧ايار ١٩٣٥) وبزاڤی سوق الشيوخ (٩ئەیاری ١٩٣٥) وبزاڤی عەشایری بەسرە(ئابی ١٩٣٥) وعەشایری بەنی ركاب(المنتفك شوباتی ١٩٣٦) ورمیڤەی دووەم (نیسانی ١٩٣٦) وياخی بونی یەزیدییەکان (پایزی ١٩٣٥). بڕوانە: القيسي، المصدر السابق،ج٢،ص٢١٧–٢٤٣.

جەختی لەسەر ئـەوە کـرد کـە سـەربەخۆیی وڵات پەیوەنـدی بـە لەشـکرێکی بەهێز و مەشق دیدەو پڕ چەکەوەیە.

هەروا داخوازی کەمکردنەوەی ماوەی خزمـەتی سـەربازی بـۆ کـەمترین ماوەیە لە توانادا بێت کرد بۆ ئەوەی هاوڵاتییان لە خزمەتی سـەربازی دڵیـان بێزار نەبێت و دوورنەکەونەوە[١]، وا دیارە بزاڤی یاخیبوونی عەشایرەکان کـە دژ بە یاسای بەرگری نیشـتمانی ڕوویـدا، کاریگەریـەکی ڕوون و ئاشـکرای لـە کۆمـەڵگا و بـارودۆخی ئاسـایش لـە وڵاتـدا هـەبووە و بانگهێشـتی نوێنـەری کەرکووك بۆ کەمکردنەوەی ماوەی خزمەتی سەربازی بە مەبەسـتی هانـدان و دڵخۆشکەری بووە کە گەنجان بێنە ڕێزی لەشکرەوە[٢].

لەو خزمەتە بێزارنەبن هەروا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکـە و لـە پـاڵ بایەخـدانی نوێنــەری کــەرکووك سـلێمان فــەتاح بــە دۆزەکـانی لەشـکر زۆر گرنگیشـی بـەو دۆزانـەی کـە پەیوەنـدی بـە پۆلیسـەوە هـەبوو دەدا، کـاتی تاوتوێکردنی بەشی تایبەت بە دەزگای پۆلیسەوە لە بودجـەی گشـتی سـاڵی ١٩٣٢ داراییـــدا داخـــوازی یەکخســـتنی پـــۆلیس لـــە یـــەك کارگێڕیـــدا (بەڕێوەبەرایـــەتی پۆلیســـی)کرد لـــە ڕێگـــەی پەیوەندیـــدانی و پۆلیســـی شەمەندەفەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسـەوە و دووبـارە چاوخشـانەوە بـە یاسـای بەڕێوەبەرایـەتی پارێزگاکانـدا، چـونکە بەڕێوەبـەری پـۆلیس مـافی چاودێری پۆلیسی لە دەستدا نامێنێت، چـونکە پـارێزەر بەرپرسـی یەکـەمی ئاسایشە لە پارێزگاکەیدا و هەرچۆنی بیەوێ پۆلیس لـە دەسـەڵاتیدایە، بۆیـە لـە وەزارەت تکـا دەکـەم وەزارەتـی سـەعیدی دووەم لـە پۆلیسـی عەشـایر ڕزگارمان بکات[٣].

---

[١] م.م.ن، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ الجلسة(١٤) في ٣١كانون الاول ١٩٣٥، ص١٨١.

[٢] المصدر نفسه، الجلسة(٤٠) في ١٢ اذار ١٩٣٦، ص٢٧٦-٢٧٧.

[٣] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣١ الجلسة (٣٥) في ٢٣اذار ١٩٣٢، ص٣١٨.

لـە وتەيـەكى بريكـارى بەڕێوەبـەرى گشـتى پۆليسـى هاشـم عەلـەوى سـەبارەت بـەوەى كـە نوێنەرەكـە خسـتيەڕوو وتـى: بودجـەى پـۆليس شەمەندەفەر بە هەموو حيساباتەكەيەوە لە لايەن بەڕێوەبەرى پۆليسى هێڵى ئاسن تا پێش ساڵێك بەڕێوەدەبرا، بەڵام بەڕێوەبەرايەتى و دسپلين و زەبت و ڕەبت و پلە وەرگرتنيان سەر بە بەڕێوەبەرايەتى پۆليس بووە و بودجەكـەى دەڕواتە نێو بودجەى پۆليسەوە، بـەڵام پۆليسـى عەشـاير ئەمـە دۆزێكـى زۆر پێچيدەو دژوارە چونكە لە شوێنە دوورە دەسـتەكانداو لـە تواناماندا نييـە ئەو نيزامە بگۆڕين، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەين پۆليسى نيزامى و ڕاسـتەقينە و ياسايى بخەينە ڕيزيانـەوە بـە شـێوەيەكى هێورانـە و لەسـەرخۆ تائالۆزييـەك نەيەتەكايەوە[1].

دواى شكست هاتنى شۆڕشى مايسى ١٩٤١ كە داگيركردنى دووەمى بەريتانياى بەدواوە هات داگيركەرانى ئينگليس كەوتنەتە لاوازكردنى لەشكرى عێراق و پاكتـاوكردنى لـە كەسـايەتييە نيشـتمانيەكانى بـە هاريكـارى لەگـەڵ نورى سـەعيددا كـە وەزارەتـە شەشـەمەكەى لـە ٩تشـرينى يەكـەمى ١٩٤١دا دامەزراندبوو ئەم پاكسازييە بانگهێشتى بۆ بەريتانيەكان دەژمێردرا سەبارەت بە كۆنترۆڵ و دەستراگرتن بەسەر لەشكرى عێراقدا[2].

بـەڵام پـۆليس بـارودۆخ و هەلومەرجەكـەى بـە تـەواوى بـە پێچـەوانەى لەشكر بۆ پارەيەكى زۆرى بۆ خەرج كرا و ژمارەكـەى پـەرەى سـەند و پترتـر بوو بۆ نموونە ژمارەكەى لە ساڵى ١٩٤٥دا زياتر لە ١٩هەزار پۆليس بـوو بـەو مانايە بووە دوو بەرامبەرى ژمارەكەى لە ساڵى ١٩٣٩دا و پێـنج هـەزار كـەس بۆ ئەوەى لـە ڕيـزى پۆليسـى نهێنيـدا كاربكـات دەستنيشـانكرا كـە ئـەركيان چاودێرى خەڵك و بەشوێن جووڵاندنەوەو هاتووچۆياندا بگەڕێن[3].

---

[1] المصدر نفسه، ص٣١٩.

[2] حميدي، متطورات السياسية، ص١٠٧-١٠٨.

[3] المصدر نفسه، ص١٠٨-١٠٩.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بگریتە دەستەوە بە دوای چالاکەوانە نیشتمانیەکاندا بگەڕێن و دەست بەسەریان بکەن. وا دیارە دەزگای پۆلیس لاوازی لە جەستەیدا و دەردەکەوت و گەندەڵی و ڕەشوەدان لە نێویدا لە قۆناغی پەنجاکاندا بڵاوببووەوە نوێنەری کەرکووك مەحموود بابان هۆی ئەمەی دەگەڕاندەوە بۆ نەبوونی بەڕێوەبەرانی کارگێڕی چالاك و کارامە لەم دەزگایەدا، بەتایبەت دوای دەرچوونی چەند لێپرسراوی کارگێڕی کارامە لە ڕیزی ئەم دەزگایەدا، نموونەی حەمید ڕەفعەت و عەبدولڕەسووڵ خالسی و جەمال عومەر نەزمی و سەعید قەزاز[1]، و داخوازی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاری کارمەندانی سەر بە دەزگای پۆلیسی کرد بەتایبەت لە ئاستی مەعنەوییەوە.

وەزارەتی ناوخۆ هەڵسا بە ڕەوانەکردنی نێردراوان "بعثة" بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕەخساندنی دەستەیی کە جێی باوەڕو موتمانە بێت بە مەبەستی بەهێزکردنی دەزگای پۆلیس و کاری (وانە)دانەوە لە دانشگای پۆلیسدا بخرێتە ئەستۆ دادوەرە ڕاستەقینەکان، چونکە ئەفسەرانی پۆلیس لە ئاستی تئوریە زانستیە نوێکانەوە لاوازن[2]، و سەبارەت بە دەستێوەردانی لەشکر لە سیاسەتدا کارێکی نەخوازراو نەگونجاوە لە ڕوانگەی نوێنەری کەرکووك سلێمان فەتاح، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە لەشکر پێویستە لەگەڵ قەوارەی مەملەکەتدا بگونجێت، لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی گرێدراوی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ قسەی کردو وتی: لەشکر لە سیاسەتەوە سوپاس بوو یەزدان دورکەوتووەتەوەو ئەرکەکانی جێبەجێ

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢-١٩٥٣، الجلسة(٢٧) في ١٦ايار ١٩٥٣، ص٥٢٣.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤-١٩٥٥، الجلسة(١٣) في ٤كانون الثاني ١٩٥٥، ص٢٥٥.

دەكات بە هیوام بە تواناو بەهێزتربێت بێگومان لەشكر بۆ سـەربەخۆیی وڵات بەسوودە، وڵاتێك لەشكری نەبێت سەربەخۆ و ناژمێردرێت[1].

بایەخدانی ئەنجوومەنی نوێنـەران كـە نوێنـەرانی كەركووكیشـیان تێـدا بوون بە لەشكر و پۆلیسەوە لەو واقیعیەتیكەوە سەریهەڵدەدا كە عێراق تێـدا دەژیا ئەویش كە عێراقێكی تازە دامەزراوی نوێ بوو سەبارەت بـە پاراسـتنی ئاسایشــی نــاوخۆی لــە ڕوانگــەوە وڵاتێكــی ســەربەخۆ و بانگهێشــتیان بــۆ پەرەسەندن و بەرفراوانكردنی بـە شـێوەیەك لەگـەڵ پێداویسـتیەكانی وڵات و توانا مادیی و مرۆییەكانیدا بگونجێت.

٢-دادوەری (**القضاء**):

دادگاكان و كاروباری دادوەری لە لایـەن نوێنـەرانی كەركووكـەوە كـاتی تــاوتوێكردنی بودجـە گشـتییەكان و ئــەو مەرسـومانەی كـە پێشـكەش بـە ئەنجوومەنی نوێنەران كرا بایەخی پێدرا.

نوێنــەری كــەركووك سـلێمان فـەتاح كـاتی تـاوتوێكردنی فەسـڵی ٦٩ لــە بودجـەی گشـتی سـاڵی ١٩٣٢ داراییـدا داخـوازی گرنگیـدان بـە پـارێزەران و موراجعەكان ودەستنیشـان كردنـی شـوێنی تابیـەتی بۆیـان هـەروا ئامـاژەی بــەوە كـرد كــە موچــەخۆرانی دادگاكــان نــاتوانن ئــەو ئەركــەی كــە پێیــان سـپێردراوە بـە شـێوەیەكی ڕێكوپێـك و چـاك ئـەنجامی بـدەن لەبـەر كـەمی ژمارەیــان ئەمــەش دەبێتــە هــۆی دروســت بــوونی قــەرەباڵغی لــە پــێش دادگاكانـدا[2]، و سـەبارەت بـەم قسـەی نوێنـەرە[3] وەزیـری داد(ڕۆسـتەم حەیـدەر) وەڵامێكـی نـەبوو، هـەردوو لێژنـەی دارایـی و یاسـایی ڕاپۆرتەكـەی

---

[1] المصدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة العاشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٤ الجلسـة(٧) في ٦كانون الثاني ١٩٤٥، ص٩٤.

[2] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٣١ الجلسـة(٣٨) في ٢٨اذار ١٩٣٢، ص٣٦٧.

[3] المصدر نفسه، ص٣٧٠.

سەبارەت بە لایحە یاسای پشتڕاستکردنەوەی سیستەمی یاسای خزمەتی دادگەری ژمارە ٢٧ساڵی ١٩٤٥ کە لە لایەن حکوومەتی نوری سەعیدی یازدەهەمەوە لە ١٥ئەیلوولی ١٩٥٠-١٠تەممووزی ١٩٥٢ پێشکەش بە ئەنجوومەن کرا و لەو لایحەدا خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان و دابینکردنی بژێوییان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گرانی بەرفراوان و دامەزرا و گونجاندرا ئەوەبوو نوێنەری کەرکووک (عەلی خادم السجادە) خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە لایحەکە کە مافی دادوەرەکان و پاکدامێنی و ڕاستیبیانی گرتبوە بەر خستەڕوو وتی: دادوەری بناغەی ڕاستەقینەی حوکمڕانییە و دادوەری لە لایەن حوکمڕانانەوە دەخرێتە پشتگوێ دادوەری سەقامگیرو بەربڵاونابێت ئەگەر پاکدامێن و نەزاهەت نەچەسپێنرێت و نەزاهەت و پاکدامێنی دابین ناکرێت ئەگەر خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیگی دادوەر دابین نەکرێت خۆشگوزەرانیی دادوەر مەرجە بۆ نەزاهەت و پاکدامێنی دادوەر و بڵاوبوونەوەی دادوەری و بە پێچەوانەیەوە دەستدرێژییەکە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگا[1].

لە هەمان کاتدا نوێنەری کەرکووک (سەلمان بەیات) داخوازی مەرکەزییەتی دادوەری کردو یەکخستنی بۆچوونەکان و دەقە یاساییەکان بە مەبەستی سەقامگیربوونی بڕیارە یاساییەکان و ئەم سەقامگیرییە یەکجار پێویستی وڵاتە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی ئابووری و بازرگانی بە شێوەیەکی تایبەتی چونکە ناسەقامگیری و شڵەژاوی لە بڕیارەکاندا کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ئابووری و بازرگانیدا دەبێت[2].

لێرەدا بڕیارەکان و دۆزە ئابوورییەکانی بە یەکترییەوە بەست و کاریگەری ژیانی ئابووری بە بڕیارەکانەوە، بەڵام سەبارەت بە سەربەخۆیی

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(٣١) في ٢٩نيسان ١٩٥٢، ص٤٥٠.

[2] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٣-١٩٥٤، الجلسة(٨) في ٢٧كانون الاول ١٩٥٤، ص١١٨.

داد، نوێنــەری کــەرکووك (ســلمان بــەیات) ئامــاژەی پێکــردو لــە دانیشــتنی ئەنجوومەن ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦دا وتی: وا دیارە سیاسەت کاروباری زۆرمانی تێکداوە و ئەوەی زووتر تێکیداوە و بڵاوی کردوەتەوە بڵاوکردنەوەی ناموتمانەییە لـە نێـوان فـەرمانڕەواو خەڵکدا و ئەمـە خـراپترین بارودۆخێکـە تووشی نەتەوەیەك دەبێتەوە[1]، و داخوازی کرد، کە دەسـەڵاتی جـەزایی بـە ئەفسەرە پۆلیسەکان و کەسانی تـر نـەدرێت، چـونکە لەمـەدا سەرپێچییەکە لەگەڵ هزری دەستوردا[2].

لە هەمان کاتدا هەڤاڵەکەی داود جاف نوێنەری کەرکووك داخوازی کـرد نیزامــی "الــدعاوی العشــائر"*نەمێنێت و هــەموو گیروگرفــت وململانیــە عەشایرەکان بنرێتە دادگاکان و نەدرێتە دەستی کارمەنـدە کارگێڕییەکانـەوە بۆ ئەوەی لەم نیزامە کۆنە ڕزگارمان ببێت[3].

لە بانگهێشت و داخوازی ئەم نوێنەرەوە بۆ ڕزگاربوون بوون لە نیزامـی گیروگرفتەکان و ململانـێ عەشـایرو"الدعاوی العشـائر" ڕاسـتی بۆچـوونەکەی ڕوون دەبێتــەوە لەبــەر ئــەو کاریگەرییــە خراپــەی ئــەم نیزامــە دەیخولقانـد بەتایبەت لە ڕێگرتنـی لـە پیـادەکردن و جێبـەجێ کردنـی دادوەریـدا چـونکە

---

[1] المصـدر نفسـه، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٥–١٩٥٦ الجلسـة(١٦) في ٢٢كـانون الثـاني ١٩٥٦، ص٢٩٧.

[2] المصدر نفسه، الجلسة(١٩) في ٩شباط ١٩٥٦، ص٣٨٣.

*نیزامی دەعاوی عەشایر نیزامیکە تایبەتە بەعەشایرەکان کە هنری دوبـس لـە عیراقـدا سـاڵی ١٩١٦ دەری هینا و ولەسەر شیوەو بناغەی دەعاوی جەزایی ناوچە سنورییەکانی هندستان لـە بلوجسـتاندا کـە روبـرت سـاندمان سـالی ١٨٧٥ دەری هینـا وئامـانجی نـاردنی دوزە عەشایرییەکان ئەو ململانیەکە لە نیوان عەشایرەکاندا روی دەدا بۆ مەجلسێکی تایبەت کـە لە سەروك عەشیرەتەکان کارمەندیکی کارگیری دەولەت پیـك هاتبوبـێ ئـەوەی بگەرینـەوە بۆ دادگا تایبەتەکانی حکومەت لەشارەکاندا وئـەم یاسـایە دوای بـەرپابوونی شورشـی ١٤ گەلاویژی سالی ١٩٥٨ هەلوەشینرایەوە بۆ زانیاری بترتر بروانە : فاضل عوني، شـرح نظـام دعاوي العشاير المدنية والجزائية لسنة ١٩١٨ وتعديلاته ط٢، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٥٥.

[3] المصـدر نفسـه، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٧ الجلسـة(١٥) في ٣٠كـانون الثـاني ١٩٥٨، ص٢٧٢.

خزمایـــەتی و نزیکایـــەتی کاریگەرییـــەکی ســـەرەکی هـــەبووە بەســـەر بڕیارەکانیەوە، بەڵام سەبارەت بە خـودی دادوەری پێویسـتی بـەوە بـوو کـە دەستی چاکسازی بیگرێتەوە و ئەمەش نوێنەری کـەرکووك مـەحموود بابـانی پـاڵ پێوەنـا کـە داخـوازی چاکسـازی و مەشـق پێکردنـی عێراقیـەکان بـۆ وەرگرتنی پلەکانی دادوەری بکات و ئەمەش بەو مانایە بوو کە بێگانەکان لـە دادگاکاندا بونیـان هـەبوو و داخـوازی چاکسـازی دادگاکـانی کـرد لـە ڕێگـەی بـەهێزکردنی دادگـای تـەمییزەوە و پشـکنینی دادوەری زیندوبکرێنـەوە بـەو مەرجەی پشکنین بە شـێوەیەکی بەردەوامـدا بچـێتە ڕێیـەوە[1]، لـەم بـارەوە هەڤاڵەکەی نوێنەری کەرکووك (سەلمان بەیات) پاڵپشتی لێکرد[2].

بـەم جـۆرە ڕۆڵـی نوێنـەرەکانی کـەرکووك لـە تـاوتوێکردنی دۆزەکـانی بـــەرگری و ئاسایشـــی نـــاوخۆدا دادوەریـــدا کەوتـــە ڕوو هـــەروا داخـــوازی پەرەسەندنی لەشکر و پۆلیسیان کرد بـە شـێوەیەك لەگـەڵ قـەوارەی وڵاتـدا بگونجێت، هەروا یەکخستنەوەی بڕیارە دادوەرییەکان و چاکسازی کاروباریان بە جۆرێك کە دادگەری لە کۆمەڵگادا دابین بکات.

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابيـة الخامسـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٦ الجلسـة(١١) في ٣شباط ١٩٥٧، ص١٩٧–١٩٨.

[2] المصدر نفسه، ص٢٠٤.

## جیٚ باسی سێیەم:
## ئازادییە گشتییەکان

**١- پارتە ڕامیارییەکان:**

عێراق ژیانێکی پارتایەتی لە کاتی دامەزراندنی حوکمی نیشتمانییەوە لە سەردەمی دەسەلاٚتی عوسمانیەکانەوە بە دروستبوونی پارتەکان و کۆمەلٚە ئاشکراو نهێنیەکانەوە بەخۆیەوە بینیوە[١]، و پارتە ڕامیارییە فەرمییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی نیشتمانیدا کەوتنەڕوو کاتێ کە حکوومەتە سیەمەکەی نەقیب لە ١٢ئەیلوولی ١٩٢١-١٨ی ئابی ١٩٢٢ یاسای کۆمەلٚگاکانی لە ٢٨تەمووزی ١٩٢٢دا خستەڕوو[٢].

دوو پارتی ڕامیاری کە بریتی بوون لە پارتی نیشتمانی کە (جەعفەر ئەبوالتمەن) لە ٢ئابی ١٩٢٢دا و کۆمەلٚگای ڕاپەڕینی عێراقی کە (ئەمین چەرچەڤچی) لە ١٩ی ئابی ١٩٢٢دا دایانمەزراند، پارتی تریش بۆ پالٚپشتی سیاسەتی حکوومەت وەك پارتی ئازادی عێراقی هەروا پارتەکانی پەرلەمانی وەکو پارتی پێشکەوتن و پارتی میللەت هاتنەکایەوە[٣].

هەروا پارتەکانی تریش لە قۆناغێکی دیاریکراودا پەیدابوون، وەکو ئەو پارتانەی کە لە کاریگەری گێروگرفتی مووسلٚدا وەك پارتی سەربەخۆیی و نیشتمانی عێراقی و کۆمەلٚگای بەرگری نیشتمانی و پارتی ڕاپەڕین هاتنەکایەوە[٤].

لە سەردەمی حکوومەتی یاسین هاشمی دووەمدا ١٧ی ئازاری ١٩٣٥ ژیانی پارتایەتی پەکخرا کاتێ کە هاشمی هەلٚوەشاندنەوەی پارتەکەی (برایی نیشتمانی)" الاخاء الوطني" لە ٢٩نیسانی ١٩٣٥دا خستەڕوو و ئەم

---

[١] الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية، ص٧-٨.

[٢] جميل، الافكار السياسية للاحزاب العراقية، ص١٩، الحسني، تاريخ الوزارات، ج١، ط٥، ص٧١.

[٣] الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية، ص٨٥-١٩٣.

[٤] جميل، الافكار السياسية للاحزاب العراقية، ص٤٥-٤٩.

پەکخستنە لە ماوەی ١٩٣٥–١٩٤٥دا بە بەهانەی یەکڕیزی گوفتـارو بێزانـدنی پارتایەتی بەردەوام بوو[١].

داخوازی میللەت بۆ زیندووکردنەوەی ژیـانی پارتایـەتی پترتـر بـوو کـە بەرپرسـانی ناچـارکرد کـە ژیـانی پارتایـەتی پـاش شـەڕی جیهـانی دووەم بگەڕێننەوە پێنج پارتی ڕامیاری مۆڵەتی فەرمییان پێدرا کە بریتـی بـوون لـە پارتی سەربەخۆیی (الاستقلال)و ئازادەکان(الاحرار) و نیشـتمانی دیموکراسـی (الــوطني الــديمقراطي) و یـــەکێتی نیشـــتمانی و (الاتحـــاد الــوطني) و میللەت(الشعب)[٢].

هەروەها پـارتی تـریش لـە سـەرەتای پەنجاکانـدا وەك پـارتی یـەکێتی دەستووری بوو(الاتحاد الدستوری) نەتەوەی سوشیالیست و(الامة الاشتراكية) و جەبهەی یەکگرتووی جەماوەری(الجبهة الشعبية المتحدة)[٣] هاتنەکایـەوە و لـە سـەردەمی حکوومەتەکـەی نـوری سـەعیدی دوازدەهەمـدا ٣ئـابی ١٩٥٤–١٧کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٥ چـەند مەرسـومێك بـۆ دەسـت کورتکردنـەوەی نەیارەکان کە لە بەرامبەر سیاسەتی نوری سەعید لە وەزارەتە پێشـوەکانیدا ڕاوەستابوون و تەگەرەو کۆسپیان دروست دەکرد دەرچوو.

لەو مەرسومانەی کە دەریهێنا مەرسـومی ژمـارە(١٩) سـاڵی ١٩٥٤ بـوو کە بەپێی ئەم مەرسومە سەرجەم پارتـەکان و یانـەکان هەڵوەشـێنرانەوە لـە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٥٤ەوە[٤]، و لە پاڵی ئەم پارتانەدا پارتی ڕامیاری نهێنی تـر وەك پـارتی بەعسـی عـەرەبی سوشیالیسـت[٥] کـە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لــە

---

[١] حميدي، التطورات السياسية، ص١٧١–١٧٩.

[٢] خليل، احزاب المعارضة، ص٧٥.

[٣] الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٢١٥–٢٢٦.

[٤] خليل، احزاب المعارضة، ص٢٧٠–٢٧٧.

[٥] سەبارەت بە ڕۆڵی پارتی بەعسی عەرەبی سوشالیست لە عێراقدا بڕوانـە، هـادي حسـن دور حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق منذ تأسيسه حتى ١٤تـەمموز ١٩٥٩، مطبعـة معهـد الثقافي العالمية، د.م، ١٩٨٤.

سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا هەبوو هەروا پارتی کۆمۆنیستی عێراقی[1] و پارتی دیمکراتی کوردستانی کەوتنە چالاکییەوە[2].

نوێنەرەکانی کەرکوك لە تاوتوێکردنی دۆزەکانی پارتەکاندا بەشدارییان کرد چەند نوێنەرێکی کەرکوك کە چوونە ڕیزی ژمارەیەك لە پارتە سیاسیەکانەوە وەك پارتی یەکێتی دەستوری و پارتی نەتەوەیی سوشیالیست بەدیدەکران بەڵام وا دیارە ئەم ڕۆیشتنە ڕیزی ئەم پارتانەوە هۆی ڕامیاری نەبووە بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی کورسی نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە ئەوەی ئەم وتەمان دەسەلمێنی ژمارەیەکی زۆری نوێنەرەکان چوونە ڕیزی پارتە فەرمییە حکوومەتیەکانەوە بەتایبەت لەم دوایانەدا، هەروەها هاتنە ڕیزی ئەم پارتانەوە لەم دوایانەدا بوو کەبینییان ئەم پارتانە نەخشێکی گەورەیان هەیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی ئەنجوومەندا[3].

سلێمان فەتاح نوێنەری کەرکوك کاتی تاوتوێکردنی وەڵامی سکاڵایەك سەبارەت بە وتاری پاشایەتی کە حکوومەتی حەمدی پاچەچی دووەم ٢٩ئابی ١٩٤٤–٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٤٦ سەبارەت بە پایەکانی پارتەکان قسەی لە بارەوە کرد، وا دیارە دوودڵی سەبارەت بە ژیانی پارتایەتی خستەڕوو و لەم بارەوە وتی پارت لە سەر سی کۆڵەکە دادەمەزرێت سەرکردە پێشەوا، دارایی، و ئەوانەی بڕوایان پێیەتی، هەرچەندە ژمارەکەیان کەم بێت، پێشەوا بێ یەکودوو دەرگاکە دەکاتەوە تەنها لە بەرژەوەندی گشتیدا

[1] سمير عبدالكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ج١، مطبعة دار المرصاد، بيروت، د.ت.

[2] چەند کۆمەلە پارتی کوردی نهینی وەکو هیواو شورش دامەزران کە چوونە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی وە کە ساڵی ١٩٩٦دامەزرا بۆ زانیاری بترتر بروانە عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف القرن ١٩٠٨–١٩٥٨، دار سەردەم للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧.

[3] بڕوانە فەسڵی دووەم تەوەرەی یەکەم.

نەبێت کارناکات و پرسیاری کردوو وتـی: ئایـا هەمچـوو پێشـەوایەکمان هەیـە ئەگەر ئەم مەرجانە بێتە کایەوە من ئامادەم ببم بە ئەندامێکی پارتی[1].

وا دیارە نوێنەر بۆچوونەکانی لەو پارتانەوە کە لە عێراقدا دامـەزراون و ئیعتیمادو موتمانەیان بە دەسەڵات و نفوزی ئەو کەسایەتیانەیە کە دەیانبەنە ڕێگاوە هەڵقولاوە و ئەم حیزبانە دەکوژانەوەو نـەدەمان بـە پاشەکشـێی ئـەو کەسایەتیانەی کە لەو حیزبانەدا کاریان دەکرد.

لەو دانیشـتنەی گرێـدراوی ١٤ی حـوزەیرانی ١٩٤٧ نوێنـەری کـەرکووك داود جـاف باسـی بڵاوبوونـەوەی کومـونیزمی لـە عێراقـدا کـرد، داخـوازی پێویسـتی لـە نـاوبردن و ڕیشەکێشـکردنی لـە لایـەن حکوومەتەکـەی صـالح جەبرەوە ٢٩ئازاری ١٩٤٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٨ کـرد کـە هـەوڵ و تەقـەلاو کۆششی لەم بوارەدا کەم و لاواز ببوەوە[2]، و لە کـرداردا پـارتی کۆمۆنیسـت دووچاری سەرکوتکردن و ڕاونانی ئەندامەکانی لە لایەن حکوومەتە بە دوای یەکتریـداهاتووەکانی عێـراق[3]، ببـووەوە و بـەم جـۆرە ڕوون دەبێتـەوە کـە نوێنـەرەکانی کـەرکووك ئامـادەبوونێکی بەرچـاویان لـە تـاوتوێکردنی دۆزە پارتایەتیەکاندا نەبووە.

٢- ڕۆژنامە:

لـە عێراقـدا ڕۆژنامەیـەکی زۆر لـە هـەموو بـوارە ئـەدەبی و سیاسـی و حکوومەتیدا کەوتوەتـەڕوو، تێیـدا لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیەکانـدا وەك ڕۆژنامەی (الـزوراء) زەورا دامـەزراوە تێیـدا لـە سـەردەمی داگیرکـەرانی

---

(1) م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٥ الجلسـة(١٤) في ١٧كـانون الثاني ١٩٤٦، ص١١٢٤.

(2) المصـدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الحـادي عشـرة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي لسـنة ١٩٤٧ الجلسة(٤٦) في ١٤حزيران ١٩٤٧، ص٤٦٨.

(3) المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادى لسنة ١٩٥٧ الجلسة(١٣) في ٢٦كانون الثاني ١٩٥٨، ص٢١١.

بەریتانیادا دەرچوون جگە لەو ڕۆژنامانەی کە دوای پەیدابوونی حوکمڕانی نیشتمانی لە وڵاتدا دەرکەوتن وەك ڕۆژنامە میرییەکان و ڕۆژنامەکانی پارتە سیاسییەکان لە پاڵی گۆڤارە زانیستی و ئەدەبیەکاندا و ئەوانەی سەبارەت بە دۆزە گشتیەکان دەدوان[1].

نوێنەرانی کەرکووك لە خولی یەکەمی ژیانی پەرلەمانی عێراقدا بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕۆژنامە نەدەدا، بەتایبەت لە خولی یەکەم ڕێکەوتی(١٩٢٥) خولی دووەم ڕێکەوتی(١٩٤٣) دا، بەڵام لە سەردەمی حکومەتی صالح جەبردا لە خولی هەڵبـژاردنی یازدەهەم، بایەخێك بە ڕۆژنامەگەری دا بەتایبەت کاتی نوێنەرەکان پرۆگرام و بەرنامەی وەزارەتیان تاوتوێ دەکرد کە لە یەکێ لە بەندەکانیدا دەرهێنانی یاسایەکی نوێیان بۆ ڕۆژنامەگەری گرتبوەبەر، نوێنەری کەرکووك داود جاف سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری قسەی کرد و دەستخۆشی بۆ هەوڵ و کۆششیان و ڕۆڵیان کە لە بەرپرسیارەتی خستنەسەر و جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانیاندا و مافی دا بە دەستی ڕۆژنامەگەرییەوە لە تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتندا ئەگەر نوێنەرەکان کەم تەرخەمی بکەن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا[2]، و ئەمە بەو مانایە کە نوێنەر لە لایەنگرانی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەرییە چونکە لە خزمەتی کۆمەڵگادا کاردەکات و لە دانیشتنی گرێدراوی ٢٨ی کانوون یەکەمی ١٩٤٨دا نوێنەری کەرکووك عەلی خادم السجادە ڕەخنەی لە ڕۆژنامەگەری گرت بەو بەهانەوە کە ئاستی نزم بووەتەوە وتی: بە داخەوە ڕۆژنامەگەری بەرەو هەڵدێراوێکی قووڵ دەڕوات بەهۆی ڕۆژنامە لاوازەکانەوە کە هاتوونەتە ڕیزی ڕۆژنامە ڕەسەنەکانەوە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوونە چاوپۆشراوە لەوەی خاوەنەکانیان دەتوانن بەڕێوەی ببەن یاخەبر مافی دەرکردنی ڕۆژنامە بە کۆ و بە تاك دراوە بێ حیساب و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە و داخوازی لە

---

[1] بۆ پتر زانین بروانە، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية، ط٣، ج٦، مطبعة الفرقان- صيدا، ١٩٧١.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الحادية عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٧ الجلسة(٤٦) في ١٤حزيران ١٩٤٧، ص٦٤٧.

وەزیــری نــاوخۆ کــرد لــە دۆزی مــافی دەرکردنــی ڕۆژنامەکانــدا دەســت بگرێتەوە[١]، بەڵام وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە وتەکانی نوێنەرەکە قسەیەکی نـەکرد، بـەڵام نوێنـەری کـەرکووك مـەحموود بابـان، نـزم بوونـەوەی ئاسـتی ڕۆژنامەگەری خستە ئەستۆی وەزارەتەکانەوە کە وتی: وەزارەتەکان سـەیری ڕۆژنامەگەری تەنها لە ڕوانگەی سیاسییەوە دەکات بۆیە ڕۆژنامەگەری گەشـە بەخۆیەوە نابینێت و بەرەو پێشـەوە نـاڕوات پێویسـتە یاسـای ڕۆژنامەگـەری پێشتراست بکرێتەوە و مافی پەکخسـتن و وەسـتاندنی ڕۆژنامـەکان تـەنها بـۆ دادگاکان بگەڕێتەوە[٢].

کاتێ حکوومەتی سـەعیدی دوازدەهـەم لـە ٣ی ئـابی ١٩٥٤دا دامـەزرا، چەند مەرسومێکی دەرکرد کە تیایدا مەرسـومی یاسـای ڕۆژنامەگـەری ژمـارە (٢٤) ساڵی ١٩٥٤ لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بەدیدەکرا، کە لـە ماددەی (٤٢)دا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەگرتەبەر[٣].

کاتــێ مەرسـومەکە درایـە ئەنجوومـەن نوێنـەرەکان وەکـو هەنـدێکیان دەیانویست نەیانتوانی تاوتوێ بکەن،چـونکە تـەنها دانوسـتانی لەسـەر کـراو لایحەکـە دەنگـی بـۆ درا،(٦٦)نوێنـەر ڕەزامەنـدی نیشـاندا کـە لـە نێوانیانـدا نوێنەرەکانی کەرکووك ئەمین قـیردارو کامـل یـەعقوبی و ئیـبراهیم نـەوتچی و حوسێن خانەقا و نعمە اللـە هنـدی دەبینران،لـە کاتێکدا (١٢)نوێنـەر کـە لـە نێوانیاندا دوو نوێنەری کەرکووك (داود جاف و مەحموود بابان)بەدی دەکران لاریــان لەســەر لایحەکــە خســتیانە ڕوو لــەو دانیشــتنەدا دوو نوێنــەری کەرکووك(ئەمین هەمەوەندو سەلمان بەیات)ئامادە نـەبون[٤]، ئـەم کردەوەیـە

---

[١] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة الاجتماع الاعتيادي لسـنة ١٩٤٨ الجلسـة(٨) في ٢٨كانون الأول ١٩٤٨، ص١١٩–١٢٠.

[٢] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢–١٩٥٣ الجلسـة (٢٧) في ١٦ايار ١٩٥٣، ص٥٢٣.

[٣] خليل، احزاب المعارضة، ص٢٧٦.

[٤] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة الاجتماع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٤–١٩٥٥ الجلسـة ٣٦ في ١٥ايارى ١٩٥٥، ص٧٠٣.

که حکوومەتی سەعید گرتبوویەبەر هەستی تووڕەیی نوێنەرەکانی سەبارەت بە زۆرە ملێ و ستەمێك کە ژیانی ڕۆژنامەگەری لە عێراقدا تێدابوو پترترکرد و ئەم بارودۆخە ژمارەیەك لە نوێنەرەکانی هاندا کە داخوازی لابردنی پێوەنەکانی ڕۆژنامەگەری بکەن.

نوێنەری کەرکووك سەلمان بەیات لەم بارەوە وتی: ئەم وڵاتە بەپێی دەستوور پێویستە حوکمڕانی تێدا بکرێت وپەیڕەوی دیموکراسی بێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە فەرمانڕەوایەکی دیموکراسی خواز نابینین و بەم شێوەیە حوکمڕانی ناکرێت ئازادیەکان پێوەنکراوە و ڕۆژنامەگەری سوکایەتی پێی دەکرێت و لە بارودۆخی حوکمە سەربازی و عورفیەکاندا فشارێکی زۆر دەخرێتە ئەستۆی ڕۆژنامەگەرییەوە، ئایا ئەمەیە وڵاتی دیموکراسی؟ ئەرکی حکوومەتە پێداویستییەکانی میللەت بزانێت و ئەمانە نایەتەدی مەگەر لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە[1].

نوێنەری کەرکووك داود جاف جەختی لەسەر وتارەکەی نوێنەر بەیات کردو کاتێ سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری قسەی کردو بایەخو گرنگییەکەی خستەڕوو چونکە دەتوانێ ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بۆ خزمەتی وڵات و بەرژەوەندیەکەی بە چاکی جێبەجێ بکات[2]، لە نەخشی نوێنەرەکانی کەرکووکدا دەتوانین سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژنامەگەری و ئەو ناهەمواریانە لە ڕێگای یاسای حکوومەتە بەدوای یەکتریداهاتووەکان ڕووبەڕوی دەبووەوە کە ئازادی ڕۆژنامەگەری پێوەن کردبوو، بووە هۆی دارمان و لاوازی و سستیەکەی و ئەمە دەمانباتە سەر ئەو باسە کە ڕۆژنامەکان بۆ بەرژەوەندی حکوومەتەکان بەکاردەهێنران و ئەگەر وا نەکەن و گوێڕایەڵ نەبن ڕووبەڕوی هەڵوەشاندنەوەو بەستن دەبنەوە.

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٥-١٩٥٦ الجلسة(١٠) في ٦كانون الثاني ١٩٥٦، ص١٦٤-١٦٥.

[2] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧، الجلسة(١٣) في ٢٦كانون الثاني ١٩٥٨، ص٢١١.

## بەشی شەشەم

# نوێنەرانی کەرکووك و سیاسەتی دەرەوە

ولاٌتــە عەرەبیــەکان بــە بــارودۆخێکی دژواردا تێدەپــەڕین بــەهۆی چـاوتێبڕینی ئیسـتعمارەوە کـە قوربانییـەکی زۆری مرۆڤـی و لەنێوچـوونی سامانە ئابوورییەکانی بەدواداهات و لێکەوتەوە تـا گەیشـتە ئامانجـەکانی لـە ئازادی و سەربەخۆیدا هەروەك سەربەخۆیی بـە دەسـتهێنا، بـەلاٌم سـاڵەکانی دەسەلاٌتی ئیستعمارگەران کاریگـەری و ئاسـەوارەکانی تاڕادەیـەك ماوەتـەوە کە کاریگەری بەسەر سیاسەتەکانی ولاٌتە عەربیەکاندا سـەبارەت بـە یـەکتری بەدەی دەکرا، هەروەها لە ئاستی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانیدا سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەشێکی گرنگی لە بایەخدانی نوێنەرانی ئەنجوومەنی عێراق لە ئاستی عەرەبی و نێودەوڵەتیدا بەخۆیەوە سەرگەرم کردبوو و کارکردن بـۆ بەکارهێنانی ئەو سیاسەتە بۆ پاڵپشتکردنی دۆزە نیشتمانی و میللییەکان بە شێوەیەك کە ئاسایش و ئاشتی و پێشکەوتن بەباربهێنێت.

## جیٚ باسی یەکەم

## هەڵوێستی نوێنەرەکانی کەرکووك لە ڕووداو و دۆزە عەرەبییەکان

**١- دۆزی فەلەستین:**

فەلەستین بووە ئامانجی بزاڤی سەهیۆنیەت بۆ دامەزراندنی کیان و قەوارەیەکی یەهودی لسەر زەوییەکەیدا[١]، لەگەڵ پترتربوونی چالاکییەکانی سەهیۆنیەت و لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی سەهیۆنیەت لەگەڵ بەریتانیادا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لورد بلفۆر) لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧ بەڵێنەکەی بۆ جولەکەکان سەبارەت بە دامەزراندنی کیانێك بۆیان لە فەلەستیندا ڕاگەیاند[٢].

بەریتانیا سەرجەم بەڵێنەکانی کە بە عەرەبەکانی دابوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی و کە فەلەستینیش بگرێتەوە لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا(١٩١٤-١٩١٨) بە سەرۆکایەتی (شەریف حوسێن بن عەلی) خستە پشتگوێ بەڵام پابەندی بەڵێنەکەی بوو کە بە جولەکەکانی دابوو و چاکترین پاڵپشتی سەهیونییەکان دەژمێردران سەبارەت یارمەتیدانیان کۆچکردنیان بۆ فەلەستین و دەستراگرتن و داگیرکردنی زەویەکانیاندا[٣].

میللەتی فەلەستین ملکەچی ئیستعماری بەریتانیا و سەهیۆنییەکان نەبوو و دەستی کردە خەبات لەو کاتەوە داگیرکەران لە وڵاتەکەیاندا پیادەبوون و لەم خەباتەیاندا جەماوەری عەرەبی هاوبەشییان لەگەڵیاندا

(١) عبدالوهاب الكيالي، تاريخ فلسطين الحديث، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت، ١٩٧٣، ص٣٥. زاهية مصطفى قدورة، تاريخ العرب الحديث، مطبعة دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٥، ص١٨٥-١٨٩.

(٢) شفيق عبدالرزاق السامرائي، المشرف العربي القسم الأول.

(٣) صلاح العقاد، المشرق العربي المعاصر، المطبعة الفنية الحديثة، القاهرة ١٩٧٠، ص٣٣٩-٣٤٥.

کردو[1] بە هانایانەوە هاتن، بەریتانیا مەترسیی هەڵوێستەکەی هەست پێکرد و چەند ڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپاکرد ئامانجیان بەرەنگاری پێکەوەی ئیستعمارگەرانی بەریتانیا و سەهیۆنییەکان بوو گرنگترینیان شۆڕشی عێراق ساڵی ١٩٢٩.

شۆڕشی فەلەستینی گەورەی ١٩٣٦ بوو[2] بۆیە هەوڵیدا کە دۆزی فەلەستین لەسەر حیسابی میللەتی عەرەبی فەلەستین بخاتە لایەکەوە، بێ ئەوەی زیان لە بەڵێنەکەی بۆ جوولەکەکان بگەیەنێت ئەویش لە ڕێگای دابەشکردنی فەلەستینەوە لە چەند پرۆژەیەکدا بۆ دوو دەوڵەت یەکێکیان بۆ عەرەبەکان و دووەمیان بۆ جوولەکەکان کە بە بەریتانیاوە پەیوەندی هەبێت و ئەم پرۆژانە یەکەمیان پرۆژەی دابەشکردنی ساڵی ١٩٣٦ و پرۆژەی لێژنەی پاشایەتی بەریتانیا و پرۆژەی مۆریسون ١٩٤٦ و پرۆژەی بیفن ١٩٤٧ و پرۆژەی لێژنەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٧بوو، بەپێی ئەم پرۆژەیە ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینیان لە ٢٩ی تشرین دووەمی ١٩٤٧دا جێبەجێکرد[3].

دۆزی فەلەستین پشکێکی گەورەی لە بایەخدانی نوێنەرەکانی کەرکووکی گرتەخۆی، لەبەر ئەو هەندە گەورەیەی کە لە لایەن نەتەوایەتییەوە هەیبوو چونکە پارچەیەکە لە نیشتمانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی و لایەنی ئاینییەوە لەبەر بوونی (قدسی) پیرۆز کە یەکەمینی هەردوو قیبلەی موسڵمانانە و سێیەمین هەردوو حەرەمی پیرۆزە.

---

[1] العقاد، المصدر السابق، ص٣٤٦، قدورة ، المصدر السابق، ص٢٦٠-٢٦١.

[2] د.فؤاد شباب وعبداللطيف المرميحي ملامح الحركة الوطنية الفلسطينية خلال الحربين العالميتين مجلة المؤرخ العربي العدد٥٢) بغداد، ١٩٩٥، ٣٠-٤٣.

[3] میللەتی فەلەستینی پرۆژەکانی دابەشکردنی فەلەستینی ڕەتکردەوە و لە خەباتەکەیدا جەماوەری عەرەبی و ئیسلامی پاڵپشتیان دەکرد چونکە مافی میللەتی فەلەستینی پایماڵ کردبوو لە وڵاتەکەیدا بۆ زیاتر زانین سەبارەت بە پرۆژەکانی دابەشکردنی و بەرتەکی عەرەکان دەبارەی ئەو پرۆژانە بڕوانە: طاهر خلف البكاء، مشاريع تقسيم فلسطين، رسالة ماجستير-جامعة بغداد-كلية الاداب، ١٩٨٣، ص٦٣-٢٢٦.

کەرکووك بەشداری میللەتی عەرەبی فەلەستینی لە کارەسات و نەهامەتییەکەیدا کردووە و لەگەڵ ئەو هەوڵ و تەقەلا خێرخوازانەدا بۆ پشتگیری و سەرکەوتنی فەلەستینییەکان دەدرا ڕۆڵەکانی کەرکووك بە توندی دژی پرۆژەی دابەشکردنی ساڵی ١٩٣٦دا ڕاوەستان.

نوێنەرەکانی کەرکووك (عاصی العەلی) و عەبدولقادر تاڵەبانی و حوسێن نەوتچی* و لەگەڵیاندا ژمارەیەك لە پیاوماقوڵانی کەرکووك* ناڕەزایەتی توندی خۆیان سەبارەت بە بڕیاری لێژنەی پاشایی بۆ دابەشکردنی فەلەستین نیشاندا و نامەیەکیان بۆ سەرۆك وەزیران (حیکمەت سلێمان)نارد تێیدا هەوڵ و کۆششی کە بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین لە ئاستەنگە و میحنەتەکەیدا دەدرا خستبویانە ڕوو[1].

هەروا ڕۆڵەکانی کەرکووك پێشوازییەکی چاکیان لە خەباتگێڕی فەلەستینی (ئەکرەم زعیتر) کرد کاتێ کە دیدەنی کەرکووکی لە مێژووی ٢٦ئازاری ١٩٣٨دا کردبوو، ئەم زیارەتە و دیدەنییە دامەزراندنی بەشێکی کۆمەڵەی بەرگری فەلەستینی لە کەرکووك لێ کەوتەوە.

سەرکردایەتییەکەی بە ئەستۆی حەبیب عەلی تاڵەبانییەوە بوو[2]، کە ڕۆڵێکی لە پاڵپشتی دۆزی فەلەستینداو کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی فەلەستنی هەبوو[3]، ئەنجوومەنی نوێنەران نەخشێکی ڕوونیان لە تاوتوێ کردنی دۆزی فەلەستیندا لە دە ساڵانی یەکەمی ژیانی پەرلەمانیدا (١٩٢٥-١٩٣٥) بەرچاوناکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری بارودۆخی ناوخۆ و ناچاری حکوومەتە بەدوایەکتریدا هاتووەکانی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران تا دۆزی فەلەستین تاوتوێ

* لە نوێنەرەکانی خولی حەوتەم ٢٧شوباتی ١٩٣٧-٢٨ئابی ١٩٣٧.

* لە نێوانیاندا عابدالله ویردی، عبدالله هندی، میناس غریب یوسف ... و کەسانی تر دەبینران.

(١) جريدة الزمان العدد(٣٥) في ١٧تەمووز ١٩٣٧.

(٢) اكرم زعيتر، يوميات أكرم زعيتر، الحركة الوطنية الفلسطينية(١٩٣٦-١٩٣٩) مؤسسة الدراسات الفلسطينية، بيروت، ١٩٨٠، ص٣٦٦.

(٣) د.ك.و ملفات وزارة الداخلية ملفة رقم ٣٢٠٥٠ وثيقة رقم ٤١، ص٤١.

نـەکرێت[1]، دۆزی فەلەسـتین لـە نێـوان دۆزە عەربیەکانـدا لـە ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا زەقتربـو و بـە هەنـدێکی تایبـەتی وەردەگـیرا دوای بـەرپابوونی شۆڕشی گەورەی فەلەستین لە نیسانی ساڵی ١٩٣٦دا[2] (٢٢) نوێنـەر کـە لـە نێوانیاندا دوو نوێنەری کەرکوك کە بریتی بوون لە عاصی العـەلی و ئەحمـەد ئاغـای کـەرکووکلی، ڕاپۆرتێکیـان بـە سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نوێنـەران سـەبارەت بـە کارەسـاتی فەلەسـتین پێشـکەش کـرد، تێـدا هـاتبوو لەبـەر بارودۆخی ئیمڕۆ کە فەلەستین پێدا تێدەپەڕێت کە کردەوە تیرۆریستیەکان و تـاڵان و ڕووخـان و سـووکایەتی بـە کەسـایەتی و... ژیـانی عەرەبـەکان گەیشتووەتە ڕادەیەك کە نموونەی لەمـەوپێش نـەبینراوە کـە ئـەم کردەوانـە لەگەڵ پرنسیپەکانی هەق و دادگەریدا کە میللەتی ئینگلیسی گوێڕایەڵیـەتی و بـە بایەخـەوە سـەیری دەکـات هـەروا لەگـەڵ ئـەو پەیوەندیـە دۆسـتایەتی و هاوپەیمانییە کە لە نێوان میللەتی ئینگلیس و عەرەبدا بەرقـەرارە ناگونجێت بۆیـە لـە ئەنجوومـەن تکـا دەکـەین ڕەزامەنـدی نیشـان بـدات بـۆ ئـەوەی حکوومەتی ئینگلیس ئاگاداربکاتەوە لـە ڕێگـەی حکوومەتـە بەڕێزەکەمانـەوە کە بێزاری ئەنجوومەنی نوێنەران لـەو هـەموو ئـازارو ئەزیـەت و لەنێوبردنـەی عەرەبەکان بەدەوڵەتی ئینگلیس ڕاگەیەنێت.

داخوازی گەڕاندنەوەی مافی ڕۆڵەکانی ڕەسەنی فەلەستینیان کردبـوو و مافە ڕەواکـانی پێبدرێتـەوە[3]، و ئەنجوومـەنی نوێنـەران ئـەم ڕاپۆرتـەی بـۆ حکوومـــەت بـــەرزکردەوە و حکوومـــەتیش بـــۆ ســـەفارەتی (بایلۆزخانـــەی) بەریتانیای ڕەوانەیکرد[4].

---

[1] عباس عطية جبار العراق والقضية الفلسطينية ١٩٣٢–١٩٤١ رسالة دكتوراه جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٧٩، ص٣٤٦.

[2] المصدر نفسه، ص٣٢٥.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٧ الجلسة(١٠) في ٦شباط ١٩٣٨، ص١٢٢–١٢٣.

[4] المصدر نفسه، ص١٢٣.

نوێنەری کەرکووك عەلی خادم السجادە خەتەرو مەترسی سەهیۆنیەتی بەسەر فەلەستین و ولاتە عەرەبەکانەوە خستەڕوو و لەم بارەوە وتی: خەتەر و مەترسی سەهیونیەت تەنها فەلەستینی شەهیدکراو ناگرێتەوە و ئەگەر جوولەکەکان جێ پێیان لە فەلەستیندا داناو حکوومەتێکی چاوەڕوانکراویان دامەزراند ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان بەرەو فەلەستین لە سەرتاسەری جیهانەوە دێن تا ئەو ڕادەیەی کە زەوی فەلەستین بەشیان ناکات و جێگاکە بۆیان تەنگ دەبێتەوە ئەو کاتە تەنها بڵاوبوونەوەیان و دەستدرێژی بۆسەر ولاتە دراوسێکانیان بۆ دەمێنێتەوە بەهۆی چالاکییانەوە و ئەو میراتە دەوڵەمەندەی کە هەیانە و لەبەر خامۆشی و نەداری فراوانی ولاتە دراوسێکانیان و لە حکوومەتە عەرەبیەکان داخوازی کرد جەبهەیەك بۆ بەرگری کردن لە دروستبوونی حکوومەتێك کە حکوومەتی سەهیۆنی پێدەوترێت[1]، دامەزرینن و لە دانیشتنی ٢٩ی گرێدراوی ٢٦نیسانی ١٩٥٢ کاتی تاوتوێ کردنی لایحەی یاسای لەنێوبردنی (قاچاغی) لە زەوییەکانی فەلەستینی داگیرکراو لە لایەن جوولەکەکانەوە هەمان نوێنەری کەرکووك داخوازی پایکۆتکردنی قەوارەی سەهیۆنی کردو وتی: لەنێوبردن و شەڕکردنی ئابووری لەگەڵ جولەکەکاندا لە وزەدا هەیە، چونکە پشتی بە پیشەسازیەکانی و داهاتی ئەرزەوە بەستووە و ئەم پیشەسازی سەرەتاییە لە ئەوروپاو ئەمەریکا و ولاتە پێشکەوتووەکاندا سەرف نابێت و بەکارنابێت، ئەو کاتە ناچارە کە کالاو شتومەکە پیشەسازییەکان بۆ ولاتە عەرەبیەکان ڕەوانە بکات.

ئەگەر ولاتە عەرەبیەکان کۆببنەوەو یەکڕیز و یەك قسە بن لە قبووڵ نەکردنی شتومەکە پیشەسازییەکانی سەهیۆنیەکاندا پیشەسازیەکانیان دەمێنێتەوەو بەسەریەکدا کۆدەبێتەوە و سەرئەنجام کەسادی و قەیرانی ئابووری ڕوویان تێدەکات، هەروا پێویستە نەهێڵرێت کە داهاتە کشتوکاڵی و

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٨، الجلسة(٢٤) في ١٨تشرين الثاني ١٩٤٨، ص٣٠٣-٣٠٤.

سامانه ئاژەڵداریەکانی وڵاتە عەرەبیەکان بۆ ئیسرائیل بە قاچاغ بڕوات و ئەگەر ئەمەی وترا جێبەجێ بکرێت، ئیسرائیل لە برسا دەمرێت، چونکە لە تواناندا نیە بەهێز لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی نێودەوڵەتی لەبەین ببرێت، ئەم ڕێگایەی کە باسکرا مسۆگەرترین ڕێگایە بۆ لەنێوبردنیان بەڵام ئەم دۆزە پێویستی بەکۆشش و ڕاستی و یەکریزی هەیە[1].

لە سەردەمی حکومەتی سەعیدی سیازدەهەمدا لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥–٨حوزەیرانی ١٩٥٧ لایحە یاسای بایکۆت کردنی قەوارەی سەهیۆنی لە هەموو لایەنێکەوە پێشکەش خرا و کاتی دەنگدان سەبارەت بە لایحەکە ئەنجوومەنی نوێنەران بە کۆی دەنگ کە بریتی بوون لە (٩١)دەنگ ڕەزامەندیان لەسەری نیشاندا و لە نێوان ئامادەبووەکانی نوێنەرانی کەرکووکدا ئیبراهیم نەوتچی و ئەمین هەمەوەندی و ئەمیر قیردار و کامل یەعقوبی و مەحموود بابان دەبینران[2].

(ونستون چرچل) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتارێکی لە ئەنجوومەنی گشتی نوێنەرانی بەریتانیادا ڕێکەوتی ١١ی ئەیاری ١٩٥٣ی پێشکەش کرد، تێدا سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی خستەڕوو و لە قسەکانیدا سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی کیانی سەهیۆنی وتی: لە هۆ و مەرجە گرنگەکان لە خاوەرمەیانەدا بوونی ئیسرائیلە، بەڵام لە بەدبەختیدا سوڵح و ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبەکاندا بەرقەرار نەبوە[3].

هەروەها پاڵپشتی خۆیی بۆ دروستکردنی نیشتمانێکی میللی بۆ جوولەکەکانی فەلەستین لە کاتی دەرچوونی بەڵێنی بلفۆرەوە لە ساڵی ١٩١٧دا ڕاگەیاندو خۆی هێشتانەبە لە لایەنگرانی سەهیۆنیەت دەزانێت وهەوڵ بۆ پاڵپشتیکردنی دەدات[4].

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢ الجلسة(٢٩) في ٢٦نيسان ١٩٥٢، ص٤٣٢–٤٣٣.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٥ الجلسة(٣٦) في ١٣ايار ١٩٥٦.

[3] الحسني تاريخ الوزارات، ج٩، ط٧، ص٢٦.

[4] المصدر نفسه، ص٧٢.

ئەو وتارە کاریگەرییەکی خراپی لە دەروونی نوێنەرەکاندا دروست کرد و هەستیانی بزواند، نوێنەرەکان لە ئەنجوومەندا ئەم دۆزەیان لە قسەکانیاندا ورووژاند، ئەوەبوو نوێنەری کەرکووك (داود جاف) لەم بارەوە وتی: من بە شێوەیەکی تایبەتی وای دەبینم کە حکوومەتی عێراق و* وڵاتە عەرەبیەکان ناڕەزایەتی و تووڕەیی خۆیان سەبارەت بە وتارەکەی چەرچل نیشان بدەن.

هەروا بەردەوام بوو لە وتارەکەیدا و وتی، ئەرکی هەموو موسڵمانێکە کە ئیسرائیلی خۆشی نەوێت ڕکی لێبێتەوە[1].

لە دانیشتنی گرێدراوی ١٩ئایاری ١٩٥٣دا (٢٥)نوێنەر راپۆرتێکیان پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران محەمەد فازل جەمالی کرد، کە لە نێوانیاندا دوو نوێنەری کەرکووك داود جاف و فازل تاڵەبانی دەبینران کە ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە وتارەکەی (چەرچل) نیشان دابوو و لە ئەنجوومەنی نوێنەران داخوازییان کرد کە تەلوگرافی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا ڕەوانە بکرێت کە ناڕەزایەتی و تووڕەیی نوێنەرانی ئەنجوومەن سەبارەت بە وتارەکەی چەرچل بخرێتە ڕوو[2].

لە هەمان ڕۆژدا ئەنجوومەنی نوێنەران تەلوگرافێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیایان کرد تێدا هاتبوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ناڕەزایەتی و دڵگرانی خۆیان سەبارەت بەم وتارەی ونستۆن چەرچلە کە ڕاشکاوانە پاڵپشت و لایەنگیری سەهیۆنییەتەکان دەکات دەخەنەڕوو چونکە ئەم لایەنگیریە مافە ڕەواکانی عەرەبیان لە وڵاتەکەیاندا کە فەلەستینە پێشێل کردووەو خستووەتە لاوە[3].

* حکومەتی جەمیل مەدفەعی حەوتەم ٧ئەیاری ١٩٥٣–١٥ئەیلوولی ١٩٥٣.

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢–١٩٥٣ الجلسة(٢٥) ١٣ايار ١٩٥٣، ص٢٨٠.

[2] المصدر نفسه، الجلسة (٢٩) في ١٩ايار ١٩٥٣، ص٥٧٥–٥٧٦.

[3] المصدر نفسه، ص٥٧٨.

هەندێ لە نوێنەرەکان ویستیان پەیوەندیە نێو دەوڵەتییەکانی عێراق بۆ پاڵپشتی دۆزە عەرەبیەکان کە دۆزی فەلەستینیشی دەگرتەوە بەکاربێنن، حکوومەتی سەعیدی دوازدەهەم کە لە ٣ی ئابی ١٩٥٤دا دامەزرا لایحە یاسای داکۆکردن میساقی هاوکاری هاوبەش لە نێوان عێراق و تورکیادا پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٦ی شوباتی ١٩٥٥دا کرد.

نوێنەری کەرکووك مەحموود بابان خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بەم لایحە نیشاندا و لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر چەند خاڵێك ڕاوەستا کە پاڵپشتی دۆزە عەرەبیەکانی دەگرتەبەر و لەم بارەوە وتی: ڕاستە بۆمان کە هەندێ تێبینی بخەینەڕوو بەو مەبەستەوە دیدو بۆچوونی تورکیا سەبارەت بە ئیسرائیل بگۆڕین بە شێوەیەك هەڵوێستی سەبارەت بە ئیسرائیل بگۆڕێت و تا چ ڕادەیەك لەگەڵ عێراقدا هاوکارە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و هەڵوێستی بەرامبەر بە دۆزی فەلەستین ڕوون بکاتەوە[1].

کاتی دەنگدان دەربارەی لایحەکە ئەنجامدرا، ئەنجوومەن ڕەزامەندی بە (٨٧)دەنگ خستەڕوو و سەرجەم نوێنەرەکانی کەرکووك ئامادەبوون کە بریتی بوون لە ئیبراهیم نەوتچی و ئەمین قیردار و ئەمین هەمەوەندی و حوسێن خانەقاو داود جاف و کامل یەعقوبی و سەلمان بەیات و مەحموود بابان[2]، ڕەزامەندییان سەبارەت بە لایحەکە نیشان دا، و هیچ نوێنەری دەربارەی وتەکانی نوێنەرەکە قسەیەکیان نەخستەڕوو.

وا دیارە حکوومەتە عەرەبیەکان بایەخێکیان سەبارەت بە دۆزی سەرەکی عەرەب کە دۆزی فەلەستینە لە نیوەی دووەمی پەنجاکاندا کەم بووەوە و تینێکی ئەوتۆی نەمابوو ئەمەش وای لە نوێنەری کەرکووك سەلمان بەیات کرد کە هێرش بباتە سەر سیاسەت و سیاسەتوانەکانی ڕژێمە حوکمڕانەکان لە وڵاتە عەرەبیەکاندا و هۆی سەرەکی بەرچاوی سەرنەکەوتنی

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤–١٩٥٥ الجلسة(٢٨) في ٢٦شباط ١٩٥٥، ص٥٨٥.

[2] المصدر نفسه، ص٥٩٧.

عەرەبــەكان لــە چارەســەركردنی دۆزی فەلەســتیندا خســتە ئەســتۆی سیاســەتوانەكانی عــەرەب و لــەم بــارەوە وتــی: بایەخــدانی حكوومەتــە عەرەبــەكان بــە دۆزی فەلەســتین كــەم بووەتــەوە بەتایبــەت لــە قۆناغــەكانی دوایيدا تكاو هیوام ئەوەیە ئەم دۆزە ڕۆژێك لەبیر نەكرێتەوە.

ئەوەی كورتی هێناو كەم تەرخەمی كردو سەركەوتنی بەدەست نـەهێنا لە ئازادكردنی فەلەستیندا سـەربازی عـەرەب نـەبوو بـەڵكو ئـەوەی شكسـتی هێنــاو ســەرنەكەوت سیاســەتوانە عەرەبــەكان بــوون چــونكە سیاســەتوانە عەرەبیەكان لەشكریان بەهێز و بە چەك و بە كەلوپەل و تفاقی شـەڕ پۆشـتە نـەكرد بۆیـە شـەڕ وەسـتاندنەوەی یەكـەم لـە حـوزەیرانی ١٩٤٨دا یـەكی لـە گـەورەترین نەهامـەتی و نەگبەتیـەكان دەژمێردرێـت كـە بـۆ نـەمان و دۆزی فەلەستین ئامادەكرا.

ئەمانە هەمووی دەستكردی سەربازی عەرەب نەبوو بـەڵكو دەسـتكردو خولّقاوی سیاسەتوانەكانی داڕماو و شكستخواردەكانی عەرەب بوو و ئاماژەی بۆ چەند هۆیەك كرد كە دەتـوانیٚ كـار بۆئـازادی و رزگـاری فەلەسـتین بكـات ئــەویش كــە دۆزی فەلەســتین لــە هــەموو ســاتێكدا بخەینــە ڕوو تــا لــە یــاد نەچێتەوە و ولاّتە عەرەبەكان بكۆشن بـۆ بـە دەسـت هێنـانی چـەك و تفـاقی جـەنگ بـیٚ ئـەوەی لـە سەرچـاوەكانی بكۆڵنــەوەو لــە كوێــوە دێــت، ولاّتــە عەرەبەكان یەكبگرنەوە لەسەر پـلان و بەرنامەیـەكی ڕوون و دیـاریكراو و لـە چەكی كارای پڕوپاگەنـدە كـەڵك وەربگـرن و مـن تـەماحم ئەوەیـە وەزارەتـی دەرەوە بەڕێوبەرایەتیەك تایبەت بە دۆزی فەلەسـتین دامـەزرێنێت، وتـەكانی كۆتــایی بــەوە هێنا،كــە وتــی: ولاّتــە عەرەبیــەكان ســەرگەرمی یــاریو خۆشـگوزەرانین و ڕۆمـاش دەسـووتێت[1]، وەزیـری دەرەوە (بورهانـە الـدین باش أعیـان) لـە حكوومـەتی سـەعیدی سیازدەهەمدا كـە لـە ١٧ی كـانوونی

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٥–١٩٥٦ الجلسة(١١) في ١٥كانون الاول ١٩٥٦، ص١٥٤–١٥٨.

یەکـەمی ١٩٥٥دا دروسـت بووبـوو لـە وولأمـی نوێنەرەکـەدا وتی:سیاسـەتمان سەبارەت بـە فەلەسـتین ناگۆڕێـت و ئێمـە لـە هـەمووان دلگـەرمترین و زیـاتر بایەخی پێدەدەین.

چـەکدارکردنی لەشـکر لەسـەر بەرنامەیـەکی توکمـە کـە دەسـەلأتدارو فەرماندە سەربازیەکانی عێراق دایان ناوە بەڕێوەدەچێت[1].

٢- سوریا و لوبنان:

سـوریا و لوبنـان کەوتنـە ژێردەسـەلأت و کـۆنترۆڵی (ئینتـدابی) فەڕەنساویەکانەوە بەپێی کۆنگرەی "سان ریمو"کە لـە ئیتاڵیـا لـە ڕێکـەوتی ٢٥ی نیسانی١٩٢٠گرێ درا[2].

بۆیە خەباتێکی سەخت و تاڵ و تفت کەوتە ئەستۆیانەوە بۆ ڕزگاربوون لە دەسەلأت و نفوزی فەڕەنساویەکان لە ڕێگای ئازادی و سەربەخۆییدا.

هـەردوو ولأتەکـە سـەرکەوتنێکی گـەورەیان بـە دەسـت هێنا،کـاتێ فەڕەنسا ناچاربوو کە داخوازیەکانیان ئەنجام بدات و ناچار بە گوێزاندنـەوەی دەسەلأت بۆ حکوومەتی نیشتیمانی لەو دوو ولأتـەدا ڕێکـەوتی ٢٢ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٣بـوو دوایـی هـەردوو ولأتەکـە بڕیاریـان دا لـە سـاڵی ١٩٤٥دا سەرجەم رەعیەت و دارودەستەکانی فەڕەنساویەکان دەربکـەن، سـەرئەنجام سەربەخۆیی تەواو لە ساڵی ١٩٤٦دا بە دەست هات[3].

سوریا و لوبنان دەرچوونی ڕاستەقینەی لەشـکر و نـەمانی دەسـەلأت و نفوزو دەست بەسەر داگرتنـی ئیسـتعمارکەرانی بـە خۆیـەوە بینـی، ئـەم دوو ولأتە تەنیا دوو ولأتێکن لـەنێوان ولأتـە عەرەبیەکانـدا پـێش سـاڵی ١٩٥٦کـە ئازادیان بە دەست هێناوە[4].

---

[1] المصدر نفسه، ١٩٠.

[2] قدورة، المصدر السابق، ٢٥٨.

[3] جورج لنشوفسكي، ألشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ج٢، ترجمة جعفر خياط، ومراجعة جعفر خصباك، د.م، بغداد، ١٩٥٧، ص٣٨٠-٣٨٣.

[4] الياس فرح، الوطن العربي بعد الحرب العالمية الثانية، ألمؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٥، ص٥٨.

فەڕەنسا دەست بەستراو دا نەنیشت سەبارەت بە کردەوەی هەردوو حکوومەتەکەی سوریا و لوبنان کە دارو دەستەکانی فەڕەنساویەکانی ساڵی ١٩٤٥لەو دوو وڵاتە دەرکرد، ئەوەبوو فەڕەنسا لە لایەن خۆیەوە عەهدنامەیەکی لە نێوان خۆی و سوریا و لوبنان دا گرێدا بە ئامانجی لە نێوبردنی سەربەخۆیی هەردوو وڵاتەکە و هێزەکانی فەڕەنسای داگیرکەر هەڵسان بە داگرتنی ئاڵا عەرەبیەکان و ئاڵای فەڕەنسایان لە جێگایاندا چەقاند.

هێزی نوێ لەشکرییان بۆ وڵات هێناو بۆمبێکیان هاوێشتە تەلاری ئەنجوومەنی نیشتیمانی سوریاوە[1] و دوو بروسکە سەبارەت بەو ڕووداوانە لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی سوریاو لوبنانەوە ڕێکەوتی ٢ی حوزەیرانی ١٩٤٥گەیشتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، نوێنەران سەبارەت بەو ڕووداوانەو ئەو سیاسەتە نالەبارو ستەمکارانەی فەڕەنسایان کە لە سوریاو لوبناندا گرتویەبەر قسەیانکرد،نوێنەری کەرکووك داود جاف وتی:لەو بڕوایەدام سەرجەم نوێنەرەکان سەبارەت بەو ڕووداوە ئەسەف بارانە کە لە سوریاو لوبنان دا ڕوویاندا گفتوگۆیان کرد بەڵام بە بۆچوونی من ئەم قسانەو ئەم نارەزایی نیشاندانە سوودیان نییە بەڵکو پێویستە بە کردار دەست تێوەردان بکەین حکوومەتیش لە گەڵماندا بێتە مەیدانەوە[2].

٣- ڕۆژئاوای عەرەبی:

وڵاتە ڕۆژئاواکانی عەرەب (جەزایر، تونس، مەراکش) لە دێرەوە کەوتنە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی ئیستیعماری فەڕەنساوە جەزایر لە ساڵی ١٨٣٠وە[3]

---

[1] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٩، ط٧، ص٢٤٢-٢٤٤.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤ لجلسة(١) في ٢حزيران ١٩٤٥، ص٢.

[3] محيي بوعزيز، ثورة الجزائر في القرنين التاسع عشر والعشرين، دار البحث للطباعة والنشر، الجزائر، ١٩٨٠، ص١١.

کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتیەوە تونسـیش سـاڵی ١٨٨١ [١]دوایـی فەڕەنسـا لەگـەڵ ئیسپانیادا ساڵی ١٩٠٤ ڕێککەوتن بۆ داگیرکردنی مەراکیش (وڵاتی ڕۆژئـاوای) ئیمڕۆکـە و هێرشـی سـەربازی و نیزامـی بـەرەو مـەراکیش بـەدوای یەکتریـدا دەستی پێکرد.

شۆڕشـی زۆر و فـراوان بێوچـان دژی فەڕەنسـا و ئیسـپانیا تێـدا لـەو ڕۆژەوە پێیان لە خاکی ناوچەکەدا جێگیربوو ڕوویدا[٢]، بەڵام جەزایر لە نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا زیاتر لە خەبات دژی ئیستعماری فەڕەنسادا خۆی نواند و قوربانیـەکی گـەورەی لـە ڕێگـای بەدەسـتهێنانی ئـازادی و سـەربەخۆیدا پێشکەش کرد[٣]، عێراق بزاڤی ئازادیخوازی لە وڵاتە ڕۆژئاواییـەکانی عەرەبـدا پاڵپشـت دەکـرد و لـە بـواری ڕامیـاری و سـەربازی و داراییـدا یارمـەتی پێشکەشکرد جگە لەو لایەنگیریە ڕەهایە کە جـەماوەری عێـراق بەرامبـەر بـە شۆڕشەکانی عەرەب لە و وڵاتانەدا دەینواند[٤].

## أ- جەزایر(الجزائر):

لـە چـەندین بۆنـە جیاوازەکانـدا ئەنجوومـەنی نوێنـەران بایەخـدانی گەورەیان سەبارەت بە دۆزی جەزایر نیشاندا، ئـەم دۆزە گرنگـی و هەنـدێکی گەورەی بەدەست هێنا، چونکە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی میللەتی عێراق بـوو سەبارەت بە جەزایر لە ڕێگای نوێنەرەکانیـەوە لـە ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا. دەنگ و بۆچوونی بگەیەنێتە دەسـەڵاتی جێبەجێکـەر لـە پێنـاوی پاڵپشـت و لایەنگری میللەتی عەرەب لە جەزایردا[٥].

---

[١] امين سعيد، الوطن العربي، مطبع دار الهلال، بيروت، د.ت، ص٦١.

[٢] المصدر نفسه، ص٤١-٤٢.

[٣] حنان سعود موسى، العراق والثورة الجزائرية، ١٩٥٤-١٩٦٢ رسـالة ماجسـتير جامعـة بغـداد، كلية الاداب، ١٩٨٣، ص٦٣-١١٠، بوعزيز، المصدر السابق، ص١٥ ومابعدها.

[٤] فكرت نامق عبدالرحمن، سياسة العراق الخارجية في المنطقة العربية(١٩٥٣-١٩٥٨) دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩١، ص٥٢١.

[٥] موسى، المصدر السابق، ص١٢٣.

نوێنەرانی کەرکووك بایەخێکی تایبەتیان بە دۆزی جەزایردا کاتێ ١٥ی نوێنەر پێشنیارێکیان بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢ئازاری ١٩٥٦دا پێشکەش کرد تێدا هاتبوو پێشنیار دەکەین کە ئەنجوومەن بڕیارێك دەربکات تێدا حکوومەت ڕاسپێردرێت کە بایکۆتی فەڕەنسا لە بواری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیدا بکات لەبەر ئەو هەموو تاوانانەی دەینوێنێت لە جەزایری عەرەبیدا ئەنجامی دەدات و ئەو سۆز و نزیکیەی کە لەگەڵ ئیسرائیلدا دەنوێنێت[1].

نوێنەری کەرکووك داود جاف پێشنیاری نوێنەرەکانی پاڵپشت کردو وتی: ئەرکەکەم وەك عێراقییەك و موسڵمانێك پاڵم پێوە دەنێت سەبارەت بە ستەمێ کە فەڕەنساویەکان سەبارەت بە برا جەزایرەکانمان ڕەوای دەبینن قسە بکەم من پاڵپشتی تەواو لەو برا ڕێزدارانەم دەکەم، لە حکوومەتی وقاردار حکوومەتی سەعیدی سیانزەهەم و بەتایبەت پایەبەرز وەزیری دەرەوە بورهان دین باش ئەعیان داخوازی دەکەم کە ریمونە نێودەوڵەتیەکان بگریتە بەر بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستدرێژیە ناڕەوایەی فەڕەنساویەکان سەبارەت بە میللەتی جەزایر ڕەوای دەبینن و فەڕەنسا تێبگەیەنرێت کە میللەتی عەرەب و میللەتە ئیسلامیەکان دژی ڕادەوەستن و پێویستە ئەم پێشنیارە[2] وەربگرێت و بخرێتە ئەنجامدانەوە هەروا ١٥ی نوێنەرەکە پێشنیارەکەیان بۆ ئەنجوومەن گەڕاندەوە، بەڵام وەزیری دەرەوە برهان الدین باش ئەعیان ڕوونی کردەوە ئەم پێشنیارە هەمان بۆچوونی

---

[1] نوێنەرانی کە ئو پێشنیارەیان واژوو کردبو بریتی بوون لە محمد خەلیلی سامی باش عالم و فەیسەل الدملوجی و مصلح نەقشبەندی الموصل وإسماعيل البصرة وعبدالغني الدللي المنتفك وجمال عمر نظمي اربيل، م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة الاجتماع الاعتيادي لسنة (١٩٥٥–١٩٥٦)، الجلسة(٢٧) في ٢٠/اذار/١٩٥٦، ص٤٨٠؛ ماهر و شاكر ماهر و توفيق مختار وعبدالكريم كنه عبدولمحسن الدورى و عبدالكريم كنه الازرى و جميل كبه بغداد، وحسن عبدالرحمن .

[2] المصدر نفسه، ص٤٨٤.

حکوومەتــە و حکوومــەت هــەرگیز لــە وەرگرتنــی هەڵوێســتی بــایکۆتکردن دواناکەوێت ئەگەر پێویستییەکی لەو بوارەدا[1] بەدیکرد وا دیارە بڕیارەکە بە دڵی حکوومەت نەبووە و پەسەندی نەکردوە بۆیە پێشنیارەکەی بەلاوە ناوەو خستوویەتە پشتگوێ.

نوێنــەری کــەرکووك ســەلمان بــەیات داخــوازی لــە حکوومــەتی عەبدولوەهاب مەرجان کە لە ١٥کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٧دا دامـەزرا کـردو لـە دانیشتنی گرێدراوی ٢٣ کانوونی دووەمـی ١٩٥٨دا، ئـەو یارمەتییـەی کـە بـۆ جەزایر تـەرخان کـراوە پترتـر بکرێـت و جـەزایر پێویسـتە بـژیێت چـونکە لـە قۆناغی خەباتێکی تاڵدایە و ئەو نەوتەی کە لەم دواییەدا تێدا دۆزرایەوە بووە نەگبــەتی و نەهامەتییــەك بەســەریەوە، بۆیــە ئاســان نییــە فەرەنســا دەستبەرداری بەرژەوەندیەکانی بێت دوای دۆزینەوەی نـەوت لـەو وڵاتـەدا[2]، کاتێ دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە جـەزایردا بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان بەسـەر موجاهیـدی جـەزایری جـەمیل بـوحیردا دوای دادگـایی کردنێکـی سـەربازی سەپاند.

سیانزدە نوێنەر کە نوێنەری کەرکووك سەلمان بـەیاتیش لـە نێوانیانـدا بۆ پێشنیارێکیان بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پێشکەش کرد تێدا هـاتبوو بـۆ ئەوەی رای گشتی تـووڕەو ناڕەزایـە بـەهۆی سـەپاندنی حـوکمی سـێدارەدان بەسـەر موجاهیـدی جـەزایر کیژۆڵـە جەمیلـە بـوحیرد و لەبـەر ئـەو دادگـا نومایشییەوە کە دەسەڵاتدارە سەربازیەکان دەرحەق ئەم کچە نواندیان.

تکایە بروسکەیەك بۆ سازمانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەوڵەتە گەورە زلهێزەکان ڕەوانە بکرێت بـۆ ڕاگرتنـی

---

[1] المصدر نفسه، ص٥٤٧.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابيـة الخامسـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي، لسـنة ١٩٥٧ الجلسـة(١) في ٢٣كانون الثاني ١٩٥٨، ص١٦٦.

فەرمانی جێبەجێ کردنی سێدارەدانی[1]، و پێشنیارەکە پەسەندکرا کاتێ خرایە دەنگدانەوە لە ڕێگەی ئاماژەوە و ئەنجوومەن نامەیەکی بۆ سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆنگریسی ئەمەریکا و ئەنجوومەنی گشتی نوێنەرانی بەریتانیا ڕەوانە کرد بە مەبەستی مەیانگیری لای حکوومەتی فەڕەنسا سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە و لەم بارەوە وەڵامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا گەیشتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڵێنی ڕاکێشانی دیدی حکوومەتەکەی بۆ ئەم دۆزە دابوو[2].

**ب- مەراکیش:**

ستەمکاری فەڕەنسا لە مەراکیشدا تەوژم و تێژییەکەی لە جەزایر کەمتر نەبوو ئەم بارودۆخە ٦١نوێنەری کە لە نێوانیاندا سێ نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە عەلی خادم السجادە و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و داود جاف پاڵپیوەنا کە پرۆتیستێکی فەرمی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن تێداهاتبوو دەستدرێژی و ستەمکاری ناڕەوای ئیستعماری فەڕەنسا لە مەراکشدا گەیشتووەتە پۆپەکەی لەم ڕۆژانەی دواییدا ژەنەڕاڵ جوان نوێنەری فەرەنسا هەڕەشەی لابردنی سوڵتانی کرد بوو ئەگەر هاتوو بە گوێی نەکات و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبێت و هەرئەمەیشە لە ٢٠ی ئابی ١٩٥١دا ئەنجام درا بۆدابینکردن و جێبەجێ کردنی نیاز و ئیستعماریەکانی فەڕەنسا، ئەم نوێنەرانەو داخوازییان کرد بروسکەیەك بۆ سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە گەورەکان و ئەنجوومەنی نوێنەرەکانیان و ئەنجوومەنی نوێنەرەکانیانەوە بە ناوی ئەنجوومەنی پایە بەرزەوە بۆ تۆمارکردنی دژایەتی و تووڕەیی میللەتی عێراق و ئەنجوومەن سەبارەت بەو کردەوە ناڕەوایەکە گردویانەتە بەر هەروەها داخوازییان کرد بروسکەیەك بۆ وڵاتە عەرەبەکان و

---

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٧٥ الجلسة(١٥) في ٣٠كانون الثاني ١٩٥٨، ص٢٦٠.

[2] المصدر نفسه، الجلسة(١٦) في ١شباط ١٩٥٨، ص١٨٣.

کۆمکاری عەرەب و ئەنجوومەنی نوێنەرانەکانیان بۆ کاری پێویست رەوانە بکرێت کە ئەو ڕێگانە بە پێداویست و زەرووری دەزانێت بگرێتەبەر بۆ سنووردانانی زیادەڕەوییەکان و دەستدرێژییەکانی فەرەنسا لە ڕێگای ئابووری و ڕامیارییەوە، تا ملکەچی داخوازیەکانی میللەتی مەراکش دەبێت لە پێناوی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیدا[1].

فەڕەنسا لە بەڕێوەبردنی سیاسەتە ئیستعمارییەکەیدا لە ڕێگەی ئاسن و ئاگرەوە شکستی هێنا ڕوویکردە بەکارهێنانی ڕێگا دبلۆماسییەکان ئەوەبوو مۆڵەتی بە سوڵتان محەمەدی کوڕی یوسف دا بگەڕێتەوە مەراکش، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سوڵتان کرد بە بۆنەی گەڕاندنەوەیەوە، سوڵتان سوپاسی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سەبارەت بە دۆزی مەراکش نواندبووی حکوومەتی نوری سەعیدی سیانزەهەم "١٧کانوونی یەکەمی ١٩٥٥–٨حوزەیرانی ١٩٥٧" و لە ١٠ی یسانی ١٩٥٦ بڕیاری دا دان بە مەغریب دابنێت وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ[2] دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە بڵاوکردنەوەی سەربەخۆییاندا.

٤- **شانشینی عەرەبیی سعوودی:**

پەیوەندییەکان لە نێوان عێراق و سعودیەدا دوای بەرپابوونی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا. چاك نەبوو بەهۆی ئەو دوژمنایەتییەوە کە لە نێوان هەردوو بنەماڵەی سعودیە و هاشمیدا هاتبووە کایەوە[3]، ئەم پەیوەندییە بەرەو چاکی نەدەڕۆیشت مەگەر دوای زنجیرەیەك لە چاوپێکەوتن و دانوستان و کۆنگرەوە سەرەتا لە کۆنگرەی المحەمەرەوە لە ٢٥ی ئەیاری

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١ الجلسة(٨) في ١٢شباط ١٩٥٢، ص٢٦٤–٢٦٧.

[2] نذير المصدر السابق، ص٥٠٢–٥٠٣.

[3] صادق حسن السوداني، العلاقات العراقية السعودية(١٩٢٠–١٩٣١) دراسة في العلاقات السياسية، مطبعة دار... بغداد، ١٩٧٦، ص٥٦–٥٨.

١٩٢٢ دەستی پێکرد بەهۆی دەستدرێژی و شالاوی وەهابیەکان بۆ سەر سنووری عێراق[(١)] تا ئەو دەمەی ڕێکەوتنامەی بەحرە لە یەکی تشرینی دووەمی ١٩٢٥ لە سەردەمی حکوومەتەکەی عەبدولموحسن سەعدوونی دووەمدا ڕێکەوتی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥-٩تشرینی دووەمی ١٩٢٦ گرێدرا پەیوەندییەکەیان ئاسایی بوەوە[(٢)].

حکوومەت لائحەی ڕێکەوتنامەکەی خستە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەکی شوباتی ١٩٢٦دا بۆ ڕەزامەندی نیشاندان و داکۆکی لەسەرکردنی. سەرۆك وەزیران عەبدولموحسین سەعدوون ڕوونی کردەوە کە ئامانج لە گرێدانی ئەم ڕێکەوتنامەیە پاراستنی عەشایرەکانی عێراقە لە شالاوی وەهابیەکان، تاوتوێکردنی لایحەکە لە لایەن ژمارەیەك لە نوێنەرانی ئەنجوومەنەوە تاوتوێکرا، بەلام نوێنەرانی کەرکووك کاتی لایحەکە خرایە دەنگدانەوە لەم تاوتوێکردنەدا بەشدارییان نەکرد، (٣٦) نوێنەر کە لە نێوانیاندا نوێنەری کەرکووك سەعید حاجی حوسێنی تێدا بوو دەنگیان بۆدا، بەلام (٢٧)نوێنەر لارییان نیشانداو دەنگیان بۆی نەدا کە (٣) نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە حەبیب تاڵەبانی و ڕەفیق(خادم السجادە)و نشأت ئیبراهیم دەبینران بۆیە لایحەکە بە زۆرینە قبوڵ کرا[(٣)].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێکەوتننامەیە گرێدرا بوو بەلام دەستدرێژی وەهابیەکان بۆ سەر سنووری عێراق هەر بەردەوام بوو، ئەمیشە کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر پەیوەندییەکان لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا

---

(١) بۆ زیاتر زانینی بڕوانە، الحسني، تاريخ الوزارات، ج١٠، ط٧، الصفحات ٨٠-١٥٥-٥٦٧، ج٢، ص١٦٢.

(٢) ڕێکەوتننامەی بەحرە لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بەسترا بۆ تیمارکردنی هەندێ لە گیروگرفت و دانانی سنوری بۆ دەستدرێژی وەهابیەکان و هاوکاری لە نێوانیاندا بۆ نەهێشتنی ئەم دەستدرێژیانە و سەرکوتکردنی ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن و ڕێکەوتننامەکە ١٥مادەی لەبەرگرتبوو بۆ پتر زانین بڕوانە، السوداني، المصدر السابق، ص٢٢٠-٢٣٥.

(٣) م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة(١٦) في ١شباط ١٩٢٦؛ جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤١٨)، في ١٢اذار ١٩٢٦.

هەبوو ئەم بارودۆخە تا ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بوو دوای ئەم مێژووە بەرەو چاکی ڕۆیشت[(١)].

٥- کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان:

بەریتانیا هەوڵ و کۆششی کرد بۆ دروستکردنی شێوەیەك لە پەیوەندیی لە نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا بۆ ئەوەی ڕێگربێت لە دروستبوونی یەکێتییەکی گشتی لە نێوانیاندا بۆیە پاڵپشتی پڕۆژە یەکگرتنانەی (ئیتیحادیەکانیان) کە لەم بارەوە کەوتبوونە ڕوو دەکرد[(٢)].

ئەم هەوڵانە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کاتێ حەوت وڵات کە بریتی بوون لە عێراق و سوریا و سعودیەو میسرو لوبنان و یەمەن و ئوردن برۆتۆکۆلێکیان لە ٧ی تشرین یەکەمی ١٩٤٤دا لە ئەسکەندەرییە واژووکرد، تێدا بەڵێنیان دابوو لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمکاری عەرەب دامەزرێنن کۆمکاری عەرەب[(٣)] لە ٢٢ی ئازاری ١٩٤٥ بە واژووکردنی حوکمڕان و پاشاکانی حەوت دەوڵەت سەبارەت بە میساقەکەی لە قاهرەدا لە دایك بوو و ئەم میساقە لە سەردەمی حکوومەتەکەی حەمدی پاچەچی ڕێکەوتی ٢٩ی ئابی ١٩٤٩-٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٤٦داکۆکی لەسەرکرا[(٤)].

حکوومەتی حەمدی پاچەچی دووەم لایحە یاسای داکۆکی میساقی کۆمکاری وڵاتە عەرەبەکانی بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٧ی ئازاری ١٩٤٥دا پێشکەش کرد[(٥)].

---

(١) بۆ زانینی زۆرتر سەبارەت بە دەستدرێژی وەهابیەکان و ئەو کردەوانەی کە حکوومەتی عێراق و نەجد گرتیانەبەر بۆ کاراکردنی ڕێکەوتنامەی بەحرە. بڕوانە: السوداني، المصدر السابق، ص٢٤٤ومابعدها.

(٢) ابراهيم شريف، الشرق الأوسط دراسة الاتجاهات سياسية الاستعمار حتى قيام ثورة ١٤تەمموز ١٩٥٨ في العراق، شركة دار الجمهورية، بغداد، ١٩٦٥، ص١٩٠.

(٣) تشوفسكي، المصدر السابق، ص٥٦٣-٥٦٤.

(٤) عبدالله كاظم عباس، دور العراق السياسي في جامعة الدول العربية(١٩٤٥-١٩٥٨) رسالة ماجستير جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٨٩، ص٤٠-٤٣.

(٥) الحسني، تاريخ الوزارات، ج٦، ط٧، ص٢٣٢.

دوای تاوتوێکردنی لەلایەن نوێنەرەکانەوە لایحەکە خرایە دەنگدانەوە بە کۆی دەنگی (٦٨) نوێنەر قبووڵ کرا، نوێنەرانی ئامادەبووی کەرکووك کە بریتیبوون لە جەمیل قیردار و سلێمان فەتاح و عبدالوهاب تاڵەبانی و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی دەنگیان بۆ لایحەکەدا لە کاتێکدا دارا داود و داود جاف لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون[1].

نوێنەرانی کەرکووك لە تاوتوێکردنی ئەو لایحانەی کە پەیوەندی ئابووری و ڕامیاری و سەربازیەکان لە نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا توکمە و بەهێز دەکرد بەشدارییان کرد، کاتی تاوتوێکردنی ڕاپۆرتی کاروباری سەربازی و دەرەوەی هاوبەش سەبارەت بە لایحە یاسای داکۆکی عەهدنامەی بەرگری هاوبەش و هاوکاری ئابووری لە نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا کە حکوومەتی سەعیدی یانزەهەم لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٥٠-١٠ی تەممووزی ١٩٥٢ کە لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٥٠ دا دامەزرا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی هاوردبوو.

نوێنەری کەرکووك (علي خادم السجادة) وتی: جێی خۆشحاڵییە کە حکوومەتە عەرەبیەکان پاش شەڕی جیهانی دووەم کە ژیانێکی نوێ لە لاشەیاندا بەدی دەکەی، هەروەها هۆشیارییەك هاتووەتەکایەوە بەرەو پێشەوە پاڵی پێوەدەنێت بۆ شوێنێك کە خەیرو سەربەرزی و یەکێتییانی تێدایە.

ئەم عەهدنامەیە میوەیە کە لە میوەکانی هۆشیاری میللی عەرەبی، کە دەیانکاتە بلۆکێکی یەکگرتوو و تۆکمە کە لە بەرامبەری هەر دەستدرێژکەرێکدا هەر کاتێ لە دەرەوە پەیدابوو ڕادەوەستێت و بەرگری دەکات بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە پێویستە لەشکرە عەرەبیەکان بەهێز بکەین و نوێترین کەلوپەلی سەربازی پۆشتەی بکەینەوە و لە یادی نەکەین ئێمە لە

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية العاشرة، ألاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٤ الجلسة(٢٧)، في ٢٧اذار ١٩٤٥، ص٣٥١-٣٥٢.

سەردەمی ئالات و ئەبزاری نوێدابن، نەك لە سەردەمی ژمارەدا، لێرەدا دەتوانرێ بوترێ وتەی ئەم نوێنەرە ئاگادارکەرەوەی حکوومەتە عەرەبیەکان دەژمێردرێ سەبارەت بە پێداویستی بەهێزکردن و تۆکمەکردنی پەیوەندییەکانیان و یەکێتی بۆچوون و تەکانیان بۆ ئەوەی لە توانایاندا بێت مەترسی و خەتەرە دەرەکییەکان پوچەڵ بکەنەوە.

پێداویستی پێشکەوتنی پیشەسازی بەتایبەت لە بواری سەربازی و نیزامیدا، لە سەردەمی وەزارەتی سەعیدی دوازدەهەمدا (٣ ئابی ١٩٥٤–١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥) ڕێکەوتننامەی ئاسانکاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ڕێکوپێك کردنی بازرگانی (ترانزێت) و ڕێکەوتننامەی گوێزانەوەی سەرمایەکان لە نێوان دەوڵەتەکانی کۆمکاری عەرەبدا پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد بۆ پاڵپشتیکردنی بزاڤی بازرگانی و پاڵپشتی ئابورییەکانیان کاتی دەنگدان، سەبارەت بە لایحەکە بە کۆی دەنگی ئامادەبووان کە (٨١) دەنگ بوو قبووڵ کراو لە دەنگدانەکەدا لە نوێنەرانی کەرکوك ئەمانەی کە ناویان دەهێنین ئامادەبوون، ئەمین هەمەوەندی، سەلمان بەیات و کامل یەعقوبی و مەحموود بابان، و لە دانیشتنەکەدا ئیبراهیم نەوتچی و ئەمین قیردار و حوسێن خانەقاو داود جاف ئامادەنەبوون[1].

لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا گرێدراوی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦ نوێنەری کەرکوك داود جاف هیوای خواست کە سەرجەم تەنگژەو تگەرەکان لە نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا نەمێنێت، لەم بارەوە، وتی: هەر عێراقییەك چی لە باکوور یا وەك لە باشوور هەست بە پێویستی یەکێتی و یەکڕیزی دەکات، لەگەڵ ئەمەیشدا تەگەرەکان بەرجەستەو بەرچاون ئەگەر

[1] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٤–١٩٥٥، الجلسة(٢) في ٤كانون الاول ١٩٥٤، ص٢٠–٢١.

كەسێك بیەوێ بۆ یەكێك لە وڵاتە عەرەبیەكان سەفەر بكات وەك بێگانەیەك سەیری دەكەن وەكو ئەوەیە بۆ وڵاتێكی بێگانە سەفەر بكات بە بۆچوونی من ئەمە ڕاست نیە، بەهیوام پایەبەرز وەزیری دەرەوە(بورهان الدین باش ئەعیان) لایحەیەك سەبارەت بە لابردنی پەساپۆرت و فیزا لە نێوان وڵاتە عەرەبیەكاندا پێشكەش بكات، چونكە بەرژەوەندی لەوەدایە ئەم كۆسپ و تەگەرانە لابرێن، بۆ هاندانی نزیك بوونەوەو پتەوكردنی خۆشەویستی لە نێوان وڵاتە عەربیەكاندا، وا بزانم ئەمە هەر عەرەبێكی وەفادار بە وڵاتەكەی و یەكێتی عەرەب ڕەزامەندی لەسەرێتی و مەوردی قبوولێتی و نوێنەرەكان لە پاڵپشتی ئەم بیرۆكەی یەكێتییەدا چەپڵەیان بۆی لێدا[1].

---

[1] المصدر نفسه، الاجتماع الاعتيادي لسنة (١٩٥٥–١٩٥٦) الجلسة(١١) في ١٥كانون الثاني ١٩٥٦، ص١٨٢.

## جیٚ باسی دووەم

## نوێنەرانی کەرکووك و سیاسەتی دەرەوە

نوێنـەرەکانی کـەرکووك لـە تـاوتێکردنی سیاسـەتی دەرەوەی عێراقـدا سەبارەت بە وڵاتە بێگانەکان و وڵاتە ئیسلامییەکان بە ئامـانجی پەرەپێدانی پەیوەندییـە نێـو دەوڵەتیـەکانی عێـراق و بـەهێزکردنی قـەوارەی ئـابووری و ڕامیاری و عەسکەری ئەو وڵاتە بەشداریان کرد.

**١- سیاسەتی عێراق لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکاندا:**

سـەبارەت بـە پەیوەنـدی عێـراق لەگـەڵ دەوڵەتـە ئیسـلامییەکاندا نوێنەرانی کەرکووك بایەخێکی تایبەتییان پێبەخشی چونکە ئەم پەیوەندییـە گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

**أ- ئێران (إيران):**

دانپێنـانی ئێـران بـە ڕژێمـی پاشـایەتی عێـراق (٢٣ی ئـابی ١٩٢١) دواکەوت، چونکە لە ٢٥نیسانی ١٩٢٩ [١]دانی پێداناو ئیعتیرافـی پێکـرد، ئـەم دواکەوتنە ئامانجەکەی فشار بۆ سـەر حکوومەتـەکانی عێـراق دەژمێـردرا بـۆ پشت ڕاستکردنەوەی سنوور لە ڕووبـاری عەرەبدا و پێـدانی ئیمتیازاتێـك بـە ئێرانییەکان[٢].

ئەم پەیوەندیانەی عێراق و ئێـران لەسـەرخۆو بـەهێوری ڕوو لـە چـاکی ملی دەنا، بەڵام ئەم پەیوەندیانە لە دواییدا بەرەو ناسـازگاری ڕۆیشـت کاتـێ ئێران بینی کە عێراق ئامادەنییە لە هیچ مافێکی خۆی بۆ ئێـران لـە ڕووبـاری عەرەبـدا* دەسـت بـەرداربێت و بێتـە خـوارەوە بـەهۆی کاریگـەری شۆڕشـە

---

[١] الضابط، العلاقات الدولية، ص١٠٦.

[٢] نذير: المصدر السابق، ص٥٠٨.

* ئـەم عەهدنامانـە لـە عەهدنامـەی سـنوری ١٩٣٧و عەهدنامـەی خـولی تێکچـوون لـە ڕێگـای ئاشتییەوە و عەهدنامەی دۆستایەتی ١٩٣٧ و ڕێکەوتنامەی تایبەت بـە تـەنزیمی کاروبـاری لێژنەی سنور بۆ بتر زانین بڕوانە: الضابط، العلاقات الدولية، ص٢١٢-٢٣١.

سەربازیەکەی بەکر سدقی دوای دامەزراندنی وەزارەتەکەی حکمەت سلێمان لە ڕێکەوتی ٢٩ی تشرین یەکەمی ساڵی ١٩٣٦ ئێران کەوتە تەلاش و تەکاپووەوە بۆ ئەوەی بارودۆخی نائارامی عێراق بقۆزێتەوە بۆ واژۆکردنی عەهدنامەیەك لەگەڵ عێراقدا کە ئارەزوو ئامانج و تەماحی لە ڕووباری عەرەبدا بێنێتەدی لە بەرامبەری چارەسەری هەموو گیرگرفتەکانی سنوور کە لە نێوانیاندایە و ئەوەی دەیویست لە ٤تەمووزی ١٩٣٧دا بۆی هاتەدی و عەهدنامەی سنووری عێراق و ئێران لە تەهراندا[1] واژووکرا حکوومەتەکەی جەمیل مەدفەعی چوارەم (١٧ی ئابی ١٩٣٧-٢٤کانوونی یەکەمی ١٩٣٩) لایحەکانی چوار عەهدنامەی لەگەڵ ئێراندا بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی گرێدراوی ١٦ی ئازاری ١٩٣٨ پێشکەش کرد یەکەمیان داکۆکی کردنی عەهدنامەی سنوور کە دەماقاڵەو تاوتوێکردنێکی توندو تیژ لە ئەنجوومەندا لە نێوان ژمارەیەك لە نوێنەرەکان و سەرۆك وەزیران جەمیل مەدفەعی و وەزیری دەرەوە تەوفیق سویدی ڕوویدا، بەڵام نوێنەرەکانی کەرکووك لەم تاوتوێکردنەدا بەشدارییان نەکرد[2].

کاتێ لایحەکە خرایە دەنگدانەوە (٨٢)نوێنەر لە کۆی (٩٢)نوێنەر ڕەزامەندییان لەسەری خستەڕوو و نوێنەرانی کەرکووکی ئامادەبوو کە بریتی بوون لە ئەحمەد یەعقوبی و جەمیل بابان و حوسێن نەوتچی و عاسی العەلی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی ڕەزامەندیان نیشاندا لە دانیشتنەکەدا نوێنەر ئەحمەد ئاغای کەرکووکلی ئامادە نەبوو[3].

ئەنجوومەنی نوێنەران سەبارەت بە سێ لایحەکەی تر داکۆکی لەسەر کرد ئەویش میساقی سەعد ئاباد* و عەهدنامەی یەکلاکردنەوەی

---

[1] المبارك، المصدر السابق، ص١٨٤ومابعدها؛ الضابط، العلاقات الدولية، ص٢١٢.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٧، الجلسة(١٢) في ١٦اذار ١٩٣٨، ص١٧١.

[3] المصدر نفسه، ص١٨٣.

* میساقی سەعد ئاباد: عێراق و ئێران و تورکیا و ئەفغانستان واژووی ئەم میساقەیان لە تەهراندا لە ڕێکەوتی ٨تەمووزی ١٩٣٧کرد میساقەکە هەشت بەندی لەخۆ دەگرت کە بۆ

گیروگرفتـەکان لـە ڕێگـەی ئاشـتییەوە و عەهدنامـەی دۆسـتایەتی لـە نێـوان هـەردوو دەوڵەتەکـەدا نوێنـەرانی کـەرکووك سـەبارەت بـەم عەهدنامانـە و تەیـەکیان نـەبوو ئەنجوومـەن بـە کـۆی دەنـگ دەنگـی بـۆ هەرسـێ لایحەکـە خستەڕوو[1].

پەیوەندیـەکانی عێـراق و ئێـران هـەموارو یەکڕاسـت و بەیـەك شـێوەو سافوسووڵ نەبوە بەڵکو لە رزۆك و بـەرزو نزمـی بەخۆیـەوە بینیـەوە چـونکە ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا ٣ی تشرین دووەمی ١٩٥٥ کاتێ ئێـران جـاڕی داو ئیعلانـی کـرد کـە دێتـە نێـو هاوپـەیمانی بەغـدای ئیسـتعمارییەوە ئـەم پەیوەندیە دوای ئـەم ڕووداوە سـەقامگیر بـوو تـا بـەرپابوونی شۆڕشـی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨[2].

ب- تورکیا:

عەهدنامـــەی عێـــراق و بـــەریتانیا و تورکیـــای ســـاڵی ١٩٢٦ لـــە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا بەسترا و تورکیا بە پێی ئەم عەهدنامەیـە دانـی بـەوەدانا کە ولایەتی مووسـڵ بەعێراقـەوە پەیوەنـد بێـت و سـنوور لـە نێـوان هـەردوو دەوڵەتەکەدا دەست نیشان بکرێت[3].

حکوومـــەتی عەبدولموحســـین ســـەعدوونی دووەم (٢٦ی حـــوزەیرانی ١٩٢٥-١ی تشـرین دووەمـی ١٩٢٦) لایحـە یاسـای عەهدنامەکـەی لـە ٢٤ی

---

خزمەتی دەوڵەتەکانی ئەم هاوپەیمانیە بەکاردەهێنرا لەگەڵ ئەمەشدا ئەم میساقە ئامـانجی ئەوەبوو کە پشـتوێنێك لـە دەوڵەتـەکانی ئـەم پەیمانـە دروسـت بکـات دژی مەترسـیەکانی کۆمۆنیزم بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی بوو لە گرێدانیدا بۆ بتر زانـین بڕوانـە: المبـارك، المصـدر السابق، ص١٨٤-٢٠٣.

(1) م.م.ن، الدورة الانتخابية الثامنة، الاجتماع الاعتيـادي، لسـنة ١٩٣٧ الجلسـة (١٧) في ١٦اذار ١٩٣٨، ص١٨٥-١٩١.

(2) نذير: المصدر السابق، ص٥١٠.

(3) عوني عبـدالرحمن السـبعاوي، العلاقـات العراقيـة التركيـة(١٩٣٢-١٩٥٨) دار الكتـب للطباعـة والنشر، الموصل، ١٩٨٦، ص٢٢-٢٣.

حوزەیرانی ١٩٢٦دا پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد و عەهدنامەکە بە هێوری لە ئەنجوومەندا تێپەڕی وا دیارە ئەم ئاسان تێپەڕبوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دۆزی مووسڵ لە بەرژەوەندی عێراق یەکلاکرابووەوە، ئەنجوومەن بە کۆی دەنگی ئامادەبووان کە (٨٠)نوێنەر لە کۆی (٨٨)نوێنەر داکۆکیان لەسەر عەهدنامەکە کرد ئەو نوێنەرانەی کەرکووکە کە دەنگیان لە بەژەوەندی عەهدنامەکەدا بریتیی بوون لە نشأت ئیبراهیم و رەفیق خادم السجادە و سەعید حاجی حوسێن و حەبیب تاڵەبانی.

پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا گەشەی کرد[1] و بەرەو پێشەوە رۆیشت کاتێ لە نێوان هەردوو لادا ژمارەیەك لە عەهدنامەی بازرگانی و ئابووری و سەربازی کە لە نێوانیاندا عەهدنامەیەکی بازرگانی بەدیدەکرا.

کە لە سەردەمی حکوومەتەکەی نوری سەعیدی دووەمدا (١٩ی تشرین دووەم ١٩٣١–٢٧ی تشرین یەکەمی ١٩٣٢) لە ١٢ئازاری ١٩٣٢دا بە کۆی دەنگی نوێنەرە ئامادەبووەکان کە (٥١)نوێنەر دەبوون واژوکرا و لە نێوان ئەو نوێنەرانەدا سێ نوێنەری کەرکووك کە بریتی بوون لە حەبیب تاڵەبانی و سلێمان فەتاح و مستەفا یەعقوبی دەبینران[2].

لە راستیدا تەنگژەو تەنگو چەڵەمەو قەیرانی کاریگەر تووشی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا نەبووە، لەگەڵ سنووردارییەتی ئەو پەیوەندییانە سەقامگیری بەخۆیەوە بینی دوای میساقێك لە نێوانیاندا رێکەوتی ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥ لە بەغدادا کە پەیماننامەی بەغدای ئیستعماری لێکەوتەوە سەقامگیری بەخۆیەوە بینی[3].

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٢٥ الجلسة(٥٤) في ٢٤حزيران ١٩٢٦، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٦٦)، في ١٩اب ١٩٢٦.

[2] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٢، الجلسة(٣٠) في١٢اذار ١٩٣٢، ص٢٢٠–٢٢١.

[3] السبعاوي، المصدر نفسه، ص٢٧٩.

گفتوگۆکـانی نوێنـەرەکان سـەبارەت بـە سیاسـەتی دەرەوەی عێـراق لەگەڵ دەوڵەتە ئیسـلامییەکاندا لـە چوارچێوەیەکی گشـتیدا دەسـووڕایەوە، عێـراق چـەند عەهدنامەیـەکی دۆسـتایەتی لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە دەوڵەتـە ئیسلامیەکاندا گرێدا کە لە نێوانیاندا عەهدنامەی دۆستایەتی نێوان عێراق و ئەفغانسـتان کـە ئەنجوومـەن لـە (٢٩ی نیسـانی ١٩٣٣)[١]دا و عەهدنامـەی دۆستایەتی لەگەڵ پاکستاندا کە لە ٢٣ی نیسـان ١٩٥٠ داکـۆکی لەسـەر کـرد بەدی دەکرا[٢].

هـەروەها عەهدنامـەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئەندەنوسـیادا کـە لـە ٢٦ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٧گرێـدراو داکـۆکی لەسـەر کـرا[٣]، سـەبارەت بـەم سیاسـەتە نوێنـەری کـەرکوك عـەلی(خادم السـجادە) خۆشـحاڵی خـۆیی دەربـارەی ڕووکردنـی سیاسـەتی دەرەوەی عێـراق بـەرەو دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان نیشـانداو گرنگـی ئـەم سیاسـەتەی سـەبارەت بـە دەوڵەتـە ئیسلامییەکان بوو بەرگری لە بـوون و کیانیـان چـونکە ئەگـەر موسـڵمانەکان یەگبگرن و یەکدەست ببن دەبنە بلووکێکی یەکرپز کە یەکێکیان پشتی ئەوی تریـان لـە خۆشـی و ناخۆشـیدا دەگرێـت، بـەم شـێوەیە تـەماح و ئـارەزووی بێگانەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە دوور دەکەوێتەوە[٤].

٢- **سیاسەتی عێراق بەرامبەر بە دەوڵەتە بێگانەکان.**

سیاسـەتی دەرەوەی عێـراق تاڕادەیـەکی زۆر پەیوەنـدی لەگـەڵ

---

[١] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الرابعـة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي، لسـنة(١٩٣٣)، الجلسـة(١٢) في ٢٩نيسان ١٩٣٣، ص٨٩-٩٠.

[٢] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٩، الجلسة(٢٥) في ٢٣نيسان ١٩٥٠، ص٣٣٤-٣٣٥.

[٣] المصدر نفسه، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٦، الجلسة(٤) في ٢٦كانون الثاني ١٩٥٧، ص٤٦-٤٧.

[٤] م.م.ن، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة عشـر، ألاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥١، الجلسـة(٨)، في ١٢شباط ١٩٥٢، ص٨٦.

سیاسەتی بەریتانیادا هەبوو هەروەك عێراق سەربەخۆیی بە ڕووکەش بەدەست هێنابوو و ببووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا ساڵی ١٩٣٢، بەڵام ئەمەیش دەسەڵاتی ئیستعماری بەسەریەوە هەڵنەدەگرت[١].

## أ- پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیا:

### ١- کێشەی مووسڵ:

لە ئەنجامی شکستی دەوڵەتی عوسمانیەوە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە کەوتە ڕوو، بەریتانیا مووسڵی داگیرکرد دوای بڵاوکردنەوەی شەڕ ڕاوەستانی(هدنة مودروس(Modrus) ڕێکەوتی ٣٠ی تشرین یەکەمی ١٩١٨ بەپێی مادەی حەوتەمی شەڕ ڕاگرتن، تورکیا داگیرکردنەکەی لە دیدی خۆیەوە[٢]. بە ڕەوا نەبینی و پێچەوانەی مەرجەکانی شەڕ ڕاگرتنی زانی.

تورکیاو بەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزاندا کە لە ٤٣ی نیسانی ١٩٢٣دا گرێدرا سەرنەکەوتن بگەنە ڕێکەوتنێك سەبارەت بە کێشەکەیان ئەوە بۆ دۆزەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان(عصبة الامم) دوای ئەو ماوەی کە کۆنگرەی لۆزان دیاریکردبوو بۆ دۆزینەوەی چارەیەك سەبارەت ئەم کێشەیە لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا چونکە سەبارەت بەو دۆزە نەگەیشتبوونە چارسەرێك[٣].

ئەوەبوو ئەنجوومەن لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٤دا بڕیاریدا لێژنەیەکی نێو دەوڵەتی بۆ خوێندنەوەی بارودۆخەکە لە ولایەتی مووسڵدا دەست نیشان بکات، لێژنەکە ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندی بەکێشەکەوە لە بۆچوون و بیروڕای خەڵکی ولایەتی مووسڵ کەڵکی لێ وەرگرت و ڕاپۆرتەکەی لە ١٦تەمووزی ١٩٢٥دا بۆ ئەنجوومەن بەرزکردەوە و ئەنجوومەنیش

---

[١] فرح، المصدر السابق، ص٥٨.
[٢] حسین، مشكلة الموصل، ص٣٨-٤١.
[٣] صالح، المصدر السابق، ص٧٣.

ڕاپۆرتەکەی بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی ڕەوانەکرد بۆ تێڕوانینی[1] و بڕیار لەسەردانی نوێنەرەکانی کەرکوک نەخشێکیان لە ئەنجوومەنی بنەڕەتیدا (المجلس التأسيسي) سەبارەت بە دۆزی مووسڵ هەبووە کاتێ بەرگرییان لێکردووە و داخوازی پێویستی هەموارکردنەوەیان کردووە لە کاتی دانوستان سەبارەت بە عەهدنامەی عێراق و بەریتانیای ساڵی ١٩٢٢[2]، ئەم دۆزە نوێنەرانی ئەنجوومەنی سەرگەرم کردبوو کە نوێنەرانی کەرکووکیشیان لە نێوانیاندا بوو (١١)نوێنەر کە نوێنەرانی کەرکووک حەبیب تاڵەبانی و ڕەفیق(خادم السجادە) و نشأت ئیبراهیم لە نێوانیاندا دەبینران پێشنیارێکیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد کە ئەنجوومەن بروسکەیەکی سوپاسگوزاری ئاراستەی (ئیمری) وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا بکات بۆ پاڵپشتیکردنی لە دۆزی مووسڵ لە (کۆمەڵەی گەلان)دا[3]، و ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە نوێنەرانی کەرکووک لە دۆزی مووسڵ پاڵپشت دەکەن نەك بۆ پاڵپشتکردنی سیاسەتی بەریتانیا وەکو ژمارەیەك لە نوێنەرەکانی ئەنجوومەن بۆی دەچوون.

ئەمەیش بە ڕوونی لە دانوستانەکەی نوێنەری مووسڵ ئەرشەد عومەری لە وەڵامی نوێنەرەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت[4]، ئەنجوومەنی نوێنەران بروسکەیەکی سوپاسگوزاری ئاراستەی (ئیمری) کرد و بەو ناوەڕۆکەوە[5]

---

[1] المصدر نفسه، ص٧٣-٧٤.

[2] بڕوانە بەشی یەکەم لە تەوەرەی سێهەم.

[3] جگە لە نوێنەرەکانی کەرکوك (ضياء شريف) و ئەرشەد عومەری و یوسف خەیات(مووسڵ) و ئیسماعیل ڕەواندوزی و عەبدوڵڵا موخلیس(هەولێر) و محەمەد منیر(بەغدا) و ئەمین زەکی(سلیمانیە) و ئەحمەد حالەت (کوت). بڕوانە: م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥ الجلسة(٣١) في ٣٠ايلول ١٩٢٥، جريدة الوقائع العراقية العدد(٣٥٧) في ٢٠شباط ١٩٢٦.

[4] م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥، الجلسة(٣١) في ٣٠ايلول ١٩٢٥، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٣٥٧)، في ٢٠شباط ١٩٢٦.

[5] المصدر نفسه،

کۆمەڵــەی گــەلان لــە ١٦ی کــانوونی یەکــەمی ١٩٢٥دا لەســەر ڕۆشــنایی ڕاپۆرتەکــەی لێژنــەی نێودەوڵــەتی و بڕیــاری دادگــای دادی نێودەوڵــەتی سەبارەت بە ناوچەی ناکۆکی لەسەرەکان بێتە نێو مەملەکەتی عێراقەوە[١].

٢- پەیماننامەی (١٩٢٦):

دوای دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان(عصبة الأمم) لە ١٦تـەمموزی ١٩٢٥ بە مانەوەی ناوچە نـاکۆکی لەسـەرەکان لـە نێـو سـنووری عێراقـدا لـە یەکێ لە بەندەکانی بڕیارەکەدا بانگهێشتی حکوومـەتی بـەریتانیا کرابـوو کـە عەهدنامەیـەکی نـوێ لەگـەڵ عێراقـدا پێشـکەش بـە ئەنجوومـەن بکـات کـە (ئینتداب) بۆ ٢٥ساڵی تر[٢] بەسەر عێراقدا مسۆگەر بکات، بەپێی ئـەو بەنـدە دانوستان لە نێوان عێراق و بەریتانیادا بۆ گرێدانی عەهدنامەیەك لە نێوانیاندا بـەپێی ئـەوەی لـە بڕیارەکـەی کۆمەڵـەی گەلانـدا هـاتبوو دەسـتی پێکـرد و عەهدنامەکە لە لایەن حکوومەتی عەبدولموحسین سەعدوونی دووەمەوە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥-١تشرینی دووەمی ١٩٢٦ لە ١٣کانوونی دووەمـی ١٩٢٦دا واژوکرا و دوای واژوکردنی یەکڕاست پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرا.

ئـەم عەهدنامەیـە بـە بـەردەوام بـوون و درێـژەی عەهدنامەکـەی ١٩٢٢ دەژمێردرێـت چـونکە هـیچ شـتێکی گۆڕانکـاری بەسـەردا نـەهاتبوو تـەنها ماوەکـەی نـەبێت[٣]، حکوومەتەکـەی عەبدلموحسـن سـەعدوونی دووەم لـە دانیشـتنی ئەنجوومـەنی گرێـدراوی ١٨ی کـانوونی دووەمـی ١٩٢٦دا لایحـە یاسـای عەهدنامەکـەی پێشـکەش کـرد و تـاوتوێی عەهدنامەکـە بـە پەلـەکرا بەپێی پێشنیاری نوێنەری بەسرە محەمەد سەعید عەبدولواحد ئەنجوومـەنی نوێنەران بە کۆی دەنگی ئامادەبووان کە ژمارەکـەیان (٥٨) نوێنـەر دەبـوون لە کۆی (٨٨)نوێنەر کە نوێنەرانی کـەرکووکیش لـە نێوانیانـدا دەبینـران کـە

---

[١] صالح، المصدر السابق، ص٧٤.

[٢] الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ص١٣٠.

[٣] المصدر نفسه، ص١٣٢.

بریتــی بــوون لــە حــەبیب تاڵــەبانی و محەمــەد عــەلی قــیردار و ڕەفیــق خــادم السجادە و لە کاتێکدا لە دانیشتنەکەدا ســەعید حــاجی حوســێن ئامادەنــەبوو چونکە پێش دەنگدان هۆڵەکەی بەجێ هێڵا بوو لەگەڵ (١٨)نوێنەری تردا کــە بە نیشاندانی ناڕەزایی و لاری سەبارەت بە عەهدنامەکە[1] هۆڵەکــەیان بــەجێ هێڵابوو، ئەوەی شایەنی سەرنج ڕاکێشانە نوێنــەرەکانی کــەرکووك ســەبارەت بــەم عەهدنامەیــە دانوســتانیان نــەکرد و کەســێکیان هۆڵەکــەی ئەنجوومــەنی بەجێ نەهێڵا و ئەمەیش بەڵگەیە کە پاڵپشتی سیاسەتی حکوومەتیان کردووە سەبارەت بە بەریتانیا.

### ٣- پەیماننامەی ١٩٢٧:

ئۆپۆزســیۆنی نیشــتمانی و حکوومەتــە عێراقیــەکانی بــەدوا یەکتریــدا هاتووەکــانیش هەوڵیانــداوە ڕێکەوتننامــە واژۆکراوەکــان لەگــەڵ بــەریتانیادا پشتڕاســتبکەنەوە بــۆ بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی. حکوومــەتی جەعفــەر عەســکەری دووەم ٢١ی تشــرین دووەمــی ١٩٢٦-٨کــانوونی دووەمــی ١٩٢٨ بــەڵینی دابــوو هەوڵــەکانی چــڕبکاتەوە بــۆ پشتڕاســتکردنەوەی عەهدنامــەو ڕێکەوتنامەکــەیان پەیوەســت پێیــەوە بــۆ ئــەنجام دانــی ئامۆژگارییــەکانی ئەنجوومەنی بنەڕەتی عێراق[2].

دانوستان لە نێوان لایەنی عێراقی و بەریتانیادا لە قــەرارگای وەزارەتــی موســتەعمەراتی بــەریتانیا لــە لەنــدەن دەســتی پێکــرد، لایــەنی بــەریتانیا سەبارەت بە واژووی عەهدنامە نوێکە کە شانزە مــادەی دەربــارەی ڕێکوپێــك کــردن و تــەنزیمی پەیوەندیــەکان لــە نێــوان هــەردوو لایەنــدا لــە ٢٥ی تشــرین یەکەمی ١٩٢٧ تا ١٤کانوونی یەکەم[3] لەبــەرگرتبوو، کــاتی دەبــردەە ســەر و

---

(1) م.م.ن، الدورة الانتخابية الأولى، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٦، الجلسة(١٢) في ١٨كانون الثاني ١٩٢٦، العدد(٣٩٨)، في ٤شباط ١٩٢٦.

(2) Al-Adhammi, op.cit, PZIA. 215.

(3) الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ص١٧٦-١٨٠.

یەکلایی نەدەکردەوە حکوومەتی عێراق لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧[1] داکۆکی لەسەر کردو دانی پێدانا بەڵام ئەم عەهدنامەیە خرایە پشتگوێ، دوای ئەوەی پێنج وەزارەتی عێراق شکستی هێنا لە داکۆکی لەسەرکردنی و جێبەجێ کردنیدا بەهۆی چالاکی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانییەوە چونکە عەهدنامەکە ئامانجەکانی میللەتی عێراقی بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بەراورد نەدەکرد[2].

٤- پەیماننامەی ١٩٣٠:

مەلیك فەیسەڵی یەکەم دامەزراندنی وەزارەتی خستە ئەستۆی نوری سەعید دوای دەست لە کارکێشانەوەی وەزارەتەکەی ناجی سویدی کە لە ٩ی ئازاری ١٩٣٠ دا و ڕێکەوتی ٢٣ی ئازاری ١٩٣٠ دایمەزراند، واژۆکردنی عەهدنامەیەکی نوێ لەگەڵ بەریتانیادا کەوتە ئەستۆیەوە، دانوستان لە ٥ی نیسانی ١٩٣٠وە دەستی پێکرد و سێ مانگی خایاند، هەردوو لایەنەکە گەیشتنە قەوارەی عەهدنامەیەکی نوێ لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا[3].

بۆ وەزارەتەکەی نوری سەعید دژوار و سەخت بوو کە عەهدنامە نوێکە کە حکوومەتەکەی سەعدوونی سێیەم هێنابووی لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا تێپەڕێنێت بۆیە دەستی کردە هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەکی تەمموزی ١٩٣٠دا و بە مەبەستی دەستکردنە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێی دۆزی داکۆکی و دانپێدانانی عەهدنامەکەی پێڕاسپێردرێت[4].

حکوومەتەکەی عەبدولموحسین سەعودنی سێیەم عەهدنامەکەی خستە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٦ی تشرین دووەمی ١٩٣٠دا تاوتوێکردن و

---

[1] أحمد وحميدي، المصدر السابق، ص٦١-٦٨.

[2] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٣، ط٧، ص٩.

[3] الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ص٢٥٠-٢٦١.

[4] الحسني، تاريخ الوزارات، ج٣، ط٧، ص١٨.

دانوستانێکی فراوان سەبارەت بە عەهدنامەکە کرا، بەڵام نوێنەرانی کەرکووك لەو تاوتوێکردنانەدا نەخشێکیان نەبوو[1].

ئەنجوومەنی نوێنەران داکۆکی لەسەر لایحەکە بە (٦٩) دەنگ کە لە نێوانیاندا سەرجەم دەنگەکانی نوێنەرانی کەرکووکی تێدابوو کە بریتی بوون لە حەبیب تاڵەبانی و سلێمان فەتاح و مستەفا یەعقوبی و محەمەد عەلی قەیردار، هەروا (١٣)نوێنەریش لارییان خستەڕوو، لە کۆی نوێنەرەکانی ئامادەبوو لە ئەنجوومەندا کە ژمارەکەیان (٨٢)نوێنەر لە کۆی نوێنەرەکان کە (٨٨)نوێنەر بوون[2]، نوێنەرانی کەرکووك پاڵپشتی سیاسەتی حکوومەتی عێراقیان سەبارەت بە بەریتانیاو هاوپەیمانی لەگەڵیدا دەکرد، لە دانیشتنێکی نهێنی ئەنجوومەنی نوێنەران پێشنیازێ کە لە لایەن بیست نوێنەرەوە کە دوو نوێنەری کەرکووکی تێدا بوو واژووکرا لە پێشنیارەکەدا هاتبوو: میللەتی عێراق کە ئەنجوومەنی نوێنەرانە کە نوێنەرایەتی دەکات سەروسەربردەی خۆی سەبارەت بە بەریتانیای مەزن ڕادەگەیەنێت و نیاز و ئارەزووی خۆی بۆ بەردەوام بوونی دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵیدا دەخاتەڕوو دوای کۆتایی هاتنی عەهدنامەی ١٩٣٠[3].

ئەم پێشنیارە لە سیاسەتی حکوومەتەکاندا سەبارەت بە بەردەوام بوونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەریتانیادا کە بە درێژایی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا بەردەوام بوو پاڵپشت دەکات.

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٠ الجلسة(٧) في ١٦تشرين الثاني ١٩٣٠، ص٨٧-٩٢.

[2] المصدر نفسه، ص٩٢-٩٤.

[3] ئەم پێشنیارە ناوی نوێنەرانی کەرکوکی نەگرتوەبەر تەنها واژوویەك نەبێت کە لە ژێریدا نوسرابو نوێنەری کەرکوك هەر بەم شێوەیە سەبارەت بە ژمارەیەکی تری نوێنەرەکان کە پێشنیارەکەیان واژوکردبو. د.ك.و، اضبارة مجلس النواب.، رقم(١٤-٢)، ملف رقم(٣٢١١/١) وثيقة رقم٥، ص٧.

**ب– نەتەوە یەکگرتوەکان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان:**

بەپێی وتاری وەصی عەبدوالالە لە ٢٠ی تشرین دووەمی ١٩٤٢دا و یەکسانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئامانجەکانی میساقی ئەتلەسیدا ١٤ئابی ١٩٤١.

(٣٢)نوێنەر لە ١٢تشرین دووەمی ١٩٤٢ ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد تێدا پاڵپشتکردنی خۆیان بۆ پەیوەندی عێراق بە میساقی ئەتلەسیوەو هاتنە ڕیزییەوە خستبوویانە ڕوو بۆ مسۆگەر کردنی بەشداری عێراق لە کۆنگرەی ئاشتیدا دوای کۆتایی هاتنی شەڕو بەدەست هێنانی ئازادی وڵاتە عەرەبییەکان.

سەبارەت بەمە نوری سەعید سەرۆك وەزیران یاداشتێکی سەبارەت بەم دۆزە پێشکەش کرد تێدا هەوڵ و کۆششی عێراق بۆ هاتنەڕیزی بڵاوکراوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا[1]، ڕوونکردبوەوە و فەرمانی پاشایەتی لە ١٣کانوونی دووەمی ١٩٤٣ سەبارەت بە هاتنەڕیزی عێراق بۆ بڵاوکراوەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوو[2].

حکوومەتی نوری سەعید لایحەکەی خستە پێش ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٦کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا و سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە تەوفیق سویدی ڕوونکردنەوەیەکی درێژیان سەبارەت بە بڵاوکراوەکە پێشکەش کرد و ژمارەیەك لە نوێنەرەکان لایحەکەیان تاوتوێکرد بەڵام نوێنەرانی کەرکووك لەم بارەوە هیچیان نەگوتو نەخستەڕوو[3].

کاتی دەنگدان لەسەر لایحەکە بە کۆی دەنگ ئامادەبووان کە ژمارەیان (٦١) نوێنەر دەبوو کە لە نێوانیاندا نوێنەرانی کەرکووك ئەمین هەمەوەندی و

---

[1] الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٥، ط٧، ص١٠٤.

[2] الجواري، المصدر السابق، ص١١٠.

[3] م.م.ن، الدورة الانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٢، الجلسة(٨)، في ١٦كانون الثاني ١٩٤٢، ص٦٥.

فایەق تاڵەبانی و جەمیل قیردار دەبینران قبووڵ کرا، بەڵام لـە دانیشـتنەکەدا دارا داودەو داود جاف و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی ئامادە نەبوون[1].

دوای واژووکردنـی لایحەکـە لـە لایـەن ئەنجوومـەنی نوێنەرانـەوە نـوری سەعید بوونی بارودۆخی شەڕی لە نێوان عێراق و دەوڵەتەکانی میحـوەردا لـە نیـوە شـەوی ١٧/١٦ کـانوونی دووەمـی ١٩٤٢ خسـتەڕوو[2]، و عێـراق بـە شـێوەیەکی فـەرمی قبـوڵکرا کـە بێتـە ڕیـزی بڵاوکراوەکـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە پـاش ڕەزامەنـدی ولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا لـە ٢٤کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا[3].

ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بانگهێشتێکی ئاراستەی عێراق کرد بۆ بەشـداری لـە کـۆنگرەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا کـە بڕیـاری گرێـدانی لـە ٢٥نیسانی ١٩٤٥دا لە سان فرانسیسکۆی ولایەتە یەکگرتوەکان درا.

عێـراق لـە کۆنگرەکـەدا ئامـادەبوو و محەمـەد فـازل جـەمالی میسـاقی نەتەوە یـەکگرتوەکانی و نیـزام و پـەیڕەوەکانی دادگـای دادی واژوکـرد دوای ئەوەی حکوومەتەکەی حەمدی پاچەچی دووەم ٢٩ی ئابی ١٩٤٤–٢٩کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دەسەڵاتی پێدا، بۆ ئەنجامـدانی ئـەو کـارە دوای پاشەکشـێی سەرۆکی نێردراوی عێراق ئەرشەد عومەری[4].

حکوومـەتی حەمـدی پاچەچـی لایحـەی یاسـای میسـاقی نەتـەوە یەکگرتوەکان و نیزامی سەرەکی دادگای دادی نێودەوڵەتی پێشـکەش کـردە ئەنجوومـەنی نوێنـەران لــە دانیشـتنی گرێـدراوی ٢٠ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٤٥دا[5]، لایحەکە لە لایەن ژمارەیەك لە نوێنەرەکان تـاوتوێکرا ئەنجوومـەن

---

(١) المصدر نفسه، ص٧٩–٨٠.

(٢) الحسني، تاريخ الوزارات، ج٥، ط٧، ص١١٩–١٢٠.

(٣) الجواري، المصدر السابق، ص١١٣.

(٤) حميدي، المصدر السابق، ص١٤٦.

(٥) م.م.ن، الدورة الانتخابيـة العاشـرة، الاجتمـاع غـير الاعتيـادي، لسـنة(١٩٤٥)، الجلسـة(٩)، في ٢٠تشرين الثاني، ١٩٤٥، ص٢.

داکۆکی لەسەر کرد زۆربەی (٥٧) دەنگ لە کۆی (٥٩)دەنگی ئامادەبووان و دوو نوێنەر لارییان نیشاندا کە بریتی بوون لە مەحموود رامز نوێنەری بەغداد و ئەحمەد جەلیلی نوێنەری مووسل و لە دەنگدانەکەدا لە نوێنەرانی کەرکووک سلێمان فەتاح و محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی ئاماد بوون، لە کاتێکدا نوێنەرەکانی تر لە دانیشتنەکەدا ئامادەنەبوون کە بریتی بوون لە جەمیل قیردار و دارا داودەو داود جاف و عەبدولوەهاب تالەبانی[1].

عێراق بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا دوای داکۆکی کردنی میساق و نیزامە سەرەکییەکەی[2]، دوای شەڕی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) دەوڵەتە گەورەکان لە ڕۆژئاوادا دەستیان کردە پەیوەندانی ڕۆژهەڵاتی عەرەب و دەوڵەتە هاوسێیەکانی لە پرۆژەو پەیماننامەیەکدا لەگەڵ دەوڵەتە ئیستعمارگەرەکاندا لە شێوەی ڕێکەوتننامەی ئاسایشی ناوچەییدا کە ئامانجە سەرەکییەکەی پاڵپشتی تەواوی سەهیونییەکان بو و دروست کردنی دیواریك لەبەردەم بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزمدا لە وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتە هاوسێیەکان دا، ئەم پرۆژانە لە بڵاوکراوەیەکی سێ قۆڵیدا ساڵی ١٩٥٠ کە بریتی بوون لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا لە هەوڵێکدا بۆ لەنێوبردنی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە بەرامبەر مەترسی کۆمۆنیزمدا و پرۆژەی سەرکردایەتی خاوەرمەیانەی ساڵی ١٩٥١ خۆی نواندو کەوتە ڕوو.

ولایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا و تورکیا پێشنیاریان کرد فەرماندەییەکی باڵای هاوپەیمانان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و وڵاتە هاوسێیەکاندا و سازمانێکی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکرێت، دوای شکست هێنانی پرۆژەی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم

---

[1] المصدر نفسه، ص٣٢-٣٣.

[2] فرح، المصدر السابق، ص٥١.

پرۆژەیە لەگەڵ پێشوەکەیدا لە ئامانجەکانیاندا جیاوازییەکی نەبوو و ئەم پرۆژەیە بەریتانیاو ولایەتە یەکگرتوەکان و فەرەنسا و تورکیا و ئوسترالیاو نیوزلەندەو یەکێتی باشوری ئەفەریقای گرتوەبەر، هەروەها پرۆژەی پشتوێنی باکور (North Therntier) لە ساڵی ١٩٥٣دا کە لە یۆنان و تورکیا و عێراق و پاکستان پێکهاتبوو[١]، بۆ هەمان هۆ و کاتی پرۆژەکانی تر، هەوڵ و تەقەلای ڕۆژئاواییەکان بۆ پیادەکردن و ئەنجام دانی پرۆژەکانیان لە دەڤەرەکەدا شکستی هێنا، بۆیە دەستی کردە نزیك کردنەوە ولآتەکانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتریدا، سەرکەوتنی ڕوونی بەدەست هێنا، لە چوارچێوەی جەخت لە بەرنامەی هاوکارییە سەربازیەکان.

یەکەمین هەنگاو لەم لایەنەوە لە دووەمی نیسانی ١٩٤٥نرا، ئەوەبوو تورکیا و باکستان عەهدنامەی دۆستایەتیان واژووکرد[٢]، تەنها عێراق و ئێران مانەوە عەهدنامەیەکی دووانەیان سەبارەت بە پەیوەندانی هەر چوار دەوڵەتەکە بۆ گەیشتنە ئامانجە گەورەکە کە دامەزراندنی هاوپەیمانییەك بوو کە سەرجەم ئەو دەوڵەتانە بگرێتەوە بەر و ئەم هەولآنە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کاتێ سەرۆك وەزیرانی تورکیا عەدنان مەندەریس سەری لە عێراق دا ڕێکەوتی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥دا و لەگەڵ لایەنی عێراقیدا گەیشتنە گرێدانی میساقێکی عێراق و تورکیا ڕێکەوتنی ٤شوباتی ١٩٥٥ لێکەوتەوە[٣].

---

[١] سەبارەت بەم پرۆژانە و هەلوێستی عەرەبەکان بروانە: حسین طعمه شذر، موقف الحرب في مشاريع الدفاع الغربية في منطقة الشرق الأوسط(١٩٥٠–١٩٥٤)، مجلة شؤون عربية العدد(٩٥)، ١٩٩٨، ص٩٧–١١١؛ شريف، المصدر السابق، ص١٩٦ومابعدها.

[٢] شذر، المصدر السابق، ص١١٢.

[٣] احمد نوري الزعيمي، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ص٢٣٩.

دوایی هەریەك لە بەریتانیا لـە ٣٠ی ئـازاردا و لـە پـایزی سـاڵی ١٩٥٥دا ئێران و پاکسـتان[١] هاتنـە ڕیـزی ئـەم میسـاقەوە ولایەتـە یـەکگرتوەکان بـە نازناوی ئەندامی چاودێر هاوبەشی کرد لە میساقەکەدا.

لەبەر مەترسی ئـەوە پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ میسـر و سـعودییەدا تێـك نەچـێت کــە دژی میســاقەکە بــوون[٢]، بــەم جــۆرە بــەریتانیا و ولایەتــە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەو پڕۆژانەی کە لە پێشدا لە دەستیان دابوو بۆیـان هاتەدی بایەخدانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بـە دەڤـەری ڕۆژهـەڵاتی عەرەبی وڵاتە دراوسێیەکان لەگـەڵ پتربـوونی مەترسـییەکەیدا سـەبارەت بـە خەتەری یەکێتی سۆڤیەت وەکو لە زمانی سـەرۆکی ئەمـەریکا ترومانـەوە لـە ١٤ی ئەیاری ١٩٥١دا بیسترا[٣]، کەوتەڕوو، بۆیە عێراق کەوتە بـەر بایەخـدانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ بەستنی سیاسەتەکەی لە پڕۆژەیەکی ئابووریدا بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا[٤].

حکومەتەکەی نوری سەعیدی یازدەهەم لە ١٧ی ئەیاری ١٩٥١دا لایحە یاسـای داکـۆکی لـە ڕێکەوتنامـەی گشـتی سـەبارەت بـە خـاڵی چـوارەم بـۆ هاوکاری هونەری لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا[٥] پێشـکەش بـە ئەنجوومـەنی نوێنەران کرد.

تــاوتوێ دەربــارەی کــرا لــە لایــەن ژمارەیــەك لــە نوێنەرەکانــەوە نوێنەرەکانی کەرکووك بەشدارییان تێدا نەکرد دەنگدان سەبارەت بە لایحەکە ئەنجامدرا (٩)نوێنەر کە لە نێوانیاندا (٧)نوێنەری کەرکووك کـە بریتـی بـوون لە ئەمین هەمەوەندی و داود جاف و عەبدوڵلا سـلێمان بـەیاتی و عـەلی خـادم

---

[١] نشوفسكي، المصدر السابق، ص٣٦٠.
[٢] نذير: المصدر السابق، ص٤٨٢.
[٣] عبدالفتاح، المصدر السابق، ص٢٤٩–٢٥١.
[٤] المصدر نفسه، ص٢٥١.
[٥] م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة ١٩٥٠، الجلسة(٥١)، في ١٧ايار ١٩٥١، ص٩٢٠.

السجادەو محەمەد حاجی نوعمان وەنداوی و عەبدولوەهاب تاڵـەبانی و نـاجی هـورمزی دەبینـران، لـە کاتێکدا نوێنـەر ئەحمـەد یـەعقوبی ئامـادە نـەبوو و حەوت نوێنەریش لارییان سەبارەت بە لایحەکە نیشاندا[1].

نوێنەرەکانی کەرکوك لە تاوتوێکردنی ئەنجوومەنی نوێنەران سەبارەت بە پەیوەندی عێراق بە میساقە نێو دەوڵەتیەکانەوە و تاچی ڕادەیەك عێـراق لەم میساقو ڕێکەوتنامانەدا قازانج وەردەگرێت بەشدارییان کـردووە نوێنـەری کەرکوك مەحموود بابان سەبارەت بە قەوارەی ئەو یارمەتییانەی کـە عێـراق لــە لایــەن نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە وەریگرتبــوو قســەی کــرد، کاتــێ تـاوتوێکردنی لایحـە یاسـای داکـۆکی ڕێکەوتنامـەی بنـەڕەتی سـەبارەت بـە یارمەتیە هونەرییەکان گرێدراو لە نێوان عێراق و نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا لـە دانیشتنی گرێدراوی ٢٠ی ئازاری ١٩٥٤و لـەم بـارەوە وتـی: سـەرۆك وەزیـران فازل جەمالی لە یەکێ لە دانیشتنەکاندا وتی: نەتەوە یەکگرتووەکان ها لە ژێر کارگەری و نفوزو کۆنترۆڵی ئیسرائیل و سەهیۆنیەتی جیهانیدایە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئایا ڕاستە کە ڕەوڕەوەی سیاسەتی دەرەوەمان ببەسـتینەوە بـە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە؟

لــە وەزیــری دەرەوە عەبــدوڵڵا بکــر پرســیاری کــرد، ئێمــەو دەوڵەتــە عەرەبی و ئیسلامیەکان چیمان بردەوە لە هاوکاریمان لـە چالاکییەکانی ئـەم ئەنجوومەنــەدا بــۆ مــاوەی ئــەم دە ســاڵە، خۆیشــی وەڵامــی دایــەوەو وتــی: هیچمان لەم ئەنجوومەنـە بەدەسـت نەکـەوتووە تـەنها دروسـتبونی دەوڵـەتی ئیسرائیل نەبێت لـە نیشـتمانەکەماندا و ئـەو شکسـتە تاڵـەی کـە لـە زۆربـەی کارەکانماندا ڕووبەڕووی بوینەتەوە.

لــە قســەکانیدا داود جــاف نوێنــەری کــەرکوك پاڵپشــتی لێکــرد، خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەو سۆزی ئاینی ئیسـلامی پـاڵی پێـوە دەنـا کـە وتی: ئەوەی ئیسرائیلی خوڵقاند ئەمەریکاییەکان بوون و لەبەر خۆشەویستیم

---

[1] المصدر نفسه، ص٩٢٦–٩٢٧.

سـەبارەت بـە وڵاتـە عەرەبيـەكان و ئـاينى ئيسـلاميم نـەيارى خـۆم تۆمـار دەكەم[1].

وتەكـــەى نوێنـــەرى كـــەركوك وەك ڕەخنەيـــەك ســـەبارەت بـــە حكوومەتەكەى فازل جەمالى يەكەم ٧ئەيلوولى ١٩٥٣-٢٥ى شوباتى ١٩٥٤ كە هێشتا نـەيارى حـوكمڕانى تـا دامەزرانـدنى وەزارەتـى دووەم لـە ٨ى ئـازارى ١٩٥٤دا[2]، بـە ئەسـتۆيەوە بـوو دەژمێـردرا، چـونكە حكوومەتەكـەى لەگـەڵ نەتـەوە يەكگرتوەكانـدا هاوكـارى دەكـرد، هـەروەك دانـى بـەوەدانابوو كـە ئەنجوومەن لەژێر نفوزو دەسەڵاتى سەهيونيەتى جيهانيدايە و لـە ٧ى ئـازاردا ئەنجوومەنى نوێنەران دەنگيان لەسەر لايحەكـەداو (٥٦)نوێنـەر ڕەزامەنـديان لەسەركرد كە لە نێوانياندا (٤)نوێنەرى كەركوك كە بريتى بوون لـە ئيـبراهيم نەوتچـى و سـەعيد قـەزاز و عەبـدوڵلا سـلێمان بـەياتى و كامـل يـەعقوبى و (١٥)نوێنەر كە لە نێوانيانـدا دوو نوێنـەرى كـەركوك داود جـاف و مـەحموود بابان دەبينران لە نوێنەرانى كەركووك ئەمين هەمەوەندى و ئەمين قـيردار لـە دانيشتنەكەدا ئامادە نەبوون[3].

كاتى تاوتوێكردنى ڕاپۆرتى وەڵامى وتارى عەرشەوە كە حكوومەتەكەى عەبـدولوەهاب مـەرجان ١٥ى كـانوونى يەكـەمى ١٩٥٧-٢٠ئـازارى ١٩٥٨ ئامادەى كرد بۆ نوێنەرى كەركووك سەلمان بەيات قسەى كـردو ڕەخنـەى لـە سياسەتى دەرەوەى حكوومەت و ئەو حكوومەتانەى كە لـە پێشـيدا دروسـت بووبوون گـرت و ميسـاقى بەغـدايش كەوتـە بـەر لێشـاوى ڕەخنەكـەى و لـەم بارەوە وتى: عێراق ڕازى بوو كە لەگەڵ ڕۆژئـاوادا لـە سياسـەتى دەرەوەيـدا بڕواتە ڕێوەوە و چووە ڕيزى ميساقى بەغدادەوە چى لەو ميساقە بردەوە بـۆ

---

(1) المصدر نفسـه، الـدورة الانتخابيـة الثالثـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي، لسـنة ١٩٥٣-١٩٥٤، الجلسة(٢٦) في ١٢اذار ١٩٥٤، ص٥٨٢.

(2) المصدر نفسه، ص٥٨٣.

(3) م.م.ن، الدورة الانتخابية الثالثـة عشـرة، الاجتمـاع الاعتيـادي لسـنة ١٩٥٣، الجلسـة(٢٧)، في ١٧اذار ١٩٥٤، ص٥٨٩-٥٩١.

نموونه نەخشی لە دۆزی فەلەستین و جەزایر و لە بەهێزکردنی عێراقدا و یارمەتی دانی لە ڕووی عەسکەری و هونەرییەوە چی بوە..؟ و جەختی لەسەر پێویستی سوودوەرگرتن لە میساقەکە بە شێوەیەك بێت بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا دابین بکات ئەوەی دەولەتەکان بە دەولەتەکانی ترەوە دەبەستێت و پەیوەند دەدات بەرژەوەندیە ئێمەو بەرپرسانی ولآت ئەرکمانە کە بەدەولەتەکانی میساقەکە ڕاگەیەنین بە تایبەتی بە ئەمەریکا بلێین ئێمە لە پاداشتی ئەم هاوکاریە لە گەلتاندا بەهاییکمان دەوێت و ئەم یارمەتی دانانە جیاوازی خستە نێوانمانەوە نێوان عێراق و سوریا و میسر و هیچیشمان لە ئێوەوە بەدەست نەگەیشتووەو یەك لە سی بوجەکەمان بۆ بەرگری تەرخان کردووە و دەبوایە ئینگلتەراو ئەمەریکا ئێمەی بە چەك و تفاقی جەنگی پۆشتە بکردایەتەوە، بۆ ئامادەکردن و ئاراستەی لەشکرێکی بەهێز نەوەك لە خوراکی هەژارو نەدارەکان، ببرێن بۆ ئەم مەبەستە[1].

لێرەدا دەبینین بۆچوون و دیدی نوێنەرەکە ڕاستە لە شیکردنەوەی بارودۆخەکەدا و ئاسەوارو کاریگەری بەسەر عێراقدا لە ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتییەوە، چونکە میساقەکە ولآتە عەرەبەکان لە یەکتری دوورکردەوە و کاریگەری لە ئابووری ولآتدا هەبوو سەبارەت بە ئامادەکردنی لەشکرێکی بەهێز بە پالپشتی داهاتە ئابوورییەکانی ولآت و لە ئەنجامدا ئاسەواری بەسەر سەرجەم کۆمەلی عێراقەوە هەبوو.

**ج– نەمسا (النمسا):**

لەگەل ئەوەیشدا کە نوێنەرانی کەرکوك پالپشتی حکوومەتە عێراقیەکانیان دەکرد بۆ هاوکاری لەگەل دەولەتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت لەگەل دەولەتەکانی تردا پەیوەندیەکان بپچرێت.

---

[1] م.م.ن، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٧، الجلسة(١١) في ٢٣كانون الثاني ١٩٥٥، ص١٦٣–١٦٤.

له دانیشتنی ئه‌نجوومه‌نی نوێنـه‌رانی گرێـدراوی ٣ی کـانوونی دووه‌مـی ١٩٥٣، نوێنـــه‌ری کـــه‌رکووك مـــه‌حموود بابـــان ســـه‌باره‌ت بـــه‌ قـــه‌واره‌ی په‌یوه‌ندییـــه‌کانی عێـــراق له‌گـــه‌ڵ نه‌مســـادا، دوا داخـــوازی دامه‌زرانـــدنی کونســولْخانه‌یه‌ك یـا بالیۆزخانه‌یـه‌ك لـه‌ نه‌مسـادا لـه‌ پاڵپشـی پاراسـتنی به‌رژه‌وه‌ندی عێراقیه‌کان له‌و وڵاته‌دا کرد، چونکه له‌م ساڵانه‌ی دواییدا بووه‌ته هاوینه‌هه‌وارێکی ئه‌ورووپایی که عێراقیـه‌کان کـه‌ زۆری بـۆی ده‌چـن و له‌وێـدا قوتابیانی عێراقی که له‌سـه‌ر بودجـه‌ی حکوومـه‌ت یـا وه‌ك موچـه‌ی تایبـه‌تی خۆیان به‌زۆربه‌یان له‌وێدا ده‌ژین، هه‌روه‌ها بووه‌ته جێگایه‌ك بۆ قوتابیـانی تـر که بۆ ده‌رس خوێندن له ئه‌وروپاوه بۆی ده‌ڕۆن[1].

نوری سه‌عید به‌ڵێنی به نوێنه‌ره‌که‌دا که له‌م باره‌وه وردبێته‌وه و خۆی به‌م دۆزه بایه‌خێکی تایبه‌تی پێیده‌دات[2]، بـه‌م شـێوه‌یه ڕۆڵـی نوێنـه‌ره‌کانی که‌رکووك له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی عێراقدا و سه‌باره‌ت به ده‌وڵه‌تـه عـه‌ره‌بی و ئیسـلامییه‌کان و بێگانه‌کانـه‌وه ده‌رده‌کـه‌وێت هـه‌روه‌ها پاڵپشـتکردنی دۆزه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کان.

---

(1) المصـدر نفسـه، الاجتمـاع الاعتيـادي، لسـنة ١٩٥٤ الجلسـة(١٢) في ٣كـانون الثـاني ١٩٥٥، ص٢٢٠.

(2) المصدر نفسه، ص٢١١.

# کۆتایی

سـەردەمی پاشـایەتی(١٩٢١–١٩٥٨) لـە مێـژووی عێراقـی هاوچـەرخدا بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە ڕووداوە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پێـدا تێپـەڕیوەو بەسـەریدا هـاتووە، کـەرکووکیش بـەو قـووڵایی مێـژووی و شارسـتانیەتەکە هەبوویـە ئـەو ڕووداوانـە کاریگـەرییان تێکـردووەو ئـەویش کاریگەری بەسەر ڕووداوەکان و قەیرانەکاندا لە هەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەبووە، خوێندنـەوەی ڕۆڵـی نوێنـەرەکانی کـەرکووك لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقـدا لـەو ماوەیـەدا خسـتنەڕووی هەڵوێسـتە جیاوازەکانیـان لـە نێـو ئەنجوومەنـدا نەخشـی ئـەم پارێزگایـە لـە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتدا ڕوون دەکاتەوە.

ئـــەزموونی بەرلـــەمانی لـــە ســـەردەمی دەســـەڵاتی عوسمانییەکانـــدا هۆشیارییەکی دیمکراسی سەرەتایی لە لای ڕۆڵـەکانی عێـراق بـە شـێوەیەکی گشـتی و پارێزگـای کـەرکووك بەتایبـەتی خولقانـد و داخـوازی پـەیڕەوی لـە قەواریـەکی دیمکراسـی دەسـتوری بکـەن لـە ڕێگـای ئـەو نەخشـەوە کـە لـە ئەنجوومـەنی نێردراوانـی عوسمانیـدا دەیـانبینی و بـەرگرییان لـە دۆزەکـانی نیشتمانەکەیان عێراق.

کـاتی شـەڕی جیهـانی یەکـەم لـە ئـابی ١٩١٤دا بـەرپابوو دەوڵـەتی عوسمانی چووە پاڵی ئەڵمانەکانەوە و عێراق بووە گۆڕەپانێکی شەڕ لە نێوان بەریتانیاو دەوڵەتی عوسانیدا، کە داگیرکردنی عێراقی لە لایەن بـەریتانیاوە و شکستی دەوڵەتی عوسمانی لێکەوتەوە بارودۆخە ڕۆڵەکانی عیراقی ناچـارکرد کە لە وڵاتەکەیان بەرگری بکەن و یەکڕیز و پاڵپشتی یەکتری بـن لـە خەباتـدا دژی بەریتانیای داگیرکەر.

هەڵوێســتیان ســەبارەت بــەو دیمکراســیە دوور لــە ڕاســتییەوە کــە داگیرکەران گرتبویانە بەر بخەنەڕوو دوای بەرپابوونی حوکمڕانی نیشتمانی لە عێراقـدا ٢٣ی ئـابی ١٩٢١ و شـێوەی حـوکمڕانی لـە وڵاتـدا ببێتـە پاشـایەتی

دەستووری بەرلەمانی دەستنیشانکرا، بۆیە پێویست بوو ئەنجومەنێك لەم دۆزانە بکۆڵێتەوە دامەزرێت ئەوە بۆ ئەنجوومەنی بنەڕەتی کە سەبارەت بە عەهدنامەی عێراق و بەریتانیای ساڵی ١٩٢٢ یاسای بنەڕەتی(الدستور) و یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەران دامەزرا ڕۆڵەکانی کەرکووك بەشدارییان لە ئەنجوومەندا کردو ئەنجوومەن ئەو دۆزە سەرەکییانەی کە هۆی دروست بوونی بوون بە ئەنجام گەیاند.

ئەنجوومەنی بنەڕەتی ئەرکەکانی جێبەجێ کرد، یاسای بنەڕەتی و یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی بەرلەمان کە زەمینە خۆشکەر بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی نوێنەران لە وڵاتدا بە ئەنجام گەیاندو ڕۆڵی ڕۆڵەکانی کەرکووك لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی بەرلەماندا بۆ نوێنەرایەتی کەرکووك و ئەو بارودۆخەی کە هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەچوو و پێویستە لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی دەسەڵاتی جێبەجێکەر سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنی نوێنەران بکەین، چونکە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرد بە مەبەستی سەرکەوتن و بردنەوەی زۆربی لایەنگیرانی حکوومەت و دەسەڵات و دەتوانرێ بوترێت کە ئەنجوومەن لەژێر کاریگەری ئەو حکوومەتانەدا بووە و دەستی نەدەپاراست لەوەی ئەنجوومەن هەڵوەشێنێتەوە هەرکاتێك هەستی بە بوونی نەیارییەکی بەهێزی لە ئەنجوومەندا بکردایە، هەروەك زۆربەی نوێنەرەکانی کەرکووك نوێنەرانی حکوومەت یاوەك لە لایەنگیرانی سیاسەتەکەی بوون بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نەخشیان لە لایەنگیری ئەو سیاسەتانەدا کە حکوومەت گرتبوویە بەر چڕ بووبێتەوە، چونکە بوونێکی چالاکانەیان هەبووە لە تاوتوێکردنەکانی ئەنجوومەندا سەبارەت بە لایەنە گشتییەکان لە ڕێگای تاوتوێکردنی بودجەی دارایی گشتییەوە بە درێژایی ماوەی تاوتوێکردنیداو لایحە یاساییەکان و مەراسیمەکاندا کە دەسەڵاتی جێبەجێکەر دەری دەکرد و سەبارەت بەو پرسیارانەی کە نوێنەرەکان ئاراستەی وەزیرەکانیان دەکرد، لە پاڵ ئەو ڕووداوانەو دۆزانەدا کە لەم ماوەیەدا ڕوویدا کە ڕەنگدانەوەی لە ئەنجوومەندا هەبووە نوێنەرەکان ڕاو بۆچوونی خۆیان و پێشنیار و ڕێگە

چارەیان بۆ ئـەم دۆزانـە دەخسـتەڕوو بـەڵام ئـەوەی شـایانی باسـە هـەروەك زۆربەی نوێنەرەکانی کەرکووك کورد بـوون بـەڵام هەڵوێسـتیان سـەبارەت بـە تاوتوێکردنی دۆزی کورد لاوازبووە ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت کە نوێنەرەکانی کـەرکووك سـەر بـە حکوومـەت بـوون ئـەو حکوومەتـەی کـە بـە دەسـتێکی ئاسنینی لە زۆربەی ڕووداوەکاندا کە لەو دەڤەرەدا ڕوویدەدا لە کوردەکانیـان دەدا، بەڵکو هەندێ لە نوێنەرەکان کە لـە میللەتـەکانی تـر بـوون نەخشـییان لەوان لەم بوارەدا بەهێزتر بوو لەگەڵ ئەوەیشـدا هەنـدێ هەسـت لای هەنـدێ نوێنــەرەکانی کــورد ســەبارەت بــە بــارودۆخی کۆمەڵایــەتی نــاخۆش کــە بەرزانییــەکان تێــدابوون و داخــوازی ئاگــالێبوون و گەڕاندنــەوەیان بــۆ دەڤەرەکانیان بەدی دەکرێت وەکو ئاماژەمان پێکرد ڕۆڵـی نوێنـەرەکان هـەر لایەنێکی نەگرتووە بەڵکو سەرجەم بارودۆخی گشتی لە وڵاتدا بەتایبـەت لـە ژیانی ئابووریدا کە هەموو داهاتە گرنگەکانی وەك کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بازرگـانی و نـەوت و شـتی تریشـی لـەخۆدەگرت و کاریگـەری بەسـەر ژیـانی کۆمەڵایەتیەوەو کۆشش و کردار بـۆ خۆشـگوزەرانیی و پێشـکەوتنی وڵات لـە ڕوانگــەی کۆمەڵایەتییــەوە و داخوازییــان بــۆ دابینکردنــی خزمــەتگوزاری تەندروسـتی و پەرەپێـدانی فێربـوون و پـەروەردەو پەیوەنـددانی عێـراق بـە تـۆڕێکی ڕێگەوبانـەوە و گەیانـدنی خزمـەتگوزاری ئـاو و وزە بـۆ سـەرجەم دەڤەرەکان و هاوسانبوون لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیەتدا کە دەسکەوتی جیهـانی بـووە دەگرتـەوە. عێـراق وڵاتـی شارسـتانیەت و فـەڕو بەرەکەتـە و ئەمەیش وای کردووە کە ئیستعمارگەران چاوی تێبڕن.

وەکـو باسمـان کـرد کەوتـە بـەر لێشـاوی داگیرکردنـی ئینگلیزەکـان و کەوتە ژێر دەسەڵات و نفوزییـەوە، سیاسـەتی عێـراق لـە نـاوخۆ و دەرەوەدا کەوتە ژێر کاریگەری دەوڵەتە ئیستیعارییەکانەوە بەتایبەت بەریتانیا و هـەوڵ و کۆششـی بـۆ پەیوەنـددانی عێـراق بـە سیاسـەتەکەیەوە بـەروونی بەرچـاو دەکـەوت بۆیـە میللـەتی عێـراق خـەباتێکی بـێ وچـانی لـە ڕێگـای ڕزگـاری و سـەربەخۆیی لـە نفـوز و دەسـەڵاتی ئیسـتعمارگەران بـە شـێوەیەکی تـەواو دەستی پێکـرد، نوێنـەرەکانی کـەرکووك بایـەخێکی تـەواویان بـە سیاسـەتی

عێراقـی نـاوخۆ و دەرەوەیـان دەدا و سـەرجەم ڕووداوەکـان کـە وڵات پێـدا تێدەپەڕی بەهەند وەریان دەگرت و ئارەزوویان بۆ پاڵپشتکردنی ئەو هـەوڵ و کۆششـە خەیرخوازانـە بـۆ ڕزگـاربوون لـە هـەموو شـێوەیەکی دەسـەڵاتی ئیستعماری لە ڕێگای بەهێزکردنی لەشـکرەوە و پەرەپێـدانی دەزگاکانیـەوە، هەروەها دەزگای ئاسایشـی نـاوخۆ بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و بانگهێشـت بـۆ پەرەپێدانی ئازادیـە گشـتییەکان، چـونکە پیـادەکردنی گرنگییـەکی فراوانـی هەیـە لـە ڕەخسـاندنی کـەش و هەوایـەکی لـەباری دیمکراسـیدا کـە هـاوڵاتی دەیتوانی بیروڕای خۆی سەبارەت بە کاروبارە گشتییەکان بخاتەڕوو.

بەڵام دەربـارەی پەیوەنـدی عێـراق بـەدەرەوە بایـەخێکی تایبـەتی لـە لایەن نوێنەرەکانی کەرکووکەوە پێی درا و ئەویش لە بانگهێشت کردنیـان بـۆ پاڵپشتکردنی دۆزەکانی عەرەب و پەرەپێدان و فراوانکردنـی پەیوەندیـەکانی عێراق بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا، ئەمیش لـە سـووربوونیانەوە سـەبارەت بـە پاڵپشـتی دۆزەکـانی عـەرەب و نزیکبوونـەوەی عێـراق لـە عەرەبەکانەوە بۆ دابینکردنی یەکێتی عەرەب دەردەکەوت جگە لە کاریگەری ئاینی بەسەر نوێنەرەکان کەرکووکەوە بە ڕوونی خۆی نواندووە جگـە لەمانـە پەرەپێـدان و تۆکمـەکردنی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ دەوڵەتـە بێگانەکانـدا بـە شێوەیەك بەرژەوەندی عێراق و وڵاتە عەرەبەکان مسۆگەر بکـات، بەدیـدەکرا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە ئـەو نوێنەرانـەی کەرکووکـە کـە هـەڵگری بڕوانامەی زانستی بوون پشکێکی گەورەتریان لە بەشـداری تاوتوێکردنـەکانی ئەنجوومەندا لە ئاستی دۆزەکانی نـاوخۆ و دەرەوەدا هـەبووە لـەوانی تـر کـە خاوەنی بڕوانامەیەك نەبوون.

جگە لەمانە بەشداری نوێنـەرانی کـەرکووك لـە دۆزە ناوخۆیەکانـدا دوو ئەوەنـدەی بەشـدارییان سـەبارەت بـە دۆزەکـانی دەرەوەدا بـووە، چـونکە زۆربەی نوێنەرەکانی کەرکووك لە سەرۆك عەشیرەتەکان و خاوەن موڵکـەکان و بازرگانـەکان بـوون بەشـدارییان سـەبارەت بـە لایەنـەکانی ئـابووری و کۆمەڵایەتیدا دەسووڕایەوە.

# المصادر والمراجع


– القرآن الكريم.

١– الوثائق غير المنشورة(ملفات دار الكتب والوثائق).

أ– ملفات البلاط الملكي:

| ت | رقم الملفة | تسلسل الملفة | عنوان الملفة |
|---|---|---|---|
| ١. | ٥/٦/٢ | ٣١١/١١٠٨ | سير انتخابات المجلس التأسيسي. |
| ٢. | ر/١٨ | ٣١١/٢٦١٤ | اكمال انتخابات المجلس التأسيسي. |
| ٣. | ٣٠/٣٠ | ٣١١/٤٤٩٢ | قضية كاورباغي. |

ب– ملفات مجلس النواب:

| ت | رقم الملفة | تسلسل الملفة | عنوان الملفة |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٤–٢ | ٣٣١١/١ | تقارير النواب في الجلسات السرية. |

ج– ملفات وزارة الداخلية:

| ت | رقم الملفة | تسلسل الملفة | عنوان الملفة |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٤/٣٦/١/قسم/٤ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٥ | احصاء عدد نفوس العراق والانتخابات النيابية. |
| ٢. | ١١/ل ل/ ١ | ٣٢٠٥٠/٦٨٧٥ | انتخابات لواء كركووك. |
| ٣. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٩٥٢٧ | انتخابات المجالس النيابية في لواء كركووك. |
| ٤. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٦ | الانتخابات النيابية في لواء كركووك. |
| ٥. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٨٩٧٤ | الانتخابات النيابية. |
| ٦. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٤ | الانتخابات النيابية. |
| ٧. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٧ | الانتخابات النيابية. |
| ٨. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/١٠٥٤٣ | الانتخابات النيابية. |
| ٩. | ٠٤/د/١/قسم٢ | ٣٢٠٥٠/٨٨٢٢ | الانتخابات النيابية. |
| ١٠ | ١/٣ | ٣٢٠٥٠/٥٩٥٧ | الانتخابات النيابية. |
| ١١. | ٤–١–S | ٣٢٠٥٠/٢٦٢٠ | الانتخابات العشائر. |
| ١٢. | ٥٩/S | ٣٢٠٥٠/٩٥٢٥ | تقارير متصرف لواء كركووك. |
| ١٣. | ٦/ب/١٥ | ٣٢٠٥٠/١٠٦٣١ | جمعية الدفاع عن فلسطين. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥. | ١٤/٣٦/١/قسم٤ | ٣٢٠٥٠/٩٥٦٥ | احصاء عدد نفوس العراق والانتخابات النيابية. |
| ١٥. | ٢/ب ش/١٣ | ٣٢٠٥٠/٢٢٨٧ | المخابرات العامة. |
| ١٦. | ٢/ ل ل/١ | ٣٢٠٥٠/٧٠٢٣ | مذكرات عن الادارة العامة في لواء كركووك. |

٢. الوثائق المنشورة:

أ- محاضر جلسات مجلس النواب العراقي:

١. الدورة الانتخابية الأولى:

- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.
- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٧.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٧,

٢. الدورة الانتخابية الثانية:

- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٨.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٨,

٣. الدورة الانتخابية الثالثة:

- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٠.
- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣١.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٢,

٤. الدورة الانتخابية الرابعة:

- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٣.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٣,

٥. الدورة الانتخابية الخامسة:

- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٤,

٦. الدورة الانتخابية السادسة:

- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٥.
- محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥,

٧. الدورة الانتخابية السابعة:

ت    رقم الملفة    تسلسل الملفة    عنوان الملفة

١.  ٣٦/١٤/قسم٤    ٣٢٠٥٠/٩٥٨٥    احصاء عدد نفوس العراق والانتخابات النيابية.

– محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣٧,

٨. الدورة الانتخابية الثامنة:

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٧.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٢٥,

٩. الدورة الانتخابية التاسعة:

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٠.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤١.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٢,

١٠. الدورة الانتخابية العاشرة:

– محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٣.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٣.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٤.

– محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٥.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٥,

١١. الدورة الانتخابية الحادية عشرة:

– محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٧.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٧,

١٢. الدورة الانخابية الثانية عشرة:

– محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٤٨.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٨.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٤٩.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٠.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥١,

١٣. الدورة الانتخابية الثالثة عشرة:

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٢–١٩٥٣.

– محاضر جلسات الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٥٣–١٩٥٤,

١٤. الدورة الانتخابية الرابعة عشرة:

- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.
- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.
- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.
- محاضر جلسات الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٢٥.

ب- مذكرات المجلس التأسيسي العراقي لسنة ١٩٢٤.

ج- المطبوعات الحكومية:

١. الحكومة العراقية، القانون الأساسي وتعديلاته، مطبعة الحكومة، (بغداد، ١٩٥٤).

٢. الحكومة العراقية، قانون انتخاب النواب رقم(١١) لسنة ١٩٤٦، مطبعة أم السربيعين، (الموصل، ١٩٤٦).

٣. الحكومة العراقية، قانون انتخاب النواب رقم(٦) لسنة ١٩٥٢، مطبعة أم السربيعين، (الموصل، ١٩٥٦).

٤. الحكومة العراقية، قانون انتخاب النواب رقم(٥٣) لسنة ١٩٥٦، مطبعة أم السربيعين، (الموصل، ١٩٥٦).

٥. الحكومة العراقية، قانون المحافظات رقم(١٥٩) لسنة ١٩٦٩، مطبعة الحكومة، (بغداد، ١٩٦٩).

٦. الحكومة العراقية، النظام الداخلي لمجلس النواب، مطبعة الحكومة، ط٥، (بغداد: ١٩٤٥).

**د- الوثائق العثمانية:**

١. الأرشيف العثماني، موصل وكركووك في الوثائق العثمانية، ترجمة: د.خليل علي مراد ود.علي شاكر علي، نسخة خطية محفوظة في مكتبة مركز دراسات الموصل، (الموصل: ١٩٩٥).

٢. قانون انتخاب المبعوثان، مطبعة الحكومة، (بغداد: ١٩٢٠).

هـ- الوثائق الأجنبية:

British report of administration for 1918- of pivision and districtis of the occupied territories in Mesopotamia, (محفوظة في مكتبة المتحف بالموصل) vol.10.


| ت | رقم الملفة | تسلسل الملفة | عنوان الملفة |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٤/٣٦/قسم٤ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٥ | احصاء عدد نفوس العراق والانتخابات النيابية. |

**ثانياً/ المذكرات الشخصية:**

١. زعـيتر، أكـرم، يوميـات أكـرم زعـيتر: الحركـة الوطنيـة الفلسـطينية(١٩٣٥–١٩٣٩)، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، (بيروت: ١٩٨٠).

٢. شوكت، ناجي، سيرة وذكريات ثمـانين عامـا(١٨٩٤–١٩٧٤)، ط٣، مطبعـة دار الكتـب، (بيروت: ١٩٨٧).

٣. فيضي، سليَمان، مذكرات سليَمان فيضـي مـن رواد النهضـة العربيـة الحديثـة، تحقيـق وتقديم: باسل سليَمان فيضي، ط٣، دار الساقي، (بيورت: ١٩٩٨).

**ثالثاً/ الرسائل الجامعية:**

**١. الدكتوراه:**

١. جبـار، عبـاس عطيـة، العـراق والقضـية الفلسـطينية(١٩٣٢–١٩٤١)، رسـالة دكتـوراه، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٧٩).

٢. الجواهري، عماد أحمد، تاريخ مشـكلة الأراضـي والإصـلاح الزراعـي في العـراق(١٩٣٣–١٩٧٠)، رسالة دكتوراه، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٢).

٣. نـديم، شـكري محمـود، أحـوال العـراق في مرحلـة المشـروطية الثانيـة(١٩٠٨–١٩١٨)، دراسة تاريخية، رسالة دكتوراه، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٥).

٤. نذير، عدنان سامي، دور نواب الموصل في البرلمان العراقي خلال العهد الملكي(١٩٢٥–١٩٥٨)، رسالة دكتوراه، (جامعة الموصل، كلية الآداب، ١٩٩٣).

- al-Adhammi Mohammed Modhafar Hashim, political Aspects of the Iraqi parliament and Election processes(1920-1932), Athesis submitted for the degree of PH.D.. School of oriental and African studies university of London, 1978.

| ت | رقم الملفة | تسلسل الملفة | عنوان الملفة |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٤/٣٦/١/قسم٤ | ٣٢٠٥٠/٩٥٨٥ | حصاء عدد نفوس العراق والانتخابات النيابية. |

**٢– الماجستير:**

١. أحمد، ابـراهيم خليـل، ولايـة الموصـل دراسـة في تطوراتهـا السياسـية(١٩٠٨–١٩٢٢)، رسالة ماجستير، (جامعة بغدا، كلية الآداب، ١٩٧٥).

٢. البكاء، طاهر خلف، مشاريع تقسيم فلسطين، رسـالة ماجسـتير، (جامعـة بغـداد: كليـة الآداب، ١٩٨٣).

٣. جبار، عباس عطية، الحياة البرلمانية في العراق(١٩٣٢–١٩٣٩)، دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٧٢).
٤. الجوراني، عبدالزهرة مكطرف يرحان، الحياة البرلمانية في العراق(١٩٣٩–١٩٤٥)، دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٣).
٥. الحبوبي، انور علي دور المثقفين في ثورة العشرين، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٩).
٦. حنا، جوني يوسف، تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق(١٩٢٩–١٩٥٨)، رسالة ماجستير، (جامعة الموصل، كلية الآداب، ١٩٨٩).
٧. رمضان، عبدالكريم ياسين، الحياة النيابية في العراق(١٩٥٣–١٩٨٥)، دراسة تاريخية، سالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٧).
٨. عبد، عبدالله كاظم، دور العراق السياسي في جامعة الدول العربية(١٩٤٥–١٩٥٨)، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٩).
٩. عبدالقادر، عصمت برهان الدين، درو النواب العرب في مجلس المبعوثان العثماني(١٩٠٨–١٩١٤)، رسالة ماجستير، (جامعة الموصل، كلية الآداب، ١٩٨٩).
١٠. عبداللطيف، عبدالمجيد كامل، الحياة البرلمانية في العراق(١٩٤٥–١٩٥٣)، دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٣).
١١. عبهول، عبدالله شاتي، مجلس الأعمار في العراق(١٩٥٠–١٩٥٨)، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٨٣).
١٢. المبارك، صفاء عبدالوهاب، انقلاب عام(١٩٣٦) في العراق ممهداته وأحداثه ونتائجه، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٧٣).
١٣. موسى، خرنان مسعود، العراق والثورة الجزائرية(١٩٥٤–١٩٦٢)، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد، كلية ألآداب، ١٩٨٣).
١٤. النحاس، زهير علي، التموين في العراق(١٩٣٩–١٩٤٨)، رسالة ماجستير، (جامعة الموصل، كلية الآداب، ١٩٨٩).

## رابعاً/ الكتب العربية والمعربة والانجليزية:

### ١. العربية:

١. أحمد، ابراهيم خليل، تطور التعليم الوطني في العراق(١٨٦٩–١٩٣٢)، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، (البصرة، ١٩٨٢).

٢. أحمد، جمال رشيد، كركووك في العصور القديمة، دار ئاراس للطباعة والنشر، (أربيل، ٢٠٠٢).
٣. أحمد، كمال مظهر، درو الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، (بغداد: ١٩٧٨).
٤. ـــــــــــــــــــــ، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية، مطبعة دار الشؤون الثقافية، (بغداد، ١٩٨٧).
٥. أحمد وحميدي، ابراهيم خليل وجعفر عباس، تاريخ العراق المعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، (الموصل، ١٩٨٨).
٦. الأدهمي، محمد مظفر، المجلس التأسيسي العراقي، ج١-٢، دار الشؤون الثقافية، (بغداد: ١٩٨٩).
٧. الأرحيم، فيصل محمد، تطور العراق تحت حكم الاتحاديين(١٩٠٨-١٩١٤)، مطبعة الجمهور، (الموصر، ١٩٧٥).
٨. أسعد، فائز عزيز، انحراف النظام البرلماني في العراق، ط٢، مطبعة السندباد، (بغداد، ١٩٨٤).
٩. إسماعيل، يوسف، انقلاب ٢٩/تشرين الأول، مطبعة المعارف، (بغداد: ١٩٣٦).
١٠. آغا ومحمد، فهمي عرب وفاضل، ماذا في كركووك، مطبعة التتويج، (كركووك، ١٩٥٧).
١١. بابا، جمال، أوصل اسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، مطبعة المجمع العلمي الكردي، (بغداد: ١٩٧٦).
١٢. البراك، فاضل، دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا عام(١٩٤٦)، ط٢، الدار العربية للموسوعات، (بغداد، ١٩٨٧).
١٣. البراك، فاضل، دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا عام(١٩٤٦)، ط٢، الدار العربية للموسوعات، (بغداد: ١٩٨٧).
١٤. بو عزيز، يحيى، ثورات الجزائر في القرنين التاسع عشر والعشرين، دار البعث للطباعة والنشر، (الجزائر، ١٩٦٠).
١٥. التلعفري، قحطان أحمد عبوش، ثورة تلعفر والحركات الوطنية الأخرى في منطقة الجزيرة، مطبعة الأزهر، (بغداد: ١٩٦٩).
١٦. الجبوري، عبدالجبار حسن، الأحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي(١٩٠٨-١٩٥٨)، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٧٧).
١٧. الجليلي، عبدالرحمن، النظام النقدي في العراق، مطبعة النهضة، (القاهرة: ١٩٤٠).

١٨. جميل، أحلام حسين، الأفكار السياسية للأحـزاب العراقيـة في عهـد الانتـداب(١٩٢٢-١٩٣٢)، مطبعة الزمان، (بغداد، ١٩٨٥).
١٩. ـــــــــــــــــ، الخلفية السياسية والأجتماعية للأوضاع التي كـان يطبـق في ظلها دستور (١٩٢٥) في العراق، الدار العربية للموسوعات، (بيروت: ١٩٩٤).
٢٠. جميل، حسين، الحياة النيابية في العراق(١٩٢٥-١٩٤٦)، موقف جماعة الأهالي منهـا، مطبعة الأديب، (بغداد، ١٩٨٢).
٢١. الجميل، سيار كوكب علي، تكوين العرب الحديث(١٥١٦-١٩١٦)، دار الكتـب للطباعـة والنشر، (الموصل، ١٩٩١).
٢٢. الجـواهري، عمـاد احمـد، تـاريخ مشـكلة الأراضـي في العـراق دراسـة في التطـورات العامة(١٩١٤-١٩٣٢)، درا الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٧٨).
٢٣. حسن، ابراهيم شحاتة، نصوص ووثائق في تاريخ المغرب تحت حكم(الحماية)، مطبعـة الشباب الحر، (الاسكندرية، ١٩٧٧).
٢٤. حسـن، هـادي، دور حـزب البعـث العربـي الاشـتراكي في العـراق منـذ تأسيسـه حتـى ١٤/تةمموز/١٩٥٨، ط٢، مطبعة الثقافة العالمية، (د.م، ١٩٨٤).
٢٥. الحسـني، عبـدالرزاق، تـاريخ الأحـزاب السياسـية العراقيـة، مركـز الأبجديـة للصـف التصويري، (بيروت: ١٩٨٠).
٢٦. ـــــــــــــــــ، تاريخ الصحافة العراقية، ط٣، ج١، مطبعة العرفان، (صيدا، ١٩٧١).
٢٧. ـــــــــــــــــ تـاريخ العـراق السياسـي الحـديث، ج١-٣، ط٢، مطبعـة العرفان، (صيدا، ١٩٥٧).
٢٨. ـــــــــــــــــ، تـاريخ العـراق قـديماً وحـديثاً، ط٣، مطبعـة العرفـان، (صيدا، ١٩٥٨).
٢٩. ـــــــــــــــــ، تاريخ الوزارات العراقية، ج١-١٠، ط٥، مطبعة دار الكتـب، (بيروت: ١٩٧٨)، ط٧، مطبعة دار الشؤون الثقافية، (بغداد: ١٩٨٨).
٣٠. ـــــــــــــــــ، الثـورة العراقيـة الكـبرى، ط٢، مطبعـة العرفـان، (صـيدا، ١٩٦٥).
٣١. ـــــــــــــــــ، العـراق في دوري الاحـتلال والانتـداب، ج١، مطبعـة العرفـان، (صيدا، ١٩٣٥)، ج٢، مطبعة العرفان، (صيدا، ١٩٣٨).
٣٢. ـــــــــــــــــ، العـراق في ظـل المعاهـدات، الطبعـة السادسـة بالأوفسـت، مطبعة دار الكتب، (بيروت، ١٩٨٣).

٣٣. الحسو، نزار توفيق سلطان، الصراع على السلطة في العراق الملكي: دراسة تحليلية في الإدارة والسياسة، مطبعة دار آفاق عربية، (بغداد: ١٩٨٤).
٣٤. حسين، فاضل، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية–البريطانية–التركية وفي الرأي العام، ط٣، مطبعة اشبيلية، (بغداد، ١٩٧٧).
٣٥. حميدي، جعفر عباس، التطورات السياسية في العراق(١٩٤١–١٩٥٣)، مطبعة النعمان، (النجف، ١٩٧٦).
٣٦. ________، التطورات وةالاتجاهات السياسية الداخلية في العراق(١٩٥٣–١٩٥٨)، د.م، (بغداد، ١٩٨٠).
٣٧. حدوري، مجيد، أسباب الاحتلال البريطاني للعراق، مطبعة الشعب، (الموصل: ١٩٣٣).
٣٨. خصباك، شاكر، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، (بغداد، ١٩٧٣).
٣٩. الخطاب، رجاء حسين حسني، تأسيس الجيش العراقي وتطور العلاقات العراقية–البريطانية واثرها في تطور العراق السياسي مع دراسة في الرأي العام العراقي، دار الحرية للطباعة، (بغداد: ١٩٧٦).
٤٠. ________، العراق بين(١٩٢١–١٩٢٧)، دراسة في تطور العلاقات العراقية–البريطانية واثرها في تطور العراق السياسي مع دراسة في الرأي العام العراقي، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٧٦).
٤١. ________ المسؤولية التاريخية في مقتل الملك غازي، شركة مطبعة الأديب البغدادية، (بغداد: ١٩٨٥).
٤٢. الخلف، جاسم محمد، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية، منشورات معهد الدراسات العربية العالية، (د.م، ١٩٥٩).
٤٣. خليل، عادل غفوري، أحزاب المعارضة العلنية في العراق(١٩٤٦–١٩٥٤)، مطبعة أوفست الانتصار، (بغداد: ١٩٨٤).
٤٤. خليل، نوري عبدالحميد، التاريخ السياسي لإمتيازات النفط في العراق(١٩٢٥–١٩٥٢)، مطبعة البلاد، (بيروت، ١٩٨٠).
٤٥. دنكور، الياهر، الدليل العراقي الرسمي لسنة(١٩٣٦)، دنكور للطباعة والنشر، (بغداد: ١٩٣٧).
٤٦. الراوي وآخرون، مسارع، التعليم الصناعي في العراق، مطبعة الحكومة، (بغداد، ١٩٦٨).

٤٧. الزبيدي، ليث عبدالحسن، ثورة ١٤/تةمموز/١٩٥٨ في العراق، ط٣، منشورات مكتبة اليقظة العربية، (بغداد: ١٩٨١).
٤٨. السبعاوي، عوني عبدالرحمن، العلاقات العراقية–التركية(١٩٣٢–١٩٥٨)، دار الكتب للطباعة والنشر، (الموصل، ١٩٩٠).
٤٩. السامرائي، سعيد عبود، مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي، مطبعة القضاء، (النجف، ١٩٧٣).
٥٠. السامرائي، شفيق عبدالرزاق، المشرق العربي، القسم الأول، دار الكتب للطباعة والنشر، (الموصل، ١٩٨٠).
٥١. السعدي، عباس فاضل، منطقة الزاب الصغير في العراق، دراسة جغرافية لمشاريع الخزن والري وعلاقتها بالإنتاج الزراعي، مطبعة أسعد، (بغداد: ١٩٧٦).
٥٢. سعيد، أمين، الوطن العربي، مطابع دار الهلال، (بيروت، د.ت).
٥٣. السوداني، صادق حسن، العلاقة العراقية–السعودية(١٩٢٠–١٩٣١)، دراسة في العلاقات السياسية، مطبعة دار الجاحظ، (بغداد: ١٩٧٦).
٥٤. شريف، ابراهيم، الشرق الأوسط، دراسة لاتجاهات سياسة الاستعمار حتى قيام ثورة ١٤/تةمموز/١٩٥٨ في العراق، شركة دار الجمهورية، (بغداد، ١٩٦٥).
٥٥. شريف، عبدالستار طاهر، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن(١٩٠٨–١٩٥٨)، دار سردم للطباعة والنشر، (سليَمانية، ٢٠٠٧).
٥٦. صالح، زكي، مقدمة في دراسة العراق المعاصر، مطبعة الرابطة، (بغداد، ١٩٥٣).
٥٧. صفوة، نجدت فتحي، العراق في مذكرات الدبلوماسيين الأجانب، ط٢، مطبعة منير، (بغداد، ١٩٨٤).
٥٨. الضابط، شاكر صابر، العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وايران، مطبعة دار البصري، (بغداد، ١٩٦٦).
٥٩. ـــــــــــــــــــ موجز تاريخ التركمان في العراق، ج١، مطبعة المعارف، (بغداد، ١٩٦١).
٦٠. عبدالرحمن، فكرت نامق، سياسة العراق الخارجية في المنطقة العربية(١٩٥٣–١٩٥٨)، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٨١).
٦١. عبدالكريم، سمير، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ج١، مطبعة دار المرصاد، (بيروت: د.ت).
٦٢. العزاوي، عباس، تاريخ العراق بين احتلالين، ج٨، مطبعة شركة للطباعة والتجارة المحدودة، (بغداد، ١٩٥٦).

٦٣. العقاد، صلاح، المشرق العربي المعاصر، المطبعة الفنية الحديثة، (القاهرة: ١٩٧٠).
٦٤. علي، شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني(١٦٣٨–١٧٥٠)، دراسة في أحواله السياسية، مطبعة أوفست الشعب، (الموصل، ١٩٨٤).
٦٥. العمري، خيرى أمين، حكايات سياسية من تاريخ العراق الحديث، مطبعة دار القادسية، (بغداد: د.ت).
٦٦. العمري، محمدأمين، تاريخ حرب العراق خلال الحرب العظمى(١٩١٤–١٩١٨)، ج٣، مطبعة النجاح، (بغداد، ١٩٣٥).
٦٧. العمري، محمد طاهر، تاريخ مقدرات العراق السياسية، ج١–٣، الجزائية والمدنية وتعديلاته، ط٢، مطبعة اسعد، (بغداد: ١٩٥٥).
٦٨. عوني، فاضل، شرح نظام دعاوي العشائر لسنة(١٩١٨) الجزائية والمدنية وتعديلاته، ط٢، مطبعة أسعد، (بغداد، ١٩٥٥).
٦٩. الغلامي، عبدالمنعم، ثورتنا في شمال العراق(١٩١٩–١٩٢٠)، ج١، مطبعة شفيق، (بغداد: ١٩٦٦).
٧٠. فرح، لطفي جعفر، عبدالمحسن السعدوون ودوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، مطابع الرسالة، (الكويت، ١٩٧٨).
٧١. فرح، ألياس، الوطن العربي بعد الحرب العالمية الثانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، (بيروت، ١٩٧٥).
٧٢. الفياض، عبدالله، الثورة العراقية الكبرى لسنة(١٩٢٠)، مطبعة الارشاد، (بغداد، ١٩٦٣).
٧٣. قدورة، زاهية مصطفى، تاريخ العرب الحديث، مطبعة دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٧٥).
٧٤. القيسي، سامي عبدالحافظ، ياسين الهاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي(١٩٢٢–١٩٣٢)، ج١–٢، مطبعة حداد، (البصرة، ١٩٧٥).
٧٥. الكيالي، عبدالوهاب، تاريخ فلسطين الحديث، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، (بيروت: ١٩٧٣).
٧٦. مزعل، جمال أسد، نظام التعليم في العراق، مطبعة جامعة الموصل، (الموصل، ١٩٩٠).
٧٧. المفتي، حازم، العراق بين عهدين ياسين الهاشمي وبكر صدقي، مطبعة سومر، (بغداد: ١٩٩٠).

٧٨. الملاح، عبدالغني، تاريخ الحركة الديمقراطية في العراق، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٧٥).
٧٩. نظمي، وميض جمال عمر، الجذور السياسية والفكرية والاجتماعية للحركة القومية العربية(الاستقلالية) في العراق، منشورات مركز دراسات الوحدة العربية، (بيروت، ١٩٨٤).
٨٠. النعيمي، احمد نوري، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٧٥).
٨١. الوردي، علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٥، القسم الأول، مطبعة الشعب، (بغداد، ١٩٧٢).
٨٢. ياغي، اسماعيل احمد، حركة رشيد عالي الكيلانى دراسة في تطور الحركة الوطنية العراقية، دار الطليعة للطباعة والنشر، (بيروت، ١٩٧٤).
٨٣. ياغي، اسماعيل احمد، حركة رشيد عالي الكيلاني دراسة في تطور الحركة الوطنية العراقية، دار الطليعة للطباعة والنشر، (بيروت: ١٩٧٤).

**٢- المعربة:**

١. آدموند، سى.جي، كرد وترك وعرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، مطبعة التايمس، (بغداد: د.ت).
٢. آيرلاند، فيليب ويلارد، العراق دراسة في تطوره السياسي، ترجمة: جعفر الخياط، مطبعة دار الكشاف، (بيروت، ١٩٤٩).
٣. برادون، رسل، حصار الكوت في الحرب بين الانكليز والأتراك في العراق سنة(١٩١٤-١٩١٨)، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي وعبدالمجيد ياسين التكريتي، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٨٥).
٤. خدوري، مجيد، نظام الحكم في العراق، ترجمة وتعليق: فيصل نجم الدين الأطرقجي، مطبعة المعارف، (بغداد، ١٩٤٦).
٥. رامزور، أ.آرنست، تركية الفتاة وثورة ١٩٠٨، ترجمة: صالح احمد العلي مؤسسة فرانكلين للطباعة، (بيروت، ١٩٦٠).
٦. عقراوي، متي، العراق الحديث، ترجمة: متي عقراوي ومجيد خدوري، مطبعة العهد، (بغداد، ١٩٣٦).
٧. غوري، جيرالد دي، ثلاثة ملوك في بغداد، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، مطبعة الارشاد، (بغداد، ١٩٨٣).

٨. فوستر، هنري، نشأة العراق الحديث، ج٢، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، مطبعة دار الشؤون الثقافية، (بغداد، ١٩٨٩).
٩. كوكس، برسي، صفحة من تاريخ العراق الحديث من سنة(١٩١٤-١٩٢٦)، أو تكوين الحكم الوطني في العراق، ترجمة : بشير فرجو، مطبعة الاتحاد الجديدة، (الموصل، د.ت).
١٠. لانكلي، كاثلين.أم، تصنيع العراق، ترجمة: د.محمد حامد الطائي و د.خطاب صكرا العلي، مراجعة: د.محمد عزيز وعدنان القصير، مطبعة التضامن، (بغداد، ١٩٦٣).
١١. لشوفسكي، جورج، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ج٢، ترجمة: جعفر خياط، د.م، (بغداد، ١٩٦٥).
١٢. لونكريك، ستيفن همسلي، العراق الحديث من سنة(١٩٠٠ إلى سنة ١٩٥٠)، تاريخ سياسي واقتصادي واجتماعي، ج١-٢، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، مطبعة حسام، (بغداد: ١٩٨٨).
١٣. ولسن، أي.ني، بلاد مابين النهرين بين ولاتين، ج٢، ترجمة وتعليق: فؤاد جميل، مطابع دار الجمهورية، (بغداد، ١٩٧١).

٣- الأجنبية:

- Khadduri Magid, Indepenent Iraq(1932-1958), A study in Iraq polities, second, (London, 1960).

**خامساً/ الموسوعات:**

١. الحفر، غانم محمد، الحركة الوطنية في الموصل من(١٩٢١) حتى اندلاع الحرب العالمية الثانية، موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الخامس.
٢. المطبعي، حميد، موسوعة أعلام العراق في القرن العشرين، ج١، مطبعة دار الشؤون الثقافية، (بغداد: ١٩٩٦).

**سادساً/ البحوث:**

١. أحمد، ابراهيم خليل، التشكيلات الإدارية والعسكرية في ولاية الموصل أواخر العهد العثماني، مجلة بين النهرين، العددان(٣٧-٣٨)، (الموصل، ١٩٧٩).
٢. ________ ، جمعية العلم السرية ودورها في تنامي الوعي القومي في الموصل(١٩١٨)، مجلة بين النهرين، العدد(٢٦)، (الموصل، ١٩٧٩).
٣. أحمد، كمال مظهر، الحركة البرلمانية العثمانية في العراق، مجلة آفاق عربية، العدد(٢٦)، (بغداد: ١٩٨٣).

٤. الأدهمـي، محمـد مظفـر، الحركـة البرلمانيـة العثمانيـة في العـراق، مجلـة آفـاق عربيـة، العدد٦)، (بغداد: ,١٩٧٧
٥. بصري، مير، اثر النظام المصرفي في الاقتصاد العراقي، مجلة أهـل الـنفط، العـدد(٧٢)، (كركووك، ١٩٥٧).
٦. جسون، كمال صبحي، مجزرة كاور باغي، مجلة الآخاء(قاردشيلق)، العدد(١٠)، (بغداد: ١٩٧٨).
٧. السـامرائي، عبـدالجبار محمـود، كركـووك مدينـة الـذهب الأسـود، مجلـة الفيصـل، العدد(١٣٤)، (السعودية، ١٩٨٨).
٨. سـامي، عزيـز، كركـووك عـبر القـرون، مجلـة الآخاء(قاردشـيلق)، العـددان(١١-١٢)، (بغداد: ١٩٧٣).
٩. شـذر، حسـين طعمـة، موقـف العـرب مـن مشـاريع الـدفاع الغربيـة في منطقـة الشـرق الأوسط(١٩٥٠-١٩٥٤)، مجلة شؤون عربية، العدد(٩٥)، (بيروت: ١٩٩٨).
١٠. شهاب والرميحي، فؤاد وعبداللطيف، أهـم ملامـح الحركـة الوطنيـة الفلسـطينية خـلال الحربين العالميتين، مجلة المؤرخ العربي، العدد(٥٢)، (بغداد: ١٩٩٥).
١١. عبهول، عبدالله شاني، وقفات دمقراطية في مجلس النـواب العراقـي سـنة ١٩٤٧، مجلـة المؤرخ العربي، العدد(٤٧)، (بغداد: ١٩٩٤).
١٢. مصـطفى، فاضـل، كركـووك بـين (١٩٢٧-١٩٥٧)، مجلـة أهـل الـنفط، العـدد(٧٢)، (كركووك: ١٩٥٧).

## سابعاً/ الصحف والدوريات:

### ١- الصحف:

| ت | اسم الصحيفة | محل صدورها | السنة |
|---|---|---|---|
| ١. | الاستقلال | بغداد | ١٩٣٩، ١٩٤١ |
| ٢. | البلاد | بغداد | ١٩٣٧ |
| ٣. | الزمان | بغداد | ١٩٣٠، ١٩٣٧ |
| ٤. | صدى بابل | بغداد | ١٩١٢، ١٩١٤ |
| ٥. | صوت الاحرار | بغداد | ١٩٤٦ |
| ٦. | العراق | بغداد | ١٩٢٥، ١٩٢٧، ,١٩٢٨ |
| ٧. | الموصل | موصل | ١٩٢١، ١٩٢٤ |
| ٨. | الوقائع العراقية | بغداد | ١٩٢٢، ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦، ١٩٢٧، ,١٩٥٢ |

٢- الدوريات العراقية والعربية:

أ- العراقية:

| ت | اسم المجلة | محل صدورها | العدد | السنة |
|---|---|---|---|---|
| ١. | الأخاء(قاردشيلق) | بغداد | (١٠-١١) | ١٩٧٣. |
| | | | (١٠) | ١٩٧٨, |
| ٢. | آفاق عربية | بغداد | (٦) | ١٩٧٧, |
| ٣. | أهل النفط | كركووك | (٧٢) | ١٩٥٧, |
| ٤. | بين النهرين | الموصل | (٢٦) | ١٩٧٩, |
| ٥. | المؤرخ العربي | بغداد | (٤٧) | ١٩٤٤. |
| | | | (٥٢) | ١٩٩٥. |


ب- العربية:


| ت | اسم المجلة | محل صدورها | العدد | السنة |
|---|---|---|---|---|
| ١. | شؤون عربية | بيروت | (٩٥) | ١٩٩٨, |
| ٢. | الفيصل | السعودية | (١٣٤) | ١٩٨٨. |

**ثامناً/ المقابلات الشخصية والرسائل:**

١. السيد بيروت فاضل الطالباني (محامي، حفيد النائب فائق الطالباني)، بكركوك في ٣/نيسان/٢٠٠٠,
٢. السيد حبيب سياه منصور الطالباني(نائب سابق)، بكركوك في ٤/نيسان/٢٠٠٠,
٣. السيد حسين الملا أحمد الحكيم(مدير المدرسة الإسلامية في كركووك)، بكركووك في ١/نيسان/٢٠٠٠,
٤. السيد سيروان فاضل الطالباني (ضابط متقاعد، نجل النائب فاضل الطالباني)، بركووك في ٣/نيسان/٢٠٠٠,
٥. السيد د.عبدالله حسين النفطجي (دكتوراه في الزراعة، نجل النائب السابق حسن النفطجي وشقيق النائب ابراهيم النفطجي)، بركووك في ١/نيسان/٢٠٠٠,
٦. رسالة شخصية من أبناء النائب السابق عبدالله سليَمان البياتي(بواسطة السيد ابراهيم اغا الكاكەی) في ٣/حزيران/٢٠٠٠.

# وێنەکان





الملحق رقم (١)

جدول يتضمن معلومات عن نواب كركوك خلال الدورات الانتخابية الست عشرة

| ت | اسم النائب | تولد سنة | الدورات الانتخابية التي اشترك فيها | عدد الدورات | الوظائف التي اشغلها | التحصيل الدراسي | الاتجاه السياسي | الديانة | المستوى الطبقي | القومية | تاريخ الوفاة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهيم حسين النفطجي | ١٩٠١ | ١٢،١٣،١٦ | ٣ | محامي | كلية الحقوق | [illegible] | مسلم | ابن ملاك | تركماني | ١٩٦٤ |
| ٢ | احمد اغا الكركوكلي | ١٨٨١ | ٧،٨ | ٢ | تاجر | يقرأ ويكتب /مثقف | مستقل | مسلم | ابن ملاك | كوردي | ١٩٧١ |
| ٣ | احمد مجيد عمر اوغلو | | ٨،١٢ | ٢ | وظائف إدارية | خريج | مستقل | مسلم | ابن ملاك | تركماني | |
| ٤ | امين جميل كويدار | ١٩٠٠ | ١١،١٢،١٤،١٥ | ٤ | محامي [illegible] | كلية الحقوق | مستقل | مسلم | ابن تاجر | تركماني | ١٩٥٨ |
| ٥ | امين رشيد كاكي الهماوندي | ١٨٨٧ | ٩،١١،١٢،١٣،١٥ | ٥ | رئيس عشيرة | امي | الاتحاد الدستوري | مسلم | رئيس عشيرة | كوردي | ١٩٦٦ |
| ٦ | جميل مجيد عبدالقادر بابان | ١٨٨٨ | ٤،٥،٨ | ٣ | رئيس عشيرة | يقرأ ويكتب | مستقل | مسلم | [illegible] | كوردي | ١٩٤٦ |
| ٧ | حسن علي مصطفى [illegible] | ١٨٧٢ | ٩،١٠ | ٢ | تاجر | يقرأ ويكتب | مستقل | مسلم | [illegible] | تركماني | ١٩٥٣ |
| ٨ | حبيب عبد القادر الطالباني | ١٩٢٠ | ١٤ | ١ | [illegible] | [illegible] | الاتحاد الدستوري | مسلم | [illegible] | كوردي | [illegible] |
| ٩ | [illegible] | ١٨٨٤ | ١،٣،٤،٥ | ٤ | [illegible] | [illegible] | [illegible] | مسلم | رئيس عشيرة | كوردي | ١٩٥٩ |
| ١٠ | حسين احمد حسين [illegible] | ١٩١٤ | ١٤،١٥ | ٢ | عمل بالزراعة | مثقف ثقافة دينية | الاتحاد الدستوري | مسلم | ابن عالم دين | كوردي | |
| ١١ | حسين حسن النفطجي | ١٨٧٨ | ٧،٨ | ٢ | ملاك | الكتاتيب | مستقل | مسلم | ابن ملاك | تركماني | ١٩٤٢ |
| ١٢ | خليل زكي | ١٨٨٦ | ٥،٦ | ٢ | ضابط عسكري | الكلية الحربية | مستقل | مسلم | ابن رئيس عشيرة | كوردي | |
| ١٣ | [illegible] | ١٨٩١ | ٦،٩،١٠،١١ | ٤ | رئيس عشيرة | امي | مستقل | مسلم | رئيس عشيرة | كوردي | ١٩٥٦ |




**جەمیل بەگ کوڕی مەجید پاشا کوڕی قادر پاشا کوڕی ئیبراهیم پاشا**


سـالّی ١٨٨٤ لـە دایـك بـووە، سـالّی ١٩٤٦ کۆچـی دوایـی کـردووە سـالّی ١٩٢٤ لـە ئەنجوومەنی دامەزراندنی عیراقـدا نوێنـەری لیـوای کـەرکووك بـووە سـالّی ١٩٣٣، ١٩٣٧ ،١٩٤٤ نوێنەری لیوای کەرکووك بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقدا.




**مەحموود بەگی جەمیل بەگی بابان**

(١٩٢٠ ، ١٩٩٧)

لە ساڵی ١٩٥٣ نوێنەری خانەقین بووە لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عیراقـدا و سـاڵەکانی ١٩٥٤ –١٩٥٨ نوێنـەر سـەربەخۆی شـاری کفـری و دەورووبـەری بـووە لـە ١٥ کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٥٧ بووەتـە وەزیـری تەندروسـتی لـە وەزارەتەکـەی عەبـدولوەهاب مەرجانـدا وە ١٩٥٨ وەزیـری دەوڵـەت بـووە بـۆ کاروبـاری ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە کابینەکەی نووری سەعیددا هەروەها لە وەزارەتەکەی ئەحمـەد موختـار بابـان ڕێکـەوتی (١٩٥٨/٥/١٩ ) وەزیر بووە تا شۆڕش ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨.



**شێخ حەبیب شێخ عەلی تاڵەبانی**

**(١٨٧٩ - ١٩٥٩)**


**ساڵی (١٩٢٥) بووەتە نوێنەری شاری کەرکووک تا ساڵی (١٩٢٨) و لە ١٩٣٠/١١/١ تا ساڵی ١٩٣٢/٧/٤ دووبارە هەڵبژرادرا قازی دادگای شەرعی کەکووک تا ساڵی (١٩٣٤) و بووەتە سەرۆکی شارەوانی کۆیە تا ساڵی ١٩٤٩**



**شێخ فائق شێخ محەمەد رەئووف تاڵەبانی**

**(١٨٩٦ – ١٩٥٦)**

دوو دەورە نوێنـەری کـەرکووك بـووە لـە دەورەی یەکەمـدا لـە وەزارەتەکـەی یاسـین هاشمیـدا سـاڵی ١٩٣٥ بوەتـە نوێنـەری کـەرکووك و لەسـاڵی ١٩٣٩ لـە دەورەی وەزارەتەکەی نوری سەعیددا دوبارە بوەتەوە نوێنەر ساڵی ١٩٥٦ لـە کـەرکووك کۆوچـی دوایی کرد.



**پارێزەر/ شێخ فازل شێخ فیزوڵلا تاڵەبانی**
(١٩٢٢-١٩٩٣)

لە ٣/١٧ /١٩٤٧ تا ١٩٤٧/٧/٢٠ یەکێك لە نوێنەرەکانی شاری کەرکووك بووەو لەدەورەی دووەمدا لە ساڵی ١٩٥٣ هەڵبژێردرایەوە لە ساڵی ١٩٥٣ تا ساڵی ١٩٥٨ سەرۆکی شارەوانی کەرکووك بووە.



**محەمەد بەگ فەتاح محەمەد پاشا جاف**
(١٩٠٠ – ١٩٣٢)

لـە یەکـەمین دەورەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقیـدا لـە سـاڵی ١٩٢٤ بەوپـەڕی بوێرییـەوە داخـوازی مـافی نەتـەوەیی میللـەتی کـوردی کـردووە لـە عێـراق و لەسـەر کوردستانی بوونی شاری کەرکووك جەختی کردووە.



داود جاف مەليك فەيسەلى دووەم سالّى ١٩٥٦




داود جاف لەگەلّ چەند نوێنەرێكی بەرلەمانی عێراقدا

لە عەمان پایتەختی ئەردەلان لە سالّی ١٩٥٨




داود فەتاح جاف نوێنەری کەرکوک ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ نوێنەری کەرکوک مەحموود
بابان و چەند نوێنەریکی تری کەکووکدا



نوێنەری کەرکوک داود جاف لەپەرلەمانی عیراقدا لەگەڵ نوری سەعید ئەحمەد موختار
بابان ضیاء جەعفەر و سەعید قەزاز دا



**شێخ وەهاب شێخ حەمید تاڵەبانی**
**(١٨٨٦ - ١٩٧٢)**

**ساڵی ١٩٣٦ لە سەردەمی وزارەتەکەیدا حکمەت سلێمان دا ساڵی ١٩٣٦ بووە یەکێك لە نوێنەرەکانی پارێزگای دیالی لەسەردەمی وەزارەتەکەی جەمیل مەدفەعی دا و ساڵی ١٩٣٧ نوێنەری بارێزگای کەرکووك بووە تا ساڵی ١٩٣٩ و لە ١٩٤٣/١٠/٩ تا ١٩٤٤/٥/٣١ یەکی نوێنەرەکانی کەرکووك بووە.**



**نائیب داود بەگ فەتاح محەمەد پاشا جاف**

**(١٩٠٥ – ١٩٦٦)**

لە دەورەی نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی عێراقـەوە سـاڵی ١٩٣٩ تـا کۆتـایی رژێمـی پاشایەتی عێراق ساڵی ١٩٥٨ نوێنـەری کـەرکوك بـووە وەك لـەم کتێبـەدا دەردەکـەوێ نەخشێکی بەرچاوی هەبووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.



**دارا داودی**

**(١٣٠٩-١٣٧٦) هـ =(١٨٩١- ١٩٥٦) م**

**دارا بەگ كوڕی حەمە عەلی ئاغای كوڕی ئیسماعیل ئاغا كوڕی محەمەد كوڕی حەقی بەگە، سەرۆكی عەشیرەتی داودەیە سالّی ١٨٩١ز لە دایك بووە، وەك نوێنەری لیوای كەركووك لە ئەنجوومەنی دامەزرانی عێراقدا هەڵبژێردراوە و لە ساڵەكانی ١٩٣٥-١٩٣٩- ١٩٤٣ -١٩٤٦- ١٩٤٧- ١٩٤٨، نوێنەری لیوای كەركووك بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا ساڵی ١٩٥٦ كۆچی دوایی كردووە.**



**محەمەد سەعید قەزاز**

(١٣٢٤- ١٣٧٩) هـ = (١٩٠٤ -١٩٥٩)م

محەمەد سەعید قەزاز، خەڵکی سلێمانییە، ساڵی ١٩٠٤ زایینی لە سلێمانی لە دایك بووە سیاسەتوانێکی ناسراوە کە بە بوێر و لەکارە کارگێڕییەکاندا بەناوبانگە، ساڵی ١٩٥٣ نوێنەری لیوای کەرکوك بووە. لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا چەندین ساڵ وەزیری ناوەخۆی دەوڵەتی عێراق بووە، لەسەردەمی پاشایەتیدا، ساڵی ١٩٥٩ کاربەدەستانی رژێمی کۆماری بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم لە سێدارەیان دا.



**شێخ حوسێن خانەقا**

**(١٩٠٧-١٩٨٤)**

کاکە حوسێن کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا، کوڕی سەید حوسێن کوڕی سەید عەبدولقادرە، کاکە حوسێن ساڵی ١٩٠٧ لەکەرکووك لە دایك بووە، یەکێ لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی هیوا بووە دوایی لەنێوچوونی ئەو پارتە بووەتە ئەندامی پارتی رزگاری ، یەکێ لە دۆستانی نزیکی پارتی دیموکراتی کورد بووە لە عێراقدا، ساڵی ١٩٥٤ بە نوێنەری لیوای کەرکووك لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەڵبژێردراوە و لە خولی ساڵی ١٩٥٦ دا دووبارە هەڵبژێردراوەتەوە ماوەیەکی زۆر بەهۆی چالاکی سیاسەتەوە لە نیشتمانەکەی دوورکەوتووەتەوە، ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە ولاتەکەی ساڵی ١٩٨٤ لە کەرکووك کۆچی دوایی کرد.



**ئەمین ڕەشید ئاغا**

**سەرەك تیرەی هەمەوەند، نائب بووە لە مەجلسی نوابی كەركووك**



**فەقێ محەمەدی مۆرتکە**

**سەرۆکی تیرەی رەشەوەن، نائیب بووە لە مەجلیس نوابی کەرکووک**

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٣ |
| رۆڵـی نوێنـەرانی کـەرکووک لەپەرلـەمانی عێراقـدا لەسـەردەمی پاشـاییدا (١٩٢٥– ١٩٥٨) | ١٤ |
| بەشی یەکەم/ دروست بوونی ژیانی پەرلەمانی وکاریگەری لە کەرکووکدا | ٣١ |
| بەشـی دووەم/ ئەنجوومـەنی نوێنـەران و هەیئەتـەکانی و کاریگـەرییان لـە کەرکووکدا | ٧٣ |
| بەشی سێیەم/ نوێنەرانی کەرکووک و دۆزە ئابوورییەکان | ١١٥ |
| بەشی چوارەم/ نوێنەرانی کەرکووک و دۆزە کۆمەڵایەتییەکان | ١٥٤ |
| بەشی پێنجەم/ نوێنەرانی کەرکووک و ڕووداو و دۆزە ناوخۆییەکان | ١٨٩ |
| بەشی شەشەم/ نوێنەرانی کەرکووک و سیاسەتی دەرەوە | ٢٣٤ |
| کۆتایی | ٢٧٦ |
| قائمە المصادر | ٢٨٠ |